ERBİL STEEL
company
www.erbilsteel.com
info@erbilsteel.com

# گەشتوگوزار بە گوێدرێژ ناکرێ



**ڕووداو- سلێمانی**

ئەشرەف تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی دەزگای گەشتوگوزار لە کابینەی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕەخنەی زۆر لە سیاسەت و پلانی حکومەت دەگرێ لەبواری گەشتوگوزارداو هەڵوەشاندنەوەی ئەو وەزارەتەو کردنی بە بەشێک لە وەزارەتی شارەوانی بە "گورزی کوشندە لە گەشتوگوزار" ناودەبات. هاوکات ڕەخنەی توند لە وەزیری پێشووی گەشتوگوزار دەگرێ و دەڵێت "هیچی نەکردو زۆربەی کاتەکەی بە گەشتوگوزاری خۆیەوە خەرجکرد و ئاگای لە کارەکانی خۆی نەبوو".

ئەشرەف تاڵەبانی لەبارەی ئەوەی کە لەهەندێ لەشوێنە گەشتیارییەکان خەڵک بەهۆی نەبوونی ڕێگەوبان گوێدرێژ بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان بەکاردێنن، دەڵێت "ئاخر دەکرێ گەشتیار بە گوێدرێژ کەلوپەل بگەیێنێتە ئەو شوێنەی کە ناوی شوێنی گەشتیارییە؟".

9

Aladel United Company
Metinler Company
Deshti Behesht
گرووپی کۆمپانیاکانی (العادل المتحدە)

Rûdaw
ڕووداو
خوێنەری ڕووداو زۆرتر دەزانێت
ژمارە (121)
دووشەممە 2010/7/12
21ی پووشپەڕ 2710
(750) دینار
چاپی کوردستان
www.rudaw.net

## لیستی عێراقییە بۆ (ڕووداو): سەرۆک وەزیران بۆ عێراقییە و سەرۆکی کۆمار بۆ کورد و، سەرۆکی پەرلەمان بۆ لیستی دەوڵەتی یاسا دەبێت

# کورد هەڕەشەی بەشدارینەکردن لەحکومەتی تازەدا دەکات

**● سەرۆکی کاتیی پەرلەمانی عێراق: مام جەلال دەبێتەوە سەرۆک کۆمار ● سەرۆکی پێشووی پەرلەمان: دانەوەی پۆستی سەرۆک کۆمار بە کورد هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە**

**تایبەت بە ڕووداو**

بڕیارە سبەی سێشەممە، ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (پەرلەمان) هەریەک لە سەرۆک کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان و دوو جێگرەکەی دیاری بکات، هەندێک لە بەرپرسانی کورد وا رادەگەیێنن کە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ مام جەلال یەکلایی کراوەتەوە، بەڵام هەندێک لەلایەنە عەرەبییەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە ئەو پۆستە بۆ کورد یەکلایی نەبووەتەوەو یەکلابوونەوەی بەندە بەئەنجامی ئەو گفتوگۆیەی لەنێوان دوو ئیئتیلافە گەورەکە (عێراقییە)و (دەوڵەتی یاسا)دا بەردەوامە.

د.فوئاد مەعسوم، سەرۆکی کاتیی پەرلەمانی عێراق، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "جارێ هیچ ڕێککەوتنێک نەکراوە کە کێ دەبێتە سەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە سەرۆک کۆماریش، تائێستا هەر جەنابی مام جەلالە و کەسێکی دیکە نییە کاندید بێت بۆ ئەو پۆستە". د.فوئاد، بە دڵنیاییەوە جەختی لەوە کردەوە کە مام جەلال دەبێتەوە سەرۆک کۆمار و گوتی "ئێستا هەموو لایەنەکان مام جەلال بەباشترین کەس دادەنێن بۆ پۆستی سەرۆک کۆمار".

بەپێچەوانەی لێدوانی بەرپرسانی کورد، ئەیاد سامەڕایی سەرۆکی پێشووی پەرلەمانی عێراق و یەکێک لەسەرکردەکانی بەرەی تەوافوق لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (ڕووداو) ئاماژە بەوە دەکات لە ئەنجامی ڕێککەوتنی نێوان عەللاوی و مالیکی پۆستی سەرۆکی پەرلەمان نەک کۆمار بدرێتە کورد و گوتی "وتوێژەکانی ئەمدواییەی نێوان دەوڵەتی یاسا و لیستی عێراقییە و ئەو دەنگۆیانەی هەیە لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان ئەوە دەردەخەن کە ڕەنگە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و پۆستێکی دیکەی گرنگ بۆ لیستی عێراقییە و، پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران بۆ مالیکی و پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بۆ کورد بێت". ئاشکراشی کرد کە "لەنێوان هەردوو لیستە گەورەکەدا (عێراقییە و دەوڵەتی یاسا) کێشە لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی کۆماریش هەیە و هێشتا یەکلاییان نەکردووەتەوە".

سامەڕایی ڕەتیکردەوە کە پۆستی سەرۆک کۆمار بەقازانجی کورد یەکلابووبێتەوە "هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە ئەو پۆستە بۆ کورد دەبێت، ئەمە بەندە بە وتوێژەکانی نێوان هەردوو لیستە گەورەکەوە".

هەر لەوبارەوە، عیزەت شابەندەر یەکێک لەسەرکردەکانی ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکی سەرۆکایەتی دەکات، ڕەتیکردەوە کە لەبارەی پاڵێوراوی سەرۆکایەتی کۆمارەوە بڕیاری کۆتایی درابێت و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "هێشتا بڕیار نەدراوە پۆستی سەرۆک کۆمار بۆ کێ بێت". شابەندەر هەر لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتی "پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و دەسەڵاتەکانی هێشتا باس نەکراون، بۆیەش هێشتا بۆ هیچ لایەنێک یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵام ئەگەر ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا پۆستی سەرۆک وەزیران وەربگرێت، پێی ئاساییە ئەو پۆستە بۆ کورد بێت".

ئەم قسانە لەکاتێکدان کە کورد جگە لە پۆستی سەرۆک کۆمار بەهیچ پۆستێکی دیکە ڕازی نییە، ئەگەر سەرۆک کۆماری نەدرێتێ، ئامادەنییە بەشداری حکومەت بکات.

زانا ڕووستایی، ئەندامی شاندی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان لەو ڕووەوە گوتی "هیچ ئەگەرێکی ئەوەمان دانەناوە کە لەجیاتی سەرۆک کۆمار، سەرۆکی پەرلەمان وەربگرین، بۆیە کورد هیچ کاندیدێکی نییە بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و ئەگەر پۆستی سەرۆکی کۆمار نەدرێتە کورد ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزە کورد بەشداری حکومەت نەکات". بەڵام سامی شۆڕش، ئەندامی هەمان ئیئتیلاف زۆر بەتووندی ڕایگەیاند کە "پۆستی سەرۆک کۆماری مافی کوردە و کەس خێری پێناکات"، د.مەحمود عوسمانیش ڕایگەیاند "یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سەردانی بایدن، دڵنیاکردنەوەی کورد بوو لەوەی پەراوێزناخرێت و لە حکومەتی داهاتوودا ڕۆڵی دەبێت".



بەپێی قسەی مەحمود عوسمان، یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سەردانی بایدن، دڵنیاکردنەوەی کورد بوو لەوەی پەراوێزناخرێت و لە حکومەتی داهاتوودا ڕۆڵی دەبێت (فۆتۆ: Reuters)

ڕووستایی، لەبارەی ئەو پۆستانەش کە کورد داوایان دەکات، گوتی "داوای سەرۆکی کۆمار، جێگری سەرۆکی حکومەت، جێگرێکی سەرۆکی پەرلەمان و وەزارەتی نەوتمان کردووە، ئەگەر پێمان نەدرا وەزارەتی دارایی و داوای پێنج وەزارەتی دیکەی خزمەتگوزاریشمان کردووە بەتایبەت ئەوانەی کە هاوکارن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140".

هەرچەندە لایەنی کوردی هەڕەشەی بەشدارینەکردن لەحکومەتی داهاتوو دەکات، بەڵام فەتاح شێخ، یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی عێراقییە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە ئەو لایەنانەی حکومەتی نوێی عێراق پێکدێنن بریتین لە ئیئتیلافی عێراقییە، ئیئتیلافی دەوڵەتی یاسا و کورد. گوتیشی کە ئیئتیلافی نیشتمانیی عێراقی بەسەرۆکایەتی عەمار حەکیم لەدەرەوەی حکومەت دەمێننەوەو ڕەنگە ببنە ئۆپۆزسیۆن. هەروەها بە جۆرێک لە دڵنیاییەوە لە پێکهێنانی حکومەت لەلایەن لیستەکەیانەوە، لە درێژەی قسەکانیدا بۆ (ڕووداو)، ئاشکرایکرد کە ئەگەر مالیکی لەگەڵ لیستی عێراقییە ڕێککەوێ و هاوپەیمانێتی ببەستێ، ئەوا یەکێک لە پۆستە سیادییەکانی عێراق (سەرۆک کۆمار، سەرۆک پەرلەمان، سەرۆک وەزیران) وەردەگرێت "بەڵام ئەگەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ عێراقییە نەبەستێ، ئەوا هیچ پۆستێکی بەرناکەوێت و تەنها وەک پەرلەمانتار دەمێنێتەوە لە داهاتوودا". حەیدەر موللا، وتەبێژی فەرمیی لیستی عێراقییەش لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) جگە لە دووپاتکردنەوەی مافی لیستەکەی و دەستگرتنی بە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانەوە لە وتوێژەکانیان لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا، گوتی "ئەگەر هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق لە یەک کاتدا یەکلایی نەکرێنەوە، ئەوا ئێمە ئامادەی دانیشتنی ڕۆژی سێ شەممەی پەرلەمان نابین". بەڵام عیزەت شابەندەر لە لیستی مالیکی جگە لە ڕاگەیاندنی ئەوەی کە ئێستا هەردوولا باس لە دیاریکردنی کەسەکان دەکەن بۆپۆستەکان، بەڵام گوتی هێشتا مافی سەرۆک وەزیرییان نەداوەتە عەللاوی.

بڕیارە ئەمڕۆ کۆبوونەوەیەکی یەکلاییکەرەوە لەنێوان لیستە براوەکاندا لە بەغدا بکرێ. نەجیب باڵاتەیی، سەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی لە پەرلەمانی عێراق، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاشکرایکرد کۆبوونەوەی ئەمڕۆی سەرۆکی لیستە براوەکان لە بەغدا بۆ"تاوتوێکردن و یەکلاییکردنەوەی پۆستە سەرەکی و سیادییەکانی عێراقە، بەتایبەت هەرسێ سەرۆکایەتی وەزیران و کۆمار و پەرلەمان". بەڵام گوتی زەحمەتە بگەنە ڕێککەوتن لەسەر دابەشکردنیان چونکە "کێشەکان ئاڵۆزن و تائێستا هیچ ڕێککەوتنێکی پێشوەختە لەو بارەوە نەکراوە". لەلایەکی دیکەوە، بەپێی سەرچاوەکان کریستۆفەر هێل، باڵیۆزی ئەمریکا ڕۆژی 2010/7/11 لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا بووە لە سەردانیدا بۆ دهۆک و باس لە نەهێشتنی گرفتەکانی سەر ڕێگەی دابەشکردنی ئەو پۆستانە کراوە.

4 ، 3 ، 2

# ئێران گۆڕی شەهیدانی هەڵەبجە لەتاران دەفرۆشێ

**ڕووداو-سلێمانی**

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە گۆڕی ژمارەیەک لە شەهیدانی هەڵەبجە لە (بەهەشتی زەهرا)ی تاران هەڵدراونەتەوەو ڕوفاتەکانیان بۆ شوێنی نەزانراو گوازراونەتەوە. کوردێکی کارمەند لە ئیدارەی بەهەشتی زەهراش گوتوویەتی "لەبەر ئەوەی پارەی شوێنەکانیان نەدرواە، ئیدارەی گۆڕستانەکە شوێنەکانیان دەفرۆشێ".

ئەو شەهیدانەی هەڵەبجە کە بەهۆی کاریگەریی کیمیابارانی 1988/3/16 لە ئێران گیانیان لەدەستدا و لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرای تاران نێژران، ژمارەیان زیاتر لە150 کەسەو لەدوو گۆڕی بەکۆمەڵدا کە کۆدەکانیان ژمارە25 و-40ە شاردراونەتەوە. ئێستا نێژراوەکانی ژمارە 40 دەردەهێنرێنەوەو شوێنەکانیان دەفرۆشرێ.

لوقمان عەبدولقادر، سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، کە کۆتایی مانگی ڕابردوو بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی باڵیۆزانی ئاشتی چووبووە تاران، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ئەو زانیاریانەی لە کوردێکی ئێرانییەوە دەستمان کەوتووە، ئیدارەی بەهەشتی زەهرا، شوێنی ڕوفاتی هەڵەبجەییەکان بەخەڵکی دیکە دەفرۆشنەوە"، وەک ئەو سەرچاوەیە بە سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیایی هەڵەبجەی گوتووە، نرخی هەر گۆڕێک لە بەهەشتی زەهرا زیاتر لە 3 ملیۆن تمەنە.

فوئاد عوسمان، گوتەبێژی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) گوتی، لەدوایین سەردانی وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان بۆ تاران، کاربەدەستانی ئێران ئەوەیان ڕەتکردبووەوە کە ڕووفاتی شەهیدانی هەڵەبجە بگوازنەوە شوێنی دیکە.

بەڵام لوقمان عەبدولقادر، جەخت لەسەر ئەو زانیاریانە دەکاتەوەو دەڵێ "هەر ساڵی ڕابردوو داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد ئەو ڕوفاتانە بێنێتەوە، یان گۆڕەکانیان نۆژەن بکاتەوە، بەڵام داواکەمان هیچی لێ سەوز نەبوو".

2

# هەولێرییەک بە تۆمەتی "ئەندامێتیی قاعیدە" لە ئەڵمانیا دەستگیر دەکرێ

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

ڕۆژی 2010/7/8، (شوان سادق سەعید بوجاق) کە خەڵکی هەولێرە، لە شاری دویسبۆرگی ئەڵمانیا لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە دەستگیرکرا، هەواڵی گرتنی شوان و دوو کەسی دیکە لە نەرویج بووە سەردێڕی ڕۆژنامە جیهانییەکان. ئۆپەراسیۆنەکە لەسەر داوای وەزارەتی داد و بە بەشداریی پۆلیسی نەرویجی ئەنجامدرا. چونکە شوان لە نەرویج مافی پەنابەریی هەیەو بۆ "پشووی هاوینە" هاتبووە ئەڵمانیا، کە حکومەتی نەرویج ڕایگەیاند ئەو سێ کەسە کە سەر بە یەک تۆڕن "ئامادەسازییان بۆ ئەنجامدانی کاری تیرۆریستی دەکرد".

ئەو دوو کەسەی دیکە کە لە ئۆسلۆی پایتەختی نەرویج دەستگیرکراون، یەکێکیان بە ڕەچەڵەک ئویگورە و خەڵکی چینە و ئەوی دیکەشیان ئۆزبەکییە. بەگوتەی پۆلیسی نەرویجی ئەو سێ کەسە سەرقاڵی ئامادەسازی بوون بۆ دروستکردنی بۆمبی هایدرۆجینی و دەیانویست بەشداربن لە پلانێکدا کە پێشتر بۆ تەقاندنەوەی هێڵی مێترۆی شاری نیویۆرکی ئەمریکا و بازاڕێکی قەرەباڵغی شاری مانچستەری بەریتانیا دانرابوون.

جێنس ستۆڵتنبێرگ سەرۆکوەزیرانی نەرویج کە بەهۆی ئەو ئۆپەراسیۆنەوە کۆتایی بە پشووی هاوینەی خۆی هێنا، لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ کنوت ستۆر بێرگێت، وەزیری داد ڕایگەیاند "ئەمە گەورەترین کردەی دەستگیرکردنە لە مێژووی نەرویجدا".

شوان بوجاق لەساڵی 1999وە لە نەرویج دەژێت و مافی پەنابەرێتیی وەرگرتووە. ئارڤید شیودین، پارێزەری شوان ڕایگەیاند کە هێشتا دیار نییە ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی ڕاستن یان نا. هەروەها هەندێ لە هاوڕێیەکانی بە کەسێکی "هێمن" و "یارمەتیدەر" وەسفیدەکەن. بە گوتەی هاوسەری شوان، کاتێک پۆلیسە دەمامکدارەکان بە چەکەوە لێیان دەچنە ژوورەوە "هێشتا منداڵەکان خەبەریان نەببووەوە"، ئەو باسی ئەوە دەکات کە هاوسەرەکەی لەلایەن پۆلیسەکانەوە بە زەویدا دراوە و منداڵەکانیشی کە ئەمەیان بینیوە گریاون.

11



9

**ئەمریکا ڕێگە بە فڕینی فڕۆکە سەربازییەکانی عێراق بەئاسمانی کوردستاندا دەداتەوە**



8

**وەزارەتی شارەوانی و کارەبا لەگەڵ قایمقامی هەولێر لەسەر هەفتەبازاڕێک ناکۆکن**



4

**پەرلەمانتارێکی CHP: ئیدی پێویستە دان بە ئیدارەی کوردی دابنێین**



12

**حەسەن دوای بیرەیەک ژنەکەی کوشت**

گروپی کۆمپانیاکانی (العادل المتحدە)
پرۆژەی شاری (دەشتی بەهەشت - ١)
هەولێر - ڕێگای کەسنەزان
دەشتی بەهەشت تاتلیسس




فرۆشتن دەستی پێ کرد
بۆ زانیاری زیاتر :
Tel : 0662649888 - 0662649539
Tel : 0662649829 - 0662649773
E-mail : aladelunited@yahoo.com
ناونیشان : هەولێر - گوندی ئینگلیزی باڵە خانەی ژمارە ١١٤

# راپۆرتە هەواڵ



## بکوژێ دەمکداری زاخۆ هاتە گرتن

**نەجمەددین نێروەیی**

**رووداو-زاخۆ**

رۆژا 2010/7/6 ل باژێرێ زاخۆ گەنجەکێ 24 سالی بناڤێ (عومەر حەمید) ب حەفت گوللەیان ژ لایێ کەسەکێ نەنیاس هاتە کوشتن.پۆلیسێ زاخۆ وەها دیارکر کو بکوژی سەروچاڤێن خۆ پێچابوون و بەرچاڤکێن رەش لبەر چاڤی بووینە و ب ترومبێلەکا ژ جورێ مەرزیە کۆ ژمارا وێ ڤەچەماندبوو دا کەس نەنیاسیت ئەڤ کریارە ئەنجامدا و پاشی خۆ بەرزە کر. ژێدەرەکێ ژ ئاسایشا زاخۆ بۆ (رووداو) ئاشکرا کر کو ئەو بکوژ رۆژا پاشتر ل دەرڤەی زاخۆ ژ لایێ ئاسایشا زاخۆڤە هاتە گرتن و پشتی دان ب تاوانا خۆ دائینای، گۆت وی ل سەر کێشەیەکا خێزانی ئەڤ تاوانە ئەنجامدایە.

---

ئەیاد سامەڕایی، سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بۆ (رووداو):

# پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ مام جەلال یەکلایی نەبووەتەوە

**رووداو-هەولێر**

ئەیاد سامەڕایی،سەرۆکی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لەبەرەی تەوافوق (خاوەنی 6 کورسی لە پەرلەمانی ئێستادا)، دەڵێت خۆی بۆ خولێکی دیکەی ئەنجوومەنی نوێنەران ناپاڵێوێتەوە، بەڵام چەند ماڵپەرێک لەزاری نەجیب باڵاتەیی بڵاویانکردەوە کە سامەڕایی پاڵێوراوێکی ئەو پۆستەیە لە خولی تازەی پەرلەماندا:

**رووداو: باس لەوە دەکرێ جارێکی دیکە ببیەوە سەرۆکی پەرلەمان؟**

**ئەیاد سامەڕایی:** تاوەکو ئێستا خۆم بۆ ئەو پۆستە نەپاڵاوتووەتەوە، هاوکات لەلایەن کوتلەی بەرەی تەوافوقیشەوە کە من سەربەو کوتلەیەم بۆ ئەو پۆستە نەپاڵێوراوم. رەنگە ئەوە لەنێوان لیستە گەورەکاندا باسکرابێت کە ئەو پۆستە بدرێتەوە من، بەڵام بەفەرمی ئاگادار نەکراومەتەوە.

**رووداو: چوار خاڵت وەکو پێشنیاز بۆ دەرچوون لەو"ئیفلیجییە سیاسییەی عێراقی تێکەوتووە" خستەروو، پێشبینی دەکەی ئەنجامی هەبێ؟**

**ئەیاد سامەڕایی:** چوار داواکاریی گرنگم پێشکەشی لایەنە سیاسییەکان و سەرۆک کۆماری عێراق کردووە بۆ ئەوەی لەو ئاڵۆزی و پشێوییەی ئێستا لەسەر دابەشکردنی پۆستەکان لە عێراقدا دروستبووە دەربچین، هیوادارم پێشنیازەکانم رەچاو بکەن، چونکە مەبەستم لێیان ئەوەیە چیتر دەستتێوەردانی دەرەکی نەتوانێ بە ئارەزووی خۆی گەمە بە سیاسەتمەدارانمان و چارەنووسی سیاسەت لەعێراق بکات، لە پێشنیازەکانم داوامکردووە بەپێی دەستوور پەلە لە هەڵبژاردنی سەرۆکوەزیران بکرێ و ملکەچی حیساباتی خاڵەکان نەبێت، بەڵکو رەچاوی ئیستیحقاقی نیشتمانی بکرێت، هەروەها داوامکردووە کە بەپێی ئەو ماوەی لە دەستوور دیارکراوە سەرۆکی کۆمار هەڵبژێردرێ، سێیەم پێشنیازم کردووە ئەو مەرج و پابەندبوونانەی هەندێک لە لایەنە سیاسییەکان دەیانەوێ سەرۆک وەزیرانی داهاتووی پێوە پابەند بکەن بکرێتە پرۆژە یاسا و ئەنجوومەنی وەزیرانی پێوە پابەندبکرێت پێش ئەوەی متمانەی پێبدرێ، جگە لەوە پرۆژە سیاسییەکان وەکو هەڵبژاردنی یەک جێگر بۆ سەرۆک کۆمار یان زیاتر یان دەسەڵاتەکانی سەرۆک کۆمار بۆ نمونە ڤیتۆ، هەروەها پێکهێنانی ئەنجوومەنی سیاسی ئاسایشی نیشتمانی و ئەو دەسەڵاتانەی پێیدەدرێ یان هەر دەزگایەکی دیکە، خێرا بکرێتە یاسا و ئەنجوومەنی نوێنەران پەسەندیان بکات.

**رووداو: بەڕای ئێوە سێ پۆستەکەی سەرۆکایەتی عێراق چۆن دابەشدەکرێن، کورد چی بەردەکەوێ؟**

**ئەیاد سامەڕایی:** مەسەلەکە لەلای زۆرینەی کوتلە سیاسییەکان وابووە کە بەپێی لێکتێگەیشتنی نێوان لیستەکان پۆستی سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەران بۆ پێکهاتەی شیعی بێت، بەڵام وتووێژەکانی ئەمدواییەی نێوان دەوڵەتی یاسا و لیستی عێراقییە و ئەو دەنگۆیانەی هەیە لەسەر دابەشکردنی پۆستەکانی سەرۆکی وەزیران و سەرۆکی کۆمار ئەوە دەردەخەن کە رەنگە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و پۆستێکی دیکەی گرنگ بۆ لیستی عێراقییە و، پۆستی سەرۆکایەتی وەزیران بۆ مالیکی و پۆستی سەرۆکایەتی پەرلەمانیش بۆ کورد بێت، بۆیە ئەو وتووێژانە نەخشەکانی گۆڕیوە، بەڵام هێشتا وێنەکان زۆر روون نین، ئەوەی کە زۆر روونە ئەوەیە دەوڵەتی یاسا و عێراقییە دەیانەوێ نەخشەیەکی دیکە بۆ ئەو پۆستانە بخەنەروو.



**رووداو:پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ کورد و بەدیاریکراوی مام جەلال بۆ خولێکی دیکە یەکلایی بووەتەوە؟**

**ئەیاد سامەڕایی:** نەخێر، هێشتا یەکلایی نەبووەتەوە ئەو پۆستە بۆ کورد دەبێت، ئەمە بەندە بە وتووێژەکانی نێوان هەردوو لیستە گەورەکە کە لیستی دەوڵەتی یاسا و لیستی عێراقییەن، چونکە هێشتا هەردوو لیست دەستیان بە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانەوە گرتووە، بۆیە ئەو کێشەی لەنێوان هەردوو لیستی عێراقییە و دەوڵەتی یاسا لەبارەی سەرۆک وەزیرانەوە هەیە ئەو مەسەلەیە یەکلایی دەکاتەوە پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار بۆ کێ دەبێت، هێشتا روون نییە ئەو پۆستە بۆ کورد دەبێت. لەنێوان هەردوو لیستە گەورەکەدا (عێراقییە و دەوڵەتی یاسا) کێشە لەسەر پۆستی سەرۆکایەتی کۆماریش هەیە و هێشتا یەکلاییان نەکردووەتەوە.

**رووداو: پێشبینی دەکەی لەکاتی خۆیدا سەرۆکایەتی پەرلەمان و کۆمار دیاری بکرێن؟**

**ئەیاد سامەڕایی:** نەخێر، بەدڵنیاییەوە دەڵێم زۆر زەحمەتە لە وادەی خۆیدا دابەشکردنی پۆستەکان لەنێوان کوتلە گەورەکاندا یەکلای بکرێنەوە، چونکە هێشتا زۆر مەسەلە ماوە و قسە و گفتوگۆی لەسەر نەکراوە، لەوانە کەسە پاڵێوراوەکان و وەزارەتەکان و کابینەکە بەگشتی و چەندین پۆستی دیکە کە رەنگە هێشتا بەهیچ شێوەیەک ئاماژەیان بۆ نەکرابێت.

**رووداو: تائێستا هیچ ئەگەرێک هەیە بۆ بەشداریکردنتان لە حکومەتی داهاتوو وەکو بەرەی تەوافوق؟**

**ئەیاد سامەڕایی:** هێشتا باسمان لەو مەسەلانە لەگەڵ هیچ کام لەلیستەکان نە لیستی عێراقییە و نە لیستی دەوڵەتی یاسا نەکردووە، بەڵام ئەگەری زۆر ئەوەیە ئەو دوو لیستە لەگەڵ کورد حکومەت پێکبێنن.

---

بەهۆی بۆردوومانی تورکیا و ئێران

# 45 هاووڵاتی بناری قەندیل تووشی نەخۆشی دەنگنووسان و ئازاری چاو بوون

**مەهدی محەممەد رواندزی ـ سۆران**

لە ئەنجامی بۆردوومانی بەردەوامی فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا و تۆپەکانی ئێران بۆ سەر ناوچەکانیان، ژمارەیەکی زۆر لە هاووڵاتیانی دانیشتووی گوندەکانی بناری قەندیل تووشی نەخۆشی دەنگنووسان و ئازاری چاو بوون.

کوێستان محەممەد، بەڕێوەبەری ناحیەی وەرتێ لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەو قسانەی هاووڵاتیانی ناوچەکەی پشتڕاستکردەوەو گوتی "لەسەر داواکاری گوندنشینانی بناری قەندیل، تیمێکی پزیشکی سەردانی گوندی (پردە شاڵ)ی کرد و چارەسەری پێویستی بۆ هاووڵاتیانی گوندەکانی (پردە شاڵ، زارگەلی، بۆکریسکان) کرد کە دەکەونە سنووری ناحییەکەمان"، هەروەک بەڕێوەبەری وەرتێ ئاماژەی بۆ دەکات، نزیکەی 45 حالەتی دەنگنووسان و چاوئێشە لەنێو هاووڵاتییانی دانیشتووی بناری قەندیل تۆمارکراوە.

ساڵی رابردووش چاو سووربوون و تەنگەنەفەسی لەنێو ئەو گوندنشینانەی بناری قەندیل دەرکەوت. ئەوکات PKK رایگەیاند کە ئەم نەخۆشییە بەهۆی پاشماوەی تۆپ و بۆمباکان تووشی هاووڵاتیانی ناوچەکە بووەو، هەر شوێنێک گوللە و بۆمبای بەرکەوتبوو بەدووری چەند مەترێک ئاژەڵ و باڵندەکانی کوشتبوون کە ئەمەش ئەوکات گومانی بەکارهێنانی چەکی قەدەخەکراوی لێدەکرا لەلایەن تورکیاو ئێرانەوە.



شوێنی بەرکەوتنی بۆمبێک کە کانیاوێکی لەدوای خۆی لە بناری قەندیل دروستکردووە (فۆتۆ:رووداو)

---

# ئێران گۆڕی شەهیدانی هەڵەبجە لەتاران دەفرۆشێ

شەهیدانی هەڵەبجە لەبەهشتی زەهرا لەگۆڕەکان دەردەهێنرێن و بۆ شوێنی نەزانراو دەگوازرێنەوە

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**

**رووداو-سلێمانی**

بەپێی قسەی سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، ژمارەیەک لە گۆڕی شەهیدانی هەڵەبجە لە (بەهەشتی زەهرا)ی تاران هەڵدراونەتەوەو روفاتەکانیان بۆ شوێنی نەزانراو گوازراونەتەوە. کوردێکی کارمەند لە ئیدارەی بەهەشتی زەهراش گوتوویەتی "لەبەر ئەوەی پارەی شوێنەکانیان نەدراوە، ئیدارەی گۆڕستانەکە شوێنەکانیان دەفرۆشێ".

ئەو شەهیدانەی کە بەهۆی کاریگەریی کیمیابارانی 1988/3/16 لە ئێران گیانیان لەدەستدا و لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرای تاران نێژران، ژمارەیان زیاتر لە150 کەسەو لەدوو گۆڕی بەکۆمەڵدا کە کۆدەکانیان ژمارە25 و–40ە شاردراونەتەوە. ئێستا نێژراوەکانی ژمارە 40 دەردەهێنرێنەوەو شوێنەکانیان دەفرۆشرێ.

لوقمان عەبدولقادر،سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، کە کۆتایی مانگی رابردوو بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی باڵیۆزانی ئاشتی چووبووە تاران، بە (رووداو)ی راگەیاند "بەپێی ئەو زانیاریانەی لە کوردێکی ئێرانییەوە دەستمان کەوتووە، ئیدارەی بەهەشتی زەهرا، شوێنی روفاتی هەڵەبجەییەکان بەخەڵکی دیکە دەفرۆشنەوە"، وەک ئەو سەرچاوەیە بە سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیایی هەڵەبجەی گوتووە، نرخی هەر گۆڕێک لە بەهەشتی زەهرا زیاتر لە 3 ملیۆن تمەنە.

گوتەبێژی وەزارەتی کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوانی هەرێمی کوردستان دەڵێ وەزیری کاروباری شەهیدان و ئەنفالکراوان، پێشنیازێکی خستووەتە بەردەم بەرپرسانی ئێران بۆ ئەوەی گۆڕی شەهیدانی هەڵەبجە لە بەهەشتی زەهرا نۆژەن بکرێتەوە، بەڵام بەرپرسانی ئێرانی بەو پێشنیارە رازی نەبوون و گوتوویانە ئەوانە بە شەهیدی خۆمانی دەزانین و خۆمان گۆڕەکانیان نۆژەندەکەینەوە.

فوئاد عوسمان، گوتەبێژی وەزارەتی شەهیدان و کاروباری ئەنفالکراوەکان لە درێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (رووداو) گوتی، لەدوایین سەردانی وەزیر بۆ تاران، کاربەدەستانی ئێران ئەوەیان رەتکردبووەوە کە رووفاتی شەهیدانی هەڵەبجە بگوازنەوە شوێنی دیکە.

لوقمان عەبدولقادر، کە بۆ خۆی چووەتە سەر گۆڕەکان، گوتی "ساڵی رابردوو رۆیشتینە سەر گۆڕەکان لەوێ کرێکاری ئێرانی کاریان تێدا دەکرد، کاتێک پرسیمان ئەوە چییە، گوتیان بۆ نۆژەنکردنەوەیە، بەڵام ئەمساڵ بەرپرسە ئێرانییەکان پێیان باش نەبوو وەک شاندی وەزارەت و کۆمەڵەی قوربانیان کە بۆ بەشداریکردن لە کۆنگرەی باڵیۆزانی ئاشتی سەردانی تارانمان کردبوو، بچینە سەر ئەو گۆڕانەی ساڵی رابردوو ئیشیان لێدەکرد، بۆیە من و کەسێکی دیکە دواتر خۆمان گەیاندە ئەو گۆڕانە و لەوێ بینیمان گۆڕەکان تێکدراون"، عەبدولقادر گوتیشی "هەر ساڵی رابردوو داوامان لە حکومەتی هەرێمی کوردستان کرد ئەو روفاتانە بێنێتەوە، یان گۆڕەکانیان نۆژەن بکاتەوە، بەڵام داواکەمان هیچی لێ سەوز نەبوو".

سەرۆکی کۆمەڵەی قوربانیانی کیمیابارانی هەڵەبجە، لەسەر زاری کارمەندێکی کورد لە ئیدارەی بەهەشتی زەهرا کە خەڵکی کرماشانە، دەگێڕێتەوە کە بەهۆی پارە نەدانەوە بە ئیدارەی گۆڕستانەکە لەسەرەوەختی ناشتنیان کە 22ساڵ بەر لەئەمڕۆ دەکات، ئێستا شوێنەکانیان دەفرۆشنەوەو رووفاتی شەهیدەکانی هەڵەبجە بۆ شوێنی نەزانراو دەگوازنەوە.

**کارمەندێکی کورد لەبەهەشتی زەهرا:**

**نرخی گۆڕێک لێرە 3 ملیۆن تمەنە بۆیە شەهیدانی هەڵەبجە لێرە دەردەهێنرێن و شوێنەکانیان دەفرۆشرێنە خەڵکی دیکە**

---

# حیزب دەست لە بڕیاری سەندیکای پزیشکان وەردەدات

**رەوا عەبدوڵڵا**

**رووداو- هەولێر**

سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پزیشکانی کوردستان رایگەیاند دوای داخستنی نۆرینگەی پزیشکێک، چەند کەس و لایەنێکی حیزبی گوشاریان خستووەتە سەر تا لە بڕیارەکەیان پاشگەزببنەوە، گوتیشی"گوشارەکان بەئاستێکە یان دەبێت هەموومان دەست لەکار بکێشینەوە یان دەبێ لەبڕیارەکەی خۆمان پاشگەزببینەوە".

دکتۆر حەیدەر سابیر سورچی، سەرۆکی لقی هەولێری سەندیکای پزیشکانی کوردستان رایگەیاند دوای ئەوەی پزیشکێکی ئافرەت بەناوی سابات باراوی، کە پسپۆڕی منداڵبوون و ئافرەتانە، بێگوێدانە رێنماییەکان بۆ پشکنین 50 هەزار دیناری لە نەخۆش وەردەگرت، ئێمە دوای چەند جارێک ئاگادارکردنەوەی هەفتەی رابردوو هەڵساین بەداخستنی نۆرینگەکەی،گوتیشی" لە دوای داخستنی نۆرینگەکەی ئەو پزیشکە ئافرەتە واستەیەکی زۆری حیزبی کردووە، ئێستا هەندێک بەرپرسی حیزبی گوشاریان خستووەتەسەر ئێمە، کە بەزووترین کات نۆرینگەی بکەینەوە، منیش بڕیارمداوە بانگهێشتی ئەندامانی دەستەی لق بکەم کە دوا هەڵوێستی خۆمان بەڕاشکاوانە بەو کەس و لایەنانە رابگەیێنین".

د.حەیدەر سورچی، ئامادەنەبوو ناوی ئەو کەس و لایەنانە ئاشکرابکات، بەڵام گوتی"دەستتێوەردانی حیزبی و کارگێڕی گەیشتووەتە ئاستێک وامان لێهاتووە نازانین نە دەرگای سەندیکا دابخەین و هەموومان دەست لەکاربکێشینەوەو لێبگەڕێین هەرکەس بۆ خۆی بێ یاسا کاربکات، یان ناوی ئەو کەس و لایانانە بۆ رای گشتی ئاشکرابکەین کە دەست دەخەنە نێو کاروباری سەندیکا و وازمان لێناهێنن کار بکەین".

---

# کارمەندانی دەزگای خاک نارازین بەداخستنی دەزگاکەیان

15 رۆژ خراوەتە بەردەم بەرپرسی بەشەکان تاوەکو بیر لەبڕیاری کۆتایی بکەنەوە

ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی خاک

**رووداو-سلێمانی**

بەهۆی کێشەی داراییەوە، بەرپرسانی ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک بیر لە داخستنی دەزگاکەیان دەکەنەوەو لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ کارمەندانی دەزگاکە، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد ئەوەی پێڕاگەیاندوون، کە گرفتی داراییان هەیە و ناتوانن بەردەوامبن لەسەر کارکردن، بۆیە ماوەی 15رۆژ دیاریکراوە تاوەکو بڕیاری کۆتایی بدەن.

رۆژی 2010/7/10 هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و دامەزرێنەری دەزگاکە لە کۆبوونەوەیەکیدا لەگەڵ سەرجەم بەرپرسی بەشەکانی ئەو دەزگایە، رایگەیاندووە کە بەهۆی کێشەی داراییەوە چیتر ناتوانن درێژە بەکارەکانیان بدەن وەک پێشتر و ناچارن بیر لە داخستنی بکەنەوە.

ئاکۆ غەریب، بەرپرسی ناوەندی چاپەمەنی و راگەیاندنی خاک، هەواڵەکەی بۆ (رووداو) پشتڕاستکردەوەو گوتی"هێشتا بڕیاری داخستنی دەزگاکە نەدراوە، بەڵام ماوەی 15رۆژ دیاریکراوە، تاوەکو بڕیاری کۆتایی بدرێ چۆن چارەسەری ئەو قەیرانە داراییە بکرێ کە رووی لە دەزگاکە کردووە". ئاکۆ غەریب گوتیشی"لە سەرەتای ئەمساڵەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان بودجەکەی بڕیون و ماوەی سێ مانگیشە، هەفتەنامەی ئینگلیزی زمانی (سۆما) و گۆڤاری مانگانەی (خاک) راگیراون، کە ناوەندی خاک دەریدەکردن".

بەرپرسی ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی خاک دەڵێ، بیروڕای زۆر ئاڵوگۆڕ کراون لەبارەی چارەنووسی دەزگاکەوە، بۆیە ماوەی 15رۆژ دیاریکراوە تاوەکو بڕیاری کۆتایی بدرێت.

ناوەندی راگەیاندن و چاپەمەنی خاک، ساڵی 1997لەلایەن هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەدەوە دامەزراوە، ئێستا جگە لە تەلەفزیۆنی نێوخۆیی و رادیۆی خاک، دەزگایەکی چاپەمەنی و تیپێکی مۆسیقا و گۆڤاری خاک و گۆڤاری سیخورمە و رۆژنامەی سۆمای هەیە. ئەو ناوەندە راستەوخۆ لەژێر چاودێری هێرۆخان خۆیدا بووە و ناوبراو بۆخۆشی زۆربەی سەروتارەکانی گۆڤاری خاکی دەنووسی. دەزگاکە لەماوەی کاکردنی بەرهەمی جێگەی سەرنجی هەبووە.

د.شێرکۆ عەبدوڵڵا، سەرنووسەری گۆڤاری سیخورمە، کەبەشداری کۆبوونەوەکەی لەگەڵ هیرۆخانی کردووە بە (رووداو)ی راگەیاند " تاکە کێشەی گەورەو سەرەکی دەزگای خاک، داهاتە و هەر ئەوەش وایکردووە، کە لە کۆبوونەوەکەدا هەندێک لە کارمەندان پێشنیازی ئەوەیان خستووەتە بەردەم هێرۆخان تاوەکو لەشوێنی دیکە کاربکەن، یان جێگرەوەی دیکە بدۆزرێنەوە".

د.شێرکۆ عەبدوڵڵای تەنزنووس و سەرنووسەری خاک، کە لە دروستبوونی دەزگاکەوە کاری تێداکردووە گوتیشی"هێشتا بەیەکجاری بڕیاری داخستنی دەزگاکە نەدراوە، بەڵام دووریش نییە بڕیاری داخستنی بدرێت".

سەرچاوەیەک لەو ناوەندەوە رایگەیاند، ژمارەیەکی زۆر کارمەندانی ئەو دەزگایە ناڕازین بەداخستنی یەکجاری دەزگاکە و گوتوویانە "ئەگەر بێتو بڕیاری داخستنی بدرێت، پێویستە هەندێک لە کارمەندانی لە کەناڵەکانی کوردسات و گەلی کوردستان و ئێزگەی دەنگی گەلی کوردستان جێگەیان بۆبکرێتەوە، یان چارەسەرێکی دیکەی لەو شێوەیان بۆ بدۆزرێتەوە".

---

# گوندێکی کوردستان بە خاوێنترین گوندی جیهان دەناسێنرێ

لە گوندی حەجیجی رۆژهەڵاتی کوردستان کەس جگەرە ناکێشێت و مادەی هۆشبەر بەکارناهێنێت



**رووداو – رۆژهەڵاتی کوردستان**

گوندی حەجیجی رۆژهەڵاتی کوردستان لە داهاتوویەکی نزیکدا وەک خاوێنترین گوند بە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دەناسێنرێ، لەبەرئەوەی لەم گوندەدا هیچ کەس جگەرە ناکێشێ و ماددەی هۆشبەریش بەکارناهێنێ.

گوندی حەجیج، لە بەرزاییەکانی شارۆچکەی نەوسوودی سەر بەشاری پاوەی پارێزگای کرماشانە، نزیکەی 180 خێزانی تێدا دەژین. لەو گوندەدا کەس جگەرەکێش و بەکارهێنەری ماددە هۆشبەرەکان نییە. محەممەدی، جێگری ئەنجوومەنی هاوئاهەنگی خەبات دژ بە ماددە هۆشبەرەکان لە پارێزگای کرماشان، رایگەیاند " لەداهاتوویەکی نزیکدا بۆ یەکەمین جار لە ئێران گوندی حەجیج، وەکو یەکەمین گوندی خاوێن بە نەتەوە یەکگرتووەکان دەناسێنین، چونکە هیچ کەسێک لەم گوندە جگەرە ناکێشێ و ماددەی هۆشبەر بەکارناهێنێ". گوتیشی ئەو رێورەسمە بەبەشداری بەرپرسانی نەتەوە یەکگرتووەکان لە داهاتوویەکی نزیکدا سازدەکەن.

پارێزگای کرماشان کە ژمارەی دانیشتوانی نزیکەی یەک ملیۆن و 200 هەزار کەسە، رێژەیەکی زۆری بەکارهێنەری ماددەی هۆشبەری تێدایە. بەپێی ئامارە فەرمییەکان لە ساڵی رابردوودا 308 هەزار کەس لەو پارێزگایە کەوتوونەتە ژێر چاودێری بەرنامەی پێشگیری لەماددە هۆشبەرەکان، کە زۆربەیان گەنج و مێرمنداڵ و خوێندکارانی زانکۆ و سەرباز بوون.

حەجیج، بەهۆی سروشت و جوگرافیاکەی یەکێکە لەجوانترین گوندەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان. دیمەنە دڵرفێنەکانی حەجیجی ناوچەی هەورامان لە رۆژهەڵاتی کوردستان ئەوێی کردووەتە ناوچەیەکی گەشتیاری. حەجیج، لە نزیک سنووری باشووری کوردستانە و لەچیا بەرزەکانییەوە هەڵەبجە، سەید سادق و خورماڵ دیارە.

خەڵکی گوندی حەجیج زۆر بەرهەمی خۆماڵی رستن و چنین بەرهەم دێنن و زۆربەی خواردنەکانیان لەناوچەی خۆیان دابین دەکەن، لەوەرزی هاوین و بەهاردا بەرهەمە سروشتییەکانی شاخ دەخۆن بەشێکیشیان بۆ وەرزی سەرما و زستان هەڵدەگرن وەک هەنگوین و گوێز و بەرهەمی دیکە.

خانووەکانی گوندی حەجیج و مزگەوت، قوتابخانە، حەمام و کانیاوە گشتییەکانی بە شێوازێکی بێ وێنە بە بەردی تایبەت دروستکراون، خانووی هەیە 500ساڵ لەمەوبەر دروستکراوە، بەڵام هێشتا تێکنەچووە، بانی هەموو ماڵێک، حەوشی ماڵی دراوسێیەکەیەتی، واتە خانووەکان بەسەر یەکەوە دروستکراون.

پەنجەرەی ماڵەکانی حەجیج هەموو بەداری گوێزی ناوچەکە دروستدەکرێن، هیچ کەرەستەیەک لەشارەوە بۆ دروستکردنی خانووەکان بەکار نایێت، لەباری ئابوورییەوە خەڵکی حەجیج ژیانێکی هەژارانە بەسەر دەبەن، زەوی کشتوکاڵیان لەبەر شاخاویبوونی ناوچەکەیان زۆر زۆر کەمە، لە گوندی حەجیج هۆتێلێکیش بۆ مانەوەی گەشتیاران دروستکراوە.

## بۆ کۆتایی هێنان بە ئاگربەست پرسمان بە ڕۆشنبیران کرد



**بورهان ناوپردانی**
**ڕوودلو- بناری قەندیل**

، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند لە ماوەی ئاگربەستی یەکلایەنەی PKK بەرامبەر بە تورکیا لە 13ی مانگی نیسانی 2009 ەوە تاوەکو کۆتایی پێهێنانی لە 2010/6/1، "تورکیا 130 گەریلای ئێمەی شــەهیدکردن". ئەحمەد دەنیز ئەو ژمارەیەش بە هۆکاری ســەرەکی شکاندنی ئاگربەستەکەیان دەزانێ و، ئاماژە بۆ ئەوەش دەکات بڕیاری شکاندنی ئاگربەست بە ڕاوێژ لەگەڵ " ڕۆشنبیر و ڕۆژنامەنووسانی کوردی باکووری کوردستان دراوە". گوتیشی "تورکیا PKKی ناچارکرد دەست بەشەڕ بکاتەوە، ئێمە شەڕخواز نین". لەبارەی داواکردنی ئەو 248سەرکردە سیاسی و سەربازییەی پەکەکە لەلایەن تورکیاوە دەنیز گوتی" تورکیا تووشی قەیرانێکی سیاسی بووە، دەیەوێ لەگەڵ ناتۆ ئاڵوگۆڕی بکات، تورکیا لەدژی تالیبان شەڕبکات و ناتۆش لە دژی کورد، بەڵام هەر سەرناکەوێت".

## کورد و عێراقییە لەسەر شەش وەرەقە ڕێکدەکەون

# "سبەی مام جەلال بەسەرۆک کۆماری عێراق هەڵدەبژێردرێتەوە"



**عەلی حەمە ساڵح**
**ڕووداو-هەولێر**

سبەی پەرلەمانی عێراق سەرۆک کۆمار هەڵدەبژێرێت و سەرۆکی کاتی پەرلەمانی عێراقیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کــە تاڵەبانی تاکە کاندیدە بۆ ئەو پۆســتەو هەموو لایەنە عێراقییەکانیش بەکاندیدکردنەوەی ڕازیبوون و ئێستا کورد و لیســتی عێراقییە لەسەر شــەش تەوەر ڕێککەوتوون کە گفتوگۆی لەسەر بکەن.

بڕیارە سبەی پەرلەمانی عێراق بۆ دیاریکردنی سەرۆکی کۆمار و سەرۆکی پەرلەمان کۆببێتەوە، هەرچەندە تاوەکو ئێســتاش هیچ ڕێککەوتنێکی سیاســی کۆتایــی لەنێوان لیســت و ئیئتیلافە سیاســییەکانی عێراقدا واژۆ نەکراوە، بەڵام بەرپرســێکی کورد بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە لایەنە سیاسییە عێراقییەکان بەکاندیدکردنەوەی تاڵەبانی ڕازین.

د.فوئاد مەعســوم، ســەرۆکی کاتی پەرلەمانی عێراق، بــە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"جارێ هیــچ ڕێککەوتنێک نەکراوە کە کێ دەبێتە ســەرۆکی پەرلەمان، سەبارەت بە سەرۆک کۆماریش، تائێســتا هەر جەنابی مام جەلالە و کەســێکی دیکە نییە کاندید بێت بۆ ئەو پۆستە".

د.فوئاد مەعســوم، بە دڵنیاییەوە جەختی لەسەر ئەوە کردەوە کە مام جەلال دەبێتەوە سەرۆک کۆماری عێراق و ڕایگەیاند "ئێســتا هەموو لایەنەکان مام جەلال بەباشترین کەس دادەنێن بۆ پۆســتی ســەرۆک کۆماری عێراق، ئەو لایەنانەی لەگەڵیان دانیشــتووین پێــش ئەوەی ئێمە هەر شــتێک بڵێین ئەوان خۆیان باســیان لە پۆستی سەرۆک کۆماری کردووە کە مام جەلال بە شــیاوترین کەس دەزانن بۆ ئەو پۆستە".

یەکێکــی دیکە لــەو خاڵانە، کــە کورد دەیــەوێ لە دانوســتاندنەکاندا، قسەی لەسەر بکات و بە بەرژەوەندی خــۆی ڕێککەوتنــی لەبــارەوە بــکات، مــاددەی 140ی دەستوورە.

د.فوئاد مەعســوم، بەگەشبینییەوە ئاماژە بەوە دەکات کە لە گفتوگۆ و دانیشتنەکانیان لەگەڵ لیستە عێراقییەکاندا "تاوەکو ئێســتا هیچ یەکێکیان نەیگوتــووە ئێمە ماددەی 140مان قبوڵ نییە، یان نەیانگوتووە ماددەی 140 کۆتایی هاتووە".

لەبــارەی ئــەو لێدوانانــەش کــە لــە لایــەن چەند پەرلەمانتارێکــەوە دراون لە بارەی کۆتایی هاتنی تەمەنی ماددەی 140، د.فوئاد مەعســوم، گوتی"ڕاســتە لەوانەیە هەندێک لێدوانی لەو شــێوە بدەن، بەڵام فراکسیۆنەکان و لایەنە سیاسییەکان، تائێستا شتی وایان نەگوتووە".

بەهۆی ئەو کێشــە ناوخۆییانەی لەســەر دیاریکردنی کاندید بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران لەنێوان لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی و ئیئتیلافی نیشتیمانی بەسەرۆکایەتی عەممار حەکیم دروستبووە، چانسی لیستی عێراقییە بــۆ پێکهێنانی حکومەت و وەرگرتنی پۆســتی ســەرۆکی حکومەت زیادی کردووەو هەفتەی پێشــووش چەندیــن کۆبوونەوە لەنێوان لیســتی عێراقییەو دەوڵەتی یاسادا ئەنجامدراون.

لەگەڵ زیادبوونی چانسی لیستی عێراقییە بۆ پێکهێنانی حکومەت، نزیکبوونەوەیەکی زۆر لەنێوان لیستی عێراقییەو ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکاندا ڕوویداوە.

هەفتــەی ڕابردوو، ئەیاد عەللاوی ســەرۆکی لیســتی عێراقییە، ســەردانی هەرێمی کوردســتانی کرد و لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستاندا کۆبووەوەو پاش ئەنجامدانی ئەو کۆبوونەوەش ســەرۆک کۆماری عێراق جەلال تاڵەبانی گەڕایەوە هەولێر و لەگەڵ ســەرۆکی هەرێمی کوردســتان مەسعود بارزانی دا کۆبووەوەو، کۆبوونەوەیەکی لووتکەیی لەنێــوان پارتی و یەکێتیدا ئەنجامدرا، کە وشــیار زێباری دوای ئــەوە لە بارەی کۆبوونەوەکــەوە ڕایگەیاند هەردوولا لەبارەی هەڵوێستیان لە کۆبوونەوەی داهاتووی پەرلەمان و پێکهێنانی حکومەت ڕێککەوتوون.

ســەعدی ئەحمەد پیرە، ئەندامی سەکردایەتی یەکێتی، کە یەکێکبوو لە بەشــداربووانی ئەو کۆبوونەوە هاوبەشەی یەکێتی و پارتی، لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاماژەی بەوە کرد کە هەڵوێســتی عەلــلاوی بــۆ داخوازییەکانی کورد، هەڵوێســتێکی ئەرێنییە"هیچ دژایەتییەکیان پیشان نەداوە بۆ داخوازییەکانی کورد و بەهیچ شێوەیەک عەللاوی باسی ئەوەی نەکردووە کە مام جەلال نەبێتەوە ســەرۆک کۆمار و تاوەکو ئێســتاش لەلایەن هیچ لایەنێکی عێراقییەوە هیچ دژایەتییەک بۆ کاندیدکردنەوەی مام جەلال بەفەرمی پیشان نەدراوە".

کۆتایی هەفتەی پێشــوو کۆبوونەوەیەکی دیکە لەنێوان ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان و دەوڵەتی یاسادا ئەنجامدرا.

خالیــد شــوانی، ئەندامی شــاندی دانوســتاندنکاری ئیئتیلافی فراکســیۆنە کوردســتانییەکان، بــۆ (ڕووداو) ئاشــکرای کرد کە "چەند وەرەقەیەکی لەیەکتر گەیشتنمان پێشکەشــکردن، شــاندەکەی عێراقییەش بەهەمان شێوە چەند وەرەقەیەکی سیاسیان پێشکەش کردووین، ئێستاش ســەرقاڵی لێکۆڵینەوە و تاوتوێکردنی وەرەقەکانی لیستی عیراقییەین بۆ ئەوەی لە کۆبوونەوەی هەفتەی ئایندەدا باس و خواسی لەسەر بکەین".

نەجیب باڵاتەیی، ســەرۆکی فراکســیۆنی یەکگرتووی ئیســلامی لە پەرلەمانی عێــراق، زانیاریی زیاتر لەســەر نزیکبوونەوەی کورد و لیستی عێراقییە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا دەکات و دەڵێت"تاوەکــو ئێســتا کورد چوار دانیشــتنی لەگەڵ لیستی عێراقییەدا ئەنجامداوە، دوو دانیشتنیان وەک شاندی ئیئتیلافی فراکســیۆنە کوردستانییەکان بووە، لەو دوو دانیشــتنەدا بڕیاردرا لیژنەیەکی بچووکتر پێکبهێندرێ لەنێوان هــەردوولاداو ئەم لیژنەیە دانوســتاندن لەســەر وردەکارییەکان دەکات".

ئەو لیژنە نوێیەش کە لە نێوان ئیئتیلافی فراکســیۆنە کوردســتانییەکان و لیستی عیراقییەدا پێکهاتووە تاوەکو ئێستا دوو کۆبوونەوەی ئەنجامداوەو لیژنەکەش لەسەر ئەوە ڕێککەوتوون کەپاش دانوســتاندن ڕێککەوتن لەسەر شەش تەوەر بکرێ.

نەجیب باڵاتەیی، زانیــاری زیاتر لەو بارەوە دەدرکێنێ و دەڵێت "هەردوولا دانوســتاندن لەســەر شــەش وەرەقە دەکەین، ئــەوان چــوار وەرەقەیان ئامادەکــردو ئێمەش ســێ وەرەقەمان ئامادەکرد، بەڵام وەرەقەیەکیان لەلایەن هەردوولامانەوە پێشکەشکرابوو و دانوستاندن لەسەر ئەو شەش وەرقە کراوە".

بەپێی گوتەی ســەرۆکی فراکسیۆنی یەکگرتوو، لیستی عێراقییە جگە لەو شــەش وەرەقەیە لەسەر چەند خاڵێکی دیکە ڕەزامەندییان نیشــانداوەو ئامادەن ڕێککەوتن بکەن لەسەری "ئەوان ڕازین بەجێبەجێکردنی دەستوور و ئامادەن بۆ چارەســەرکردنی هەموو کێشــەکان لەنێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و حکومەتی ناوەندیدا، لەچوارچێوەی دەســتووردا و گوتیان ئێمە تەنیا داوای پۆســتی سەرۆک وەزیــران دەکەین و ڕازین بــەوەی کە مام جەلال ببێتەوە سەرۆک کۆمار".

### ئەو شەش وەرەقەی کورد و عێراقییە لەسەری ڕێککەوتن دەکەن

**وەرەقەکانی عێراقییە**

1- بنەما سەرەکییەکان بۆ دانوستاندن لەسەر چاکسازیکردنی نیشتیمانی.
2- چاکسازیکردنی پەرلەمانی.
3- چاکسازیکردن لە ئەدای حکومەت.
4- چاکسازیکردنی دادوەری.

**وەرەقەکانی کورد**

1- بنەما سەرەکییەکان بۆ دانوستاندن لەسەر چاکسازیکردنی نیشتیمانی. (دووبارەیە لە نێوان هەردووکیاندا)
2- ئەو کێشانەی بە هەڵپەسێردراوی لە نێوان حکومەتی هەرێمی کوردستان و ناوەندا ماوەتەوە.
3- گرەنتییەکان، تایبەتە بە جێبەجێکردنی ئەو ڕێککەوتنانەی لەنێوان کورد و عێراقییەدا دەکرێن.

# لیستەکانی عەللاوی و مالیکی و کورد حکومەتی تازەی عێراق پێکدەهێنن

## سەرکردەیەکی لیستی عێراقییە بۆ (ڕووداو): ئەگەر مالیکی لەگەڵمان ڕێکبکەوێت پۆستێکی سیادی پێدەدرێ ئەگەر نا وەک پەرلەمانتار دەمێنێتەوە

**هێمن بابان ڕەحیم**
**ڕووداو-هەولێر**

جگە لە پۆستی ســەرۆک کۆمار، کورد داوای جێگری ســەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی پەرلەمان و شەش وەزارەتی دیکەی کردووە، بەڵام جگە لە ســەرۆک کۆمار، کورد کاندیدی بۆ پۆســتی ســەرۆک وەزیران و سەرۆکی پەرلەمان نییە. یەکێک لە سەرکردەکانی دەوڵەتی یاساش ڕایدەگەیێنێ کە وتوێژەکانیان لەگەڵ لیســتی عێراقییە لە قۆناغی دانانی میکانیزمدایە بۆ دانانی ســەرۆک وەزیران و وەزیرەکان. سەرکردەیەکی لیستی عێراقییەش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە حکومەتی داهاتوو لە کورد و لیستەکانی عێراقییە و دەوڵەتی یاســا پێکدێت، بەڵام ئەگەر مالیکی سەرۆکی دەوڵەتی یاسا لەگەڵ لیستی عێراقییە هاوپەیمانێتی نەکات، تەنها وەکو پەرلەمانتار دەمێنێتەوە.

فەتاح شێخ، یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی عێراقییە، کە ئەیاد عەلــلاوی ســەرۆکایەتی دەکات، لە لێدوانێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداو) لەبارەی نوێترین پێشهات و ئەنجامی وتوێژەکانیان لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نــووری مالیکی بۆ پێکهێنانی حکومەتــی تازەی عێراق، ئامــاژەی بۆ ئەوەکرد کــە "چەند قۆناغێکــی وتوێژمان لەگەڵ دەوڵەتی یاسا بڕیوەو ئێستا لە قۆناغی دیاریکردنی کەسەکانداین بۆ پۆستەکان بۆ پێکهێنانی حکومەتی تازەی عێراق و لێکتێگەیشــتنی باش لــەو کۆبوونەوانە بەدیدێن و هەموو ڕۆژێک کۆبوونەوەی هاوبەشــمان هەن و، ئێستا سەرقاڵی دیاریکردنی کەسەکانین بۆ هەموو پۆستەکان و لە پێشان سێ سەرۆکایەتییەکەمان بەلاوە گرنگە". فەتاح شێخ سیناریۆکانی نەخشەی حکومەتی داهاتووی بۆ (ڕووداو) خستەڕوو وگوتی "لیستی عێراقییە و لیستی دەوڵەتی یاسا و کورد حکومەت پێکدێنن"، ئەوەشی ئاشکراکرد بەوشێوەیە ئیئتیلافی نیشتمانی بەســەرۆکایەتی عەممار حەکیم کە سەدرییەکان 40 کورسی لە 70 کورســییەکەی پێکدێنن لە دەرەوەی حکومەت دەمێننەوە کە"ڕەنگە ببنە ئۆپۆزیســیۆن"، شــێخ کە پێشتر یەکێکبوو لە سەرکردە دیارەکانی ڕەوتی سەدر و پاش دەستبەرداربوونی لەو ڕەوتە پەیوەندی بە لیستی عێراقییەوە کرد، لەبارەی چۆنیەتی دابەشــبوونی سێ پۆستە سیادییەکەی عێراقیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " دیارترین ســیناریۆ کە ئەگەری زۆرە جێبەجێبکرێت ئەوەیە، پۆستی سەرۆکی وەزیران بۆ عێراقییە و سەرۆکی کۆمار بۆ کورد و، ســەرۆکی پەرلەمان بۆ شــیعەکان، واتە بۆ لیستی دەوڵەتی یاسا دەبێت".

بەپێی دەستووری عێراق، دەبێ ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق (پەرلەمان) لە ماوەی 30 ڕۆژ دوای بەستنی یەکەمین کۆبوونەوەی ســەرۆک کۆمار هەڵبژێرێت، ســەرۆک کۆماریش پاش 15 ڕۆژ دەبێ گەورەترین کوتلە لەنێو پەرلەمان بۆ پێکهێنانی حکومەت ڕاســپێرێت، کە سەرۆک وەزیرانی ڕاسپێردراو 30 ڕۆژی دەبێ بۆ دیاریکردنی ئەندامانی کابینەکەی، ئەگەر لەو ماوەیەدا نەیتوانی پێکیبێنێ و لەلایەن پەرلەمانەوە دەنگی پێنەدرا، سەرۆکی کۆمار کەسێکی دیکە ڕادەسپێرێت بۆ پێکهێنانی حکومەت.

عیزەت شابەندەر، یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی دەوڵەتی یاسا کە نوری مالیکــی ســەرۆکایەتی دەکات، لەگەڵ ئەوەی ڕەتیکردەوە لە وتوێژەکانی نێوان لیستەکەیان و لیستی عێراقییەدا پۆســتی ســەرۆک وەزیرانی داهاتــوو درابێتە ئەیــاد عەللاوی سەرۆکی لیستی عێراقییە، ئاماژەی بۆ ئەوەشکرد کە هێشتا لە وتوێژەکانیان لەگەڵ لیستی عێراقییە نەگەیشتوونەتە ناوهێنان و دەستنیشانکردنی ناوەکان، گوتیشی "سێ لیژنەمان لەنێوان هەردوو لیستەکە پێکهێناوە بۆ وتوێژکردن لەمەڕ پێکهێنانی حکومەتی ئایندە، پاش ئەو سێ لیژنەیە ئێستا لیژنەیەکی هاوبەش سەرقاڵی ئامادەکردنی میکانیزمێکن بۆ دیاریکردنی کەسەکان بۆ پۆستەکانی ســەرۆک وەزیران و وەزیرەکان، وا بڕیاریشە لە ماوەیەکی کەمدا ئەو لیژنەیە کارەکانی تەواو بکات".

شــابەندەر کە لە خوولی پێشــووی پەرلەمان لە لیســتی عێراقییــەی ئەیاد عەلــلاوی پەرلەمانتار بوو، دەڵێت هێشــتا بڕیار نەدراوە پۆســتی ســەرۆک کۆمار بۆ کێ بێت و لەدرێژەی لێدوانەکەیدا بۆ (ڕووداو) نەیشاردەوە کە" پۆستی سەرۆکایەتی کۆمار و دەسەڵاتەکانی هێشتا باس نەکراون، بۆیەش هێشتا بۆ هیچ لایەنێک یەکلایی نەکراوەتەوە، بەڵام ئەگەر لیستی دەولەی یاسا پۆستی سەرۆک وەزیران وەربگرێت، پێی ئاساییە ئەو پۆستە بۆ کورد بێت". شابەندەر ڕوونیشیکردەوە کە ئەگەری ئەوە زۆرە ڤیتۆی سەرۆکایەتی کۆمار نەمێنێ و"ئەنجومەنی سەرۆکایەتیش نامێنێت، واتە تەنها سەرۆکی کۆمار و جێگرێکی دەمێنن".

کورد جگە لە پۆستی سەرۆک کۆمار بەهیچ پۆستێکی دیکە ڕازی نییە، ئەگەر سەرۆک کۆماری نەدرێتێ، ئامادەنییە بەشداری حکومەت بکات.

زانا ڕووستایی، ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکســیۆنە کوردســتانییەکان چەند بڕیارێکی لیستەکەیان بۆ (ڕووداو) ئاشــکرا دەکات و دەڵێــت" هیچ ئەگەرێکی ئەوەمان دانەنــاوە کــە لەجیاتی ســەرۆک کۆمار، ســەرۆکی پەرلەمان وەربگرین، بۆیە کورد هیچ کاندیدێکی نییە بۆ پۆستی سەرۆکی پەرلەمان و ئەگەر پۆستی سەرۆکی کۆمار نەدرێتە کورد ئەگەری ئەوە زۆر بەهێزە کورد بەشداری حکومەت نەکات".

زانا ڕووســتایی، ئەو پۆستانە ئاشــکرا دەکات کە کورد لە حکومەتی تازەدا داوایکردوون "داوای ســەرۆکی کۆمار، جێگری سەرۆکی حکومەت، جێگرێکی ســەرۆکی پەرلەمان و وەزارەتی نەوتمــان کردووە، ئەگەر پێمان نەدرا وەزارەتی دارایی و داوای پێنج وەزارەتی دیکەی خزمەتگوزاریشــمان کــردووە بەتایبەت ئەوانەی کە هاوکارن بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140".

زانا ڕووستایی، ئەوەشی خستەڕوو کە کورد جگە لە سەرۆک کۆمار کاندیدی بۆ هیچ پۆســتێکی دیکەی ســیادی نییە" جگە لە ســەرۆک کۆمار تاوەکو ئێستا هیچ کەسێک بۆ ئەو پۆستانە دیارینەکراوە"، هەروەها سەبارەت بە دابەشکردنی پۆستەکان لەنێو پێنج لایەنەکەی بەشدار لە ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردستانییەکان (پارتــی، یەکێتی، گۆڕان، یەکگرتوو، کۆمــەڵ) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند " تەنیــا بڕیاری ئەوە دراوە کە بەپێی ئیســتیحقاقی هەڵبژاردن پۆســتەکان لەنێوان خۆمانــدا دابەش بکەین بەپێــی خاڵ، بەڵام میکانیزمی دانانی خاڵ بۆ کورســی پەرلەمانی و وەزارەتەکانیش هێشتا دیاری نەکراوە".

سامی شۆڕش، پەرلەمانتاری پارتی لە پەرلەمانی عێراق و ئەندامی شاندی دانوستاندنکاری ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردســتانییەکان، ڕەخنەی توندی لەو لێدوانانە گرت کە باس لەوە دەکەن لایەنەکانی دیکەی عێراق ئامادەنین سەرۆک کۆمار بدەنە کورد و بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "جگە لە پۆســتی ســەرۆک کۆمار، کورد بە پۆستی سەرۆکی پەرلەمان ڕازی نییەو ئەو پۆســتە هی کوردە و خێرێک نییە کــەس پێی بکات و بەحەقی خــۆی وەریدەگرێت، تێناگەم بۆ بــاس لەوە دەکرێ هێــزە عێراقییەکان ئەو پۆستە بدەنە کورد! خۆ خێرمان پێناکەن مافی خۆمانەو وەریدەگرین".

هەرچەندە ئەگەری ئەوە بەهێزە ســبەی لە دانیشتنی پەرلەمانــدا، ســەرۆک و دوو جێگرەکــەی ســەرۆکی پەرلەمانی عێــراق دیاریبکرێ و کوردیش داوای جێگری ســەرۆک پەرلەمان دەکات، بەڵام تــا ئامادەکردنی ئەو ڕاپۆرتە بەپێی لێدوانی بەرپرسانی ئیئتیلافی فراکسیۆنە کوردســتانییەکان بۆ (ڕووداو)، کاندیدی کورد بۆ پۆستی جێگری سەرۆکی پەرلەمان دیار نییە، سامی شۆڕش گوتی " جگە لــە پاڵێوراومان بۆ ســەرۆک کۆمار، بۆ جێگری ســەرۆکی پەرلەمان و پۆستەکانی دیکە، تاوەکو ئێستا کاندیدمان دیاری نەکردوون". هەروەها د.فوئاد مەعسوم بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەمڕۆ لەگەڵ سەرۆک و نوێنەری لیســتە براوەکان کۆدەبینەوەو پاش ئــەو کۆبوونەوەیە، بەرچاو ڕوونیمان دەبێ، لەســەر پۆســتی جێگری ســەرۆکی پەرلەمان و پۆستەکانی دیکە، ئەوکاتەش پاڵێوراوەکانمان دیاری دەکەین". ئەوە لەکاتێکدایە کە لیستی عێراقییە و دەوڵەتی یاسا دەڵێن ئەوان ئێســتا ســەرقاڵی دیاریکردنی کاندیدەکانیانن بۆ هەموو پۆستەکان.

هەردوو لیستی سەرەکی عێراقییە و دەوڵەتی یاسا لەهەوڵدان بۆ ئەوەی پێش دانیشــتنی پەرلەمان پۆســتە ســیادییەکان لەبەرژەوەندی خۆیاندا یەکلایی بکەنەوە.

حەیدەر موللا، وتەبێژی فەرمیی لیستی عێراقییە لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) جگە لە دووپاتکردنەوەی مافی لیستەکەی و دەستگرتنی بە پۆستی سەرۆکایەتی وەزیرانەوە لە وتوێژەکانیان لەگەڵ لیستی دەوڵەتی یاسا، گوتی" ئەگەر هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی عێراق لە یەک کاتدا یەکلایی نەکرێنەوە، ئەوا ئێمە ئامادەی دانیشتنی ڕۆژی سێ شەممەی پەرلەمان نابین".

هەروەها فەتاح شێخ، لە هەمان لیستی موللا، بە جۆرێک لە دڵنیاییەوە لە پێکهێنانی حکومەت لەلایەن لیســتەکەیانەوە، لە درێژەی قســەکانیدا بۆ (ڕووداو)، ئاشکرایکرد کە ئەگەر مالیکی لەگەڵ لیســتی عێراقییە ڕێککەوێ و هاوپەیمانێتی ببەســتێ، ئەوا یەکێک لە پۆســتە ســیادییەکانی عێراق (سەرۆک کۆمار، ســەرۆک پەرلەمان، سەرۆک وەزیران) وەردەگرێت " بەڵام ئەگەر هاوپەیمانێتی لەگەڵ عێراقییە نەبەســتێ، ئەوا هیچ پۆستێکی بەرناکەوێت و تەنها وەک پەرلەمانتار دەمێنێتەوە لە داهاتوودا".



پەرلەمانتارێکی لیستی دەوڵەتی یاسا دەڵێت: هێشتا ڕێکنەکەوتووین پۆستی سەرۆک وەزیران بدێرتە عەللاوی (فۆتۆ:REUTERS)

نوێنەرێکی شاندی دانوستاندنکاری کورد لە بەغدا:

**ئەگەر پۆستی سەرۆک کۆمار نەدرێتە کورد، بەشداری حکومەت ناکەین**

**"کورد داوای سەرۆک کۆمار، جێگری سەرۆکی حکومەت، جێگری سەرۆکی پەرلەمان، وەزارەتی نەوت و 5 وەزارەتی دیکەی کردووە"**

سەرکردەیەکی لیستی عێراقییە:

**سەرۆک وەزیران بۆ عێراقییە و سەرۆکی کۆمار بۆ کورد و، سەرۆکی پەرلەمان بۆ لیستی دەوڵەتی یاسا دەبێت**

سەرکردەیەکی لیستی دەوڵەتی یاسا:

**سەرقاڵی داڕشتنی میکانیزمێکین بۆ دیاریکردنی کەسەکان بۆ پۆستی سەرۆک وەزیران و وەزیرەکان**

# راپۆرت

عەلی دەباغ:

**دەوڵەتی یاسا و عێراقییە ناتوانن بە تەنیا حکومەت دروستبکەن**



رووداو-الشرق الاوسط

عەلی دەباغ، وتەبێژی حکومەتی عێراق و یەکێک لەسەرکردەکانی لیستی دەوڵەتی یاسای نوری مالیکی، لە وتارێکیدا کە رۆژی2010/7/8 لە رۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا بڵاویکردووەتەوە، دان بە دەستتێوەردانی وڵاتان لە کاروباری نێوخۆی عێراق و هەڵبژاردنەکانی دادەنێ و هەروەها دەڵێت" تائێستا هیچ یاریزانێکی هەرێمی بەتەنها لە داڕشتنەوەی هاوکێشەی دەسەلات لە عێراق سەرکەوتوونەبووە"، پێشیوایە هەوڵەکان بۆ پێکهێنانی حکومەت لەنێوان هەردوو لیستە گەورەکە (عێراقییە) و (دەوڵەتی یاسا) بەتەنیا سەرناکەوێ، چونکە دۆخی سیاسی عێراق هێشتا دیلی دەستی بنەمای تەوافوقە، لەمبارەیەوە دەڵێ "بیرۆکەی رێککەوتنی نێوان دەوڵەتی یاسا و عێراقییە تەنها بیرۆکەی نووسینگە داخراوەکانە، شتێکی خەیالی و دوور لەراستی ئەرزی واقیعە".

# "یەکێک لە مەبەستەکانی سەردانەکەی بایدن دڵنیاکردنەوەی کورد بوو"

## بایدن گوشاری خستە سەر دەوڵەتی یاسا و عێراقییە، راوێژی بەهەموو لیستە براوەکانیش کرد

**هێمن بابان رەحیم**
**رووداو-هەولێر**

فەتاح شێخ، یەکێک لە سەرکردەکانی لیستی عێراقییە رایگەیاند کە سەردانەکەی ئەم دواییەی جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا بۆ"راوێژ لەگەڵ لیستە براوەکان"بوو. هاوکات د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەران" دڵنیاکردنەوەی کورد لە پەراوێزنەخستنی لە حکومەتی داهاتوو" بە ئامانجێکی سەرەکی سەردانەکەی بایدن ناوبرد.

فەتاح شێخ، لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) رایگەیاند کە سەردانەکەی چەند رۆژی رابردووی جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ عێراق بۆ گوشارخستنە سەر لایەنەکان نەبووەو گوتی "هێشتا عێراق پەیوەستە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و ئەمریکاش رێککەوتنێکی گرنگی ستراتیژی لەگەڵ عێراق هەیە، بۆیە ئەمریکییەکان بەتەنگ ئەوەوەن کە پەلە بکرێت لە پێکهێنانی حکومەتێکی بەهێز، بۆ ئەوەی ئاسایش بەرقەرار بکات بۆ ئاسانکردنی کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا لەعێراق".

شێخ، کە سەرۆکی کوتلەی کادیر و نوخبە نیشتمانییە سەربەخۆکانە لە نێو لیستی عێراقییە، پێشتر سەرکردەیەکی دیاری رەوتی سەدر بووەو بە یەکێک لە گەورەترین رەخنەگران لە موقتەدا سەدر و رەوتی سەدر و مەرجەعە ئاینییە شیعییەکان دەزانرێ گوتی کە جۆ بایدن تەنها راوێژ و پێشنیازی دابووە هەردوو لیستی عێراقییە و دەوڵەتی یاسا "ئەمریکا نایەوێ لەژێر گوشاردا حکومەتێکی شکستخواردوو پێکبێنێ، نایەوێ دەست لەکاروباری نێو لیستەکان وەربدات و حکومەتێک دروست بکات پاش ماوەیەک شکستبێنێ، بۆیە دەیەوێ عێراقییەکان خۆیان پەنا بۆ دەستوور ببەن".

رۆژی 2010/7/3 بەسەردانێکی فەرمی و پێشتر رانەگەیێنراو، جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا گەیشتە عێراق و لەگەڵ سەرجەم لیستە براوەکاندا کۆبووەوە، لەکاتی ئاهەنگگێڕان لەگەڵ سەربازانی وڵاتەکەی بەبۆنەی رۆژی سەربەخۆیی ئەمریکا، بایدن لە یەکێک لە کۆشکەکانی سەدامەوە لە بەغدا بە بەرپرسانی عێراقی گوت "بۆ ئەوەی ئامانجەکانتان بپێکن، پێویست دەکات دەنگی سەرجەم لایەنەکان لە حکومەتی نوێی عێراق نوێنەرایەتی بکرێ"، گوتیشی" لیستی عێراقییە و دەوڵەتی یاسا و ئیئتیلافی نیشتمانی و کورد دەتوانن رۆڵی گرنگ ببینن لە حکومەتی نوێدا بۆ ئەوەی سەربکەون". هەروەها گوتیشی کە وڵاتەکەی هیچ ئەجێندایەکی شاراوەی نییە لە عێراق.

بەپێچەوانەی بەرپرسەکەی ئیئتیلافی عێراقییە، عیزەت شابەندەر، سەرکردەی دیاری لیستی دەوڵەتی یاسا بەسەرۆکایەتی نوری مالیکی، سەردانەکەی بە "گوشار لە بەرگی راوێژکردن دا" ناوبرد و لەبارەی هۆکاری سەردانەکەی بایدن گوتی "بۆ خێراکردنی پێکهێنانی حکومەتی داهاتووی عێراق بوو کە ئەمریکییەکان مەترسییان لە دواکەوتنی زیاتری هەیە".

شابەندەر کە لە خولی پێشووی ئەنجوومەنی نوێنەراندا پەرلەمانتاری لیستی عێراقییە بوو، پێیوایە دواکەوتنی پێکهێنانی حکومەت زیان بە ئەمریکییەکان دەگەیێنێ "پێکهێنانی حکومەتی نوێ چەند دوابکەوێت، بۆشایی دروستدەکات، بەتایبەت لەڕووی ئەمنییەوە، ئەمەش بۆ قۆستنەوەی لەلایەن چەکدار و گرووپە تێکدەرەکانەوە و، تەنانەت وڵاتانی دراوسێشەوە ترسناکە".

لە کۆتایی کۆبوونەوەکەیدا لەگەڵ جۆ بایدن، ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییە گوتی" بایدن هیچ پێشنیازێکی دیاریکراوی بۆ پێکهێنانی حکومەتی داهاتوو پێنەبوو، بەڵکو گرنگی زیاتری بە باری ئاسایش دا، جگە لەوەی گوتی باشترە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت زیاتر درێژە نەکێشێ بۆ ئەوەی بۆ زیانگەیاندن بەعێراق نەقۆزرێتەوە".

د.مەحمود عوسمان، ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق لە لیستی هاوپەیمانی کوردستان، سەردانی بەرپرسە ئەمریکییەکان بۆ عێراق بە"هەوڵدان بۆ خێرا پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق"دەزانێت، عوسمان پێیوایە ئەمریکا دەیەوێت حکومەتی داهاتووی عێراق سێ مەرجی گرنگی تێدابێت بۆ ئەوەی بە ئاسانی لەعێراق بکشێتەوە: حکومەتێکی چەسپاو بێت، بنکەی بەرفراوان بێت و نوێنەرایەتی زۆرترین خەڵک بکات، لە ئێران و کاریگەرییەکانییەوە بە دووربێت، بەڵام لەبەرامبەردا وەکو مەحمود عوسمان ئاماژەی بۆ دەکات "ئێران هەموو هەوڵێکی خستووەتەگەڕ بۆ تێکنەچوون و نەپووکانەوەی هاوپەیمانێتیی نێوان شیعەکان".

مەحمود عوسمان لەبارەی جۆری سەردانەکەی جێگری سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکان بۆ عێراق دەڵێت "لەڕووێکەوە راوێژکارانەبوو لەگەڵ لیستە براوەکان، لەڕوویەکی دیکەشەوە بۆ گوشار بوو، راوێژی لەگەڵ هەموو لیستە براوەکان کرد، بەڵام زیاتر گوشاری خستە سەر لیستەکانی دەوڵەتی یاسا و عێراقییە"، لەگەڵ ئەوانەشدا رای وایە "یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی سەردانی بایدن، دڵنیاکردنەوەی کورد بوو لەوەی پەراوێزناخرێت و لە حکومەتی داهاتوودا رۆڵی دەبێت".

محەممەد ناجی، یەکێک لە سەرکردەکانی ئیئتیلافی نیشتمانی، کە پێیوایە "دەستوەردانەکانی وڵاتان لەکاروباری عێراق زەقە و بەڵگەی ناوێت"، لەبارەی سەردانەکەی جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا دەڵێت" بایدن و ئەو شاند و بەرپرسە ئەمریکییانەی دێن بۆ عێراق، بە پلەی یەکەم لەبەر پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیانە، پاش ئەوە بیر لەوە دەکەنەوە خێرا حکومەتێکی نوێ دابمەزرێت کە ببێتە هۆی خێرا کشانەوەی هێزەکانیان لەعێراق"، لەبارەی هۆکاری پاڵپشتیکردنی ئەمریکا لە ئەیاد عەللاوی، بۆ پۆستی سەرۆک وەزیرانی دەڵێت "ئەمریکا دەیەوێ هێڵێکی عەلمانی لە پۆستە باڵاکانی حکومەتی داهاتوو رەنگبداتەوە و پیاوانی ئاینی کەمتر رۆڵیان لە سیاسەتدا هەبێت".

هەروەها گوتیشی کە ئەمریکا نایەوێ ئێران دەست لەکاروباری عێراق وەربدات، "بۆیە هەوڵی پێکهێنانی حکومەتێکی جیاواز دەدات".



بایدن لە عێراق و سیاسەتێکی نوێی ئەمریکا؟

# جێهێشتنی عێراق خەیاڵە!



**رووداو- هەولێر**

هەفتەی رابردوو، جۆ بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا سەردانێکی سێ رۆژەی عێراقی کرد. سەردانێک کە میدیای ئەمریکی و زۆر لە چاودێرانی سیاسی بە دانانی بەردی بناخەی قۆناخێکی نوێی سیاسەتی ئەمریکا لە عێراق پێناسەیان کرد.

یەکێک لە نووسەرە گەورەکانی نیویۆرک تایمز، تیم ئارانگۆ،لە بارەی سەفەرەکەی بایدنەوە لە پێشەکی راپۆرتەکەیدا دەنووسێ"ئەم سەردانە بە سیاسەتی: دووبارە بەشداربوونەوەی re-engagement ئەمریکا لە عێراق" ناودەبرێت.

زیادبوونی توندوتیژی لە سەر سنوورەکانی ئەفغانستان- پاکستان وایکردووە کە زۆر کەس پێیوابێ ئەمریکا لە عێراق دەکشێتەوە و هیچی دیکە عێراق هێندە جێی بایەخپێدانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا نابێ، سەردانەکەی بایدن، لەگەڵ هاوسەرەکەیدا، گۆڕانی بەسەر بیرکردنەوەی زۆر کەسدا هێنا.

سەردانەکەی بایدن دوای هۆشدارییەکی ئاژانسی هەواڵگریی ئەمریکا CIA دێت کە گوتبووی "ئەگەر رێگە بە عەللاوی نەدرێ حکومەت پێکبێنێ، پارتە سوننەکان کە بەشێکن لە هاوپەیمانێتییەکەی عەللاوی، وەک فەرامۆشکردنی سوننە سەیری دەکەن و ئەگەری سەرهەڵدانەوەی شەڕی ناوخۆ لە ئارادایە".

مەیسون دەمەلوجی، ئەندامێکی بلۆکی عێراقییەی ئەیاد عەللاوی، لە دیدارێکدا لەگەڵ رۆژنامەی (واشنتن پۆست) کرۆکی داواکارییەکانی بایدن لە سەرکردە عێراقییەکان ئاشکرا دەکات. دەمەلوجی دەڵێ " لە کۆبوونەوەیەکی یەک کاژێر و نیویدا، بایدن جەختی لەوە کردەوە کە : ئەمریکا دەیەوێ پەیوەندییەکی درێژخایەنی ستراتیژی لە گەڵ عێراق هەبێت".

بایدن هەفتەی رابردوو بە سیاسییە عێراقییەکانی وت" عێراق لە بارودۆخێکدایە کە پێدەچێ قورسترین شت پێویست بکات بۆ یەکخستنی حکومەت". بەڵام بایدن ئەوەشی گوت کە "ئەوە کارێکی نێوخۆیی خۆتانە".

ئەو "قورسترین شتە" دەبێ چی بێ؟ ئایا ناچارکردنی مالیکییە بۆ ئەوەی ملبدات و رێگەبدات عەللاوی حکومەت پێکبێنێ؟ یان گوشار دروستکردنە لەسەر ئەو دوو هاوپەیمانێتییە بۆ ئەوەی حکومەتێکی هاوبەش دروستبکەن؟ ئەی لەم نێوەندەدا چ لە کورد دەکرێت؟

بایدن بە ئەندازیاری پلانێک دادەنرێ کە داوای دابەشکردنی عێراقی کردبوو بۆ سێ هەرێمی فیدرالی کورد، شیعە، سوننە. کە هەندێ لە عەرەبەکان ئەوەیان بە "پیلانی دابەشکردنی عێراق" ناونا. لەگەڵ سیناتۆرێکدا، ساڵی 2006 توێژینەوەیەکی لە عێراق ئامادەکرد و بەو دەرەنجامە گەیشت کە تاکە چارەسەری عێراق دابەشکردنێتی بۆ (لانیکەم) سێ هەرێمی فیدراڵی. ئەو پلانەش لەلایەن کۆنگرێسی ئەمریکاوە پەسەند کرا.

ئەوکاتەی بایدن پلانەکەی نووسی، شەقامەکانی عێراق نوقمی توندوتیژی تایفی و مەزهەبی ببوون، بەڵام لە سەردانەکەی ئەمجارەیدا شەقامی سیاسی عێراق هەمان ئەزموون بەرێدەکاتەوە.

روون نییە ئایا بایدن هێشتا ئامادەیە پلانی 2006 ی بکاتە کردار یان نا.

بیل ڤان ئۆکن، نووسەری ئەمریکی، پێیوایە کە ئەمریکا نە لەڕووی سەربازی و نە لەڕووی دیپلۆماسییەوە عێراق بە جێناهێڵێ. ئۆکن دەڵێ "سەردانە سێ رۆژییەکەی بایدن بۆ گوشارخستنە سەر کوتلە عێراقییەکان بووە تاوەکو حکومەتێکی نوێ پێکبێنن و بۆ ئەوەی واشنتن بەردەوامبێت لە کۆنترۆڵکردنی سەربازی ئەو وڵاتە دەوڵەمەندەی نەوت".

ئەو دەڵێت ئەگەر پێمانوابێ ئەمریکا دەکشێتەوە و عێراق بۆ سیاسییە نێوخۆییەکان بە جێدەهێڵێ " ئەوە خەیاڵە".

"کوشتن و کوژرانی سەربازانی ئەمریکا کۆتایی پێ نایێت. هەرچەندە رێژەکە کەمترە بە بەراورد بە سێ ساڵ لەمەوبەر، کاتی کشانەوەی سەربازەکانی ئەمریکا بە هیچ شێوەیەک دیار نییە".

رۆژنامەی (نیویۆرک تایمز)ی ئەمریکی هاوڕا لەگەڵ وتارەکەی ئۆکندا دەنووسێت " ئەرکەکانی ئەمریکا لە عێراق گۆڕانێکی ئەوتۆی بەسەردا نایێت".

"ئەوەی ئەمڕۆ سەربازەکان ئەنجامیدەدەن، پێی دەگوترێت "کردە سەربازییەکان" و بریتییە لە راوکردنی یاخیبووان، ئەنجامدانی هەڵمەتی هاوبەشی سەربازی لەگەڵ هێزە ئەمنییەکانی عێراق بۆ سەر یەکە تایبەتە ئەمنییەکانی ئەمریکا بۆ کوشتن و گرتنی میلیشیاکان- تەنیا ناوەکەی دەگۆڕێ بۆ "کردەکانی سەقامگیری".

ئەو رۆژنامەیە پێشبینی دەکات ئەمریکا ژمارەی "هێزە مەرگییەکانی death troops " زیاد بکات، دوای ئەوەی ژمارەی سەربازەکانی لە کۆتایی مانگی تشرینی یەکەم کەمدەکاتەوە.

## ئەحمەد ئەرسین، پەرلەمانتاری پارتی گەلی دیموکراتی تورکیا CHP:

# ئیدی پێویستە دان بە ئیدارەی کوردی لە باکووری عێراق دابنێین



**ئەحمەد ئەرسین، لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی گەل CHP نوێنەری شاری ئیزمیرە لە پەرلەمانی تورکیا و، هاوکات ئەندامی لیژنەی چاودێری مافەکانی مرۆڤە لە پەرلەمان. ئەرسین یەکێکبوو لە ئەندامانی لیژنەی بەدواداچوونی ئەو کردەوە نامرۆییانەی کە پێشتر لە باکووری کوردستان لەلایەن دەزگا هەواڵگرییەکانی سوپاوە ئەنجامدرابوون.**

**CHP لەسەردەمی دەنیز بایکال دا بەهۆی دژایەتیکردنی کورد و داواکانی دەنگی دەنگدەرانی کوردی لەدەستدا، دوای ئەوەی دوو مانگ پێش ئێستا بەهۆی بڵاوبوونەوەی گرتەیەکی ئەو لەگەڵ ژنێکدا، بایکال وازی لە سەرۆکایەتی CHP هێنا، کەمال کڵچدار ئۆغڵو کە خەڵکی دێرسمی باکووری کوردستانە بووە سەرۆکی CHP، ئەو دەڵێ دەبێ PKK لەنێوببرێ، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوەدا بەرنامەیەکی بووژاندنەوەی ناوچەکانی باکووری کوردستانیش هەبێ لەڕووی ئابوورییەوە. سەبارەت بە پرۆسەی "کرانەوەی دیموکراسی" لە تورکیا و سیاسەتی پارتەکەی بەرامبەر حکومەتی هەرێمی کوردستان، ئەم گفتوگۆیەمان لەگەڵ ئەحمەد ئەرسین ئەنجامدا.**

**رووداو- ئەنقەرە**

**رووداو: کرانەوەی دیموکراتی یان بەو واتە راستەقینەکەی کە لە نێو رای گشتیدا بە کرانەوەی کوردی ناودەبرێت، لە لایەن حیزبەکەی ئێوەوە زۆر بە توندی دژایەتی کرا، راتان سەبارەت بە ئێستای ئەم پرۆسەیە چییە و پێتانوایە شتێک بەو ناوەوە بەردەوامە؟**

**ئەحمەد ئەرسین:** کرانەوەکە لەسەر زەمینەیەکی هەڵە بنیادنرا. بەداخەوە هەر لە خۆوە پرۆژەیەک خرایە رۆژەڤەوە کە بەڕاستی پرۆژە نەبوو و نییە. ئەم کرانەوەیە پێشتر هیچ بناخەیەکی نەبووە و هیچ جۆرە چالاکییەکیش بۆ بە پرۆژەکردنی لەگەڵ رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی ئەنجام نەدراوە، بۆیە بێ نێوەڕۆک و بەتاڵ بوو. هەر بەو شێوەیەش خرایە رۆژەڤەوە. بەڵام بەشێوەیەک باسیان لە کرانەوەکە کرد کە هاووڵاتییە کوردەکانمان چاوەڕوانییەکی لە رادەبەدەر گەورەیان لەلا دروستببوو. هاووڵاتییە تورکەکانیشمان تووشی ترسی ئەوەبوون کە وڵات پارچە پارچە ببێ. بە کورتییەکەی حکومەت نەیتوانی نە چاوەڕوانی کورد و نە نیگەرانی تورک بێنێتەدی و پرۆژەیەک کە هەردوولا لە دەوری یەک کۆبکاتەوە پێشکەش بکات. بەو رووداوانەی کە لە خابوور روویاندا ( مەبەست پێشوازی و گەڕاندنی هەردوو گرووپی گەریلاکان و پەنابەرانی کەمپی مەخموورە- رووداو)، پرۆسەکە وەستا و ئێستا نازانرێ ئایا کرانەوە ماوە یان نەماوە؟ بۆ بەپرۆژەکردنی چ دەکرێت و چ کراوە؟ دیار نییە. پێموایە ئەوانەی بیرۆکەی کرانەوەی دیموکراتیشیان خستە رۆژەڤەوە ئێستا خۆیان نازانن چی بکەن. بە لۆژیکی (کاروان لە رێگە ریز دەگرێ) دەستیان پێکرد و سەریان لە هەمووان شێواند، سەریان لە خۆشیان شێواند. بە کورتییەکەی بە نائومێدی کۆتایی پێ هات. لە لایەک هاووڵاتییە کوردەکانمان تووشی نائومێدی بوون و، هیوا و ئاواتەکانیان بە با چوو، لە لایەکی دیکەشەوە هاووڵاتییە تورکەکانمان کە بە ترسی پارچە پارچەبوونی وڵاتەوە لە پرۆسەکەیان دەڕوانی، ترسەکەیان نەک هەر کەمی نەکرد، بگرە زیاتریش بوو. هاوکات گرژی و ئاڵۆزی خستە نێوان کورد و تورکەوە. دەتوان بڵێم هەر لە سەرەتاوە بە گوتارێکی هەڵە دەستی پێکرا، هەر بۆیە ئێستا بیر لەوە دەکەنەوە چۆن خۆیان لەو هەموو بەڵێنەی کە دابوویان رزگار بکەن و لێیان دەرباز ببن.

**رووداو: حکومەت ئێستاشی لەگەڵدا بێت سەبارەت بە کرانەوەی دیموکراسی لە ئیستەنبوڵ لەگەڵ چین و توێژەکاندا دانیشتن ئەنجامدەدات، ئەوە چۆن لێک دەدەنەوە؟**

**ئەحمەد ئەرسین:** کرانەوە وەستاوە، دەچن لەگەڵ وەرزشوانان و هونەرمەندان دادەنیشن بۆ ئەوەی وا لە خەڵکەکە بگەیێنن کە کرانەوە بەردەوامە! لەڕاستیدا حکومەت لەگەڵ بەرامبەرە راستەقینەکانی ئەم مەسەلەیە کە حیزبە سیاسییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بوون دانەنیشت. بەلای ئەوانەوە تەنها دیمەنی رووکەشی مەسەلەکە گرنگە. ئیتر دەبێ لەوە تێبگەن کە کرانەوە کۆتایی پێهاتووە. کوردانی باکووری عێراقیش دەبێ بزانن کە ئەم حکومەتە کرانەوەی دیموکراتی پێ ناکرێت.

**رووداو: ئەگەر پرۆسەی کرانەوەکە سەری بگرتبایە ئەمڕۆ چ دەگۆڕدرا؟**

**ئەحمەد ئەرسین:** ئەگەر کرانەوە بە شێوەیەکی جیدی بیری لێکرابایەوە، کرابووایە پرۆژە و نێوەڕۆکی هەبووایە، حەتمەن سوودی دەبوو. لە تورکیا نەک لەبەر هاووڵاتییە کوردەکانمان، بگرە چین و توێژی دیکەش هەن کە پێویستییان بە دیموکراسییەکی فراوانترە. دیموکراسیکردنی تورکیا تەنها لەبەر خاتری کورد نییە، دەبێ بۆ هەموو کەس بێت. لەسەرەتادا بە هەڵە ناویان نا "کرانەوە بەڕووی کورددا". هاووڵاتییە کوردەکانمان چاوەڕوانییەکی گەورەیان لا دروست بوو. وایانزانی ئەو داواکارییانەی کە ساڵانێکە هەیانە لەگەڵ کرانەوەدا دێنە دی. بەڵام نەک هەر نەهاتنەدی، بگرە رێک پێچەوانەکەی دەرچوو، تەنانەت نەیانتوانی ناویشیان بێنن و بە جوداخوازی لێکدرایەوە. هەم تورک و هەم کورد تووشی دڵەڕاوکێ بوون. ئێستا حکومەت دەیەوێ لەم پرۆسەیە قورتار بێت و خۆی دەخافڵێنێ. هێشتا ناوی هەیە و وەک پرۆژەیەکی نەبوو درێژە بە ژیان دەدات. ئەم حکومەتە هیچی لە دەست نایێت. ئێستا تەنها لە فکری ئەوەدایە وەک چۆن موو لە ماست دەردێنن، ئاوا خۆیان لە کرانەوە رزگار بکەن و بەدوای چارەسەردا دەگەڕێن.

**رووداو: وەک CHP بە هۆی ئەو سیاسەتانەی کە لە پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسیدا گرتتانەبەر، دەنگێکی زۆری هاووڵاتیانی کوردتان لەدەستدا، ئێستا بۆ بەدەستهێنانەوەی ئەو دەنگانە چ دەکەن؟**

**ئەحمەد ئەرسین:** خەڵکی ناوچەکە (مەبەست باکووری کوردستانە- رووداو) لە بنەڕەتدا لە CHP تۆراون و ئەوەش لە ئەنجامی دەرکردنی 7 پەرلەمانتاری کوردە کە لە CHP دەرکران. ئەم ساردی و تۆرانە هێشتا درێژەی هەیە. لە گوتاریشدا هەندێک جیاوازی هەیە. بە تایبەتیش کە ئێمە وەک CHP دەرکمان بەوە کردبوو کە ئەو کرانەوە کوردییەی کە AKP باسی لێوەدەکرد ئەنجامێکی باشی بۆ هاووڵاتییە کوردەکانمان لێناکەوێتەوە و بەرەنگاری بووینەوە، ئەوە لای کورد وا لێک درایەوە کە ئێمە دژی کرانەوەین. خەڵکی کورد کە بە قسەکانی AKP کەوتنە چاوەڕوانییەکی گەورەوە، وایان لێکدایەوە کە ئەگەر ئێمە نەبووایەن ئەوا AKP هەموو مافەکانی ئەوانی دەدا و چاوەڕوانییەکانی دەهێنانە دی. ئەوەش وایکرد کە کورد دەنگمان پێنەدەن. بەڵام CHP بە خۆڕێکخستنەوەیەکی تازەوە هەوڵدەدات پتر لە جاران لە کورد نزیک ببێتەوە و پەیوەندی گەرموگوڕیان لەگەڵ ببەستێت. هەروەک سەرۆکمان بەڕێز کەمال کڵچدار ئۆغڵو دەڵێ: لە تورکیا کێشەی کورد هەیە، بەڵام ئەم کێشەیە تەنها کێشەیەکی ئەمنی نییە و دەبێ لە زۆر لایەنەوە چارە بکرێت و لەوانەش مەسەلەی ئابووری و دەروونی و...هتد. بۆیە هیوادارین بتوانین پرۆژەیەک داڕێژین کە بێ ئەوەی تورک بخاتە دڵەڕاوکێوە لە دابەشبوونی تورکیا، هەمووان بە مافەکانی خۆیان لە چوارچێوەیەکی دیموکراسیدا شاد ببن.

**رووداو: بەڵام دەڵێن CHP پێیوایە کە ئەم مەسەلەیە تەنها لایەنی ئابووری هەیە؟**

**ئەحمەد ئەرسین:** من بە چاوی خۆم دیتم کە 50%ی خەڵکی کوردی ناوچەکە بێ کارن، چایخانەکان پڕی خەڵکن. خەڵک بێ ئیش و بێ کارە. بۆیە پێموایە دۆزینەوەی کار، باشترکردنی گوزەرانی خەڵک و دواتر داوا دیموکراسییەکانیان کە وا نەکات تورکەکان لە دابەشبوونی وڵات بترسن، کاریگەری یەکجار گەورەی لەسەر چارەسەری پرسەکە دەبێت.

**رووداو: کاتێک دەنیز بایکاڵ سەرۆکی CHP بوو، دانی بە هەرێمی کوردستان دانەدەنا و پەیوەندی لەگەڵ نەدەبەستن. بەڵام ئێستا CHP یەکی نوێ هەیە، سەرکردایەتی نوێی CHP چ سیاسەتێک بەرامبەر هەرێمی کوردستان و کوردانی عێراق دەگرێتەبەر؟**

**ئەحمەد ئەرسین:** سیاسەتی رابردووی حیزبمان دەزانن. نازانم سەرکردایەتی نوێش چ سیاسەتێکی دەبێت، بەڵام بەڕای من لەوێ ئیتر دامەزراوەیەک هەیە، دامەزراوەیەکی فیدرالی کە نیمچە سەربەخۆییەکیشی هەیە. پێویستە ئیتر دان بەو قەوارە و دامەزراوەدا بنرێ. پێویستە وەک مەسەلەیەکی ناوخۆیی عێراق سەیری بکەین. کوردانی عێراق کە هاوکات خزم و کەسی کوردانی ئێمەشن، لە ناو عێراقدا حکومەت و ئیدارەی فیدراڵیان هەیە و حکومەتی عێراق و ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دانی پێداناون. بۆیە پێموایە پێویستە ئێمەش هەمان کار بکەین و دانیان پێدا بنێین. لەجیاتی ئەوەی ململانێیان لەگەڵ بکەین و دژایەتییان بکەین، بیر لەوە بکەینەوە کە چۆن کوردانی عێراق دەتوانن هاوکارمان بن لە باشترکردنی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردی تورکیا. لەوێ ئیتر ئیدارەیەک هەیە و پێویستە ئەوە قەبوڵ بکەین.

**AKP بە کرانەوەی دیموکراتی سەری لە خۆی و کورد و تورکیش شێواند**

**پرۆسەی کرانەوە ئاڵۆزی خستە نێوان کورد و تورکەوە**

**CHP هەوڵدەدات پتر لە جاران لە کورد نزیک ببێتەوە**

## حکومەتی سوریا چالاکڤانێکی کورد بێ سەروشوێن دەکات



**رووداو-AFP**
چەند رێکخراوێکی مافناسی سووریا لە بەیاننامەیەکدا نیگەرانی خۆیان سەبارەت بە ونبوونی چالاکڤانی سووری کەمال شێخۆ دەربڕی، داواشیانکرد حکومەتی سوریا کە لە 23ی تەممووزی رابردووەوە ئەو چالاکڤانەی بێ سەروشوێن کردووە، چارەنووسی ئاشکرا بکات و ئەگەر بەهانەیەکی یاساییشی هەیە ئەوە بیداتە دادگا.

# کرانەوەی دیموکراتی لە تورکیا

## AKP دەڵێ بەردەوامە و BDP دەڵێ نەکرا و نەما



**پرۆسەی کرانەوە درێژەی دەبێ و نابێ رابوەستێ کە یەکێک لە مەبەستەکانی ئەوەیە برا کوردەکانمان بەزمان و ناسنامەکەیان ویستەکانیان دەربڕن**

نوسرەت بایراکتار، پەرلەمانتارێکی AKP



**هیچ کرانەوەیەک دەستی پێنەکردووە، هەتا کۆتایی پێ بێت، بەڵکو سیاسەتی شەڕ و تواندنەوە لەجاران خراپتر بووە**

عوسمان ئۆزچەلیک، پەرلەمانتاری BDP



**بە لای ئێمەوە کرانەوەی دیموکراتی بریتییە لە هێنانەدی داواکانی PKK و ئەوە گوڕ و تینی دایەوە بەر PKK**

جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی MHP لە پەرلەمانی تورکیا




رێورەسمی ناشتنی یەکێک لە گەریلا کوژراوەکانی PKK لە باکووری کوردستان (فۆتۆ:DIHA)

**فرات کەلەمکی**
**تایبەت بە رووداو**

رۆژنامەنووسان و سیاسەتمەدارانی کورد و تورک بۆچوونی جیاوازیان لە بارەی پرۆسەی "کرانەوەی دیموکراتی" هەیە و بەشێکیان دەڵێن پرۆسەکە کۆتایی هاتووەو هەندێکیان هێشتا ئومێد بڕاو نەبوون لێی و، هەندێک کەسیش پێیوایە هیچ پرۆسەیەکی کرانەوە نەبووە تاوەکو کۆتایی پێ بێت.

ساڵی رابردوو پارتی دادو گەشەپێدان AKP پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی راگەیاند بۆ ئەنجامدانی چاکسازی دیموکراسی و چارەسەرکردنی کێشەی کورد، لە چوارچێوەی ئەو پرۆسەیەدا گرووپێک لە گەریلاکانی PKK کە لە هەشت کەس پێکهاتبوون لە قەندیل، لەگەڵ گرووپێک لە پەنابەرانی باکووری کوردستان لە کەمپی مەخموور گەڕانەوە تورکیا. کورد هیوای بەوە بوو ئەو کرانەیەوە کێشەکەی چارەسەر بکات، بەڵام دوای گەڕانەوەی ئەو دوو گرووپە و پێشوازی فراوانی خەڵک لێیان و گەڕاندنیان لەلایەن DTP بەنێو شارەکاندا، رەخنە لەیەک گرتن لەسەر تێکدانی پرۆسەکە لەنێوان AKPو PKKدا دەستپێکرد. بە تێپەڕبوونی کات سیاسەتمەدار، منداڵان، رۆژنامەنووس و ئەندامانی گرووپی ئاشتیش دەستگیرکران و سزا دران. دوای ئەم هەموو رووداوانە، عەبدوڵلا ئۆجەلان، سەرۆکی PKK، رایگەیاند لەبەرئەوەی وەڵامی ویستەکانی نادەنەوە، لەپرۆسەی سیاسی پاشەکشە دەکات و هەرکەس چ شتێکی پێی خۆشە با بیکات. کاتێک ئۆجەلان پاشەکشەی کرد، PKKش بڕیاری ئاگربەستی یەکلایەنەی خۆی کۆتایی پێ هێنا و لە 1ی حوزەیرانی ئەمساڵ دەستی بە کردەوە چەکدارییەکانی کردەوە.

بە بۆچوونی چاودێران هەڵگیرسانەوەی شەڕ لەنێوان PKK و سوپای تورکیا، سەرەتای ئیفلیجبوونی پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتییە، بەڵام AKP، دەڵێ (کرانەوەی دیموکراتی) هەر درێژەی دەبێ.

ئۆرال چالشلار، رۆژنامەنووس، پێیوایە پرۆسەی کرانەوەی دیموکراتی بەردەوام دەبێ، ئەو لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "مادام سەرۆک وەزیر و سەرۆک کۆمار دەڵێن، پرۆسەی کرانەوە درێژەی دەبێ، مرۆڤ دەتوانێ بڵێ بەردەوام دەبێ و ویستێکی وا لەگۆڕێدایە. ئەوانەی بانگەشەی ئەوە دەکەن کە پرۆسەکە کۆتایی پێهاتووە، ئەوانە ئەو لایەنانەن کە هەر لەسەرەتاوە بڕوایان بە پرۆسەکە نەبووە".

ئەو رۆژنامەنووسە دەڵێت ئێمە دوو رێگەمان لەبەردەمدایە "یان شەڕ یان دیالۆگ، ئەوەی یەکەمیان هەڵنابژێرین،چونکە دەبێتە هۆی ماڵوێرانی. رێگای دووەم دیالۆگە و دەبێ کرانەوە بە دیالۆگ و دانوستانەکان بەردەوام بێت. گوتیشی " پرۆسەکە رووبەڕووی چەقبەستن بووە، بەڵام نامەوێ بڵێم کۆتایی پێهاتووە".

بەرپرسانی AKP سوورن لەسەر ئەوەی کە پرۆسەی کرانەوە بەردەوامە. نوسرەت بایراکتار، پەرلەمانتاری شاری ئیستەنبوڵ سەر بە AKP، لەو بارەوە بە (رووداو)ی گوت "پرۆسەی کرانەوە درێژەی دەبێ و نابێ رابوەستێ. سیاسەتی ئێمە ئەوەیە کە ئاشتی، برایەتی و دیموکراسی لەتورکیا بێتە ئاراوە. یەکێک لە مەبەستەکانی کرانەوەش ئەوەیە کە برا کوردەکانمان بەزمان و ناسنامەکەیان، بەشێوەیەکی ئازاد ویستەکانیان بەشێوەیەکی ئازاد دەربڕن".

هاووڵاتیانی باکووری کوردستانیش نیگەرانی خۆیان ناشارنەوە لە شەڕ و کاولکارییەکانی و خوازیارن ئەوەن ئەوەی حکومەت بانگەشەی بۆ دەکات جێبەجێی بکات، ئەوان لە لێدوانەکانیان بۆ (رووداو) دەیانگوت "هێشتا منداڵەکانمان دەکوژرێن، نامانەوێ چیدیکە خوێن بڕژێ و گوند و شارەکانمان وێران بکرێن. نامانەوێ هەموو رۆژێک جەنازەی گەریلا و سەربازەکان بێنەوە، بەسە با چیدیکە جەرگی دایکان نەسووتێ".

ئیسماعیل بیلەن، نوێنەری شاری مانیسا لە پەرلەمانی تورکیا لە فراکسیۆنی AKP، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) دەڵێ "ئیتر بە ئەنجامگەیاندنی پرۆژەی کرانەوەی دیموکراتی مەسەلەیەکی یەکجار گرنکە بۆ ئێمە. PKK لە دیموکراسیبوونی تورکیا دەترسێ، هەر بۆیەش وەک کاردانەوەیەک دەستی بەشەڕ کردەوە. ئەگەر بەڕاستی مەبەستیان دیموکراسیبوونی تورکیا بووایە، نەدەبووایە لەم قۆناغەدا دەست بە شەڕ بکەنەوە، دەبووایە چاوەڕێی ئەنجامی پرۆسەکە بکەن". هەروەها پێیوایە ئەم جۆرە کردەوانە بەر لە هەڵبژاردنەکان مانای تایبەتیی خۆیان هەیە. خەڵکی ئاسایی لە تورکیا هەموویان پشتیوانی لە کرانەوەی دیموکراسی دەکەن و لەو باوەڕەدان کە دەبێ حکومەت درێژە بە پرۆسەکە بدات " بە درێژەدان بە کرانەوەی دیموکراسی مەسەلەی تیرۆر لە تورکیا بنبڕ دەبێ و کورد و تورک بە بێ پێکدادان و گرژی لەتەک یەکتریدا دەژین. بۆیە من پێموانییە حکومەت دەستبەرداری پرۆسەی کرانەوەی دیموکراسی بێت".

محەممەد شاندیر، جێگری سەرۆکی فراکسیۆنی پارتی بزووتنەوەی میللی نەتەوەپەرستی تورکیا MHP، بەجۆرێکی جیاواز لە AKP و BDP تەماشای ئەو مەسەلەیە دەکات و لە قسەکانیدا بۆ (رووداو) گوتی "بە لای ئێمەوە کرانەوەی دیموکراتی بریتییە لە هێنانەدی داواکانی PKK. پشتیوانی لە "کرانەوەی PKK" ناکەین. هەر لەڕۆژی یەکەمیشەوە رامانگەیاندووە کە ئێمە لەگەڵیدا نین و نابین. بەڕای ئێمە کرانەوە گوڕ و تینی دایەوە بەر PKK، کە لەئەنجامدا بڕیاری شەڕی لە دژی تورکیا دایەوە و هەموو رۆژێک دەبینین چەند کەس گیانیان لەدەستدەدەن. بەرپرسیاری سەرەکی ئەمەش دەسەڵاتی سیاسییە، هاوکات بەرپرسیار و ئەندازیاری ئەو پەلامارانەی کە دەکرێنە سەر تورکیاش هەر دەسەڵاتی سیاسی و شەخسی سەرۆک وەزیران ئەردۆغانە. پێویستە AKP لە بەردەم خەڵکدا وەڵام بداتەوە. تورکیا لەژێر پەلاماردایە و ئەو پەلامارانە رۆژ بە رۆژ پەرەدەستێنن. پێویستە دەستبەجێ رایبگەیێنن کە "کرانەوە" کۆتایی پێهاتووە. ئینجا لە ناوچەکانی باشووری رۆژهەڵات باری نائاسایی رابگەیێندرێ. دواتر حکومەت شکستی خۆی قەبوڵ بکات و دەست لەکار بکێشێتەوە، چونکە بەرپرسیاری سەرەکی لە رژانی خوێن، ئەم سەفسەتەیەیە کە AKP بەناوی کرانەوەوە خوڵقاندوویەتی".

بە بۆچوونی هەندێ لە بەرپرسانی پارتی ئاشتی و دیموکراتی BDP هیچ پرۆسەیەک بەناوی کرانەوەی دیموکراتی لە ئارادا نییە تاوەکو کۆتایی پێ بێ. عوسمان ئۆزچەلیک، پەرلەمانتاری شاری سێرت سەر بە BDP، لەو بارەیەوە بۆ (رووداو) دەڵێت "هیچ کرانەوەیەک دەستی پێنەکردووە، هەتا کۆتایی پێ بێت، بەڵکو سیاسەتی شەڕ و تواندنەوە لەجاران خراپتر بووە. دەیانگوت پشکنینی سەر رێگەکان کەم دەبێتەوە، بەڵام زیاتر کرا، گوتیان ناوی کوردی شارەکان دەگەڕێنینەوە، نەیانکرد، بۆ پەروەردەی کوردی هیچ هەوڵێکیان نەدا، گوایە بەشی کوردۆلۆژی لە زانکۆکان دەکەنەوە، بەڵام لەبەرئەوەی دان بەکوردی نەنێن، ناویان کردە بەشی زمانە زیندووەکان. نکۆڵی لە بوونی کورد دەکەن، سیاسەتمەدار، سەرۆک شارەوانی و منداڵەکانمان دەستگیردەکەن و حیزبەکانمان دادەخەن، ئەوە چ دیموکراسی و کرانەوەیەکە".

بەبڕوای رۆژنامەنوسی تورک چالشلار، بۆ ئەوەی پرۆسەی کرانەوە درێژەی هەبێ، پەیوەندییەکانی نێوان BDP و AKP رۆڵێکی چارەنووسساز لەو بوارەدا دەگێڕن"پەیوەندییەکانی نێوان BDP و AKP چارەنووسسازن، بەڵام بەداخەوە ئێستا گفتوگۆ لە گۆڕێدا نەماوە، بەڵکو لێدوانی توند لە دژی یەکتر دەدەن، ئەمەش زیان بە پرۆسەکە دەگەیێنێ. بە بۆچوونی من، دەبێ BDPش لەمەولا دەرگای خۆی بۆ دیالۆگ بکاتەوە".

بەڵام رێکخراوە مەدەنی و جەماوەرییەکانی باکووری کوردستان بەشێوەیەکی دیکە سەیری بابەتەکە دەکەن و دەڵێن بۆ ئاشتی و دیموکراسی دەبێ بەر لەهەموو شتێک ئۆپەراسیۆنە سەربازییەکانی سوپای تورک رابوەستن و PKKش بڕیاری راگرتنی شەڕ بدات. بەڵام سوپای تورک بەردەوامە لە هێرشەکانی و دەڵێ هەتا پەلامارەکان لەئارادابن، هەڵمەتە سەربازییەکانی سوپاش هەر درێژەیان دەبێ. PKKش دەڵێ تاوەکو ویستەکانی کورد لەبەرچاو نەگیرێن، شەڕ بەردەوام دەبێ.

محەممەد تانهان، سەرۆکی پێشووی شارەوانی نسێبین، رایگەیاند بەر لەوەی کرانەوەی دیموکراتی لەدایک ببێت، لەبارچوو "هەر لەسەرەتاوە خەڵکی کورد بڕوای بە سیاسەتی کرانەوەی حکومەتی AKP نەبوو، گوایە AKP بەنیازە کێشەی کورد چارەسەر بکات، ئەو بەپێی روانگەی خۆی دەیویست چارەسەری بکات و لەباری نەتەوەیی کورد نەمێنن و گەلێکی وەک خۆی دروست بکات. کاتێک دەستی بەقسەکردن کرد، نزیکەی 1500 کادیر و سیاسەتمەداری BDP و هەزاران منداڵی کوردی دەستگیرکرد. لە بارودۆخێکی وادا چۆن کورد متمانەی بە پرۆسەی کرانەوە دەبێ".

سەبارەت بە موخاتەب بوون، ئۆرال چالشلار گوتی "دوو رێگا لەبەردەمماندایە، لەباری ناسنامەی کوردان و پرۆسەی دیموکراتیکبووندا، BDP موخاتەبە، بەڵام بۆ هاتنەخوارەوەی PKK لە چیاکان، BDP هیچی پێناکرێ. ئەگەر داوا دەکرێ PKK لە شاخ بێتە خوارەوە، ئەوکات قەندیل و ئیمرالی دەبنە موخاتەب. بەڵام لەو قۆناغەدا موخاتەببوونی قەندیل و ئیمرالی مومکین نییە قبوڵ بکرێن، بەڵام بۆ هاتنە خوارەوە لە چیا و قسەکردن لەگەڵ ئۆجەلان، BDP دەتوانێ رۆڵ بگێڕێ".

## هێمن موکریانی یەکەمین سەرنووسەری بوو

# (سروە) تەمەندارترین گۆڤاری کوردی رۆژهەڵاتی کوردستان داخرا

**حکومەت بەردەوام گوشاری بۆ دەهێنایین کە ئەدیب و رۆشنبیرانی کورد بکەینە سیخوڕ**



پەرویز جیهانی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی (سروە)

**ناوەندی سەلاحەدین ئەیوبی پێیانڕاگەیاندین ئەوان بەنیازن چیتر سروە بڵاونەکەنەوە و ئێمەش راگیرانیمان راگەیاند**

بێهرۆز جەعفەری، بەڕێوەبەری (سروە)

**سروە سانسۆرێکی زۆری لەسەر بوو، وشەکانی وەک گەل، نیشتمان، کەسک و سۆر و زەرد، سەدان وشەی دیکە، کە هێمای نەتەوەیی بوون، بەکارهێنانیان قەدەخە بوو**

کافی عەلەوی، کە 8 ساڵ لە (سروە)دا کاری کردووە

**ئازاد کوردی**
**تایبەت بە رووداو**

مانگنامەی سروە، کە هێمن موکریانی شاعیر، یەکەمین سەرنووسەری بوو، دوای دەرچوونی 281 ژمارە لێی، رۆژی 2010/7/4 داخراو ماڵئاوایی لە خوێنەرانی کرد، بەڕێوەبەری گۆڤارەکەش دەڵێت "سروە بەهۆی ئەو بارودۆخەی رۆژنامەگەری کوردی لە ئێران تێیکەوتووە راگیرا".

گۆڤاری سروە یەکەم ژمارەی لە ساڵی 1984 لەلایەن (ناوەندی بڵاوکردنەوەی کولتور و ئەدەبی کوردی سەلاحەددین ئەیوبی) لە شاری ورمێ دەرچووەو لە سەرجەم شارو شارۆچکەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بڵاوکراوەتەوە، کە شاعیری کۆچکردووی کورد هێمن موکریانی تاوەکو ژمارە 5 سەرنووسەری بووە. دوای ئەویش ئەحمەدی قازی، بۆ ماوەی 18 ساڵ بووە سەرنووسەری گۆڤارەکە. سەدان نووسەر، ئەدیب و رۆشنبیری کوردی رۆژهەڵات لە (سروە)دا کاریان کردووە و نووسینیان بڵاوکردووەتەوە. کە گۆڤارەکە چەند لاپەڕەیەکیشی بە کرمانجی سەروو بە تیپی لاتینی هەبوو.

ساڵی 2005، بنکەی سەرەکی گۆڤارەکە گوزرایەوە بۆ تاران، دوو ساڵ لەمەوبەریش بنکە سەرەکییەکەی گوزرایەوە بۆ شاری سنە و لەوێ کۆتایی بە تەمەنی 26 ساڵی هێنرا. بێهروز جەعفەری، کە ساڵی رابردوو بووە بەڕێوەبەری گۆڤاری سروە لەلێدوانێکدا بۆ (رووداو) هۆکاری داخستنی گۆڤارەکەی روونکردەوەو گوتی "جگە لە کێشەی دارایی، هۆیەکی دیکەی راگیرانەکە بارودۆخی گشتی زاڵ بەسەر رۆژنامە و چاپەمەنییەکانە لەئێران دا". ناوبراو رایگەیاند، "ناوەندی بڵاوکردنەوەی کولتور و ئەدەبی کوردی سەلاحەدین ئەیوبی پێیانڕاگەیاندین ئەوان بەنیازی ئەوە نین درێژە بە بڵاوکردنەوەی مانگنامەی سروە بدەن، بۆیە دەرکردنی (سروە) مان راگرت".

هەرچەندە گۆڤارەکە زۆرجار رووبەڕووی رەخنەی حیزبە کوردییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان دەبووەوە، کە گۆڤارێکی رەخنەگر نییە، بەڵام زۆر لە نووسەر و ئەدیبانی رۆژهەڵاتی کوردستان دان بەوە دادەنێن کە ئەو گۆڤارە توانی رۆڵێکی بەرچاو لەپەرەسەندن و خزمەتکردنی زمانی کوردی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بگێڕێت. سەدان گەنجی کورد لە رۆژهەڵات بەهۆی نەبوونی خوێندن و فێربوون بە زمانی کوردی لە ئێران، توانیان لە رێگەی ئەو گۆڤارە فێری زمانی کوردی بن.

گۆڤاری سروە لە ماوەی 26 ساڵی تەمەنیدا تووشی زۆر هەوراز و نشێو بوو، جاری وا هەبووە بۆ ماوەی دوو مانگ دەرنەچووە. ئەم دوواییانە کێشەکانی (سروە) زۆر زیاتریش بوون . زۆربەی نووسەرانی زوو وازیان لەکارکردن هێنا و ژمارەکانی بەشێوەیەکی نارێکوپێک دەردەکران. نێوەرۆکی (سروە)، کولتووری و کۆمەڵایەتی بوو، بەڵام زۆربەی بابەتەکانی ئەدەبی بوون و نێوەڕۆکی رووی لە لاوازی بوو.

داخستنی گۆڤاری (سروە)، دوای قەدەخەکردنی هەردوو هەفتەنامەی (ئاشتی) و (رۆژهەڵات) هات، کە دوای لاچوونی محەممەد خاتەمی و هاتنە سەرکاری مەحموود ئەحمەدی نەژاد، شەش ساڵ پێش ئێستا لەگەڵ چەندین بڵاوکراوەی دیکەی کوردی دا، قەدەخەکران.




دوا ژمارەی گۆڤاری سروە

پەرویز جیهانی، کە لەگەڵ مامۆستا هێمن یەکێکبوو لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری سروەو، ماوەی 10 ساڵ بێوچان کاری تێدا کرد، لەبارەی داخستنی گۆڤارەکە بە (رووداو)ی راگەیاند "سروە بووە قوربانی دەستتێوەردانی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی ئێران". ناوبراو دەڵێ لەسەردەمی خۆیدا سروە پێویستییەکی گەورە بوو، بەڵام ئەم دواییانە تووشی لاوازییەکی بەرچاوببوو لەڕووی نێوەرۆکەوە"لەم دواییانەدا سروە رۆڵی وەک جاران نەمابوو. لەم چەند ساڵەی دواییدا بەهۆی دەستتێوەردانی حکومەت لە کاروباری سروە و گۆڕینی ستافەکەی نێوەرۆکی سروە لاواز ببوو و قورسایی جارانی نەمابوو".

هەرچەندە حکومەت دارایی گۆڤارەکەی دابین دەکرد، بەڵام پەرویز جیهانی دەڵێ "لە ماوەی 10 ساڵ کارکردنم لە سروەدا بەردەوام حکومەت گوشاری بۆ دەهێنایین و داوای هەندێ شتی نامەشروعیان لێدەکردین، دەیانویست ئێمە ئەدیب و رۆشنبیر و هەڵسووراوانی زمان و ئەدەبیاتی کوردی بکەینە سیخوڕ". ناوبراو ئاماژەی بەوەشکرد کە بەشێک لەنووسین و بەرهەمەکانی نووسەرانی (سروە) سانسۆر دەکران و گوتی "زۆر جار نووسین و بەرهەمەکانی من لە سروە بۆ فارسی وەردەگێردران بۆ ئەوەی بزانن چی دەنووسم". جیهانی ئاشکرایکرد، بەهۆی ئەو گوشارەی لەسەری بووە ناچار بووە رۆژهەڵاتی کوردستان بەجێ بێڵێ.

کافی عەلەوی، کە ئەویش نزیکەی 8 ساڵ لە گۆڤاری (سروە) کاری کردووە دەڵێ "سەرەڕای ئەوەی گۆڤاری سروە گۆڤارێکی ئەدەبی و کولتووری بوو، بەڵام سانسۆرێکی زۆری لەسەر بوو، وشەکانی وەک گەل، نیشتمان، کەسکوسۆر و زەرد، سەدان وشەی دیکە، کە هێمای نەتەوەیی بوون، بەکارهێنانیان قەدەخە بوو".



هێمن موکریانی، یەکێک لە دامەزرێنەرانی گۆڤاری سروە

**عەللاوی:**

**ویستیان لەگەڵ رەفیق حەریری تیرۆرم بکەن**



**رووداو-الحياه**

ئەیاد عەللاوی، سەرۆکی لیستی عێراقییە و سەرۆک وەزیرانی پێشووتری عێراق رایگەیاند لەو کردەیەی بووە هۆی تیرۆکردنی رەفیق حەریری، سەرۆک وەزیرانی پێشووتری لوبنان کە لە شوباتی ساڵی 2005 لەرێگەی تەقاندنەوەی ئۆتۆمبیلێکەوە تیرۆرکرا " منیش یەکێکبووم لە ئامانجەکان". عەللاوی، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (الحياه)دا چەند لایەنێکی بە پلان دانان بۆ تیرۆرکردنی تۆمەتبارکردن، بێ ئەوەی ناوی کەس بێنێ، گوتیشی چاوەڕێی لێکۆڵینەوەکان دەکات "زانیارییەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و دادگای نێودەوڵەتی ئاماژەیان بۆ ئەوە کردووە کە پلانەکە بۆ تیرۆکردنی من و حەریری بووە پێکەوە".

# کورد لە عێراق هاوبەش یان نوێنەر؟



**هیوا مەحمود عوسمان**

گەشتەکەی ئەمدواییەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ وڵاتانی دراوسێ وەبیرهێنانەوەیەکی نوێ بوو بۆ جیهانی عەرەبی کەوا هەرێمی کوردستان دژی ئەوە نییە بەشێک بێت لە چواردەووری عەرەب و عەرەبی عێراقین کە فۆبیای وڵاتانی عەرەبییان هەیە نەک کورد.

لەسەرەتای "عێراقی نوێ" کە ساڵی 2003 بوو، زۆر هەوڵدرا بۆ دوورخستنەوەی کورد و وێناکردنی کورد وەک پێکهاتەیەکی دژە عەرەب لەوعێراقەدا.

زۆرینەی ئەوانەی هەوڵی ئەو کارەیان دەدا، ئەو کەسانە بوون کە سەر بە رژێمی پێشوو بوون یاخود ئەوانە بوون کە چاویان بە عێراقێکی گشتگیر هەڵنایێت. بەڵام مەسەلە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە کە کورد نابێ هیچ هەڵسوکەوتێک بکات کە بیسەلمێنێ ئەوان دژە عەرەبن.

یەکێک لەئامانجەکانی رێکخراوی قاعیدە و دوژمنەکانی عێراقی نوێ ئەوەیە کە بلۆکێکی پتەو لەنێوان کورد و عەرەبەکان دروستبکەن و هەرچی کەمینەکانی دیکە هەن بیانخەنە بەرەی عەرەب و، دەبێ کورد ئاگادار بێت و نەکەوێتە ئەو تەڵەیەوە.

لەکاتێکدا کورد و بەتایبەتی سەرکردایەتییەکەی، هەمیشە ئەوەیان دووپاتکردووەتەوە کە عێراقی نوێ بریتییە لە یەکسانی و فرەلایەنی، بەڵام هێشتا پاشماوەی هەڵسوکەوتی رەگەزپەرستی لەهەندێ شوێنی کوردستان بەدیدەکرێ.

ئەمە دەبێ بگۆڕدرێ، بەتایبەتی لەهەندێ بواری گشتی و پێکهاتەی سیاسی لە هەرێمی کوردستان دا. بەڵام هەر لەئێستاوە هەندێ زیان بەمە گەیشتووە و کورد تا چەند زوو هەوڵبدەن باشترە بۆ گەڕاندنەوەی ناسنامەکەیان وەک یاریزانێکی گرنگ لە عێراقی نوێدا. ئەنجامی هەڵبژاردەکانی ئەمدواییە و کەمبوونەوەی ژمارەی دەنگی لیستە کوردییەکانیش لە ناوچە عەرەبنشینەکانی عێراق دەبێ وەک زەنگێکی وەبیرهێنەرەوە تەماشا بکرێت.

هەندێ هەنگاو هەیە کە دەشێت لە کوردستان و بەغدا بنرێن.

لە کوردستان لەگەڵ ئەوەی لێدوانی ستایش و سوپاسگوزاری لەلایەن ئەو عەرەبانەوە دەدرێ کە بەهۆی شەڕ و کوشتاری باشوورەوە هەڵاتوون و مامەڵەکردن لەگەڵیان بەشێوەیەکی گشتی باشە، بەڵام هێشتا لەهەندێ شوێن لێدوانی رەگەزپەرستانە و نەگونجاو دەبیسترێن کە رەنگە ئاڵۆزی لەنێو خەڵکەکە دروست بکات.

ئەمە زۆربەی کات لە خاڵە پشکنینەکان و دەزگا حکوومییەکان بەدیدەکرێت، بەڵام ئەوەی جێگەی سەرنجە خەڵکی بواری بازرگانی پەیوەندییەکی باشتریان هەیە لەچاو خەڵکی سیاسەت و دەزگای حکوومی.

عەرەبی عێراقی ئێستاکە لە بارودۆخێکی زەحمەتدان، زوو یان دەرنگ ئەوان هێزەکەیان دەکەوێتەوە دەست لە عێراقی دیموکراسییەتدا، لەبەرئەوە چیرۆکەکانی ئەمڕۆ، داهاتوو دەستنیشان دەکات و لە کۆتاییشدا، کوردانی عێراق زیاتر پێویستییان بە عەرەبەکانە نەک بەپێچەوانەوە.

خاڵێکی گرنگی دیکە، مامەڵەکردنە لەگەڵ کەمینەکانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، بۆ جارێکی دیکە نابێت کورد تەنیا باسی یەکسانی بکات، دەبێ ئەنجامیشی بدات، بەڵام بەهەر شێوەیەک بێت لێبووردەیی ئاینی و نەتەوایەتی لە هەرێمی کوردستان لە قۆناغێکی باشتردایە لە بەشەکانی دیکەی عێراق.

هەروەها هەرێمەکە دەبێ ئەم پەیامە بۆ بەشەکانی دیکەی عێراق و سەرانسەری جیهان رەوانە بکات: کورد، تورکمان، کلدان و ئاشووری و عەرەب و کەمینەکانی دیکەش هەرێمی کوردستانی ئەمرۆ پێکدێنن، دەبێ ئەمەش لەکارەکانیان و هەڵسوکەوتیان بەدیبکرێت، نەک تەنیا لە کوردستان بەڵکو لە بەغداش.

لەڕووی سیاسییەوە دەبێ کورد رۆڵێکی چالاکتر بگێرێت لە بەغدا. دەبێ ئەوان رۆڵەکەیان لە نوێنەرایەتیکردنی هەرێمی کوردستان لەبەغدا بگۆڕن بۆ شەریکێکی چالاک لە بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵاتەکە.

لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا، هەموو پاش نیوەڕۆیەکی پێنچشەممان، فرۆکەخانەی بەغدا جمەی هاتووە لە: بەرپرسانی کورد، وەزیر، جێگر وەزیر و ئەندام پەرلەمانەکانی کورد، ئەو کاتەی هەمیشە بۆ تێکەڵاوبوون و لێکنزیک بوونەوە لەبەغدا بەکاردێت، ئەوان لە هەولێر و سلێمانی بەسەریدەبەن.

لەئەنجامیشدا پەیوەندییەکان لەگەڵ داوودەزگاکانی بەغدا هەر بەفەرمی و لەژووری کۆبوونەوەکان ماوەتەوە.

ئێستا کاتی ئەوە هاتووە کە کورد رۆڵێکی باشتری هەبێت لەبەغدا. ئەوان دەتوانن چەقی سیاسیان بۆ بەغدا بگوازنەوە و ئەوکاتیش دەتوانن لەچەقی رووداوەکاندا بن.

زۆربەی ئەوانەی دژی کوردن دەڵێن کە عێراق لەدراوسێ عەرەبەکانی دوورخراوەتەوە، ئێستا هەلێکە بۆ سەرکردایەتی کورد لەهەولێرەوە عێراق لەدراوسێ عەرەبەکانی نزیک بکاتەوە.

hiwaosman@yahoo.com
twitter: hiwaosman
facebook: hiwa osman

# باڵیۆزی نوێی ئەمریکا کورد دەناسێ



## پسپۆرانی ئەمریکی: باڵیۆزی نوێی ئەمریکا دۆستێکی کوردە و دەبێ کورد خۆشحاڵبێ بە هاتنی

**هاوار عەبدولرەزاق**
**رووداو-هەولێر**

پسپۆرانی سیاسی رۆژئاوا پێیانوایە گۆڕینی باڵیۆزی ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە عێراق لەبەرژەوەندی کوردە، لەبەر ئەوەی جێمس جێفری شارەزاییەکی زۆری لە بارەی کێشەی کوردەوە هەیە.

باراک ئۆبامای سەرۆکی ئەمریکا رایگەیاند کە جێمس جێفری دەبێتە باڵیۆزی تازەی وڵاتەکەی لە عێراق. چەند پسپۆرێکی رۆژئاوایی لەو باوەڕەدان کە ئەو گۆڕانکارییەی ئیدارەی ئەمریکا لەعێراق ئەوە دەسەلمێنێ کە واشنتن مەسەلەی دیکەی خستووەتە پێشەوەی مەسەلەی عێراق.

جێمس جێفری، دیپلۆماتکارێکی ئەمریکی بە ئەزموونە و لە ساڵی 1977وە چەندین پۆستی لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا وەرگرتووەو لەساڵی 2008وە باڵیۆزی ئەمریکا بووە لە تورکیا.

بەپێی راپۆرتەکان، جێفری کە مێژووی خوێندووە، یەکێکە لەوانەی سەرسامە بە مستەفا کەمال ئەتاتورکی دامەزرێنەری کۆماری تورکیا و لەوبارەوە لە هەڤپەیڤینێکدا بە "پاڵەوان" وەسفیدەکات، ئەمەش هەندێ لە کوردی نیگەران کردووە کە رەنگە کاریگەری ئایدۆلۆژیای ئەتاتورک لەسەر جێفری ببێتە هۆی بە قوربانکردنی کورد، وەک چۆن ئەتاتورک ئەوەی کرد. بەڵام دانیاڵ سێروار پسپۆر لە سیاسەتەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و جێگری سەرۆکی پەیمانگەی توێژینەوەی سیاسی United state institute of Peace، ئەو بۆچوونە رەتدەکاتەوە و لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند "دەبێ کورد خۆشحاڵبن بەهاتنی جێمس جێفری بۆ عێراق، لەبەرئەوەی ئەو شارەزاییەکی باشی لە مەسەلەکانی کورد و ناوچەکە هەیە".



ستیفان وۆڵف



پیتەر فیڤەر



دانیاڵ سێروار

هەروەها پیتەر فیڤەر، پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی دوک لە ئەمریکا و شارەزا لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا پێیوایە کە کورد هەڵە دەکات ئەگەر ئەو بۆچوونەی بەرامبەر جێفری هەبێت و لەوبارەوە دەڵێ" بەپێی مێژوو لەجێی خۆیەتی کورد بۆچوونێکی لەوشێوەیەی هەبێت، بەڵام ئەم جارەیان هەڵە دەکات ئەگەر ئەو مەسەلەیە گەورە بکات".

ستیفان وۆڵف، پسپۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی بێرمینگهامی بەریتانیش لەوبڕوایەدایە کە پێویستە کورد چاوەڕێی کارەکانی جێفری بکات ئینجا بڕیاری لەسەر بدات و لەوبارەیەوە بۆ (رووداو) دەڵێ" بەلایەنی کەمەوە پێویستە کورد هەوڵبدات کار لەگەڵ جێمس جێفری بکات، پاشان بڕیاری لەسەر بدات. کورد ئەوەندە هاوپەیمانی لەو ناوچەیە نییە، بەڵام بێگومان باڵیۆزی ئەمریکا یەکێکە لە هاوپەیمانەکانی".

گۆڕینی باڵیۆزی ئەمریکا لەبەغدا، لەلایەن هەندێک لە چاودێرانی سیاسی بە هەنگاوێکی ئەمریکا دادەنێن بۆ بەهێزکردنی پێگەی تورکیا لە عێراق لە بەرامبەر هەژموونی ئێران لە عێراق، لەبەرئەوەی باڵیۆزی نوێی ئەمریکا یەکێکە لەو دیپلۆماتکارە ئەمریکیانەی زۆر لە حکومەتی تورکیاوە نزیکە، بەڵام پیتەر فیڤەر ئەو بۆچوونەی پێ راست نییە و دەڵێ" ئەوە ئامانجی ئەمریکا نییە، ئامانجی ئەمریکا لە عێراق ئەوەیە کە عێراق وڵاتێکی سەربەخۆ بێت و هیچ لایەنێکی دەرەکی دەست لە کاروبارەکانی وەرنەدات". بەڵام دانیاڵ سێروار، پێچەوانەی فیڤەرەو تارادەیەک هاوبیری چاودێرەکانە و دەڵێ " هەوڵی ئەمریکا ئەوەیە کە رێگربێت لەبەردەم فراوانبوونی کاریگەری ئێران لە عێراق، تورکیاش دەتوانێ ئەو ئامانجەی واشنتن بێنێتە دی. واشنتن حەزدەکات عێراق لەڕووی ئابووری و سەربازییەوە پەیوەندی لەگەڵ وڵاتێکی وەک تورکیا هەبێت نەک ئێران".

دەربارەی ئەوەی کە ئایا جەیمس جێفری دەتوانێ پرۆسە سیاسییە چەقیوەکەی عێراق، بەگەڕبخاتەوە و پێشی بخات، ستیڤان وۆڵف دەڵێ" جێفری دیپلۆماتکارێکی شارەزای ئەم ناوچەیە یە و پسپۆڕە لە کاروبارەکانی رۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بێگومان ئەو باکگراوەندێکی دەوڵەمەندی هەیە لەو بوارەدا و دەتوانێ یارمەتی عێراقییەکان بدات لەچارەسەرکردنی کێشەکانیان".

پیتەرفیڤەریش پێیوایە کە دەستنیشانکردنی جێفری بۆ ئەو پۆستە، ئەوە دەسەلمێنێ کە ئەمریکا بەکاری دیکەوە سەرقاڵە و کەسێکی باشتریشی لە جێفری نییە بۆ عێراق " یەکێک لە کێشەکانی ئیدارەی ئۆباما ئەوە بووە کە هەتا ئێستا نەیتوانیووە بەتەواوی جەخت لەسەر مەسەلەی عێراق بکات، ئەمەش بەهۆی مەسەلەکانی دیکەوە و هەروەها دیاریکردنی جێفری هەنگاوێکی پۆزەتیڤە، لەبەرئەوەی ئۆباما لەو باشتری دەستناکەوێ".

## پسپۆڕانی سیاسی لە کشانەوەکە رەشبینن

# دیموکراسی لەگەڵ ئەمریکییەکاندا لە عێراق دەکشێتەوە



**سەلام سەعدی**
**رووداو- هەولێر**

لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی کشانەوەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لە عێراق کە بڕیارە کۆتایی مانگی ئابی داهاتوو دەست پێ بکات وەک زەمینەسازییەک بۆ کشانەوەی یەکجارەکی لە کۆتایی 2011، کێبڕکێ و ململانێی ئیقلیمی بۆ پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییە چاوەڕوانکراوەی لە عێراقدا پەیدا دەبێت بەرەو توندبوونەوەیە. بەدیکردنی سەرەتاکانی ئەم ململانێیە هاوکاتە لەگەڵ بەدیکردنی ترس و دڵەڕاوکێیەکی ناوخۆیی دەربارەی چارەنووسی ئەو پرۆسە سیاسییە نوێیەی پاش 2003 سەریهەڵداو هەندێک بە سەرەتاکانی پەیدابوونی دیموکراسییان دەزانی.

پتر لە چوار مانگ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردندا تێپەڕیوەو هێشتا شوناسی ئەو لایەنە ئاشکرا نییە کە سەرۆکایەتیی حکومەتی داهاتوو دەکات. ئیئتیلافی عێراقییە بەسەرۆکایەتی ئەیاد عەللاوی کە لەو هەڵبژاردنەدا بە بردنەوەی 91 کورسی زۆرینەی مسۆگەر کرد، مکوڕە لەسەر ئەوەی کە پێکهێنانی حکومەتی نوێ مافی ئەوانە و لەبەرامبەریشدا دوو ئیئتیلافەکەی شیعە بە راگەیاندنی تێکەڵکردنی فراکسیۆنەکانیان خەریکی بەڕێوەبردنی شەڕێکن لەسەر دوو ئاست: ئاستێکی دەرەکی بۆ هێشتنەوەی حکومەت لەدەستی خۆیاندا و ئاستێکی ناوخۆیی بۆ دیاریکردنی پاڵێوراوی سەرۆک وەزیران کە هێشتا دیارنییە لایەنە شیعییەکان لەسەر پاڵێوراوی کام لایەن رێکدەکەون.

هێزەکانی ئەمریکا لەکاتێکدا خۆیان بۆ کشانەوە ئامادە دەکەن کە هێزە عێراقییەکان لەبەردەم ئەرکی پێکهێنانی

**د.شێرزاد نەجاڕ، پسپۆری پەیوەندییەنێودەوڵەتییەکان:**

**چاوەڕوانی شەڕ و بەرپابوونی توندوتیژی دەکەم، دەبێ بیر لەوە کرابێتەوە کە ئەگەر رەوشەکە بەرەو فەوزا و شەڕ رۆیشت کورد چی بکات**

حکومەتدا دۆشداماون و ئەم پێداگرییەی لایەنەکانیش لەسەر دەستگرتن بە هەڵوێستەکانیانەوە، دەرگای دەستتێوەردانی دەرەکی لەکاروباری ناوخۆی عێراق بەفراوانی خستووەتە سەر پشت، هەر بۆیە چەندی قسە لەسەر ئەگەری رێککەوتن و پێکهێنانی حکومەتێکی نوێیە بە بەشداریی هەمووان، هێندەو بگرە زیاتریش قسە لەسەر ئەگەری شکستهێنان و بەرپابوونی شەڕ و گەڕانەوەی توندوتیژی تایفەگەرییە، ئەمەش ئەو پرسیار و گومانە دەوروژێنێ کە ئاخۆ لە عێراقی پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکادا چارەنووسی مەرجە سەرەتاییەکانی دیموکراسی چی لێدێت؟

داگ بێنداو توێژەری سیاسی لە سەنتەری Catoی ئەمریکی بۆ لێکۆڵینەوە سیاسییەکان، وەک هەر توێژەرێکی رۆژئاوایی وا وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە کە "دیموکراسی تەنیا بە عێراقییەکان خۆیان وەدی دێت". ئەمەش بەو مانایەیە کە پرسی دیموکراسی چیدی بۆ ئیدارەی ئەمریکا گرنگ نییە و ئەوان دەیانەوێ پابەندی ئەو خشتە زەمەنییە بن کە بۆ کشانەوەی هێزەکانیان داناوە. بێنداو لەو باوەڕەدایە کە هیچ گەرەنتییەک نییە بۆ درێژەدان بەپرۆسەی دیموکراسی لە عێراقدا، بەتایبەتیش لەسایەی هەژموونی هێزە ئاینی و مەزهەبییەکان لەسەر گۆڕەپانی سیاسی. ئەو پێیوایە کە "تەنیا رێگە ئەوەیە هێزە عەلمانییەکان حوکمڕانییەکانی باش پێشکەش بکەن، بەڵام ئەوەش لە دەرەوەی دەسەڵاتی ئەمریکایە، بۆیە تەنیا عێراقییەکان خۆیان دەتوانن بڕیار لە داهاتووی خۆیان بدەن".

پیتەر جول، توێژەری سیاسی لە سەنتەری American Progress و پرۆفیسۆری زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی جۆرج تاون لە ئەمریکا، لەو باوەڕەدایە کە پرۆسەی دیموکراسی عێراق لەسەر ئەم رێچکەیەی ئێستای بەردەوام بێت، بەڵام ئەو بەردەوامبوونەش هاوشانی بەردەوامبوونی ناکۆکییە سیاسییەکان دەبێت بەتایبەتی لەسەر ئەو مەسەلانەی پەیوەندییان بەناسنامەوە هەیە. دەشڵێت "تەنانەت ئەگەر حکومەتیش پێکبێت، ئەو کێشانە هەر دەمێنن. ئەمە ئەوە ناگەیێنێ کە عێراقییەکان ناتوانن کێشەی خۆیان چارەسەر بکەن، بەڵام راستییەکە ئەوەیە کە ناکۆکییە قووڵەکانی عێراق کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر پرۆسەی دیموکراتیزەی وڵات دەبێت".

رەشبینی بەرامبەر ئایندەی دیموکراسی لەناوخۆی عێراقەوە روونتر و ئاشکراتر دیارە.

د.مەهدی جابر مەهدی، مامۆستای زانستە سیاسییەکان لە زانکۆی سەلاحەدین، پێیوایە لە بنەڕەتەوە (مەسەلەی دیموکراسی لە عێراق) مەسەلەیەکی ئیشکالییە، بەو مانایەی لەیەکەم هەنگاودا بەرەو دیموکراسی تووشی ساتمە بووین و پرۆسەکە وەک پێویست ناچێتە پێشەوە. بەبڕوای د.مەهدی، پاشەکشەی هێزەکانی ئەمریکا هەلێک دەداتە دەوڵەتی عێراق کە کاروباری خۆی رێکبخاتەوە، "بەڵام ترسەکە لەوەیە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت هێشتا ناکاملن، بۆیە هەڵەیە پرسیارەکە بەو جۆرە بکەین کە ئایا رۆیشتنی هێزەکانی ئەمریکا نیشانەی شکستە یان شتێکی باشە، بەڵکو پێویستە ئەو مەرجانە وەدی بهێنین کە دەبنە هۆکاری هاتنەئارای دامەزراوەکانی دەوڵەتێکی بەهێزی خاوەن سەروەری و سەربەخۆیی، ئینجا باس لەوە بکەین چوونە دەرەوەی ئەم هێزە پۆزەتیڤە یان نێگەتیڤ. هەربۆیە مەسەلەکە بەپلەی یەکەم لەسەر ئەوە رادەوەستێ کە چۆن حوکمڕانی و دامەزراوەکانی دەوڵەت ئیدارە دەکرێن. ئەوەی ئەمڕۆ ئێمە دەیبینین بەداخەوە لاوازی و پەراوێزکەوتنی رۆڵی ئەو دامەزراوانەیەو پرۆسەی بە تاکەکەسکردنی دامەزراوەکانە کە رۆڵی سەرەکی لە لاوازکردنیاندا دەگێڕێ".

هەروەها دەڵێت "ئەو دۆخەی لەعێراقدا هەیە، ئەوەیە کە داوودەزگاکانی ناکاملن و ناتوانن گرەنتی ئەوە بکەن کە سەقامگیریی دەوڵەت دەپارێزن چ لەڕووی سیاسی چ لەڕووی ئەمنی"، هەربۆیە بەبڕوای ئەو پاش کشانەوەی هێزەکانی ئەمریکا، عێراق بەرەورووی دەستتێوەردانی بەرفراوانی وڵاتانی دراوسێ دەبێتەوەو نیشانەکانی ئەو دەستتێوەردانەش لەئێستاوەڕا دیارە "بە بەڵگەی ئەوەی کە ئەو ململانێیەی ئەمڕۆ لەسەر دابەشکردنی پۆست و مەسەلەی پێکهێنانی حکومەت بەڕێوەدەچێ، فاکتەری ئیقلیمی رۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕێ و ئەوە ململانێی ئیرادە ئیقلیمییەکانە کە لەسەر ناوخۆی عێراق رەنگیداوەتەوە. هەر شەش دەوڵەتەکەی دراوسێ بەئاستی جیاواز دەست لە کاروباری عێراق وەردەدەن و ئەوەش یەکێکە لەو فاکتەرانەی کە وادەکات ئەگەری سەقامگیربوونی عێراق لاواز بێت".

د.مەهدی سەرچاوەی هەڕەشەی راستەقینە لە هەژموونی هێزە ئاینی و مەزهەبییەکاندا دەبینێ و دەڵێت "ئەزموونی 7 ساڵی رابردوو پێماندەڵێت کە ئەو هێزە ئاینی و مەزهەبییەی حوکمی عێراقی کردووە، لە وەدیهێنانی سەقامگیری و دیموکراسیدا شکستی هێناوەو بەرژەوەندییەکانی خۆی خستووەتە پێش بەرژەوەندییە نیشتمانییەکان و بگرە خستوویەتییە پێش دەستووریش کە خۆی بەشداریی لە دارشتنیدا کردووە".

وەک ئەو دەڵێت، تەنیا هەیکەلەکانی وەک پەرلەمان و فرەلایەنی و هەڵبژاردن بەس نین بۆ ئەوەی بڵێی خاوەنی سیستەمی دیموکراسیم، هەڵبژاردن و فرەلایەنی و پەرلەمان خۆی لەخۆیدا ئامانج نییە، ئەمانە ئامرازن بۆ هێنانە ئارای سەقامگیری، ئێستا ئەم ئامرازانە خۆیان گیرۆدەی کێشەی هەمەجۆرن، بۆیە ئەنجامەکە پەیوەست دەبێت بەم پێشمەرجانەوە کە پڕن لەئیشکالیەت.

د. شێرزاد نەجاڕ پسپۆری پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەو باوەڕەدایە کە کێشەی عێراق تەنیا کێشەی دیموکراسی نییە، بەڵکو کێشەی بنیاتنانی دەوڵەتە کە پرۆسەیەکە لەساڵی 1920وە لەعێراق دەستپێکردووە و لە 2003دا شکستی هێنا. تەنانەت ئەو هێزە نوێیانەی کە پاش 2003ش هاتوونەتە سەر حوکم، نەیانتوانیوە ئەو پرۆسەیە بەشێوەیەکی باش درێژە پێبدەن و دەوڵەتێکی سەقامگیر دابمەزرێنن. ئەو دەڵێت "ئێمە ئێستا بەرەورووی کێشەیەکی گەورەین و بەبێ هەنگاونان بۆ بنیاتنانی دەوڵەت، ناتوانین لەسەر مەسەلەی دیموکراسی و بووژانەوەو پێشکەوتنی کۆمەڵایەتی قسە بکەین".

شێرزاد نەجاڕ ئۆباڵی ئەو شکستە دەخاتە ئەستۆی دەستەبژێری سیاسیی پاش 2003 و دەڵێت "ئەو دەستەبژێرە زیاتر سەرقاڵی ململانێی سیاسی و چەسپاندنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان بوونە نەک بەرژەوەندی گشتی، بۆیە عێراق تووشی قەیرانێکی گەورە بووە کە قەیرانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و هەروەها قەیرانی بەهاکانیشە".

ئەو لەپرۆسەی دیموکراسیدا پەرلەمان و هەڵبژاردن بە "شتی رواڵەتی" دەزانێ و پێیوایە هەوڵی ئەمریکییەکان بۆ هێنانی دیموکراسی بۆ عێراق لەبنەڕەتەوە هەوڵێکی بێهوودە بووە. "ئەمریکییەکان بە وەهمێکی گەورەوە هاتن کە پێیانوابوو دەتوانن دیموکراسی هاوردە بکەن و بە بنیاتنانی چەند دامەزراوەیەک بیچەسپێنن".

**د.مەهدی جابر، پسپۆری زانستە سیاسییەکان:**

**ترسەکە لەوەیە کە دامەزراوەکانی دەوڵەت هێشتا ناکاملن**

شێرزاد نەجاڕ دەڵێت "ئەوەی ئەم بارودۆخەی لەعێراقدا دروستکردووە بێگومان ئەمریکییەکانن کە ئێستا دەیانەوێ خۆیان لە بەرپرسیارێتی بدزنەوە. ئەمریکا بەو جۆرە دەوڵەتێکی لاواز لە دوای خۆی بەجێدەهێڵێ کە هەڵبژاردن و دیموکراسی دەرمانی دەردی ناکەن، ریچارد هاس کە پلاندانەری وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بووە، چەند مانگێک لەمەوبەر لە وتارێکدا نووسیبووی عێراق دەوڵەتێکی شکستخواردوو نییە، بەڵام نموونەیە بۆ دەوڵەتی فاشیل. ئەمە دەریدەخات کە ئەمریکییەکانیش ئێستا دەزانن بیرۆکەی هێنانی دیموکراسی بۆ عێراق وەهم بووە. ئەوان دەستەبژێرێکی سیاسی پاکیان پەیدا نەکرد کە بتوانن بەرپرسیارانە وەک پیاوی دەوڵەت رەفتار بکەن، دەوڵەتی دیموکراسی بەدەستەبژێرێکی لەم شێوەیە بیناناکرێ. کەواتە ئەم پرۆسەی دیموکراسییە کە هێشتا هەر دەستیشی پێنەکردووە کۆسپ و تەگەرەی راستەقینەی لەپێشە".

شێرزاد نەجاڕ بە پشتبەستن بە رای جاک سنایدەر کە پرۆفیسۆرێکی گەورەی زانستە سیاسییەکانە و لە 2005 کتێبێکی بڵاوکردووە بەناوی (Election to Fight — هەڵبژاردن بۆ شەڕ) دەڵێت هەر کاتێک فاکتەرە ناوخۆیی و دەرەکییەکان وەک ئەوەی ئەمڕۆ لەعێراق دەبینرێ لەسەر یەکدی کەڵەکەبوون، دەبێ چاوەڕێی شەڕێکی حەتمی بکەین.

"چاوەڕوانی شەڕ و بەرپابوونی توندوتیژی دەکەم، ئەو بۆچوونەی سنایدەر زۆر نزیکە لێرە رووبدات".

ئەو لەو رووەوە هۆشداریی دەدات کە پێویستە کورد زۆر هۆشیارانەو زۆر بەدیقەت مامەڵە لەگەڵ ئەو بارودۆخە بکات. "ئەوە سیاسەتەو لە سیاسەتدا دەبێ پێشبینیی ئەگەرەکان بکەی، دەبێ بیر لەوە کرابێتەوە کە ئەگەر رەوشەکە بەرەو فەوزا و شەڕ رۆیشت کورد چی بکات و بەرەو ئاشتیش چوو چی بکات. کورد دەبێ بۆ هەموو ئەم ئەگەرانە ئەڵتەرناتیڤی هەبێت".

**پیتەر جول، توێژەری سیاسی لە سەنتەری American Progress:**

**ناکۆکییە قووڵەکانی عێراق کاریگەری نێگەتیڤیان لەسەر پرۆسەی دیموکراتیزەکردنی عێراق دەبێت**





# یاسای پاراستنی زمانی کوردی پێویستە

عەبدولڕەحمان سدیق
prdcenter@yahoo.com

لەبەڵگەو نیشانەکانی دەسەڵاتی خوای گەورە، دروستکردنی ئاسمانەکان و زەویەو، هەروەها هێنانە ئارای زمانی جۆراو جۆرو لەیەک نەچووی ئاخافتن و، ڕەنگ و سیمای فرەچەشنی مرۆڤەکانە.

زمانی کوردیش کە زمانێکی سەربەخۆیەو، پەرەسەندنی مێژوویی خۆی هەیەو، چۆنیەتی گەشەسەندنیشی بەدرێژایی ڕۆژگار، شێوەیەکی تەواو سەربەخۆی هەیە، یەکێکە لەو زمانانەی لە هەزاران ساڵ لەمەوبەرەوە تا ئەمڕۆ کورد پێی دەدوێت و، شایانی ئەوەیە ئاوڕی باشی لێ بدەینەوە، چۆنیەتی بەکارهێنان و بایەخ پێدانی بەهەند هەڵبگرین.

جا بۆیە لەپێناوی بەزیندوو ڕاگرتنی زمانی کوردیمان پێویستە وەکو ئەرکێکی شەرعی و نیشتمانی، چەند هەنگاوێکی گرنگ بنێین لەوانە:

**یەکەم:** ئامادەکردنی پرۆژە یاسای پاراستنی زمانی کوردی، چونکە کوردستان لەبەردەم هاتنی بەلێشاوی عەرەب وبیانیەکانی دیکەدایە، چ بۆ کاری سیاسیی و دیپلۆماسیی یان بۆ وەبەرهێنانی ئابووری، ئێستا ئەم وڵاتانە خول بۆفێرکردنی زمانەکانی خۆیان لەهەرێمی کوردستان دەکەنەوەو،پاش ماوەیەکی دیکە زمانی ئینگلیزی دەبێتە تاکە زمانی لەیەکگەیشتن .

ئێستا وەزارەتی ڕۆشنبیریی ئیمارات لەهەوڵی ئامادەکردنی یاسای پاراستنی زمانی عەرەبیدایە،چونکە بەهۆی وەبەرهێنانەوە -بەتایبەت لە دوبەی- ئێستا عەرەبی چووەتە پلەی چوارەم لەبەکارهێناندا، بۆ ئەمەش ئیمارات سوود لە فەرەنسا وەردەگرێت کە یاسای پاراستنی زمانی فەرەنسی هەیەو، لەساڵی1988وە بڕیاری گرنگی بۆ پاراستنی زمانی فەرەنسی داوە وەک ئەوەی دەبێ لە 60%ی بەرنامەکانی تەلەفزیۆنەکانی فەرەنسا ئەوروپی بن بۆ بەرەنگاربوونەوەی شاڵاوی بەرنامە ئەمریکییەکان کە هەمووی بەزمانی ئینگلیزین. هەروەها ڕاگرتنی تەواوی یارمەتییە ماددییەکان لە گشت ئەو کۆڕو کۆبوونەوەو سیمینارە ڕۆشنبیرییانەی کە لە (فەرەنسا) دا دەگێڕدرێن و، زمانی (فەرەنسی) ناکەنە زمانی سەرەکی لەو کۆبوونەوانەداو،هەوڵدان بۆ دەرکردنی یاسایەک کەبەهۆیەوە ڕێگە بگیرێت لەهەموو لێپرسراو و کاربەدەستێکی فەرەنسی ئەگەر بەزمانێکی بیانی بدوێن لەکاتی لێدوان بۆ دەزگاکانی ڕاگەیاندن و دیمانە ڕۆژنامەگەرییەکاندا.

**دووەم:** سوود وەرگرتن لە توانای ئەکادیمیای کوردی و کەسانی پسپۆڕو، سوود وەرگرتن لە پرۆژە یاسای وڵاتان وهەرێمەکانی هاوشێوەی هەرێمی کوردستان.

**سێیەم:** پەلەکردن بۆ بەرجەستەکردنی نێوەڕۆکی ماددەی چوارەمی دەستووری عێراق لەم خولەی ئێستای پەرلەمانی عێراقدا.



## "دەزگای نەزاهەی کوردستان گەندەڵەکان دەداتە دادگا"

لیژنەی نەزاهەی پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیە لە پرۆژە یاسای دامەزراندنی دەزگای نەزاهەو د.ڕەفیق سابیری، سەرۆکی لیژنەکە دەڵێ کاری سەرەکی ئەم دەزگایە بەدواداچوونی گەندەڵییەکان دەبێت و بۆ لێپێچینەوەیان دەیانداتە دادگا

## نەوشیروان مستەفا:

# لە ئەندام پەرلەمانەکانی گۆڕان نیوە ڕازیم و نیوە ناڕازیم

**نەوشیروان مستەفا 3 جار لەگەڵ فراکسیۆنی گۆڕان دا کۆبووەتەوە: یەکەمجار زۆر ڕازی و دووەم جار هەر ڕازی و سێیەم جار بڕێک گلەیی هەبووە**





پەرلەمان لە ماوەی ساڵی یەکەمیدا 10 پرۆژە یاسای پەسەندکردووە، کە هیچ کامیان پرۆژەی گۆڕان نەبوون

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**ڕووداو-سلێمانی**

لە دواییـن دیـداری تەلەڤزیۆنیدا، نەوشیروان مستەفا سەرۆکی بزووتنەوەی گۆڕان، دەربارەی کاری پەرلەمانتارانی فراکسیۆنەکەیان لەپەرلەمانی کوردستان، گوتی " نیوە ڕازی و نیوە ناڕازیم لێیان"، ئەوە بۆیەکەمجارە نەوشیروان مستەفا بە ڕاشکاوی دەربارەی کاری پەرلەمانتارانی گۆڕان ڕای خۆی ئاشکرا دەکات.

سەرۆکی گۆڕان هەرچەندە ڕەچاوی کات و بارودۆخی سیاسیی کوردستانی کرد، بەڵام پەسنی ئەندامەکانی نەدا.

ئەندام پەرلەمانێکی گۆڕان دەڵێ، لە ماوەی دەستبەکاربوونمان لە پەرلەمان، سێ جاران لەگەڵ نەوشیروان مستەفا دانیشتووین، یەکەمجار زۆر ڕازی و دووەمجار هەر ڕازی و سێیەمجار، بڕێک گلەیی هەبووە، بەڵام پێی نەگوتووین لێتان ڕازی نیم.

عەبدوڵڵا مەلا نوری، پەرلەمانتارێکی فراکسیۆنی گۆڕان، کە یەکێکە لەو ئەندام پەرلەمانانەی زۆرترین جار دەردەکەوێ و یەکەم پەرلەمانتار بوو داوای لێسەندنەوەی حەسانەی لێکرا، ئەویش کاتێک لەسەروەختی دەستبەکاربوونی کابینەی شەشەم، ڕەخنەی لە سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان گرت، ئەو گوتی "ئەوەی کاک نەوشیروان دەیڵێ دەربارەی پەرلەمانتارانی گۆڕان ڕاستە، ئێمە نەمانتوانی 100% لە ئاستی چاوەڕوانی خەڵکدابین".

عەبدوڵڵا پێیوایە، دەکرا هەڵوێستی توندتریان هەبووایە، کاتێک دەبینن ناتوانن کارنامەکانی خۆیان وەک لەکاتی بانگەشەی هەڵبژاردن بەخەڵکیانداوە، جێبەجێبکەن. گوتی "هەرکاتێک کە پرۆژە یاساکانی ئێمە ناخرێنە بەرنامەی گفتوگۆوە، با مانگرتن دەست پێ بکەین، ئێمە دەبێ گوشارەکانمان زیاتر بکەین، ئێستا کارەکانی پەرلەمان ناسروشتین و بەشێک لەو کەموکوڕییەش بەسەر شانی ئۆپۆزسیۆنەوەیە".

بزووتنەوەی گۆڕان، وەک زۆربەی شتەکانی دیکە، سستی و ناکارایی پەرلەمان دەخاتە ئەستۆی پارتی و یەکێتی، بۆیەش نەتوانینیان بۆ جێبەجێکردنی کارنامەی گۆڕان دەخەنە ئەستۆی ئەو دوو حیزبە، سەرکردەیەکی ئەو بزووتنەوە بۆ (ڕووداو) گوتی "لەژێر سایەی لیستی زۆرینە هەر ئەوەندە دەکرێ کە کراوە، ماوەکەش کەمە بۆ هەڵسەنگاندن"، نەوشیروان مستەفاش لەچاوپێکەوتنەکەیدا لەگەڵ KNN بۆ ماوەی کارکردنی فراکسیۆنەکەیان هەر وایگوت.

محەممەد تۆفیق ڕەحیم، گوتەبێژی بزووتنەوەی گۆڕان دەڵێ " ئۆپۆزسیۆنێکی تازە بە کارنامەیەکی تازە، کاتی دەوێ بۆ تاوتوێکردنی کارەکانی"گوتەبێژی بزووتنەوەکە ڕایگەیاند، لەبەشێکی زۆری پەرلەمانتارانی گۆڕان ڕازیم، لەوانەش کە ڕازی نیم مەسەلەکە لەکەم ئەزموونی ئەو کەسانەوەیە، نەک لەسەر شەخسییەتیان". هەروەها دەڵێ "ڕەنگبێ لە دڵسۆزی زۆریانەوە، نەتوانن بە هەموو ئامانج و کارنامەکە ڕابگەن".

پەرلەمانتارێکی دیکەی گۆڕان دان بەوە دادەنێ کە ئەندامانی فراکسیۆنی گۆڕان بۆخۆیان ڕازی نین لە کارەکانی خۆیان، ئیتر نەوشیروان مستەفا هەقی خۆیەتی ئەگەر لێیان ڕازی نەبێ. نەریمان عەبدوڵڵا پەرلەمانتاری گۆڕان پشتیوانی لە قسەکانی نەوشیروان مستەفا دەکات و دەڵێ " ئێمەش کەموکوڕیمان هەیە"، نەریمان دەیگێڕێتەوە لەو ماوەی لەپەرلەمان فراکسیۆنەکەیان دەستبەکاربووە، سێ جار لەگەڵ نەوشیروان مستەفا کۆبوونەوەیان کردووە، "جاری یەکەم گوتی ڕام ئیجابیە لەسەرتان، دووەم جاریش هەر ڕازی بوو، سێیەم جار تۆزێک گلەیی هەبوو، بەڵام نەیگوتووە لێتان ڕازی نیم". نەریمان و ئەو ئەندامانەی بۆ ئەو ڕاپۆرتە قسەیان لەگەڵ کراوە،جەختیان لەوە دەکردەوە کە نەوشیروان مستەفا سەربەخۆیی تەواوی پێداون لەکارەکانیاندا.

### ئێمە بۆخۆشمان لەکارەکانی خۆمان ڕازی نین چ جای کاک نەوشیروان

ئەندام پەرلەمانێکی گۆڕان

سەرچاوەیەک لە بزووتنەوەی گۆڕان بۆ (ڕووداو) گوتی، نەوشیروان مستەفا بەر لە تاوتوێکردنی بودجەی ساڵی 2010 لەپەرلەمانی کوردستان، زۆر نیگەران بووە لە نەبوونی هیچ بەرهەمێکی فراکسیۆنەکەیان لە ماوەی ئەو چەند مانگەدا کە چووبوونە پەرلەمان، بەڵام دەست کوتان بەمێزەکاندا لەمانگی شوباتی ئەوساڵدا، کەمێک لەنیگەرانییەکانی سەرۆکی بزووتنەوەکەی ڕەواندەوە.

لەماوەی کەمتر لە ساڵێک لە دەستبەکاربوونی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان، 10 پرۆژە یاسای پەسەندکردووە، لەو پرۆژە پەسەندکراوانە هیچیان هی گۆڕان نەبوون. هەر لەوماوەیەدا 52 پرۆژە یاسا خوێندنەوەیان بۆکراوەو چوار بڕیار دەرچووەو 67 پرسیار لە وەزیرەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە.

# ئۆپۆزیسۆن دژی دروستکردنی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستانە، بۆچی؟



## نایاسایە

**کوێستان محەممەد**

لە ڕێگەی پرۆژە یاسایەکەوە فراکسیۆنی کوردستانی، دەیانەوێ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان لە بەغدا بستێننەوەو ئەو ئەرکە بسپێرنە دەستەیەکی باڵای هەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستان، ئێمە وەک فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمان لە ڕوانگەی سێ خاڵی سەرەکییەوە دروستکردنی کۆمسیۆنێکی باڵای سەربەخۆ بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان و سەندنەوەی ئەوە لە کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق ڕەتدەکەینەوە.

یەکەم: دروستکردنی ئەم دەستەیە لەڕووی یاساییەوە ڕێگە پێنەدراوە، کە بەپێی یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2007ی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق بڕگەی 2 و3 و4 لە ماددەی ژمارە 2، سەرپەرشتیکردنی هەموو هەڵبژاردنێک لە عێراق و هەرێمەکان و پارێزگاکان لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە دەبێت، دواتر لە بڕگەی 4دا باس لەوە دەکات ئەو دەستانەی کە لە هەرێمەکان دروستدەبن بۆ سەرپەرشتی هەڵبژاردنەکان دەبێ بە تەنسیق و هاوکاری بێت لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە عێراق و دواجاریش لەژێر سەرپەرشتی ئەواندا بێت. ئێمە لە هەرێمی کوردستان کێشەی ئەوەمان نییە کە دەستەیەکی سەربەخۆ نییە، لەکاتێکدا چەندین دەزگا و دەستەی سەربەخۆمان هەیە ئەگەر گرنگتر نەبن لە دەستەی کۆمسیۆنی باڵا گرنگییەکەیان لەوان کەمتر نییە، بەڵام پەراوێز خراون و نموونەشمان زۆرە.

دووەم: لەڕووی نەتەوەییەوە، ئێمە وەک بزوتنەوەی گۆڕان و فراکسیۆنی گۆڕان کاری جیدی دەکەین و هەوڵەکانمان بۆ ئەوەیە کە ماددەی 140 جێبەجێ بکرێت و ریفراندۆم بکرێ لە کەرکووک و ناوچە دابڕاوەکان، بەڵام بە دروستکردنی ئەو دەستەیە حکومەتی ناوەندی بەدڵنیاییەوە ڕێگەی پێنادات و ناهێڵێت ریفراندۆم لەو ناوچانەدا بکرێ و ئەمەش دژیەکی و ناکۆکی دروستدەکات و گەڕانەوەی ئەو ناوچانە بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەخاتە مەترسییەکی دیکەوە.

سێیەم: کێشەیەکی دیکەی دروستکردنی ئەم دەستەیە لەڕووی داراییەوەیە، هەموومان باش دەزانین ئێمە کە باسی پرۆژەو پێداویستییە سەرەکییەکانی خەڵک دەکەین هەمیشە بەرپرسانی ئەم هەرێمە دەڵێن بودجە کەمە، بەڵام دواتر کە کۆمسیۆنێکی وا دروستدەکرێت ئەو بودجە زۆر و زەبەلاحەی بۆی دابین دەکرێ، دەبێت لە بودجە و لە قوتی خەڵک بدرێت.

***سەرۆکی فراکسیۆنی گۆڕان لە پەرلەمانی کوردستان.**



## ئەو چەمکانە ماوەیان بەسەرچوو

**عەبدولسەلام بەرواری**

دورستکردنی کۆمسیۆن یان دەستەیەکی باڵای سەربەخۆ بۆ سەرپەرشتیکردن و بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکان لە کوردستاندا بەگرنگ دەزانین و پشتیوانی لێدەکەین، ئەو لایەنانەی کە دەڵێن ئەم دەستەیە زیانی زۆرە، بیانووەکانیان قەناعەت پێکەرنین، بۆ نمونە کە دەڵێن دژی یاسای ژمارە 11ی ساڵی 2007ە کە سەرپەرشتی هەموو هەڵبژاردنێک لەلایەن کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە دەبێت، ئەو دەقە هیچ ڕێگریەک ناکات لە دروستکردنی کۆمسیۆنێکی تایبەت بەهەڵبژاردن لە هەرێمی کوردستاندا.

زۆرم پێ سەیرە کە ئەوان دەڵێن لەڕووی نەتەوەییەوە زیانی هەیەو، زیان بە جێبەجێکردنی ماددەی 140 دەگەیێنێ، ئەم دوو پرسە هیچ پەیوەندییان بەیەکەوە نییە، 140 پرۆسەیەکی یاساییە و پەیوەستە بەدەستوورەوە، حکومەتی عێراقی پێویستە جێبەجێی بکات، بوون و نەبوونی کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان هیچ کاریگەرییەکی لەسەر جێبەجێکردنی ماددەی 140 نییە.

زۆرم لا سەیرە کە هەندێک کەس دروستکردنی ئەو کۆمسیۆنە بۆ هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان وا لێکدەدەنەوە کە بۆ ئامانجێکی سیاسی تایبەت بە لیستی دەسەڵات بێت، بەداخەوە پاش تێپەڕبوونی نزیکەی ساڵێک لە دروستبوونی بەناو ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا، واماندەزانی واز لەو شێوازە دەهێنن کە باس لە حیزب دەکەن، چونکە باسکردن لە حیزب مانای نەماوە، چونکە ئەوە خۆشیان بوونەتە حیزب، ئەگەر باوەڕیان بە سیستەمی دیموکراسی هەبێت هەر حیزبێک لە هەڵبژاردنی ئایندە زۆرینە بێنێت ئەو دەبێتە حیزبی دەسەڵاتدار، ئەم چەمکانەی ئەوان سەردەمیان بەسەرچووە، ئەوان پێش ئەوەی ببەنە حیزب دەیانویست چەمکەکانی حیزب و حکومەت و دەسەڵات لەبەرچاوی خەڵک سووک بکەن و بەوشێوە نارەزاییەکان لە دەوری خۆیان کۆبکەنەوە، ئەوان کە گومانیان هەیە لەسەر ئەو دەستەیەی کە بۆ سەرپەرشتیکردنی هەڵبژاردنەکانی کوردستان دروستدەکرێ، دەتوانن لە پەرلەمان دا گفتوگۆی لەبارەوە بکەن و مەرج دابنێن بۆ ئەندامانی ئەو دەستەیە بۆ سەربەخۆ بوونی و ئەوکات هەموو حیزبە سیاسییەکان دەتوانن ڕێگربن لەوەی هەر حیزبێک ئەو دەستەیە بۆ بەرژەوەندی خۆی بەکاربێنێ.

بەداخەوە وەک هەڵبژاردنەکانی 2009/7/25 پێش دەرچوونی ئەنجامەکان باسی ساختەکاری دەکرا، ئێستاش با تۆزێک باوەڕیان بەخۆیان هەبێت، ئەگەر ئەو قسانە بەردەوامبن نیشانەی ئەوەیە لە ئێستاوە لە هەر هەڵبژاردنێک سەرنەکەوتن، گومانی لەسەر دروستدەکەن.

دروستکردنی ئەم کۆمسیۆنە بۆ هەرێمی کوردستان گرنگە، لەبەرئەوەی ئێمە ئەزموونێکی تاڵمان هەیە لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق.

***پەرلەمانتاری پارتی لە فراکسیۆنی کوردستانی.**



## گومانیان هەبوو دەتوانن لێپرسینەوەیان لەگەڵ بکەن

**شۆڕش مەجید**

لەڕۆژی2009/6/27دا لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستان، خوێندنەوەی یەکەممان بۆ پرۆژە یاسای دامەزراندنی دەستەی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستاندا کرد و پاشان ڕەوانەی لیژنە پەیوەندیدارەکان کرا، پاش گفتوگۆکردنی لەلایەن لیژنەکانەوە لە هۆڵی پەرلەماندا بڕیاری کۆتایی لەبارەوە دەدرێ.

ئەم پرۆژەیە شتێکی زۆر گرنگە، چونکە ئێمە ئەزموونێکی تاڵمان لەگەڵ کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراق هەیە و زۆرجار بڕیار و هەنگاوەکانیان ڕەنگە دژی بەرژەوەندییەکانی ئێمە بووبێت.

هەندێک کەس ئەگەر پێیانوابێت دروستکردنی ئەم دەستەیە لە کوردستاندا نایاسایی بێت، پێچەوانەی ئەمە دەبینم. ماددەی 107ی پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستان باس لە دامەزراندنی کۆمسیۆنە سەربەخۆکان دەکات و یەکێک لەو دەستە و کۆمسیۆنە سەربەخۆیانەی باس لە دامەزراندیان دەکات دەستەی هەڵبژاردن و ڕاپرسییە لە هەرێمی کوردستاندا.

ئەوانەی کە باس لەوە دەکەن دروستکردنی ئەم دەستەیە بۆ مەرامی سیاسی بێت بۆچوونێکی هەڵەیە، وڵات و سیاسەت و ئیدارە بەگومان بەڕێوەناچێت، ئۆپۆزیسیۆن مافی خۆیەتی گومان بکات، بەڵام ئەی ئیشی پەرلەمان چییە؟ لە پرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە کە ئەو دەستەیە سەر بە پەرلەمانی کوردستان دەبێت و بە یاسا ئەو پەیوەندییە لە نێوان ئەو دەستەیەو پەرلەمانی کوردستاندا ڕێکدەخرێت، واتە لەلایەک پەرلەمان وەک مەرجەعێکی سەرەکی ئەو دەستەیە و دەتوانێ لەشێوەی دامەزراندن و هەڵسوکەوت و ئەو گازندانەی دێتە سەری لەکاتی هەڵبژاردن و پاش و پێش هەڵبژاردن بەدواداچوون بکات.

پەرلەمانتار، ڕۆڵێکی سەرەکی دەبینێ لە چاودێریکردنی دامەزراوەکانی حکومەتدا و بەتایبەت دامەزراوەیەک کە ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە پەرلەمانەوە هەبێت، ئەی ئەگەر ئێمە بەدواداچوون نەکەین و لێپرسینەوە نەکەین ئیشی ئێمە چییە؟ بۆیە من ترسان لە دروستکردنی دەستەی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان بەڕاست نازانم. دەکرێت کەموکورتی لە ڕابردوودا لە هەڵبژاردنەکاندا ڕوویدابێت، بەڵام دەبێ بەهەموومانەوە کار بۆ دروستکردنی دەستەیەکی سەربەخۆی لەم شێوەیە بکەین و پێگەی خۆمان لە عێراقی فیدراڵدا بەهێز بکەین، ئەو مافانەی کە لە دەستووری عێراقدا وەک ماف دراوەتە کورد بەلای کەمەوە ئەوەی لە دەسەڵاتی خۆماندایە دەبێ بەکاری بێنین و ئەو دەزگایانە دروست بکەین.

***پەرلەمانتاری یەکێتی لە فراکسیۆنی کوردستانی**



## لەترسی دەستتێوەردانە

**ناسک تۆفیق**

پرۆژە یاسایەک پێشکەشکراوە بۆ دامەزاندنی دەستەی باڵای کۆمسیۆنی سەربەخۆی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان، دروستکردنی ئەم دەستەیە لەبەر چەند هۆکارێک بەپێویست نازانم، بە ڕەچاوکردنی ئەو هۆکارانەش ترس دروست دەبێ کە ئایا بۆچی دەیانەوێ ئەم دەستەیە دروست بکرێ.

لە ڕابردوودا شتی زۆر گرنگتر خرایەڕوو کەپێویستی بەوە بوو دەستەیەکی بۆ دروست بکرێ، بەڵام هەمیشە دەیانگوت لەبەرئەوەی پێویستی بە پارەیەکی زۆرە ڕەتیاندەکردەوەو دەیانگوت ئێمە کارمان لەسەر بچوککردنەوە (ترشیق)ی حکومەت کردووەو پێویست ناکات ئەو هەموو دەستەیە دابنێین، ئێستا تێناگەم دروستکردنی دەستەیەکی وا بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژاردنەکانی هەرێمی کوردستان کە بودجەیەکی زۆری دەوێت لە بودجەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆچییە. ئێمە پرۆژە یاسایەکمان خستەڕوو بۆ دروستکردنی دەستەیەک بۆ بەگژداچوونەوەی ماددە هۆشبەرەکان بەبیانوی ئەوەی لە عێراقدا هەیەو بودجەی دەوێ ڕەتکرایەوە، کە پێمانوابوو دروستکردنی ئەو دەستەیە زۆر گرنگە.

ترسمان لە دروستکرنی دەستەی باڵای سەربەخۆی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان هەیە، چونکە ئەگەر پێشووتر دەسەڵاتی حیزبی دەستی خستبێتە نێو کارەکانی کۆمسیۆنی باڵای سەربەخۆی هەڵبژاردنەکانی عێراقەوە، ئەگەر ئەم جارە سەر بە کوردستان بێت دەبێ چ دەستتێوەردانێک ڕووبدات؟

ئێمە لەنێو لیژنەکانی پەرلەمان و لە کاتی گفتوگۆکردن دا وەک ڕەخنەیەک ئەو خاڵانە دەخەینەڕوو:

یەکەم: بەدروستکردنی ئەم دەستەیە ژمارەی دەستەکان زیاد دەکات.

دووەم: بودجەیەکی زۆری دەوێت. سێیەم: دەسەڵاتی حیزبی زاڵ دەبێت بەسەر دەستەکەدا و ڕەنگە ئەمەش کاریگەری لەسەر ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبێت لەهەرێمی کوردستان.

خاڵێکی دیکە هەیە کە پەیوەستە بە دروستکردنی ئەم دەستەیەوەو تاوەکو ئێستا بۆمان ڕوونەبووەتەوە. بڕیارە هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان لە 2010/10/31دا ئەنجامبدرێت، بەڵام تاوەکو ئێستا حکومەتی هەرێمی کوردستان هیچ ئامادەکارییەکی بۆ نەکردووە، ئەگەر بەنیازبێت دەستەی باڵای سەربەخۆی کۆمسیۆنی هەڵبژاردنەکان لە هەرێمی کوردستان سەرپەرشتی بکات ئەمە ناکرێ، هەتاوەکو مانگی 10ی ئەم ساڵ پرۆژە یاسای دامەزرندنی ئەم دەستەیە ناخرێتە بەرنامەی کارەوە بۆ گفتوگۆکردن و دەبێ کەی پەسەند بکرێت و کەی هەیکەلی دەستەکە دابنرێ و کەی ئامادەکاری بۆ هەڵبژاردنەکان بکات، نابێ بەهیچ شێوەیەک هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانیش دوابخرێت.

***ئەندامی پەرلەمان لە فراکسیۆنی یەکگرتووی ئیسلامی.**

## ئابووری

### هیچ کاریگەری گاز لە دەریاچەی دەربەندیخان نییە



**ڕووداو-سلێمانی**

ڕەحمان خانی، بەڕێوەبەری بەنداوی دەربەندیخان ڕەتیکردەوە کە بەهۆی ژاراوییبوونی ئاوی بەنداوەکەوە، ماسی نێو دەریاچەکە لەنێوچووبن و زیانی بە سامانی ئاژەڵ گەیاندبێ. خانی بۆ (ڕووداو) گوتی "هیچ حاڵەتێکی مەترسیی تۆمارنەکراوە بۆ لەنێوچوونی ماسی نێو بەنداوەکە، ئەوەی دەگوترێ ڕاست نییە". بەرپرسی بەنداوی دەربەندیخان گوتیشی "دەنگۆی ئەوە هەیە کە کۆماری ئیسلامی ئێران گازی ڕژاندبێتە نێو ئەو سەرچاوانەی ئاو دەڕژێننە نێو دەریاچەی سیروانەوە، بەڵام تائێستا هیچ کاریگەرییەکی ئەو گاز ڕژاندنە دەرنەکەوتووە".

| | |
|---|---|
| $100 = 118750 | $560 = 1تەن شیش |
| €100 = 150500 | $125 = 1تەن چیمەنتۆ |

## وەزارەتی شارەوانی و کارەبا لەگەڵ قایمقامیەتی هەولێر لەسەری ناکۆکن

# چارەنووسی هەفتە بازاڕەکەی تەنیا ئیدریس نادیارە

**ڕەوا عەبدوڵڵا**
**ڕووداو- هەولێر**

سەرەڕای تێبینی هەردوو وەزارەتی کارەبا و شارەوانی لەسەر شوێنی ئەو هەفتە بازاڕەی کە تەنیا ئیدریس بەنیازی کردنەوەیەتی، ڕۆژی 2010/7/10 کەپرەکان بەسەر خەڵکدا دابەشکران و بڕی 150 هەزار بۆ هەر کەپرێک لەخەڵک وەرگیرا، هەر لە ئێستاشەوە کڕین و فرۆشتنی کەپرەکان دەستی پێکردووە. بەرپرسێکی وەزارەتی شارەوانی دەڵێ "شوێنی بازاڕەکە تەجاوزە، درەنگ یان زوو هەڵیدەوەشێنینەوە". بەڵام قایمقامی قەزای ناوەندی هەولێر دەڵێ "وەزارەتی کارەبا و شارەوانی بەرپرس نین لە ڕێگەپێدانی پرۆژەی لەم جۆرە تاوەکو بتوانن بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی بدەن".

ئەو هەفتە بازاڕە کە دەکەوێتە نێوان هەردوو گەڕەکی کوردستان و کرێکاران، نزیکەی 500 کەپر و 100 مێز لە خۆدەگرێت و لەلایەن گۆرانیبێژی دانیشتووی ئەڵمانیا تەنیا ئیدرس دەکرێتەوە. ئەو پرۆژەیە نزیکەی 310 هەزار دۆلاری تێچووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی لەژێر تاوەرەکانی هێڵی 32 KV کارەبای هەولێر دروستکراوە، ئەو شوێنەش بەگوێرەی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کارەبا ڕێگەپێدراو نییە بۆدروستکردنی بازاڕ، بۆیە هەر یەک لە وەزارەتی کارەباو شارەوانی ڕازی نین بە دروستکردنی و داوای هەڵوەشاندنەوەی پرۆژەکە دەکەن.

محەممەد حوسێن، عارەبانچییەکی ئەو بازاڕەیە کە لەسەر عارەبانەکەی شوشەوات دەفرۆشێ، گوتی ئەو و چەند هاوکارێکی لە ترسی هەڵمەتی شارەوانی بۆ دەستگیرکردنیان، بە ناچاری دوو ساڵ لەمەوبەر بازاڕی گەڕەکی کوردستانیان بەجێهێشت و ژێر ئەو تاوەرانەیان کردە بازاڕ، گوتیشی "ئێمە هەر لەسەرەتاوە بەترسەوە هاتینە ژێر تاوەرەکان، چونکە دڵنیابووین ئەگەر هەر شۆڕتێک ڕوویدات ژیانمان دەکەوێتە مەترسییەوە، چەند جارێکیش شارەوانی ئێمەی لە مەترسی ئەو تاوەرانە ئاگادار کردەوە، تەنانەت ڕێگەی نەدا کەپر دروستبکەین نەوەک زۆر لە شوێنەکە بمێنینەوە، بەڵام سەیر لەوەدایە ئێستا خۆیان لەگەڵ کەسێک ژێر ئەو تاوەرانەیان کردووەتە کەپر و بۆ هەر کەپرێک 150 هەزار دیناریان لێوەرگرتووین و بە زۆر ڕاپێچی ژێر کەپرەکانمان دەکەن، بەبێ لەبەرچاوگرتنی مەترسی تاوەرەکان بۆ سەر ژیانمان".

کرێی ڕۆژانەی کەپرەکان 3 هەزار دینارەو بۆ مێزەکانیش بڕیارە 2 هەزار دینار لە خاوەن مێزەکان وەربگیرێ. محەممەد حوسێن، گوتی "ئێمە بەو بڕە پارەیە ڕازی نین، چونکە شت هەرزان دەفرۆشین و قازانجمان هێندە نییە، بەڵام ئەوان ڕازی نەبوون کرێیەکە دابەزێنن".

> **دروستکردنی ئەو بازاڕە زێدەڕۆییە و درەنگ یان زوو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدەین**
> بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار


حکومەتی هەرێمی کوردستان
وەزارەتی دارایی
بەڕێوەبەرایەتی گشتی دارایی
وێنەی پارەدەر
0999753 ژ/
ڕێکەوت: 2010/5/4
پسوولەی ئەو پارانەی کە بۆ حکومەت وەردەگیراون
ناوی فەرمانگە: ش 6
| پارەکە/دینار | ڕوونکردنەوە | ژمارە | ماددە | جۆر |
|---|---|---|---|---|
| 150,000 | بازاڕ / [illegible] | 2 | 5 | |
| کۆی گشتی تەنها: 150,000 | [illegible] دینار | | | |
لە: هاوڕێ فەرحان محمود
ناوی سیانی وەرگر:
ناونیشانی فەرمانبەری:
وەرگر:

وێنەی وەسڵێکی پارە وەرگرتن

ئەندازیار نەریمان کاکەسوور، بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار، نیگەرانی وەزارەتی شارەوانی لە دروستکردنی ئەو بازاڕە نیشانداو گوتی "ئێمە وەک وەزارەتی شارەوانی تێبینی زۆرمان لەسەر دروستکردنی ئەو کەپرانە هەیە، چونکە لەلایەک بەبێ ڕەزامەندی ئێمە دروستکراون، لەلایەکی دیکەش بازاڕەکە بەزێدەڕۆیی لەژێر تاوەری کارەبا دروستکراوە کە بەپێی ڕێنماییەکانی وەزارەتی کارەبا ژێر ئەو تاوەرانە شوێنی قەدەخەکراوە نابێ بۆ هیچ مەبەستێک بەکاربێت". ئەوە بەڕێوەبەرە ڕەخنەی لەو پرۆژەیە گرت کە قایمقامی ناوەندی هەولێر پشتگیری لێدەکات و گوتی "وەزارەت بەهەموو شێوەیەک ناڕازییە لە دروستکردنی ئەو بازاڕە، چونکە بازاڕەکە بەزێدەڕۆیی دروستکراوە، بۆیە درەنگ یان زوو بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی دەدەین، تا هەڵگرتنی کەپرەکانیش هەر ڕووداوێک لەژێر ئەو تاوەرانە ڕوویدات ئەو کەس و لایەنانە لێی بەرپرسن کە ڕێگەیان بەدروستکردنی بازاڕەکە داوە".

هاوشێوەی وەزارەتی شارەوانی، وەزارەتی کارەباش ناڕازییە لە دروستکردنی بازاڕەکە. عوسمان حاجی عەلی، بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی کارەبا، گوتی "دروستکردنی ئەو بازاڕە لەژێر تاوەرەکانی گواستنەوەی هێڵی 32 KV زێدەڕۆیییە، چونکە بەپێی ڕێنماییەکان لەهەردوولای هێڵەکە تا دووریی 50 مەتر شوێنی قەدەخەکراوە، نابێت بۆ هیچ مەبەستێک بەکاربێت، چونکە لە حاڵەتی پچڕان و شۆڕتکردنی هێڵەکان مەترسی بۆ سەر ژیانی خەڵک دەبێت، جگە لەوەش مانەوەی مرۆڤ بۆ ماوەیەکی زۆر لەژێر ئەو هێڵانە مرۆڤ تووشی نەخۆشی دەکات".

عەدنان عەلی، بەڕێوەبەری ژینگەی هەولێر بەوەکالەت، بێئاگایی خۆی و بەڕێوەبەرایەتییەکەی لە دروستکردنی ئەو بازاڕە نیشانداو گوتی "ڕەزامەندی ئێمە وەرنەگیراوە و ئاگادارنین لە دروستکردنی، بەڵام لێکۆڵینەوە دەکەین ئەگەر بزانین ژێر ئەو تاوەرانە زیانی تەندروستی هەیە، ناڕەزایی خۆمان بەفەرمی دەردەبڕین".



هەفتە بازاڕی هەولێر لە 500 کەپر پێکهاتووە و هەندێ لە هاووڵاتیان دەڵێن بازاڕەکە خۆشبووە (فۆتۆ: ڕووداو)

> **بۆ هەر کەپرێک 150 هەزار دیناریان لێوەرگرتووین و بە زۆر ڕاپێچی ژێر کەپرەکانمان دەکەن**
> محەممەد حوسێن،عارەبانچییەکی ئەو بازاڕە

بەشێک لەو عارەبانچیانەی پارەیان لێوەرگیراوە، پێیانوایە بەپارە ڕێگە بە دروسکردنی بازاڕەکە دراوە. هێمن عوسمان، عارەبانەچیەکی بازاڕەکەیە، دەڵێ "ئێمە دڵنیاین دروستکردنی ئەو بازاڕە زێدەڕۆییە، چونکە زانیاریمان هەیە ژێر ئەو تاوەرانە نابێت بکرێتە بازاڕ، وەزارەتی کارەباش ڕازی نییە لەسەر ئەوە، بەڵام کۆمەڵە کەسێک ڕێککەوتوون بزانە کێیان لەپشتە بەپارە ئەو شوێنەیان وەرگرتووە، چونکە ئاگادارین ئەو کەسانە کە زانییان عارەبانەیەکی زۆر لێرە کۆبووەتەوەو شوێنەکە بووەتە بازاڕ و خەڵک بەبێ پارە کاری لێدەکات، یەکسەر بیریان لەوە کردەوە شوێنەکە بکەنە بازاڕ تا بەهۆیەوە مانگانە نزیکەی 50 هەزار دۆلار بخەنە گیرفانیانەوە".

لەبەدواداچوونی (ڕووداو) بۆ دۆزینەوەی ئەو لایەنەی پارەی وەرگرتووە دەرکەوت پارەکە لە 2010/5/4 بەپسوولەی فەرمی وەزارەتی دارایی وەرگیراوە، لەشوێنی ناوی فەرمانگەش شارەوانی 6 نووسراوە بەپێی پسوولەیەک کە لەلایەن عارەبانچییەک بەناوی (هاوڕێ فەرحان مەحمود)یە کە ژمارەی پسوولەکەی (0999753)ە، لەبەرئەوەی کەپریان نەداوەتێ پسوولەکەی لەلا ماوە. بەڵام ئەوانەی کەپریان پێدراوە پسوولەکەیان لێوەرگرتووەتەوە.

ئەنوەر ڕەشید، بەڕێوەبەری شارەوانی شەش، وەرگرتنی پارەی بۆ ڕێگەدان بەو بازاڕە بەتووندی ڕەتکردەوەو گوتی "ئێمە دەسەڵاتی زەوی دابینکردنمان نییە بۆ هیچ پرۆژەیەک، ئەو بازاڕە قایمقام ڕێگەی پێداوە، پارەکەش ئێمە وەرماننەگرتووە". گوتیشی "هەرکەسێک بڵێ ئێمە پارەمان وەرگرتووە دەیدەینە دادگا".

بەڕێوەبەری نووسینگەی تایبەتی وەزیری شارەوانی و گەشتوگوزار دەڵێت "بەدواداچوون بۆ وەرگرتنی ئەو پارانە دەکەین تاوەکو بزانین پارەکە دراوەتە کێ، نابێت ئەو پارەیە بۆ حکومەت وەربگیرێت، چونکە شوێنەکە تەجاوزە".

نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێریش لەبارەی ئەو پرۆژەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە "قایمقام دەسەڵاتێکی کارگێڕی و یاسایی تایبەتی هەیە بۆ چۆنیەتی ڕێکخستنی ناو شار و دەتوانێ ئەو دەسەڵاتەی بەکاربێنێ بۆ ڕێگەپێدان و دروستکردنی پرۆژەکان لەناو شار".

نیهاد قۆجە، قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە دروستکردنی ئەو بازاڕە بیرۆکەی ئەو بووەو، ویستوویەتی بەدروستکردنی بازاڕەکە ئەو شوێنەی خەڵک بەشێوەیەکی نارێک کاریان تێدادەکرد پاکی بکەنەوەو بەشێوەیەکی ئەندازەیی کەپری لێ دروستبکەن و بازاڕێکی هاوچەرخی لێدەربچێت. دەبارەی ئەو ڕەخنانەی هەردوو وەزارەتی شارەوانی و کارەبا لەبارەی شوێنی بازاڕەکە هەیانە، نیهاد قۆجە، گوتی "وەزارەتی کارەباو شارەوانی بەرپرس نین لە ڕێگەدان و بڕیاردان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی، بەڵکو پارێزگاری هەولێر و من وەک سەرۆکی یەکەی کارگێڕیی ئەو شارە بەرپرسین کە چۆن شار ڕێکدەخەین و چ شوێنێک دەکەینە بازاڕ".

هەروەها گوتیشی "ئەوان ئەگەر ڕەخنەیان لە شوێنی بازاڕەکە هەیە کە مەترسی بۆ سەر ژیان و تەندروستیی خەڵکەکە هەیە، ئەی بۆچی پێشتر باسی ئەو مەترسیانەیان نەدەکرد کە ماوەی دوو ساڵە ئەو خەڵکە لەوێدان، بەڵام بۆمان دەرکەوتووە هەر کاتێک ئێمە کارێکی باش بۆ شاری هەولێر بکەین خەڵکانێک هەن دەکەونە ڕەخنە لێگرتنی".

سەبارەت بەو پارەیەش کە لە خەڵک وەرگیراوە، گوتی "ئەو 150 هەزار دینارەی لە خەڵک وەرگیراوە وەک تەئمیناتە نەک وەک پێشەکی و سەرقوفڵانەی کەپرەکان، دوای جێگیربوونیان بۆیان دەگەڕێنینەوە، هەر کەسێکیش قسە لەسەر ئەوە بکات کە من لە بەرامبەر ڕێگەدان بەو پرۆژەیە پارەم وەرگرتووە دەبێ بۆمان بسەلمێنێ، دەنا ئێمە بەفەرمی سکاڵای لەسەر تۆمار دەکەین".

تەنیا ئیدریس کە خاوەنی پرۆژەکەیە، ڕەتیکردەوە کەس هاوبەشی بێت لەو پرۆژەیەدا یاخود پارەی دابێتە هیچ کەسێک بۆ وەرگرتنی مۆڵەتی پرۆژەکە، گوتیشی "ئەو قسانەی لەسەر هاوبەشیی سەرۆکی شارەوانی و قایمقام دەکرێت لەگەڵ من، قسەی بێ بنەمان و کەس لەو پرۆژەیە لەگەڵ من شەریک نییە و پارەشم بۆ وەرگرتنی پرۆژەکە نەداوەتە کەس".



> **من خاوەنی بیرۆکەی دروستکردنی ئەو بازاڕەم و وەزارەتی کارەباو شارەوانی بەرپرس نین لە ڕێگەدان و بڕیاردان لەسەر هەڵوەشاندنەوەی**
> قایمقامی قەزای ناوەندیی هەولێر

تەنیا ئیدریس هەروەها گوتی "من شوێنی ئەو پرۆژەیەم لە پارێزگاری هەولێر و قایمقام وەرگرتووە، ئەگەر شوێنی پرۆژەکە نایاسایی بووایە ئەوان ڕەزامەندییان لەسەر نەدەدا، ئێستاش بازاڕەکەم بەشێوەیەکی زۆر مۆدێرن دروستکردووە، بڕی 310 هەزار دۆلارم لێ خەرجکردووە، بەڵام خەڵکانێک چاویان بەکاری باش هەڵنایە، بۆیە ڕەخنەی لێدەگرن".

تەنیا ئیدریس گوتیشی "وەزارەتی شارەوانی و کارەبا ئەگەر دەیانزانی ژێر ئەو تاوەرانە مەترسی لەسەر ژیان و تەندوستی ئەو خەڵکە دروستدەکات خۆ پێشتریش خەڵک لەنێو زبڵ لەژێر ئەو تاوەرانە کاریان دەکرد، ئەی ئەوکات بۆچی هەوڵی دوورخستنەوەی ئەو خەڵکەیان نەدەدا لەو شوێنە".

سەرەڕای هەموو ئەو ڕەخنانە، خەڵکی دەوروبەری بازاڕەکە و ئەو کەسانەی بۆ شتکڕین سەردانی بازاڕەکە دەکەن، پێیانوایە دروستکردنی ئەو بازاڕە کارێکی باشە. بەدیعە عەبدوڵڵا، 45 ساڵ، کە ڕۆژانە بۆ شتکڕین سەردانی بازاڕەکە دەکات، گوتی "دەستخۆشی لەحکومەت و خاوەن پرۆژەکە دەکەم، چونکە ئێمەی کڕیار و خاوەن عارەبانچییەکانی ڕزگار لەو پیسەی کە پێشتر

> **دروستکردنی ئەو بازاڕە لەژێر تاوەرەکانی گواستنەوەی هێڵی 32 KV زێدەڕۆییە و مەترسی بۆ سەر ژیانی عارەبانچییەکان هەیە و تووشی نەخۆشیشیان دەکات**
> بەڕێوەبەری گشتیی گواستنەوەی کارەبا

## سلێمانی دەچێتە ئەودیوی ئەزمەڕ

# سیتەک نیشتەجێبوونی شاهانە لە سلێمانی دەگوازێتەوە

**نەوزاد مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

لەودیو تونێلەکەی ئەزمەڕەوە، بیرکردنەوەیەکی ئەوروپییانە لە نیشتەجێبوون، بەشێک لە دەوڵەمەند و بازرگان و دەستڕۆشتووەکانی سلێمانی کۆکردووەتەوە. ئێستا هێزە موگناتیزییەکەی سیتەک، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ خواپێداوانی سلێمانی بۆ نێو ڤێللاو مەزرەعە ڕادەکێشێت و بەرپرسانی حکومی ناوچەکەش دەڵێن، ئەو دیاردەیە نایاساییە و لەلایەن حکومەتەوە ڕێگەپێدراو نییە.

بەختیار یەکێکە لەو کەسانەی کە دەیەوێ بە دڵی خۆی بژی و ماوەی چەند ساڵێکە لە سیتەک خۆی بەباخەکەیەوە سەرقاڵ دەکات و دەڵێ شار قەرەباڵغ بووەو خەڵک بێزار بووە لەدانیشتنی ناوشار "بۆیە کابرا دێتە ئێرەو چەند دۆنم زەوییەک دەکڕێ". وەک بەختیار حاجی حەسەن، 41ساڵ، باسیدەکات، ئەوانەی باخ و ڤێللا لە سیتەک دروستدەکەن، دوو جۆرن "یان تێیدا نیشتەجێدەبن و خەریکی باخەکانیان دەبن، یان ڕۆژانی پشووی تێدا بەسەر دەبەن".

لە سیتەک، کڕین و فرۆشتنی زەوی بە مەتر نییە و هیچ کەسێک کەمتر لە 3 دۆنم زەوی ناکڕێت، بەختیار دەڵێ" شوێن هەیە دۆنمی بە دوو دەفتەر دۆلارە". بەپێی قسەی ئەو، ساڵ لە دوای ساڵ زەوی کڕین لە سیتەک زیاتر دەبێ.

لەنێو هەر باخێکی پڕ لە سێو و قەیسی و بادام و هەڵوژە و زەیتون و فستقدا، ڤێللایەک بەرزبووەتەوەو جموجوڵێکی زۆر ڕوویکردووەتە ئەو ناوچەیەو، هەڵکەوتە جوگرافییەکەشی وایکردووە، کە ئاو و هەوایەکی جیاواز لە سلێمانی هەبێت. بە قسەی ئەوانەی لەوێ دەژین، بازرگان و پزیشک و ئەندازیار و دەستڕۆشتووەکان زیاتر سەریان ناوەتە ئەو جۆرە ژیانەوە.

بەهائەدین محەممەد عەزیز، 46 ساڵ، بۆخۆی باخێکی چڕی پێکەوەناوەو خانوویێکی سەرنج ڕاکێشی لەنێویدا دروستکردووەو دەڵێ، ئێستا لە ئەورووپاش خەڵک شارەکان جێدەهێڵێت و دەیەوێت بڕواتە شوێنێکی دوورتر لە شار خۆی بە باخ و هەوای خاوێنەوە سەرقاڵ بکات " ئەمە شوێنێکی بەردەڵڵانە و بەکەڵکی کشتوکاڵ نایێت، هەر بۆ باخ بەکاردێت ".

وەک بەهائەدین دەڵێ، باخەکان بۆ دوو ئامانج دروستدەکرێن "هەم بۆ جوانی و کەشێکی خۆش بۆخۆی و خێزانەکەی، هەم بۆ بەرهەمەکەشی"، گوتیشی " ئێستا خەڵکمان هەیە سێو و قەیسی و هەڵوژە لە باخەکەی دەفرۆشێت".

بەختیار ڕەحمان دەڵێ، هەر کەسێک بۆ ڕابواردن و شتی وا ڤێللا و باخەکەی بەکاربێنێ، ئەوە شتێکی دەگمەنە هەموو خاوەن مەزرەعەکانی دیکە گوشاری لێدەکەن و پێی چۆڵ دەکەن و دەبێ بڕوات "شتی واهەیە، بەڵام زۆر کەمە".

ماوەی پێنج ساڵ لەمەوبەر، سیتەک تەنها گوندێکی بچووکی چەند ماڵی بوو، کە دانیشتووانی سلێمانی لە ئێوارانی هەینیدا بۆ چەند کاژێرێک ڕوویان تێدەکرد، بەڵام ئیتر سیتەک بووەتە شوێنی ژیانی ئەو کەسانەی کەدەیانەوێ لە هەوایەکی دوور لە هەوای دووکەڵاوی شار بژین و پارەیان هەیە لە سیتەک باخ و ماڵ دابنێن. بەختیار دەڵێ، لە سیتەک و دەوروبەری تائێستا نزیکەی 2500 باخ دروستکراون و هەمووی درەختی بەرن "من خاوەن باخ دەناسم لە فەرەنساوە نەمامی هێناوە بۆ ئێرە".



دیمەنێک لە ڤێللاکانی ئەودیوی ئەزمەڕ (فۆتۆ: ڕووداو)

ماڵ دروستکردن لە سلێمانی، دەرفەتی کارکردنی بۆ خەڵکی ئەو ناوچەیە دروستکردووە. چونکە بەشێک لەوانەی لەوێ باخ و ڤێللایان دروستکردووە، ئەوێیان تەنها بۆ بەسەربردنی پشووەکانیان دەوێ، باخەوان و سەرپەرشتیاریان بۆ گرتوون. بەختیار ڕەحمان دەڵێ " ئێستا مەزرەعەی واهەیە یەک خێزان بە تەواوی ئیشی تێدادەکەن و ئەمەش دڵخۆشییە بۆ خەڵکەکە".

تاچەند ساڵێک لەمەوبەر، خەونی گەورەو گران، دروستکردنی خانوویەکی چەند نهۆمی بوو لەتوی مەلیک و بەختیاری و ڕیعایە، بەڵام ئێستا توی مەلیکیش چاوی بڕیوەتە مەزرەعەکانی سیتەک. بەهائەدین گوتی"خەڵک لە ژیانە جەنجاڵەکەی شار بێزار بوون".

ڕزگار محەممەد، بەڕێوەبەری دارستان و ڕەزگەری سلێمانی، دروستکردنی باخ و ڤێللاکان لە سیتەک بە کارێکی پێچەوانەی یاسا دادەنێ و دەڵێ " ئێمە لە ساڵی 2004ەوە ڕامانگەیاندووە کە ئێمە بەدەرین لەو کارانە و ئەوە نایاساییە". هەروەها گوتی" ئەو ڤێللا و باخانە هەمووی هی مەسئول و دەوڵەمەندەکانە و کێشەیان بۆ ئێمە دروستکردووەو لەسەر زەویەک کردوویانە کە مافی بەکارهێنانیان نییە". بەڕێوەبەری دارستان و ڕەزگەری هەروەها گوتیشی" ئەوانە لە چەند ساڵی ڕابردوودا سەرقاڵی حکومەتیان قۆستووەتەوەو جوتیارانی ناوچەکەش بە عەشایەری پێیان فرۆشتوون".

> **دروستکردنی باخ و ڤێللا لە سیتەک نایاساییە**
> بەڕێوەبەری دارستان و ڕەزگەری سلێمانی





بە بڕیاری ژمارە 150 ی ئەنجوومەنی وەزیران لە 2005/10/6 سیتەک کرایە ناحیە و دوای چوار ساڵ شارەوانی بۆ دانرا. سیتەک تائێستا نەخشەیەکی بنەڕەتی نییەو بەڕێوەبەری ناحیەکەش تائێستا نازانێ نەخشەی دیاریکراوی ناحیەکەی چەندە و هیچ ئامارێکی باخ و ڤێللاکانیشی لەبەردەست نییە.

سیروان سەرحەد، بەڕێوەبەری ناحیەی سیتەک دەڵێ، کێشەی ئەو زەوی و باخانە چارەسەر دەکەین "چەند لیژنەیەک دروستدەکەین و کێشەی ئەو زەوییانە بەپێی یاسا چارەسەر دەکەین"، گوتیشی " ئێستا دەمانەوێ زەوییەکانی سیتەک بکوژێنینەوەو نەخشەی بنەڕەتی بۆ دابنێین". سیروان سەرحەد، نزیکی سیتەک لە سلێمانی و بەرزبوونەوەی توانای ئابووری خەڵک دەگێڕێتەوە بۆ ئەوەی کە خەڵک بەشێوەیەکی زۆر ڕوو لە ناوچەکەیان دەکەن.

جێگری سەرۆکی دەزگای گەشتوگوزاری سلێمانی لە کابینەی پێنجەمی حکومەت، بێ بەرنامەیی و نەبوونی ماستەرپلان لە سیتەک، بە هەڵەیەکی گەورەی ئیدارەکە دەزانێ و دەڵێ "تەنها یەک خاڵی ئیجابی کە لە سیتەک هەبێت، ئەوەیە خەڵک باخ و سەوزایی دروستکردووە".

ئەشرەف تاڵەبانی ڕایگەیاند " لەساڵانی داهاتوودا لە بەرنامەدابوو پرۆژەی گەشتیاری گەورە لە سیتەک دروستبکرێ، بەڵام تازە ئەو شوێنە لە دەست حکومەت دەرچووەو باخ و ڤیللای ئەو خەڵکەش بووەتە ئەمری واقیع بەسەر حکومەتەوە".

> **تازە ئەو شوێنە لە دەست حکومەت دەرچووەو باخ و ڤیللای ئەو خەڵکەش بووەتە ئەمری واقیع بەسەر حکومەتەوە**
> جێگری بەڕێوەبەری پێشووی گەشتوگوزار لە سلێمانی

دوای 20 ساڵ

# فڕۆکە سەربازییەکانی عێراق دێنەوە ئاسمانی هەرێمی کوردستان

**کاوە شێخ عەبدوڵڵا**
**رووداو-سلێمانی**

دوای نزیکەی 20 ساڵ نەفرینی فڕۆکەی سەربازی عێراق بەئاسمانی هەرێمی کوردستاندا، بۆ یەکەمجار داوای هەڵفرینی فڕۆکە سەربازییەکانی عێراق دەکرێتەوە بەئاسمانی کوردستاندا. فەریق روکن ئەنوەر حەمە ئەمین، کە کوردە و فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراقە بە (رووداو)ی راگەیاند " گوتوومانە تەنیا ئەو فڕۆکانە بفڕن کە بۆ کاری چاودێری سنوورەکان و یارمەتی مرۆیی کەڵکیان لێ وەردەگیرێ، نەک بۆ کاروباری سەربازیی".

بەرپرسە سەربازییەکانی ئەمریکاش لە عێراق ( کە لە زەوییەوە تابەرزی 24 هەزار پێ لە ئاسمانی عێراق بەرپرسیارن)، لە راگەیێندراوێکدا کە رۆژی 2010/6/16 بڵاویانکردووەتەوە، خۆشحاڵی خۆیان بەو پێشنیازەی فەرماندەی هێزی ئاسمانی عێراق دەربڕیوەو گوتوویانە " ئامادەین بە هەموو شێوەیەک پشتیوانی لەو پلانە بکەین".

سەرچاوەیەک لە نووسینگەی جەنەراڵ مایکل باربیرۆ، جێگری فەرماندەی هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا لەعێراق بۆ (رووداو) رایگەیاند " مۆڵەتدان بە فڕۆکەی عێراقی کە بە ئاسمانی وڵاتەکەیاندا بفڕن، لە دەست ئێمەدا نییە، فڕۆکە عێراقییەکان دەتوانن بە هەموو ئاسمانی وڵاتەکەیاندا بفڕن بە هەرێمی کوردستانیشەوە".

فەریق روکن ئەنوەر حەمە ئەمین، فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق، لەوبارەوە بۆ (رووداو) گوتی "هەر کات بەرپرسانی هەرێمی کوردستان داوای فڕینی فڕۆکەمان لێبکەن بە ئاسمانی هەرێمی کوردستاندا، ئەوا داواکەیان جێبەجێدەکەین، زیاتریش ئەو فڕۆکانە دەنێرین کە ئەرکی چاودێری سنوورەکان رادەپەڕێنن نەک فڕۆکەی شەڕکەر". فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق راشیگەیاند ئەوان ئامادەبوون بۆ بەهاناوەچوونی لێقەوماوانی بۆردوومانەکانی سەرسنوور لە ئاکامی بۆمبارانی ئێران و تورکیا، فڕۆکە بۆ هاوکاریی مرۆیی بنێرن " بەڵام بەرپرسانی هەرێمی کوردستان داوایان نەکردووە".

نزیکەی 20 ساڵە هیچ فڕۆکەیەکی هێزی ئاسمانی عێراق، نەهاتووەتە ئاسمانی هەرێمی کوردستانەوە، دوای ئەوەی بەپێی بڕیاری 688ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی هەرێمی نەفرین لە مانگی نیسانی ساڵی 1991 بە هێڵی 36 دیاریکرا و ئەرکی پاراستنی ئەو هەرێمە لەلایەن هێزە ئەمریکی و بەریتانییەکانەوە لە بنکەی ئینجەرلیکی تورکیاوە رادەپەڕێنرا. سەرباری ئەوەی کە زیاد لە 7 ساڵیشە دەسەڵاتی بەعس لە عێراق رووخێنراوە، بەڵام ئاسمانی هەرێمی کوردستان دوور بووە لە فڕۆکەی سەربازیی عێراق. فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق دەڵێ، " دوای دەسەڵاتی سەدامیش فڕۆکە نەچووەتە ئاسمانی هەرێمی کوردستانەوە، لەبەر ئەوەی پێویستی نەکردووە".



جەبار یاوەر، گوتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگەی هەرێمی کوردستان، رایگەیاند پلان هەیە لە داهاتوودا وەزارەتی بەرگری عێراق بنکەیەکی زەمینی لە هەرێمی کوردستان بکاتەوە، یاوەر روونکردنەوەی زیاتری دایە (رووداو) و گوتی " بڕیارە فڕۆکەی هەلیکۆپتەر و فڕۆکەی چاودێریش لەو بنکەیە دابنرێن"، بەڵام کاتی دەستکردن بەجێبەجێکردنی پلانەکەی ئاشکرا نەکرد.

پرسی فڕینەوەی فڕۆکەکانی هێزی ئاسمانی عێراق بە ئاسمانی هەرێمی کوردستاندا، لەدوای تۆپباران و سنوور بەزاندنی هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا هات کە بەدرێژایی مانگەکانی ئایار و حوزەیرانی رابردوو، لەسەر سنوورەکانی هەرێمی کوردستان بوون.

فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق ئاشکراشیکرد لەمانگی رابردوو، شاندێکی وەزارەتی بەرگری عێراق بەسەرۆکایەتی بابەکر زێباری سوپاسالاری عێراق، سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووەو پلان دانراوە بۆ ئەوەی بەفڕۆکە چاودێری ناوچە سنوورییەکانی هەرێمی کوردستان بکرێ و، فڕۆکەی چاودێری بنێرنە ئاسمانی هەرێمی کوردستان، بەڵام نەیگوت بۆچی تائێستا ئەو فڕۆکانە نەنێردراون.

هێزی ئاسمانی عێراق ساڵی 1931 رێک دە ساڵ دوای دامەزراندنی سوپای عێراق، پێکهێنراوە، دواتر لەشەڕی داگیرکردنی کوێت لەساڵی 1990 لەلایەن هێزی هاوپەیمانانەوە لەپەلوپۆخراو ئیتر نەیتوانی هەرگیز بکەوێتەوە سەرسکەی خۆی، بەڵام ئەو هێزە بەدرێژایی ساڵانی دوای دروستبوونی، هێزێکی هێرشبەری پڕ مەترسی بووە بۆ سەر هەرێمی کوردستان و لەساڵی 1988 دا کاتێک هێرشی کیمیایی کردە سەر هەڵەبجەی شەهید، ترسناکی ئەو هێزە گەیشتە لووتکە.

بەپێی قسەی فەرماندەی ئێستای هێزی ئاسمانیی عێراق، عێراق ئێستا فڕۆکەی شەڕکەری نییەو تەنیا فڕۆکەی چاودێری و گواستنەوەی هەیە و هیچ فڕۆکەیەکی لە سوپای پێشوو بۆ نەماوەتەوە. عێراق بەنیازە لە ئایندەیەکی نزیکدا ئەو هێزە رێکبخاتەوەو فڕۆکەی شەڕکەریش بکڕێت، بەڵام ئەنوەر حەمەئەمین فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق گوتی " هەرگیز نامانەوێ فڕۆکەی شەڕکەر بنێرینەوە سەر ئاسمانی هەرێمی کوردستان، مەگەر کاتێک کە لەسەر خواستی بەرپرسانی ئەو هەرێمە بێت".

**فەرماندەی هێزە ئاسمانییەکانی عێراق:**



## داوامانکردووە فڕۆکە تەنیا بۆ چاودێری و کۆمەکی مرۆیی بچێتە ئاسمانی هەرێمی کوردستان

**نووسینگەی جەنەراڵ باربیرۆ:**

## عێراقییەکان مۆڵەتیان ناوێ بۆ فڕین بەهەموو ئاسمانی عێراقدا بە هەرێمی کوردستانیشەوە

**وتەبێژی وەزارەتی پێشمەرگە:**

## لە داهاتوودا وەزارەتی بەرگری عێراق بنکەیەک لە هەرێمی کوردستان دەکاتەوە کە فڕۆکەی هەلیکۆپتەریشی لێدەبێ

**ئەشرەف تاڵەبانی، جێگری سەرۆکی دەزگای گەشتوگوزار لەکابینەی پێشووی حکومەتدا:**

# حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گرنگی گەشتوگوزار تێناگات



ئەشرەف شەرەف نورەڵڵا ناسراو بە (ئەشرەف تاڵەبانی)، لە ساڵی 1946لەکۆیە لەدایکبووە، ماوەی 40 ساڵ لە بواری شارەوانی و گەشتوگوزاردا کاری کردووە،تاوەکو پێش ماوەیەك جێگری سەرۆکی دەزگای گەشتوگوزاری سلێمانی بووە، بەڵام دەڵێ جگە لە تەمەن زیاتر بەهۆی تێنەگەیشتن و بایەخنەدانی حکومەت بە گەشتوگوزار و جیاوازی نەکردنی سەرکردایەتی سیاسی لەنێوان خەڵکی باش و خراپ، لە 2009/7/1 خۆی خانەنشین کرد:

**هەڤپەیڤین: نەوزاد مەحموود**

**رووداو: لەو کابینەی حکومەتدا وەزارەتی گەشتوگوزار خرایەوە سەر وەزارەتی شارەوانی، ئەوە پرۆژەکانی گەشتوگوزار سست ناکات؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** گەشتوگوزار لەسەرەتای دروستکردنی یەکەم حکومەتی هەرێمی کوردستاندا بە چەند قۆناخێکدا تێپەڕیوە، سەرەتا هەیئە بوو، دواتر کرایە دەزگا و دواتر بووە وەزارەت، ئێستاش دیسان بچووککراوەتەوە بۆ هەیئە. ئەمە بۆخۆی مانای گرنگی نەدانی حکومەتە بەگەشتوگوزار. وەزارەتی شارەوانی خۆی 200 شارەوانی هەیە، ئەو وەزارەتە فریای کێشەکانی خۆی ناکەوێ، چ جای بیپەڕژێتە سەر گەشتوگوزار. نەدەبووایە ئەو دوو وەزارەتە تێکەڵ بکرێن، چونکە گەشتوگوزار دونیایەکی جیاوازەو پێویستی بە وەزارەتی سەربەخۆیە تاوەکو گەشتوگوزار پێشبکەوێ. دەزگای گەشتوگوزارمان هەبوو ئێستا ئەویش نەماوەو کراوەتە هەیئە. ئەمە یەکەم گورزی کوشندەیە لە گەشتوگوزار دەوەشێنرێ. ئێستا جەنابی وەزیری شارەوانی نە جێگرێکی تایبەت و شارەزای بواری گەشتوگوزاری هەیە و نە راوێژکاری پسپۆری ئەو بوارەی هەیە.

**رووداو: لە کابینەی پێشوودا کۆمەڵێک پرۆژەی گەشتوگوزاری گەورەتان هەبوون، چارەنووسی ئەو پرۆژانە گەیشتە کوێ؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** ئەوکات وەزارەتی گەشتوگوزار نوێ بوو، سەرەتا وەزیری پێشوو زۆر باش هاتە پێشەوە، بەڵام بەداخەوە دواتر هیچ لە داواکارییەکانی جێبەجێ نەکرد و زۆربەی کاتەکەی بە گەشتوگوزاری خۆیەوە خەرج کرد و ئاگای لە ئیشوکارەکانی خۆی نەبوو. ئەوکات چەندین کۆمپانیای گەورە هاتن و چەند پرۆژەیەکی گەورەی گەشتیارییان پێ بوو، ئەو پرۆژانە هێشتا ماون، بەڵام سستییەکی زۆریان تێکەوتووە. گرفتەکە ئەوەیە حکومەت هیچ بەرنامە و ماستەرپلانێکی نییە بۆ گەشتوگوزار. پێویستە حکومەت دوای کشتوکاڵ بایەخ بە گەشتوگوزار بدات، چونکە کاتێک خەڵک تێری خوارد و ئارامی هەبوو، ئیتر بیر لە گەشت دەکاتەوە.

**رووداو: گەشتوگوزار سەرچاوەی سەرەکی داهاتی نیشتمانی زۆر وڵاتی جیهانە، لە کوردستان چۆن دەتوانرێ ببێتە ئەو سەرچاوەیە؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** دەبێ یەکەمجار چەند کێشەیەک چارەسەر بکرێن ئەوکات ئەو کەرتە پێشدەکەوێت. یەکەم پێویستە کێشەی نێوان هەرێمی کوردستان و بەغدا چارەسەر بکرێ، هەموو ئەوانەی دەیانەوێ وەبەرهێنان بکەن، لە شوێنێک کارناکەن کە دڵنیا نەبن لێی، بۆیە زۆر گرنگە ئەو کێشانەی هەمانن لەگەڵ بەغدا، یەکلایی بکرێنەوە. دووەم، پێویستە لەگەڵ وڵاتە دراوسێیەکان کێشەکان چارەسەر بکرێن. دەبێ بانکی دانپێدانراوی نێودەوڵەتی بۆ گەشتوگوزار بکرێتەوە، چونکە تاوەکو ئەو بانکە نەبێ کۆمپانیا گەورەکانی بواری وەبەرهێنان نایێن و ناوێرن پارەی خۆیان بخەنە بانکێکەوە کە دڵنیایی نەبێت. بەڵام بەداخەوە حکومەتی هەرێمی کوردستان لە گرنگی گەشتوگوزار تێناگات و ئیدارەیەکی خراپ هەیە بۆ گەشتوگوزار،چونکە تائێستاش حکومەت بەرنامە و ستراتیژێکی روونی نییە بۆ ئەو کەرتە و فەوزایەک بەسەر ئیدارەکردنی گەشتوگوزاردا هاتووە

> **دەکرێ گەشتیار بەگوێدرێژ کەلوپەل بگەیێنێتە ئەو شوێنەی کە ناوی شوێنی گەشتیارییە؟**

> **ئێستا کە خەڵک دەچێتە ئەحمەدئاواو شوێنە گەشتیارییەکان لوتی دەگرێ لەبەر بۆنی ناخۆش**

> **لە24 کاژێر کەمتر بوو پێی دەگوترێ سەیران نەک گەشتوگوزار**

بێسەروبەرەیەکی وای خوڵقاندووە، کە گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان حاڵی خراپ بێ. ئێستا لەسلێمانی 30 شوێنی گەشتیاری توێژینەوەی لەسەر کراوەو ماستەر پلانی بۆ کراوە، لەوانەش 3 شوێنی سەرەکی هەڵبژێردراوەو کۆمپانیای بیانی گەورە ماستەرپلانی بۆ کردوون، بەڵام بەرنامەی رێکوپێک بۆ ئیدارەکردنی گەشتوگوزارنییە.

**رووداو: لەڕووی پێکهاتەی کۆمەڵایەتی وئاینییەوە کوردستان تاچەند لەبارە بۆ پێشخستنی کەرتی گەشتوگوزار؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** پێکهاتەی ئاینی وکۆمەڵایەتی هەرێمی کوردستان زۆر کاریگەری لەسەر راکێشانی گەشتیارانی دەرەوە هەیە و زۆر یارمەتی پێشکەوتنی گەشتوگوزار دەدات، کە ئەویش بوونی زۆر ئایین و ئاینزایە لە کوردستان، بۆ نموونە هەردوو ئاینزای سوننەو شیعەی لێ هەیە، تەریقەتی قادری و نەقشبەندی لێ هەیە، ئاینی ئێزدی و شەبەک و زەردەشتی و مەسیحی و کاکەیی و تەنانەت بەهائی و چەندین ئایین و ئاینزای دیکەی لێ هەیە، ئەمە وادەکات کە زۆرترین خەڵک لەدەرەوە بێنە هەرێمی کوردستان بۆ گەشتیاری.

**رووداو: شوێنە مێژووییەکان دەتوانن ببنە چ جێگەیەک بۆ راکێشانی گەشتیاران، بۆ نموونە قەڵاکانی کوردستان و ئاتەشگە زەردەشتییەکان و پەرستگەی لالش و زۆری دیکە؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** ئێستا لە ئێران و رۆژهەڵاتی کوردستان ملیۆنان کەس هەن کە هێشتا لەسەر ئاینی زەردەشتی ماونەتەوە، ئەگەر بزانن لێرە شوێن وپەرستگە مێژووییەکانیان نۆژەنکراونەتەوەوکراونەتە شوێنی گەشتیاری، بێگومان ئەوانە بەردەوام دێن. ئێمە لەهەورامانیش چەندین ئاتەشگەدەمان هەیە و هێشتا ئاسەواریان ماوە، لالش و چەندین سەرچاوەی زیارەتکردنی شیعەکانمان لەناوچەی تازە خورماتوو هەیە، دەیان مەزارگەی وەک کاک ئەحمەدی شێخ و ئەوانەشمان هەیە، ئەگەر ئەوانە زیندوو بکرێنەوە، بەملیۆنان گەشتیار لە دەرەوە روودەکەنە ئەو وڵاتە. بەڵام بەداخەوە حکومەت لە گرنگی ئەو مەسەلەیە تێناگات و گەشتوگوزار لەناو فەلسەفەی حکومەتدا شوێنی نییە. بۆ مەسەلەی گەشتوگوزار دەبێ سەرۆکی حکومەت بەردەوام چاودێری لەسەر وەزیر هەبێ و لیژنەی راوێژکاری بۆ دروست بکات. پێویستە کوردستان بۆ گەشتوگوزار دابەشبکرێ، بەشێکی سەرقاڵ بن بە گەشتوگوزاری ئاینی و بەشێکی بە رووبارو دەریاچەکان و بەشێکیشی بەچیاکان و دروستکردنی خلیسکانی سەر بەفر لەقەندیل و حەمام جەلیل و هەندێک ناوچەی دیکە سەرقاڵی پرۆژەی دیکە بن. ئێمە 14 جۆر گەشتوگوزارمان هەیە لە هەرێمی کوردستان. جارێ گەشتوگوزاری بۆنەکان هەر بایەخی پێنەدراوە. ئێستا 300 ملیۆن کەس یادی نەورۆز دەکاتەوە، ئێمە سەرچاوەی ئەو جەژنەین، دەبوو بەرنامەیەکمان هەبووایە بایەخ بەو گەشتوگوزارە بدات.

**رووداو: شوێنە گەشتیارییەکانی هەرێمی کوردستان خاوێن نین و زۆر سەرەتایین، ئایا بەوشێوەیە گەشتوگوزار پەرەدەستێنێ؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** گەشتوگوزار هەر ئەوەنییە شوێنێک دروست بکەی و بڵێی تەواو، دەبێ هاورێی ژینگەش بێت. دەبێ ئاو و ئاوەڕۆ و رێگەوبان و کارەباو شوێنی مانەوەو حەوانەوەی خەڵکی لێ هەبێت. ئەگەر گەشتیار لە دەرەوە بێتە وڵاتی ئێمە بە یەک رۆژ تاقەتی نامێنێ، چونکە ئەو گەشتیارە دەیەوێ رۆژێک بچێتە یاریگە و رۆژێک باخچەو مەلەوانگە ببینێ و رۆژێک بچێتە کافێکی کۆمپیوتەر و ئینتەرنێت و یاریگەی منداڵان ببینێ، هیچ لە مانەمان نین. تەنانەت هەندێک لە شوێنە گەشتوگوزارییەکانمان ئاودەستیشیان لێ نییە. من دەیان جار ئەو داواکارییەم هەبووە، هەر بەرپرسێک هاتبێتە لامان گوتوومە بۆ کابینە نەبێ بیکەینە ئاودەست و چەند کەسێکی بۆ تەرخان بکرێ، کە پارەکە بۆخۆیان بێ تا خاوێن رابگیرێت. بەڵام بەداخەوە لای ئێمە خەڵک کە دەچێتە گەشتوگوزار لەجیاتی ئەوەی بحەسێتەوە، هیلاک دەبێ. دیسان خەڵکیش خاوێن نییە و هوشیاری لەوبارەوە نییە، بەڵام تۆ هەر دەبێ پێشتر گلەیی لە حکومەت بکەی، چونکە تۆ ئەو شوێنەت دابین نەکردووە.

**رووداو: لە هەندێک لە شوێنە گەشتیارییەکان بەهۆی نەبوونی رێگەوبان، گەشتیار گوێدرێژ بە کرێ دەگرێ بۆ گواستنەوەی کەلوپەلەکانیان، گەشتیاری بیانی بەرگەی ئەو سەختیانە دەگرێ؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** ئەو پرسیارە زۆر لەجێی خۆیەتی، ئاخر دەکرێ گەشتیار بەگوێدرێژ کەلوپەل بگەیێنێتە ئەو شوێنەی کە ناوی شوێنی گەشتیارییە. رێگەوبان دەماری ئەو شوێنانەیە. بەهۆی تەپوتۆزی زۆرەوە، ئەوانەی دەچنە گەشت کاتێک دێنەوە، ماڵ و منداڵیان خۆڵاوی دەبن، ئەمە کەی گەشتوگوزارە. هەتا گەشتوگوزار نەبێتە فەلسەفەی دەوڵەت و داوودەزگای تایبەتی نەبێت و نەبێتە خەمی حکومەت وبەرپرسان، کێشەکانی چارەسەرنابن. ئێستا تاقگەی ئەحمەد ئاوا و چەند تاڤگەیەکی دیکە کە هەمانن، ئاوەکانیان پێویستی بەخاوێنکردنەوەیە. ئێستا کە خەڵک دەچێتە ئەحمەدئاواو شوێنە گەشتیارییەکان لوتی دەگرێ لەبەر بۆنی ناخۆش. بۆ زانیاریتان ئەگەر گەشتوگوزار لە24 کاژێر کەمتر بوو پێی دەگوترێ سەیران نەک گەشتوگوزار، تۆ کە لەگەڵ منداڵەکانت بڕۆی و ئێوارە بگەڕییەوە، سەیرانت کردووە نەک گەشتوگوزار، بەڵام خەڵک ناتوانێ شەو لەو شوێنانە بمێنێتەوە، بۆیە هیچی ناچێتە قاڵبی گەشتوگوزارەوە. پێشنیاز دەکەم بەڕێوەبەرایەتی رێگەوبانی تایبەت بەگەشتوگوزار بکرێتەوە،چونکە بەڕێوەبەرایەتی رێگەوبان ئێستا خۆی 2000 گوندی بەسەرەوەیە کە پێویستە رێگەوبانی بۆ ببات، بۆیە تا گوندێک و ناحیەیەک وەستابێ پارە لە رێگەی شوێنێکی گەشتیاری خەرج ناکات. من توێژینەوەم لەسەر هەموو شوێنە گەشتیارییەکانی پارێزگای سلێمانی کردووەو بۆم دەرکەوتووە، کە بە60 کیلۆمەتر قیرتاو، رێگەی هەموویان دەبێتە قیر. چونکە هەر یەک لە ئەحمەدئاواو گوڵان و ئاوێسەر و شاخی کۆسرەت و هەیبەت سوڵتان، هەر یەکەیان 2 کیلۆمەتر قیریان دەوێ. ئەوانیدیکەش 3 کیلۆمەتر و کەمتریان دەوێ، هەموویم کۆکردووەتەوە 58کیلۆمەتر قیرتاو چارەسەری رێگەوبانی هەموو شوێنە گەشتیارییەکانی سلێمانی دەکات کە ئەوەش تەنها 15ملیۆن دۆلاری دەوێ، کە حکومەت ئەو پارەیە لەچەند بۆنەیەکی بێ کەڵک سەرف دەکات، ئا ئەوەیە بێ بەرنامەیی حکومەت.

**رووداو: حکومەتتان لەو وردەکاریانە تێگەیاندووە؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** هەر بەرپرسێک کە وتار دەدات باسی گرنگی گەشتوگوزار دەکات، بەڵام بەکردەوە نە بڕوایان پێیەتی و نە پارەی بۆ خەرج دەکەن و نە گوێ لە خەڵکی شارەزا دەگرن. بەڵێ هەمووم داوەتە حکومەت، بەڵامن سوودی نەبووە.

**رووداو: کەرتی هوتێلکاری لایەنێکی پێویستی پێشکەوتنی گەشتیارییە، ئایا هەستناکەن هوتێل لە کوردستان کەم و خراپ و زۆر گرانن؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** هوتێلی زۆر دروستکراون، بەڵام ئێمە بۆ هۆتێل و رێستورانتەکان پێویستمان بە خولی فێرکردنی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە، کێشەکە ئەوەیە یەکێک لای وەزیر کاردەکات و نازانێ چۆن چا دابنێ، یان نازانێ چۆن ئاو لەسەر مێزەکە دابنێ، جاری وا هەیە چاکە بەسەرتدا دەڕژێنێ و پیست دەکات و دەڵێ ببوورە مامۆستا بەخوا نەمزانی. ئەوە فێر نەبووەو نازانێ. ئێمە کاتی خۆی مەڵبەندێکمان کردەوە بۆ ئەنجامدانی ئەو جۆرە خولانە و چەند کەسێکی شارەزای تێدان، بەڵام بەداخەوە حکومەت پارەیان بۆ خەرج ناکات و لە پارەی گیرفانی خۆیان خولیان کردووەتەوە.

**رووداو: کرانەوەی کۆمەڵگە، رێگەدان بە پەیوەندی ئازادی نێوان کچان و کوڕان بە پێویستییەکی پێشکەوتنی گەشتیاری لە کوردستان دانانێن کە ئێستا لە کوردستان بەهۆی ئەوەی کۆمەڵگەیەکی داخراوی ئاینییە رێگەی ئەوە نادات؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** پێویستە ئازادی هەبێ، بەڵام دەبێ ئازادییەکی سنوورداربێت، چونکە نابێ کولتورو بیرکردنەوەی کۆمەڵگەکەمان لەبیر بکەین و بەئاسانی و لەشەو و رۆژێکدا بیگۆڕین. دەبێ بەشێوەیەکی لەسەرخۆ و هێمن کاری بۆبکەین. بەڵام راستیشە دەبێت ئازاییەکی تاراددەیەکی باش هەبێ ئەگینا وەک ئێران شوێنە گەشتیارییەکانمان بایەخی خۆیان وەرناگرن. ئەگەر گەشتوگوزار بکرێتە سەرچاوەی داهات و پشتی پێ ببەسترێ، بیرکرنەوەی خەڵکیش دەگۆڕێ، بۆ نموونە کاتی خۆی لە هەورامان دەیانگوت ئەگەر ئەم جێگەیە بکرێتە شوێنی گەشتوگوزار لەوانەیە بیتەقێنینەوە، بەڵام ئێستا ئەوانەی وایاندەگوت خۆیان بیرە و مەشروباتی تێدا دەفرۆشن. بۆیە یەکێک لەخاڵە گرنگەکانی گەشتوگوزار ئەوەیە کە بیرکردنەوەی خەڵکیش دەگۆڕێ.

**رووداو: ئێستا ژمارەیەکی زۆر عەرەب و ئێرانی دێنە هەرێمی کوردستان، کەواتە دەتوانن بڵێن ئەوانە زیاتر بەدوای ئارامی و ئازادیدا دێنە ئێرە نەک بۆ گەشتوگوزار؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** ئەوانە لە واقیعی خۆیان هەڵدێن، عەرەبەکان بەدوای ئارامی و ئێرانییەکانیش بۆ ئازادی و خواردنەوە دێن.

**رووداو: عەرەب ئێستا گەشتیارە هەرە زۆرەکانی کوردستانن، بەڵام زۆرجاران هەستدەکەی ئەوان لەبەرئەوەی عەرەبن بە چاوێکی سووک تەماشا دەکرێن؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** ئەوە تێنەگەیشتنە لە ئەلف و بێی گرنگی گەشتوگوزار. لەهەموو دونیادا یاسایەک هەیە دەڵێ، هەموو کاتێک گەشتیار لەسەر هەقە، چونکە ئەو دێتە لای تۆ و داوای خواردنی باش و شوێنی باش و چاوساخی دەکات و دەبێ پێشکەشی بکەی، دەبێ پێشوازی لێبکەی و شوێنەکانی نیشان بدەی و زانیاری لەبەردەست بێت، ئەمانە لە کوردستان نین. بەڵام ئەگەر ئەوان گلەییان ئەوەبێ کە دەپشکێنرێن، ئەوە مافی خۆیان نییە، چونکە ئێمە ئەزموونی تاڵمان لەگەڵ مەسەلەی ئەمنی هەیە و دەبێ ئەمنیەتی خۆمان بپارێزین.

**رووداو: گرنگترین کۆسپەکانی بەردەم پێشکەوتنی گەشتوگوزار لە هەرێمی کوردستان چین؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** حکومەت بەرنامەو ستراتیژی روونی نییە بۆ گەشتوگوزار، تاوەکو ئەو گرێیە نەکرێتەوە لە کێشەکان تێناگەین.دیسان حکومەت پارە بۆگەشتوگوزار تەرخان ناکات. لەلایەکی دیکەشەوە دەسەڵاتی پێویست نادرێتە بەڕێوەبەرایەتییەکان .وەزیرهەموودەسەڵاتەکان بەهی خۆی دەزانێ و داینابەزێنێتە خوارەوە، خۆ ناکرێ من لەهەورامانەوە بۆ عەریزەیەک بچمە هەولێر. جگە لەو کێشانەی دیکەش کە باسمانکردن .گەشتوگوزار تاکە دەزگایە لەو وڵاتە کە هیچ ئۆرگانێکی ئیعلامی نییە، نە رۆژنامە و نە رادیۆ، راگەیاندنیش بەگشتی باسی گەشتوگوزارناکات.

**رووداو: ئێستا لەهەرێمی کوردستان داهاتی گەشتوکوگوزارلەچ ئاستێکدایە؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** بە ژمارە نازانم، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ئێمە لەسلێمانی بەقەدەر شەش پارێزگای عێراق داهاتمان لەبواری گەشتوگوزار هەبووە. لەساڵی 2000تاوەکو 2003 ئێمە لەسلێمانی بەس بە پارەی داهاتی گەشتوگوزار وەزارەتی شارەوانی و دائیرەکەی خۆمان دەژیاند. سەیرانگەی دووکان زۆرترین داهاتی ناوچەی گەشتیاری سلێمانییە.

> **حکومەت هیچ بەرنامەو ماستەر پلانێکی نییە بۆ گەشتوگوزار**

> **ئێمە 14 جۆر گەشتوگوزارمان هەیە لە هەرێمی کوردستان، بەڵام بایەخیان پێنەدراوە**

**رووداو: لەو ماوەیەی جێگری سەرۆکی دەزگای گەشتوگوزاری سلێمانی بووی، رووت لە زۆربەی بەرپرسانی ئیداری کرد تابایەخ بەو پرسە بدەن، ئایا کەس پێشوازی لەراو پێشنیازەکانت دەکرد؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** بەداخەوە هی وایان هەبوو بەپێکەنینی گاڵتەئامێزەوە دەیگوت کاکە گەشتوگوزار زۆری ماوە، یان دەیگوت بەشارەوانی بڵێ با هاوکاریتان بکەن. بەڵام هەندێکشیان بەڵێنی زۆریان دەدا و کەدەهاتە سەر بواری عەمەلی، هیچیان نەدەکرد. بەڵام من بەوە دڵخۆشم کە ئەم وەزیرە نوێیەی شارەوانی زۆر باش لە بایەخی گەشتوگوزار تێدەگات. هیودارم ئەم وەزیرە نوێیە جیابێت و بتوانێ تەکانێک بە گەشتوگوزار بدات.

**رووداو: بۆچی لە پۆستی پێشووی خۆت کشایەوە؟**

**ئەشرەف تاڵەبانی:** من راستە تەمەنم زۆربووە، بەڵام من زۆر لەوەپەست بووم، کە زۆر شەرحی کێشەکانی گەشتوگوزارمان کرد و سوودی نەبوو. دەسەڵات نەدەدرایە بەڕێوەبەراتییەکان و بەڕێوەبەرەکان. من لەوە بێتاقەتم کە وەزارەتێک و قیادەیەکی سیاسی جیاوازی لە نێوان خەڵکی خراپ و باش نەکات .پیاو لەو شوێنانە ناتوانێ بەردەوام بێت.

ڕووداو

هونەر



## گابرییێل کامکاران داوەتدەکات

**ڕووداو- سنە**

گرووپی کامکاران لەم مانگەدا دوو کۆنسێرت لە لەندەن و مانچستەر لە بەریتانیا ساز دەکەن. بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، گرووپی موزیکی کامکاران لە 2010/7/24 لەشاری لەندەن بەشداری لە فیستیڤاڵی موزیکی womad دەکەن، هەروەها لە ڕۆژی 2010/7/25 لە شاری مانچستەر لەسەر داوای (پیتەر گابرییێل)ی ئاوازدانەر و گۆرانیبێژی بەنێوبانگی بەریتانی کۆنسێرت سازدەکەن.



بڵند ئیبراهیم:

# پەیوەندی نێوان من و پارێزگاری دهۆک پچڕاوە

بڵند ئیبراهیم، پێیوایە ئەو بودجەیەی بۆ هەندێ لە هونەرمەندانی ئافرەت لەلایەن حکوومەتەوە تەرخانکراوە، کارێکی نا عادیلانەیە و دەیەوێ ڕوونکردنەوەی پێویستی لەبارەوە بدرێ کە ئایا ئەو پارەیە لەسەر بنەمای هونەرێکی زۆر باش، یان جوانی ئەو ئافرەتانە خەرج دەکرێ؟ کێن ئەو لایەنانەی کە ئەو هونەرمەندانە دیاریدەکەن و بودجەکەیان دەخرێتە خزمەتەوە؟ کێ مافی بەوان داوە بەو شێوەیە جیاوازی لە نێوان هونەرمەندان دا بکەن؟

بڵند ئیبراهیم دەڵێ: ماوەی زیاتر لە سێ ساڵە پەیوەندی لە نێوان ئەو و پارێزگاری دهۆکدا نەماوە لەسەر ئەوەی لە میدیاکاندا ناوی ئەوم نەهێناوە کە لە یەک لە بەرهەمەکانمدا پشتگیری کردووم. بڵند حەزدەکات ئەکادیمیای هونەرە جوانەکان تەواو بکات، چونکە ژیانی پڕاو پڕە لە هونەر، جگە لە کاری هونەری، کارێکی دیکە ناکات و ساڵانە داهاتێکی زۆر لەڕێگەی هونەرەکەیەوە دەستدەکەوێ

هەڤپەیڤین: کارزان حەیدەر

## هونەرمەند دەتوانێ لە ڕێگەی دیمانەی زۆرباشی ڕۆژنامە گرنگەکانیش بوونی خۆی بسەلمێنێ

**ڕووداو: بەرهەمی نوێتان بڵاوبووەوە، ئەو بەرهەمە چ جیاوازییەکی هەبوو لەگەڵ بەرهەمەکانی پێشووتان؟**

**بڵند :** (جارەکا دی) بەرهەمی ئەمجارەی من بوو، ئەو بەرهەمە لە 10 تراک پێکهاتووە، 8 گۆرانی بادینی و 2 گۆرانی سۆرانی، کە هەریەک لە هونەرمەند زیاد ئەسعەد و ئەحمەد محەممەد بە شیعرەکانیان هاوکارییان کردووم، پێش ئامادەکردنیشی بیرم لەوە کردەوە کە دەبێ گۆرانێک لەو بەرهەمەدا بکەم، بۆیە هەوڵمدا ئەوە بکەم، کە جەماوەریش گوێیان لێبوو،

## › بە ئەرکی خۆم دەزانم کە ساڵانە دوو گۆرانی سۆرانی بڵێم

## › پەیوەندیم لەگەڵ هەردوو هونەرمەند عەدنان کەریم و ئەیوب عەلی زۆر باشە

هەستیان بەوە کرد. پێویستە هونەرمەند ئاگاداری پێشکەوتنەکانی میوزیکی تازەو جەماوەریش بێت.

**ڕووداو: هیچ گۆرانییەکتان لەو بەرهەمە کلیپ نەکردووە؟**

**بڵند :** یەک گۆرانیم کلیپ کردووە بە ناوی (کا یارا من) لە دەرهێنانی هۆزان مزوری و بەرهەمهێنانی کۆمپانیای ڤین پرۆدەکشن، لەبەرئەوەی ئەو کۆمپانیایە بەرهەمی هێناوە تەنها لە کەناڵی ڤین پەخشدەکرێ.

**ڕووداو: هونەرمەند بە بەرهەمی ساڵانەی دەتوانێ بوونی خۆی بسەلمێنێ؟**

**بڵند :** جگە لە ئەلبوومی تازە، هونەرمەند دەتوانێ لە ڕێگەی پرۆگرامی زۆر باشی کەناڵەکانی تەلەفزیۆن و دیمانەی زۆرباشی ڕۆژنامە گرنگەکانیش بوونی خۆی بسەلمێنێ، بەڵام گرنگترین ڕێگە سازکردنی کۆنسێرتە بۆ هونەرمەند بۆ ئەوەی بوونێکی بەردەوامی لە ناو جەماوەر هەبێت.

**ڕووداو: لە بەرهەمەکانتدا گۆرانی بەشێوەزاری کرمانجی خوارووش هەن، ئەوە بۆ ڕازیکردنی جەماوەرە یان خۆت حەزت لە گوتنیانە؟**

**بڵند:** ئەز حەز لە گۆرانی سۆرانی دەکەم، ئەگەر ئەو حەزە نەبووایە نەمدەتوانی گۆرانی سۆرانی بڵێم، ئەوە بە ئەرکی خۆم دەزانم کە ساڵانە دوو گۆرانی سۆرانی پێشکەش بە جەماوەری سۆرانی خۆم بکەم.

**ڕووداو: پێتوایە فۆنەتیکی کرمانجی خواروو باشە؟**

**بڵند :** من لە گۆرانی گوتندا سۆرانیم زۆر باشە، بەڵام ناتوانم زۆر بەباشی بە سۆرانی گفتوگۆ بکەم. کاتێک کۆنسێرتێک لە هەولێر دەکەم و خەڵک گۆرانییەکانم لەگەڵ دەڵێنەوە، ئەوکاتە دەزانم سۆرانییەکەم باشە.

**ڕووداو: زۆر لە هونەرمەندانی بادینان داوەتی کەناڵە هونەرییەکان دەکرێن، تۆ نابینرێی، بۆچی؟**

**بڵند:** من سەیری پرۆگرامەکانی ئەو کەناڵانە دەکەم نەک خودی کەناڵەکان، تا ئێستا دووجار بەشداری بەرنامەی (سۆز) ی کەناڵی کوردستانم کردووە لەبەرئەوەی هەستم کردووە پرۆگرامێکی سەرکەوتووە و پێشکەشکار و ئامادەکارێکی باش پرۆگرامەکەی بەڕێوە دەبات.

**ڕووداو: ئەی بۆ لە کەناڵ 4 و کۆرەک تائێستا لە پرۆگرامەکان بەشداریت نەکردووە؟**

**بڵند :** هەر کاتێک پرۆگرامێکی باش لەو کەناڵانە هەبوو ئامادەم بەشداری بکەم.

**ڕووداو: پێشتر وەک مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکانی دهۆک کارت دەکرد، ئێستاش هەر بەردەوامی؟**

**بڵند :** لەبەر سەرقاڵ بوونم بە کارە هونەرییەکان، دەوام ناکەم.

**ڕووداو: هەوڵتان نەدا کۆلیژیش تەواو بکەن؟**

**بڵند :** زۆر حەزم دەکرد ئەکادیمیا تەواو بکەم لە هەولێر، بەڵام سەرقاڵ بوونم دەرفەتی نەداوم.

**ڕووداو: بەردان مێردینی هونەرمەند لە بەرنامەکەی خۆیدا لە کەناڵی تەرەتە 6 گوتی بڵند دەناسم، ئەو هاوڕێتە؟**

**بڵند:** بەردان زیاتر لە پێنج ساڵە هاوڕێی منە، چەند جار بەیەکەوە گۆرانیمان گوتووە و کۆنسێرتیشمان لە باکووری کوردستان بەیەکەوە کردووە.

**ڕووداو: پەیوەندیت لەگەڵ هونەرمەندانی هەولێر و سلێمانی چۆنە؟**

**بڵند :** لەگەڵ زۆربەی هونەرمەندانی هەولێر و سلێمانی پەیوەندی باشم هەیە، بە تایبەت هەردوو هونەرمەند عەدنان کەریم و ئەیوب عەلی.

**ڕووداو: بیرتان لەوە نەکردووەتەوە گۆرانییەکی دوێت لەگەڵ هونەرمەندێکی کچی سۆرانی بڵێی؟**

**بڵند:** بیرم لێکردووەتەوە، بەڵام تاوەکو تێکستێکی باش نەبێ ئەوە ناکەم، من ئەو هەنگاوە بە سادەیی نانێم.

**ڕووداو: کێ پشتگیری تۆ دەکات لە بەرهەمهێنانی گۆرانییەکانت؟**

**بڵند:** خودی بەڕێز نێچیرڤان بارزانی پشتگیری ڕاستەوخۆی بەرهەمەکانی منی کردووە لە ئێستا و پێشتریش، وەک چۆن پشتگیری هونەرمەندانی کردووە بێ جیاوازی، ئەگەر حکومەتیش پشتگیری هونەرمەند نەکات، هونەرمەند دەتوانێ کارەکانی خۆی بکات، بەڵام دووچاری زەرەر دەبێ.

**ڕووداو: ئێستا جگەلە کاری هونەری، چ کارێک دەکەی بۆ دابینکردنی بژێوی ژیانت؟**

**بڵند:** هەموو بژێوی ژیانی من لەسەر کارە هونەرییەکانمە، داهاتی ساڵانەی من زۆر باشە، لەو کۆنسێرتانەی لە سێ پارچەی کوردستان سازیاندەکەم، بۆیە پێویستیم بە کارێکی دیکە نییە لە پاڵ هونەردا.

**ڕووداو: دەنگۆی ئەوە هەیە ئێستا تۆ و پارێزگاری دهۆک کێشەتان هەیە، ئەو کێشەیە لەسەر چییە؟**

**بڵند:** چەند ساڵێک پێش ئێستا تەمەر ڕەمەزان پشتگیری منی کرد لە بەرهەمی (وەرە پەری)، کە لە ڕاگەیاندنەکاندا ناوی ئەوم نەهێنا، زویر بوو لێم و



## › گوێم لێبووە کە حکوومەت بودجەیەکی تایبەتی بۆ هەندێ هونەرمەندی ئافرەت داناوە، ئەوەش وەڵامی دەوێت

پەیوەندییەکەمان پچڕا، ئەو مەسەلەیەشم لە کەسێکی زۆر نزیکەوە پێگەیشت کە جەنابی پارێزگار لەگەڵ ئەو کەسەدا باسیکردووە، بۆیە ماوەی چەند ساڵێکە پەیوەندی نێوان من و پارێزگاری دهۆک لەسەر ئەوە پچڕاوەو تائێستا یەکترمان نەبینیوەتەوە.

**ڕووداو: پێتوایە گرنگی زۆرتر بە هەندێ گۆرانیبێژی ئافرەت دەدرێ لە کوردستان؟**

**بڵند:** گوێم لێبووە کە حکوومەت بودجەیەکی تایبەتی بۆ هەندێ هونەرمەندی ئافرەت داناوە، بەڵام کەس نازانێ ئەو بودجەیە چەندە و کێ بەرپرسە لە سەرفکردنی؟ ئەو بودجەیە لەسەر چ بنەمایەک دەدرێتە ئەو هونەرمەندە ئافرەتانە؟ لەسەر بنەمای جوانییان؟ یان ئاستی هونەرییان؟ لەبەرچی بۆ هەندێ لە هونەرمەندانی ئافرەتە و هونەرمەندانی پیاو ناگرێتەوە؟ ئەی بۆ هەندێ ئافرەتی هونەرمەندی دیکە وەریناگرن؟ دەبێ لایەنی پەیوەندیدار ڕوونکردنەوە لەسەر ئەوە بدات، چونکە ئەمە پرسیارێکە، هەزاران وەڵامی پێویستە.

**ڕووداو: بۆ هونەرمەند هەمیشە چاوەڕێی ئەوە دەکات حکومەت و بەرپرسان پشتگیری بکەن و ئاوڕیان لێ بدەنەوە؟**

**بڵند:** بارودۆخی کوردستان وایکردووە هونەرمەند پێویستی بە کەسێکی سەرمایەدار یان دەسەڵات هەبێت، بەڕای من ئەگەر حکومەت یاسایەک بۆ پاراستنی مافی هونەرمەندان دەربکات، ئێستا هونەرمەندان پێویستیان بە پشتگیری بەرپرسێک نەدەبوو، من پێموایە حکومەت خۆی نایەوێ پارێزگاری لە مافی هونەرمەندان بکات، بۆ ئەوەی هونەرمەند هەر لەژێر باڵی بەرپرساندا بن، من ئەو پرسیارە لە حکومەت دەکەم کە بۆ نایانەوێ پارێزگاری لە مافی هونەرمەندان بکەن؟

**ڕووداو: پێتوایە کارەکە وا سانایە بۆ حکومەت؟**

**بڵند:** ئەوە ئەرکێکی نیشتمانییە، بەڵام نایانەوێ ئەو گرفتە چارەسەر بکەن و پشتگوێیان خستووە، چونکە قازانجی ئەوانی تێدا نییە، ئەگەر قازانجی ئەوانی تێدابووایە لە ماوەی 10 ڕۆژدا گرفتەکەیان چارەسەر دەکرد.

**ڕووداو: ماوەیەکە ژیانی هاوسەریتان پێکهێناوە، منداڵتان هەیە؟**

**بڵند :** تائێستا نیمانە، بەڵام بیرمان لەوە کردووەتەوە ئەمساڵ شتێک بە شتێک بکەین ئەگەر خوای گەورە پێمان ببەخشێ.

**ڕووداو: خێزانەکەت خزمی خۆتە؟**

**بڵند :** بەڵێ.

**ڕووداو: خۆشتویست؟**

**بڵند :** خۆشمویست بەڕێکەوت، کاتی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگای موسڵ بوو، بۆ سازکردنی چەند کۆنسێرتێک چووبوومە شنگال، ماوەی هەفتەیەک لەوێ لەماڵی خزمێک مامەوە، لەوێ ئەو کچەم خۆشویست و چووە بەر دڵم، بۆیە دوو دڵیم لێ نەکردو چوومە خوازبێنی. هەرچەندە بیری ژنهێنان لای من نەبوو، بەڵام پێموایە یەکجار دەرفەت بۆ ئینسان هەڵدەکەوێ، جا زیرەک ئەو کەسەیە ئەو هەلە بقۆزێتەوە چونکە دووبارە نابێتەوە.

**ڕووداو: ئەو ئێستا لە تۆ ناتۆرێ ئەگەر کلیپێک لەگەڵ کچێک بکەی؟**

**بڵند :** هەرچەندە پێشتر لەسەر ئەو مەسەلانە قسەمان کردووە، بەڵام هەستدەکەم جار جارە دڵگران دەبێ بەهەندێ شت، بەر لەوەی بچمە کارێکی کلیپکردن، سیناریۆو دەرهێنانی کلیپەکەی

## › داهاتم زۆر باشە بۆیە پێویستیم بەکاری دیکە نییە لە پاڵ هونەردا

## › هاوسەرەکەم پێمدەڵێ نابێ نزیکی ئەو کچە بکەویەوە کە کلیپی لەگەڵ دەکەی

بۆ باسدەکەم، ڕەزامەندی ئەو وەردەگرم، ئینجا دەست بە کارەکە دەکەم، بەڵام پێش دەستپێکردن ئاگادارم دەکاتەوە کە نزیکی ئەو کچە نەکەومەوە کە کلیپی لەگەڵ دەکەم، زۆر جاریش بۆ کارە جوانەکان دەستخۆشیم لێ دەکات و دڵی پێی خۆش دەبێت.

**ڕووداو: ئێستا کچە هەوادارەکانت پەیوەندیت پێوە دەکەن کە دەزانن ئێستا خێزانداری؟**

**بڵند:** تێڕوانینی زۆر لەوان بەرامبەر هونەرمەند دەگۆڕێ ئەوکاتەی هونەرمەندەکە ژن دێنێ، کە ئەوەش زۆر هەڵەیە، لەکاتێکدا من پەیامێکم هەیە، ئەویش خزمەتکردنی ئەوانە و دەزانم چ لە دڵی ئەواندایە، هەر بۆ ئەوە گۆرانی دەڵێم.

**ڕووداو: ئێستا هیچ بەرهەم و کارێکی نوێی هونەریتان لەبەردەستە؟**

**بڵند :** دوای بڵاوبوونەوەی بەرهەمی نوێ، سێ مانگ چاودێری کاریگەری و دەنگدانەوەی بەرهەمەکە لەناو جەماوەر دەکەم. ئێستا خۆم بۆ بەرهەمی ساڵی نوێ ئامادە دەکەم.

---

ئەلبوومەکەی زیاد ئەسعەد سێ مانگی دیکە بڵاودەبێتەوە

# یەکەمین ئەلبوومی کوردی لە ڕووی نرخەوە

**ڕووداو- هەولێر**

ئەلبوومە نوێیەکەی هونەرمەند زیاد ئەسعەد، لەلایەن کۆمپانیای (میڤی ژن) بە کەمتر لە 100 هەزار دۆلار فرۆشرا کە تائێستا ئەو نرخە بۆ هیچ ئەلبوومێکی هونەرمەندێکی کورد دانەنراوە.

دوای ئەوەی (ڕووداو) ڕاپۆرتێکی لەبارەی ئەلبوومە نوێیەکەی هونەرمەند زیاد ئەسعەد بڵاوکردەوەو تێیدا ئاماژە بۆ ئەوە کرابوو ئەلبوومەکەی بە 100 هەزار دۆلارە دەفرۆشێت.



دوای کێبرکێیەکی زۆر لەنێوان کۆمپانیاکان لەکوردستان، کۆمپانیای (میڤی ژن) بەهاوکاری چەند کۆمپانیایەکی دیکە، بووە خاوەنی مافی چاپکردن و بڵاوکردنەوەی ئەو ئەلبوومە.

بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئەلبوومەکەی زیاد ئەسعەد بە کەمتر لە 100 هەزار دۆلار لە زیاد ئەسعەد کڕدراوە. سەرچاوەیەک لە کۆمپانیای (میڤی ژن) بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "نوێنەرمان چووە سوێد و لەنزیکەوە هونەرمەند (زیاد ئەسعەد)ی بینی، دوای چەند ڕۆژێک گفتوگۆی نێوانیان، سەرئەنجام گەیشتنە ئەو ڕێککەوتنەی ئەلبوومەکە ببێتە موڵکی ئێمە"، ئەو سەرچاوەیە نرخەکەی بە وردی ئاشکرا نەکرد، بەڵام گوتی " نرخەکە کەمترە لە 100 هەزار دۆلار".

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی ئەوان ناتوانن نرخی فرۆشتنیشی لە بازاڕ ڕابگەیێنن "چونکە وردەکاری زۆرترمان ماوە تاکو نرخی ئەلبوومەکە ڕابگەیێنن، دەمانەوێ بەشێوازێکی تۆکمە و بەرنامەدار کاری بڵاوکردنەوەو ڕێکلامی بۆ بکەین". ئەوەشی نەشاردەوە، کە ئەو پارەی بۆ کڕینی ئەلبوومەکەی هونەرمەند زیاد ئەسعەد دانراوە تائێستا بۆ ئەلبوومی هیچ هونەرمەندێکی کورد دانەنراوە.

سەرچاوەکە ئاماژەی بەوەدا کە لەگەڵ بەرپرسی زۆربەی سەنتەرەکانی فرۆشتنی سیدی لە شارەکانی کوردستان گفتوگۆیان کردووە، هەموویان لەسەر ئەوە کۆکن ئەلبوومەکەی ڕێژیەکی زۆری لێدەفرۆشرێ "پێشبینی دەکرێ لە چاپی یەکەمدا بگاتە 100 هەزار دانە بە شێوەی کاسێت و سیدی، تائێستا لەگەڵ هەردوو ناوەندی بڵاوکردنەوەی (ئارۆ) لەسلێمانی و (ئەربائیلۆ) لەهەولێر ڕێککەوتووین، کە ئەوان دوو نووسینگەی سەرەکی بن بۆ بڵاوکردنەوەی ئەلبوومەکە لە سەرتاسەری کوردستان".

ئەلبوومەکە ئێستا لەقۆناخی تۆمارکردن و ئامادەکردندایەو زیاد ئەسعەد بە خۆی سەرپەرشتی دەکات، پێشبینی دەکرێ تا 3 مانگی دیکە سەرجەم کارەکانی کۆتایی بێ و بڵاوبکرێتەوە.



---

# کچانی تەوار بوونە یەکەمی جیهان

**فەیسەڵ شێخانی**

**ڕووداو- ڤیەننا**

لەنێو 27 گرووپی موزیکدا کە لە چەند وڵاتێکەوە بەشدارییان لە فیستیڤاڵی ڤیا موزیکی جیهانیدا کردبوو لە نەمسا، تیپی تەواری کچانی سلێمانی پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

لەو فێستیڤاڵە نێودەوڵەتییەدا کە ساڵانە لە ڤیەننای پایتەختی نەمسا سازدەکرێ، تیپی تەواری کچانی سلێمانی سەر بە یەکێتی ژنانی کوردستان خەڵاتی یەکەمبوونی وەرگرت. دڵشاد عوسمان، بەرپرسی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستی فیستیڤاڵی موزیکی کلاسیک لە ڤیەننا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە فیستیڤاڵی موزیکی کلاسیک کە ساڵانە لە ڤیەننا سازدەکرێ، لەچەند بەشێک پێکدێ لەوانە بەشی کۆڕاڵی کچان، منداڵان، پیاوان و کۆڕاڵی تێکەڵاو، "کۆمیکۆ خان بەرپرسی تیپی تەواری کچانی سلێمانی، توانی زۆر بەسەرکەوتوویی تیپەکە بەرەو پێش ببات، بۆیە لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنی فیستیڤاڵەکە لەنێو 5 تیپدا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا".

ئەو فیستیڤاڵە لە 2010/7/2 بەبەشداری 27 گرووپی کۆڕاڵی موزیکی کە لە 16 وڵاتەوە بەشداربوون دەستیپێکرد، کە لە گەورەترین هۆڵی ڤیەننا سازکرا. دڵشاد عوسمان ئاماژەی بەوەدا کە لەو فیستیڤاڵەدا جگە لە کوردستان، تیپی کۆڕاڵی کچانی وڵاتانی چین، ئوستراليا، ئەندەنوسیا، ئۆکرانیاش بەشدارییان تێدا کردبوو. دڵشاد عوسمان، کە پێش دوو مانگ بۆ ڕێکخستنی کاری چوونی ئەو تیپە هاتبووەوە کوردستان گوتی " لە کوردستانەوە بە ستافێکی 27 کەسی بەشداری ئەو فیستیڤاڵە کرا، کە 25یان ئەندامی تیپی تەواری کچانی سلێمانی بوون، دواتر لەلایەن لیژنەی هەڵسەنگاندنی فیستیڤاڵەکە کە ئەندامەکانی لەپرۆفیسۆر و مامۆستایانی زانکۆکانی جیهان پێکهاتوون، پلەی یەکەمی پێبەخشرا".

دڵشاد عوسمان باسی ئەوەشیکرد کە لەکۆتایی فیستیڤاڵەکەشدا تیپی تەواری کچانی سلێمانی بەهاوبەشی لەگەڵ هونەرمەند کیژان ئیبراهیم خەیات گۆرانییان پێشکەشکرد "چونکە تەنها ئەو تیپانە دەیانتوانی گۆرانی بڵێن کە دەبوونە یەکەم".



# تاراوگە

## 21 پەناخوازی کورد لەسەر سووتانی کامپێک لە نەرویج دەستگیر دەکرێن



**ڕووداو-نەرویج**

بەپێی ڕاپۆرتێکی ڕۆژنامەی The Foreigner ی نەرویجی، پۆلیسی شاری باکسۆرد لە نەرویج ڕایگەیاندووە کە" 21 پەناخواز، کە خەڵکی کوردستانی عێراقن بەهۆی ئەوەی گومانیان لێدەکرێ دەستیان لەسووتاندنی ئەوکامپەی پەناخوازاندا هەبووە، دەستگیرکراون". هەروەها پۆلیس دەڵێ هەتا ئێستا بەتەواوەتی ئاشکرا نەبووە هۆکاری سووتانەکە چییە، بەڵام هەر سێ باڵەخانەکە لەیەک کاتدا سووتان " ئەمەش ئەوە ئاشکرا دەکات کە ئەو سووتانە بەئەنقەست بووە" . دوو لەو باڵەخانانەی سووتاون، ئەو پەناخوازانەی تێدابووە کە داوای مافی پەنابەرێتیان لەلایەن حکوومەتی نەرویجییەوە ڕەتکراوەتەوە و ئامادەکراون بۆ دیپۆرتکرنەوە.

(ڕووداو) وردەکارییەکانی بڵاودەکاتەوە

# هاووڵاتییەکی کوردستان بە تۆمەتی "ئەندامێتیی قاعیدە" لە ئەڵمانیا دەستگیردەکرێ



پارێزەری شوان



کامێرای چاودێرییەکە کە لە ئەڵمانیا چاودێریی شوانی کردووە



شوان بوجاق

**ڕووداو-ئەڵمانیا**

هەفتەی ڕابردوو هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری هەولێر بەناوی (شوان سادق سەعید بوجاق)، لە شاری دویسبۆرگی ئەڵمانیا دەستگیرکرا. هەواڵی دەستگیرکردنەکە هەموو دنیای تەنییەوە و بووە سەردێڕی ڕۆژنامە جیهانییەکان. ئۆپەراسیۆنەکە لەلایەن پۆلیسی ئەڵمانی و لەسەر داوای وەزارەتی داد و پۆلیسی نەرویجییەوە ئەنجامدرا. چونکە هاووڵاتییەکە لە وڵاتی نەرویج مافی پەنابەریی هەبووە و بۆ "پشووی هاوینە" هاتبووە ئەڵمانیا. حکومەتی نەرویجی لە ئۆپەراسیۆنێکی دیکەی هاوکاتدا دوو کەسی دیکەشی لە ئۆسلۆ دەستگیرکردن بە تۆمەتی "پێوەندی هەبوون بە ڕێکخراوی قاعیدە"ەوە و "ئامادەسازیکردن بۆ ئەنجامدانی کردەوەی تیرۆریستی". (شوان)یش بە هەمان ئەو تۆمەتانەوە لەلایەن نەرویجەوە تۆمەتبار کراوە. (ڕووداو) وردەکاری زۆرتر لەمبارەیەوە بڵاودەکاتەوە.

### "وەک تۆڕێک دەستگیرکراون"

کاژێر 8:30ی بەیانی ڕۆژی 2010/7/8 بە دەیان پۆلیسی دەموچاو داپۆشراوی ئەڵمانی لە گەڕەکی مەیدە ڕیشی شاری دویسبۆرگ هەڵدەکوتنە سەر باڵەخانەیەک. ئەوێ، شوێنی مانەوەی شوان و هاوسەرەکەی و دوو منداڵەکەی بووە. بە گوتەی هاوسەری شوان، کاتێک پۆلیسە دەمامکدارەکان بە چەکەوە لێیان دەچنە ژوورەوە "هێشتا منداڵەکان خەبەریان نەبووەوە"، ئەو باسی ئەوە دەکات کە هاوسەرەکەی لەلایەن پۆلیسەکانەوە بە زەویدا دراوە و منداڵەکانیشی کە ئەمەیان بینیوە گریاون. ئینجا، دوای چاوبەستنی، ڕاگوێزراوە بۆ زیندانێک لە فرانکفۆرت.

وتەبێژێکی وەزارەتی داد لە شاری فرانکفۆرتی ئەڵمانیاش هەمان ڕۆژ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا ڕایگەیاند "پۆلیسی فیدراڵیی ئەڵمانیا تۆمەتبارێکی داواکراوی لەلایەن حکومەتی نەرویجیی لە دویسبۆرگ دەستگیر کردووە"، ئەو وتەبێژە باسی ئەوە دەکات کە ئۆپەراسیۆنەکە هاوبەشبووە و نەرویجیش تێیدا بەشدار بوون. هەروەها دەڵێت: "دەستگیرکراوەکە وەک گەشتیارێک هاتووەتە ئەڵمانیاوە"، زۆر خۆشحاڵیشە کە "ئۆپەراسیۆنەکە بەبێ خوێنڕشتن کۆتایی هاتووە."

هەمان ڕۆژ کاژێر 8:30ی سەرلەبەیانی لە شاری ئۆسلۆی پایتەختی نەرویجیش پۆلیس دوو تۆمەتباری دیکەی دەستگیرکردن. کە یەکێکیان بە ڕەچەڵەک ئویگورە و خەڵکی چینە و ئەوی دیکەشیان ئۆزبەکییە. بەهۆی ئەو ئۆپەراسیۆنەوە (جێنس ستۆڵتنبێرگ)ی سەرۆکوەزیرانی نەرویج کۆتایی بە پشووی هاوینەی خۆی هێنا و لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لەگەڵ (کنوت ستۆر بێرگێت)ی وەزیری داد دا ڕایدەگەیێنن کە هەرسێ کەسەکە بە تۆمەتی پێوەندی هەبوون بە ڕێکخراوی قاعیدەوە و وەک "تۆڕێک" دەستگیر کراون.

### بەهۆی ڕاگەیاندنەوە ئاشکرا بوو

وتەبێژی پۆلیسی نەرویجی (جانە کریستیانسن) لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانیدا لە ئۆسلۆ ئاشکرای کرد کە "ماوەیەکی زۆرە ئەو تۆمەتبارانە چاودێری دەکرێن"، ڕۆژانی دواتریش چەند دیمەنێک بڵاوبوونەوە کە پیشانیاندەدا پۆلیسی نەرویجی چەندین مانگە بەدزییەوە کامێرای چاودێریی بۆ تۆمەتبارەکان داناوە. تەنانەت لە ئەڵمانیاش دیمەنی ئەو کامێرایە بڵاوبووەوە کە چاودێریی (شوان بوجاق)ی دەکرد.

بە گوتەی پۆلیسی نەرویجی ئەو سێ کەسە سەرقاڵی ئامادەسازی بوون بۆ دروستکردنی بۆمبی هایدرۆجینی و دەیانویست بەشداربن لە پلانێکدا کە پێشتر بۆ تەقاندنەوەی هێڵی مێترۆی شاری نیویۆرکی ئەمریکا و بازاڕێکی قەرەباڵغی شاری مانچستەری بەریتانیا دانرابوون. دوو ڕۆژ بەر لەو هەڵمەتی دەستگیرکردنەش هەم لە ئەمریکا و هەم لە بەریتانیاش بە هەمان تۆمەت تۆڕەکە

> **ئەمە گەورەترین کردەوەی دەستگیر کردنە لە وڵاتەکەماندا**
> سەرۆک وەزیرانی نەرویج

> **هێشتا منداڵەکانمان خەبەریان نەبووەوە کە دەستگیریان کرد**
> هاوسەری دەستگیرکراوەکە

دەستگیرکران. پۆلیسی نەرویجی گومان دەکات کە "هەموویان ئەندامی یەک تۆڕی سەر بە ڕێکخراوی قاعیدە بن."

لەناو میدیاکانی نەرویجدا دەنگۆی ئەوە بڵاوبووەوە کە پۆلیسی نەرویجی ئەو ئۆپەراسیۆنەی لە ناچاری ئەنجامداوە و هێشتا لێکۆڵینەوەکانیان بە ئەنجام نەگەیشتوون. گوایە ئاژانسی هەواڵنێریی (ئەسۆشیەتد پرێس AP) ئاگادارکراوەتەوە لە مەسەلەکە و لەترسی ئەوەش پۆلیسی نەرویجی ناچار بوون تۆمەتبارەکان دەستگیر بکەن. جانە کریستیانسن لە کۆنفرانسە ڕۆژنامەوانییەکەیدا ئەو قسانەی پشتڕاست کردنەوە، بەبێ ئەوەی ناوی ئاژانسە هەواڵنێرییەکە بێنێت. بەڵام وتەبێژێکی ئەسۆشیەتد پرێس دەڵێ: "ئێمە پێشتر لەلایەن دەسەڵاتدارانەوە هۆشداریی ئەوەمان درابوویێ کە هیچ لەوبارەیەوە بڵاو نەکەینەوە و ئێمەش بەڵێنمان دا تاوەکو ڕۆژی دەستگیرکردنەکە هیچی لەسەر نەنووسین."

### تەنیا وێنەی شوان بڵاو بووەتەوە

هەرچەندە میدیای جیهانی بە بایەخەوە لە زانیاریی نوێ دەگەڕێن لەبارەی سێ کەسە دەستگیرکراوەکەوە، بەڵام تائێستا تەنیا زانیاریی ورد لەبارەی (شوان بوجاق)ەوە ئاشکرابوون کە لە ساڵی 1999ەوە لە نەرویج دەژیت و مافی پەنابەرێتیی وەرگرتووە. دەستگیرکراوە ئۆزبەکییەکە تەنیا ئەوەندەی لەبارەوە دەزاندرێ کە لە ساڵی 2006ەوە ناوی خۆی گۆڕیوە بۆ (دەیڤید جاکسۆن). بەڵام (ڕووداو) زانیویەتی کە لەوەوپێش ناوی (عەلی شێر عەبدوللەتیف) بووە و ناوبراو مافی پەنابەریی لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی لە نەرویج وەرگرتووە. دەربارەی کەسی سێیەمیش کە ئویگورە و بە (میکائیل داود) ناسراوە، هیچ زانیارییەک لەبەردەستدا نییە، ئەوە نەبێت لە نێوبراو تۆمەتبارە بەوەی سەرکردەی گرووپە سێ کەسییەکە بووە کە لە بنەڕەتدا سەر بە پارتی ئیسلامیی تورکمانستانن (بزووتنەوەیەکی چەکداریی ئویگورەکانی چینە و بەوە ناسراوە کە پێوەندیی بە ڕێکخراوی قاعیدەوە هەیە- ڕووداو).

بە گوتەی ئارڤید شیودین، کە پارێزەری شوانە، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا شوان پێوەندیی پێوە کردووە، بەڵام ئەو نەیتوانیوە وەڵامی بداتەوە. شیودین باسی ئەوە دەکات کە یاساکانی ئەڵمانیا وەک هی نەرویج نین و بۆیەش تائێستا نەیتوانیوە شوان لە نزیکەوە ببینێ. هەروەها ناڕازیشە لەوەی حکومەتی نەرویجی ناو و وردەکاریی دیکەی ژیانی شوانی بڵاوکردووەتەوە "هێشتا دیار نییە کە ئەو تۆمەتانەی دراونەتە پاڵی ڕاستن یان نا. کەچی بە بڵاوکردنەوەی ئەو زانیارییانە زیانێکی گەورە بە کەسایەتیی شوان کەوتووە."

ئەوانەی لە نزیکەوە شوان دەناسن وەکو کەسێکی "هێمن" و "ئیماندار" دەیناسێنن کە هەمیشە کاری کردووە و هاوکاری دەوروبەری کردووە. گوایە لە ساڵی 2002 دا بەرپرسی دامەزراوەیەکی موسوڵمانان بووە لە نەرویج. هەروەها زۆر حەزی لە ئۆتۆمبێل بووە. لە دیمەنەکانی کامێرای چاودێریکردنیدا دیمەنی مارسیدسێک دەردەکەوێ کە هی شوانە.

هاوڕێیەکی کوردیشی دەڵێت: "زۆر هاوکاریی کردووم و کاتێک ماڵم نەبوو، پەنای داوم."

### "دەبێ ئاگامان لە خۆمان بێت"

سەرۆکوەزیرانی نەرویج لە کۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەیدا گوتی "ئەمە گەورەترین کردەی دەستگیرکردنە لە مێژووی نەرویجدا." هەروەها جەختیشی کردەوە کە "هێشتا ئاسایش لە وڵاتەکەماندا بەرقەرارە"، بەڵام "دەبێ ئاگاشمان لە خۆمان بێت."

نەرویج یەکێکە لەو وڵاتانەی، بەهۆی بەشدارییەوە لە هێزەکانی ناتۆ لە ئەفغانستان و بڵاوبوونەوەی کاریکاتێرە دانیمارکییەکانی سەبارەت بە پێغەمبەری ئیسلام لە ڕۆژنامەکانی ئەو وڵاتەدا، لەلایەن ئەیمەن زەواهیری کەسی دووەمی ڕێکخراوی قاعیدەوە وەک "ئامانجێک" بۆ هێرش بردنە سەری ناسێندراوە. سەرەڕای ئەوەش وەزارەتی ناوخۆی نەرویج لە ڕاپۆرتێکی تازەیدا پێیوایە "لە ناوەوەی وڵاتدا هەڕەشەی گەورەمان لەسەر نین. ئەوە نەبێت کە هەندێک کەس لێرەوە پشتیوانی چالاکییە تیرۆریستییەکان دەکەن لە وڵاتانی دیکەدا". ئەمەش پێچەوانەی ئەو قسانەیە کە وەزیری دادی ئەو وڵاتە هەفتەی ڕابردوو بۆ میدیاکان کردی، کاتێک پرسیاری ئەوەی لێکرا: ئایا جێی تێبینی نییە کە هەرسێ دەستگیرکراوەکە کەسانێکن لەلایەن دەوڵەتەکەتانەوە وەک پەنابەر و یەکێکیشیان وەک هاووڵاتیی نەرویجی ناسێندراون؟ ئەویش لە وەڵامدا گوتی: "ئەوە ڕاستە و لە ئایندەدا دەبێ لەسەر ئەو مەسەلەیە وردبینتر بین."

Reklam

کۆمپانیای (جنە اربیل) بۆ ئێوە کار دەکات لە عێراقەوە بۆ هەموو جیهان.
گەشت بۆ تورکیا بۆ فڕۆکەخانەی ئیستەمبوڵ، ڕۆژی دەرچوون 2010-7-22
بە پەلە ناوت تۆمارکە لە کۆمپانیای (جنە اربیل) ئەم خزمەتگوزاریانەتان بۆ دابین دەکرێت :

هەموو دەزگا حکومییەکان و کۆمپانیاکان دەتوانن پەیوەندی بە ئێمەوە بکەن بۆ هێنان و ناردنی گرووپ بۆ تورکیا، ئێمە تیمی پاراستنی تایبەتیمان هەیە لە تورکیا و ئاسانکاری بۆ نەخۆشەکان دەکەین بە هەموو خزمەتگوزارییەکەوە.

- ئوتێلی چوار ئەستێرەیی، ژەمی بەیانیان ، دابینکردنی ڤیزەی تورکیا ، ئامادەبوونی وەرگر لەگەڵتدا، 24 کاتژمێر لەچاودێری و خزمەت دای . هەر پێداویستیەکت هەبێت بۆت دابین دەکرێت، 3 ڕۆژگەڕان لەنێو شاری ئیستەمبوڵ، دیمەنی جوانی ئەم شارە ببینە، وەکو : موزە خانە ئایا سۆفیا، مزگەوتی سوڵتان ئەحمەد، مۆڵ ، شاری یاری ، دۆڵمە باخچە، مەلەوانگە، تەلفریك، بۆسفۆر.
6شەو لەئیستەنبوڵ

گەرانەوە بە فڕۆکە لەفرۆکە خانەی ئیستەمبوڵ بۆ فرۆکەخانەی دیاربەکر، لەدیاربەکرەوە بۆ هەرێمی کوردستان بە پاسی تورکی.

نرخی ئەم گەشتە بە فرۆکە تەنها 789 دۆلارە و بە پاس 567 دولارە
دوا ڕۆژ بۆ ناونووسین 2010-7-12
ئەم هەلە لەدەست خۆت مەدە
لە بیرمەکە بەیەك تەلەفۆن ناوت تۆمارکە لە کۆمپانیای (جنە اربیل)
بۆ زانیاری زیاتر پەیوەندی بۆ ئەم ژمارە تەلەفونانە بکەن :

07503083040
07508148984
07700448868
000905316534166

Janat Erbil
Tourizm.com

ناونیشان : هەولێر، 40مەتری، نزیك سوپەر مارکیتی کۆك

Reklam



## کچێک لە داخی مامی خۆی سووتاند



**ڕووداو-سۆران**

نەقیب خۆشەوی تەها، بەرپرسی نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە سۆران بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ڕۆژی 2010/7/5 لە گەڕەکی خەباتی شارۆچکەی سۆران، کچێک بەناوی س.د.ش، 16ساڵ، خۆی سووتاند. (س) باوکی نەماوەو دایکی مێردی کردووەتەوە، لە لەلای مامی بووە، (س) بە ڕێژەی 85%سووتاو دوای یەک ڕۆژ لە سووتانی گیانی لە دەستدا. نەقیب خۆشەوی ئاماژەی بەوەدا "(س)لە ئیفادەکەیدا سکاڵای لە دژی مامی هەبوو، کە لەگەڵی خراپ بووەو لە داخی ئەو خۆی سووتاندووە، بەڵام لێکۆڵینەوە بەردەوامە و هێشتا بەتەواوی ڕوون نییە بۆچی خۆی سووتاندووە".

# خێزانێک بەتۆمەتی خنکاندنی کچەکەیان دەخرێنە زیندانەوە

## دایکی سنوور: ڕاستە خنکانی کچەکەم شاردەوە، بەڵام نەمخنکاندووە

**لەنیا مەحموود**
**ڕووداو-سلێمانی**

لەنێو یەکێک لە ژوورەکانی زیندان، ژنێکی تەمەن 46 ساڵ، دانیشتووەو ڕۆژانی تەمەنی لە زیندان بەسەر دەبات، ئەو بە تاوانی خنکاندنی کچەکەی، لەگەڵ مێردەکەی و کوڕێکی خراوەتە زیندانەوە، بەڵام ئەو حاشا لە ئەنجامدانی ئەو تاوانە دەکات و دەڵێ "کێ دەستی دەچێتە کچی خۆی بیکوژێت، دایک کە هەڵەی کچی خۆی بپۆشێت چۆن دەیکوژێت، من بێ تاوان دەستگیر کراوم".

ئەو ژنە کە نەیویست ناوی ڕاستەقینەی بڵاوبکرێتەوە، بەسەرهاتنی خنکاندنی کچەکەی بۆ (ڕووداو) گێڕایەوەو گوتی "کاژێر 5ی بەیانی لەخەو هەستام، سەیرم کرد جێگەی کچەکەم چۆڵە، گومانم کرد لەتاو ئازاری گەدەی چووبێتە دەرەوە، کە چوومە دەرەوە لایتم لێدا کراسەکەیم بینی، ئیتر چەند جارێک بانگم کرد وەڵامی نەبوو".

وا بڕیارە 2010/7/20 دایک و باوک و برای سنوور لەسەر خنکاندنی سنوور دادگایی بکرێن. سنوور کە تەمەنی 16 ساڵ بووە، دایکی دەڵێت بە خۆی خۆی خنکاندووە "ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگرمان هەیە، بە پەتێک خۆی بە ئۆتۆمبێلەکە هەڵواسیبوو، کە بینیم شڵەژام و ئارامم لێبڕا، هەر لەوێدا ترسام لەوەی کە بڵێن خۆی خنکاندوویەتی، بۆیە بە چەقۆیەک پەتەکەم بڕی و بردمە ژوورەوەو بەخنکاوی لە جێگاکەی خۆیدا ڕامکێشایەوە".

وەک خۆی دەیگێڕێتەوە، دوای بردنە ژوورەوەی کچە خنکاوەکەی، کەسی دیکەی خێزانەکەی بەخەبەر نەهێناوەتەوەو تا بەیانی بەدیاریەوە گریاوە "دڵم وەک سەماوەر دەکوڵا"، گوتیشی "بۆ بەیانی یەکە یەکە هەموویان هەستان و تەنها ئەو مابوو هەستێ، کچێکی دیکەم بەحەپەساوی هات و گوتی وای، خوشکەکەم مردووە".

هەرچەندە خۆبێدەنگکردنی دایک لە خنکانی کچەکەی و هێنانەوەی بۆ سەرجێگەکەی بە خنکاوی، زۆر گومان دروستدەکات و لە ئیفادەکەشیدا یەکێکە لەو هۆیانەی ئەوی پێ تۆمەتبار بکرێ، بەڵام ئەو دەڵێ "وەک موعجیزەیەک هیچم پێ نەدەکراو نەمدەزانی چی بکەم، لەترسی ئەوەش تاوانبار نەکرێم بردمەوە سەر جێگەکەی خۆی و ڕامکێشایەوەو بەبێدەنگی هێشتمەوە تا بەیانی".

کاتێک پۆلیس لە ڕووداوەکە ئاگادار دەبن و دەگەنە ماڵی باوکی سنوور، تەرمەکە دەگەیێننە نەخۆشخانە و لەنەخۆشخانەوە داوای دایک و باوکی دەکەن "لە نەخۆشخانە لێیان پرسیم چ کێشەیەکی هەبووە، منیش گوتم پێشتر گەدەی ناساخ بووەو بەردەوام ئازاری هەبوو، کاتێکیش گوتیان تەرمەکەیان ڕەوانەی سلێمانی کردووە، گوتم هەموو شتێک ئاشکرا دەبێ، ناچاربووم هەموو شتێک بدرکێنم".

ئەوەی گەوهەر لەبارەی ڕووداوی خنکانی کچەکەیەوە دەیدرکێنێ، ئەوەنییە کە ئەو خنکاندبێتی "تەنیا ئەوەمگوت چوومە دەرەوە، بینیم خۆی بە ئۆتۆمبێلەکە هەڵواسیبوو و خۆی خنکاندبوو، ئیتر منیان هێنایە زیندان و لەو ڕۆژەوە من لەزینداندام، بەبێ ئەوەی من تاوانبار بم".

سنوور، ماڵیان لەشارۆچکەی کەلارە و قوتابی قۆناخی ناوەندی بووە، باوکی دوو ژنی هەبووە، وەک دایکە زیندانیکراوەکەی دەیگێڕێتەوە، کچێکی بێ کێشە بووەو گرفتی لەگەڵ هیچ کەسێک نەبووەو تەنها گرفتی ئەوەی هەبوو گەدەی ئازاری هەبوو و پزیشک داوای لێکردبوو کە پارێز بکات بۆ ئەوەی چاک ببێتەوە "بەڵام ئەو گوێی نەدەدایە ئامۆژگاری پزیشک، ئەوەی لێی قەدەخەکرابووایە دەیخوارد".

دایکی سنوور دەڵێ، "هەرچی بڵێم کەس بڕوام پێناکات، دەڵێن لەگەڵ کوڕی دیکە پەیوەندی هەبووەو سکی لەوان هەبووە بۆیە خنکاندووتەو شاردووەتەوە، یان دەڵێن لەگەڵ سێ کوڕ ڕۆیشتووە، بەڵام کچی من لەگەڵ هیچ کوڕێک بۆ هیچ شوێنێک نەڕۆیشتووە"، هەروەها گوتی "سنوور زۆر خۆشەویست بوو لە ماڵەوە، زۆر خۆشمدەویست و تەنانەت خۆم جلەکانیم بۆ دەشۆرین".

ماوەی پێنج مانگە دایکی سنوور لە زینداندایە، لە گرتووخانەی ژنان. دەڵێ "من زیندانیکراوم گوایە کچی خۆم خنکاندووە، بەڵام تەنها ئەو خودایە ئاگای لێیەتی کە من بێتاوانم".

لوقمان سابیر شوکر، بەڕێوەبەری پۆلیسی کەلار، قسەکانی ئەو ژنەی ڕەتکردەوەو گوتی "قسەکانی ئەو ژنە جیاوازی زۆرە لەگەڵ ئەوەی لای ئێمە هەیە، ئێمە هەر لەخۆمانەوە کەس تاوانبار ناکەین و لێکۆڵینەوەمان هەیە".

خوشکێکی سنوور کە نەیویست ناوی ئاشکرا بکرێ بەرگری لە دایکی دەکات و دەڵێت "دایکم دەستی لەو تاوانەدا نییە، دوو ڕۆژ بەر لەوەی خۆی بخنکێنێ، من بە چاوی خۆم بینیم سنوور پرۆڤەی خۆ خنکاندنەکەی دەکرد، کە بینیم یەکسەر گوتی: هیچ نییە لاسایی فیلمەکان دەکەمەوە"، خوشکی سنوور داواکارە خێزانەکەی ئازاد بکرێ "ئێمە هەموومان سەرگەردان بووین، هەر ڕۆژەو لە ماڵێکین".



**داوا دەکەم دایک و باوک و براکەم ئازاد بکرێن، ئێمە سەرگەردان بووین، هەر ڕۆژەو لە ماڵێکین**

خوشکێکی سنوور

# دێرین منداڵەکانی تێر ماچ کرد و خۆی سووتاند

## دایکی دێرین : خۆزگە زانیبام بۆ خۆی دەسووتێنێ



**ڕووداو-سلێمانی**

دوای خەوێکی درێژ لە پاڵ هەردوو منداڵەکەیدا و تێر ماچی کردوون، دواتر هەستاوە شیر بۆ منداڵە تەمەن دوو ساڵەکەی بگرێتەوە، بەڵام نەگەڕاپەوە لای منداڵەکان و هەر لە چێشتخانەکەدا نەوتی بەخۆیدا کرد و گڕی لەخۆی بەردا. مەریوان کە دێرینی بەگڕەوە هێناوەتە دەرەوە لەنێو ماڵەکەیدا دەڵێ" زۆر هاوارم لێکرد دێرین نەکەی خۆت بسووتێنی، بەڵام ئەو نەوەستا تاوەکو من گەیشتمە لای، هەموو گیانی بووە ئاگر".

10ساڵ لەمەوبەر دێرینی تەمەن 30 ساڵ لەگەڵ کوڕێک ژیانی هاوسەری پێکدێنێ، ئەو لە یەکێک لە قوتابخانەکانی شاری سلێمانی مامۆستابوو، دوو ساڵ بەر لە ئێستا بەهۆی کێشەوە لە هاوسەرەکەی جیابووەوەو دەیویست جارێکیتر ژیانی هاوسەری لەگەڵ مامۆستایەکی هاوڕێی پێکبێنێتەوە کە خۆشیدەویست و بۆ ئەو مەبەستە ماڵی نوێی ڕێکدەخستەوە، بەڵام کێشەکان هێندە پاڵەپەستۆی دەروونییان لەسەر دروستکردبوو، هەر ئەوەندەی پێکرا ڕۆژی 2010/6/6 تەلەفۆن بۆ مەریوانی خۆشەویستی بکات و بڵێ "دەمەوێ بەپەلە بگەیە لام، زۆر بێتاقەتم".

مەریوان محەممەدی تەمەن 33ساڵ مامۆستایە و چوار جار داوای دێرینی کردووە، بە دەنگێکی تێکشکاوەوە دەڵێ "دێرین تەلەفۆنی بۆکردم و گوتی وەرە لام زۆر بێتاقەتم، پرسیم کەس بێتاقەتی کردووی، گوتی نا بەپەلە وەرە دەمەوێ بتبینم، کە چووم دەرگاکەی لەسەر خۆی داخستبوو". مەریوان بەخەمباری درێژەی دایێ و گوتی"نەوتی بەخۆیدا کردبوو دەیوت خۆم دەسووتێنم، زۆر هاوارم لێکرد نەکەی، پەنجەرەکەم ڕادەوەشاند، تامن دەرگاکەم شکاند، ئەو شقارتەی لەخۆیدا".

خۆشەویستی نێوان مەریوان و دێرین لەوە بەهێزتربووە کە بیر لەوە بکەنەوە، دێرین بێوەژنە و دوومنداڵی هەیەو ئەمیش گەنجە "من ئەوم زۆر خۆشدەویست"، گوتیشی"بەڵام خەڵک لێنەدەگەڕان، نازانم خەڵک حەقی چییە بەسەر دوو کەسەوە کە خۆیان بڕیاری خۆیانداوە". مەریوان محەممەد وایگوت.

وەک نزیکەکانی دێرین و مەریوان دەیگێڕنەوە، ماڵی مەریوان و دێرین بەو هاوسەرگیرییە ڕازی نەبوون، بەڵام مەریوان هەر سوور بووە لەسەر ئەوەی بیخوازێت.

لەبەر نەگونجان، دووساڵ لەمەوبەر دێرین و هاوسەرەکەی لێک جیابوونەوە، بەڵام هێشتا لەڕووی شەرعیەوە هاوسەرەکەی تەڵاقی نەدابوو، بۆیە سێ ڕۆژ بەر لە خۆسووتاندنەکەی، دێرین دەچێتە دادگا تا تەڵاق لە هاوسەرەکەی وەربگرێت و نەفەقەی منداڵەکان وەربگرێت، بەڵام لە دادگاش لەگەڵ هاوسەرەکەی بەشەڕدێن "کە هاتەوە دەگریا، دەیگوت دایە زۆر قسەی ناشیرینی پێگوتم و لەبەر چاوی خەڵک قسەی سووکی زۆرداوە لەڕووم"، ئەمیرە یوسفی دایکی دێرین گوتیشی "ئیتر هەستمدەکرد کە دێرین سات لە دوای سات خەفەتی دەخوارد و بیری لەو قسانە دەکردەوەو گۆشەگیر دەبوو".

دایکی دێرین پێی سەیرە کە کچەکەی گەیشتووەتە ئەو بڕیارە ترسناکە و دەڵێ، ئەو لە ژیانی ژن و مێردایەتیدا ئەو هەموو ئازارەی چەشت و بیری لە شتی وانەکردەوە، نازانێ بۆ ئەو بڕیارەیدا "لەخەستەخانە پێمگوت کچم بۆ وات لە خۆکرد؟ تۆ کە دەتویست ژیان دروست بکەیەوە چی وای لێکردی خۆت بسوتێنی؟ بەڵام ئەو گوتی دایکە بەخوا نازانم، لەخەو هەستام ویستم شیر بۆ کوڕەکەم بگرمەوە، ئیتر لەوێ نەوتم بەخۆمدا کرد و خۆم سوتاند".

هێلین، تەمەنی 8ساڵ و هۆنیای تەمەن دووساڵ، هەروەک چۆن دووساڵ لەمەوبەر سێبەری باوکیان لەدەستدا، بەمەرگی دایکیشیان جارێکیتر هەتیو کەوتنەوە و سەریان لێشێوا. وەک داپیریان دەیگێڕێتەوە، کاتێک لە هاوسەرەکەی پێشووی جیابووەوە، سکی هەبووەو ئەو کوڕە لەسکیدابووە "گوتم دێرین ئەگەر منداڵەکانت بوونەتە کێشە بۆت، بیانهێنە بۆ لای من، بەڵام ئەو گوتی دایکە من چۆن بەبێ ئەو منداڵانە دەژیم".

هەرچەندە مەریوان چوار جار داوای دێرینی کردبوو، کەسوکاری ڕازی نەدەبوون بەو هاوسەرگیرییە، بەڵام دێرین بێ هیوا نەبووە لەوەی زەماوەند لەگەڵ مەریوان بکات، هەر بۆیە خانوویەک بەکرێ دەگرێ و دەست بەکڕینی کەلوپەلی ناوماڵ دەکات و خۆی بۆ ژیانی نوێ ئامادە دەکات "هەفتەیەک پێش ئەوە خوشکەکەی ناوماڵی بۆ ڕێکدەخست". ئەمیرەی دایکی ڕەتیدەکاتەوە کە ئەو دژی شوکردنەوەی بووبێت" من بۆیە ڕازی نەدەبووم، چونکە دایکی مەریوان ڕازی نەبوو کوڕەکەی بێوەژنێک بێنێت، منیش دەمگوت دوایی پێکەوە ناگونجێن و تووشی کێشە دەبێتەوە".

مەریوان کە بە بینینی دیمەنی گڕاوی دێرینی خۆشەویستی زۆر کاریگەر بووە، دەڵێ " ئەوە ژیانی لەبەرچاوخستم". گوتیشی" من خۆم دێرینم خۆشدەویست و زۆر بەدڵم بوو، بەڵام ئەو لەگەڵ مێردە کۆنەکەی بەشەڕهاتبوو، ئەوەش زۆر برینداری کردبوو".

دڵشاد ڕەفیق، مولازمی لێکۆڵەر لە پۆلیسی بەکرەجۆ دەڵێ، ڕۆژی 2010/6/6 دێرین لە ماڵەکەی خۆی لەبەکرەجۆ خۆی سوتاندووەو دوای چوار ڕۆژ مانەوە لەنەخۆشخانە گیانی لەدەستداوە. 86%ی جەستەی سووتابوو. ئەو سەرچاوەیەی پۆلیس گوتیشی "ئەو ئافرەتە کێشەی هەبووە، هەم کێشەی لەگەڵ هاوسەرە کۆنەکەی هەبووە کە دەبوو تەڵاقی بدات و هەم کەسوکاری خۆی و ئەو کوڕەش کە ویستویەتی داوای بکات ڕازینەبوون بەو هاوسەرگیریە".

ئەمیرە بۆ کچەکەی دەگری، هاوکات زۆر بەلاشییەوە سەیرە کە نەیتوانیوە لە بەردەم ئەو کێشەیەدا خۆی ڕابگرێ و دەڵێ " ئەو زۆر زۆر لەسەرەخۆ و هێمن بوو، بەسەعات قسەی بکردایە هەستت پێنەدەکرد، زۆر خۆی خۆشدەویست و حەزی لە هەرچی بکردایە دەیخوارد و هەمیشە جلی جوانی دەپۆشی، زۆر دڵی بە ژیان خۆشبوو".

بێستون،دراوسێیەکی ماڵی دێرینە و ئەو ڕۆژە چاوی لێبووە کە دێرین بە ئاگرەوە لە ماڵ دەرپەڕیوەو مەریوان خەریکی کوژاندنەوەی بووە "ئەوان تازە هاتوونەتە ئەوێ، کە چاوم لێبوو بە پەلە ڕامکرد و لەگەڵ ئەو کوڕە بەخێوەتێک کوژاندمانەوە، هەموو گیانی ئاگر دایپۆشیبوو".

خۆکوشتن لە ئاینی ئیسلامدا هێڵی سوورەو یەکێکە لە گەورەترین گوناهەکان. عەبدول محەممەد، کە مامۆستایەکی ئاینییە دەڵێ "بەپێی فەرمودەی پێغەمبەر، هەر کەسێک خۆی بکوژێت دەچێتە ئاگری دۆزەخەوە". ئەو ئامۆژگاری کچان و ژنان دەکات کە بەهیچ شێوەیەک بیر لەخۆسوتاندن نەکەنەوە "بەهەر شێوەیەک خۆت لەنێوببەی، گوناهێکە لەو گوناهە گەورانەی کە مرۆڤ بەرەو ئاگری دۆزەخ دەبات".

# خالیدە نەگەیشتە نوێژی هەینی و سووتا

**نەجیبە محەممەد**
**ڕووداو-هەولێر**

خالیدە پەلەی بوو خۆی بشوات و لەگەڵ مێردەکەی بچێتە نوێژی هەینی، لەناکاو بە ئاگرەوە بۆ لای سیروانی مێردی چوو. سیروان دەڵێت "چاوەڕێ بووم خالیدە لە حەمام بێتە دەرەوەو بە یەکەوە بچینە نوێژی هەینی، بەڵام ئەو بە ئاگرەوە هاتە دەرێ، لە حەسرەتان خۆم بەسەر دادا".

ڕۆژی 2010/6/27 لە گوندی قەتەوی، کە دەکەوێتە ڕۆژئاوای سەنتەری شاری هەولێر، ژنێکی تەمەن 24 ساڵ بەنێوی خالیدە خدر لە گەرماوی ماڵەکەیاندا سووتا. خالیدە، کە 92%ی جەستەی سووتابوو، دوای 6 ڕۆژ مانەوە لە نەخۆشخانە گیانی لەدەستدا. خالیدە 9 ساڵ بوو ژیانی هاوسەری لەگەڵ سیروان عومەر، 40 ساڵ پێکهێنابوو. لە دوای خۆی دوو کچی 7 ساڵ و 2 ساڵی بەجێهێشت.

سیروان عومەر، کە کاری بۆیاخچێتی دەرگە و پەنجەرە دەکات، بەسەرهاتی سووتانی خالیدەی خێزانی گێڕایەوەو گوتی "چاوەڕێی خالیدەم دەکرد لە حەمام بێتە دەرەوەو بە یەکەوە بچینە نوێژی هەینی، بەڵام لە ناکاو خالیدە بە ئاگرەوە هاتە دەرەوەو قیژاندی، منیش یەکسەر لە حەسرەتان خۆم بەسەردادا، بەڵام پێمنەکوژایەوەو ماڵی خەزوورم بە هانامەوە هاتن".

سیروان کە هەردوو دەستی بەهۆی کوژاندنەوەی خێزانەکەی سووتاوە، گوتی "خالیدە غازەکەی کردووەتەوە و ویستوویەتی دایبگیرسێنێ، بەڵام چەرخەکە سەرەتا ئیشی نەکردووە، کە ئاگرەکە هەڵبووە یەکسەر کڵپەی کردووە".

لە یەکەم ڕۆژی پرسەی خالیدە دا دوو کەس خەریکی هەڵواسینی لافیتەی پرسەکەی بوون، پەیتا پەیتا ناسیاو و دراوسێکانیان دەهاتنە پرسەی. باوکی خالیدە جامانەیەکی لەسەری پێچابوو، دەیگوت "لەو ڕۆژەی خالیدە سووتاوە دوو کاژێر نەخەوتووم، خالیدە کە لە نەخۆشخانە بوو بەرە بەرە چاک دەبووەوە، دوو ڕۆژ بەر لەمردنی لە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی پێیگوتم: بابە من دەمرم، بەس من هەر دڵنەواییم دەدایەوەو دەمگوت چاک دەبیەوە کچم".

باوکی خالیدە بەر لە ڕووداوەکە سەردانی ماڵی کچەکەی کردووە، ئەو گوتی سیروان خەریکی بۆیاخکردنی دەرگا بوو، ویستی بچێ بۆ نوێژی هەینی، بەڵام خالیدە گوتی جێم مەهێڵە منیش دێم، بەڵام کەمێک چڵکنم ئاوێک بەخۆم دادەکەم و دێم " من چوومەوە ماڵەوە لەناکاو هاوارێک هات و سیروان گوتی فریام بکەون خالیدە سووتا، ئێمەش پەشۆکابووین نەماندەزانی چۆن بیکوژێنینەوە، دواتر بە بەتانی کوژاندمانەوە".

کەسوکاری سیروان و خالیدە ڕەتیانکردەوە کە خالیدە خۆی سووتاندبێ و باس لەوە دەکەن نێوانی لەگەڵ هاوسەرەکەی زۆر خۆش بوو. باوکی خالیدە گوتی "سیروان زۆر باش بوو لەگەڵ کچەکەم، هەر لەبەرئەوەش حەزم نەکرد لە خانووی کرێدابن، خانووێکی خۆمم دانێ، کە لە تەنیشت خۆم بوو، یەک دیوارمان لەنێواندابوو، ئەگەر هەر کێشەیەکیان هەبووایە، ئێمە ئاگادار دەبووین، خالیدە خۆی نەسووتاندووە ئەگەر خۆی سوتاندبا پرسەم بۆ دانەدەنا".

ئەحمەد ڕەزا،65 ساڵ، کە خاڵی خالیدەیە و هەر زوو بەهانایەوە چووە، گوتی "خالیدەی خوارزام دەست و دەموچاوی نەسووتابوو بەهۆی کردنەوەی کڵپەی غاز سووتاوە، من زوو گەیشتمە لایان ئەگەر خۆی سووتاندبا سەرەتا دەموچاوی دەسووتا".

دایکی خالیدە هەر دەگریێت و لە خۆی دەدات، لەنێو شیوەنی ژنان توانای قسەکردنی نەمابوو. سیروان عومەری مێردیشی دەگریا و دەیگوت "ماڵم خراپبوو، چۆن خۆم بێ دایک بووم و بێ نازی دایک گەورەبووم دوو منداڵەکەشم وەک منیان بەسەرهات، من و ژنەکەم زۆر یەکتریمان خۆشدەویست، ئەو چەند ڕۆژەی لە نەخۆشخانە بوو، هەر پێیدەگوتین دوعام بۆ بکەن نەمرم، منداڵەکانم هەتیو نەبن".

نەقیب ژیلەمۆ عەبدولقادر، بەڕێوەبەری بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ئافرەتان لە هەولێر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "بەپێی ئیفادەکەی، خالیدە بەهۆی غازەوە سووتاوە ڕووداوەکە قەزاو قەدەر بووە، کەسیش سکاڵای تۆمار نەکردووە".

# حەسەن دوای بیرەیەک ژنەکەی کوشت

**سنوور مەجید**
**ڕووداو-سلێمانی**

حەسەن ڕەسوڵ کەریم، لە مێژبوو کێشەی لەگەڵ ژنەکەی هەبوو. ئەو ڕۆژەی هاوسەرەکەی لەکار گەڕابووەوە خەریکی خواردن ئامادەکردن بووە، دوو گوللەی لە سازانی هاوسەری داوە و کوشتوویەتی. پاشان خۆی ڕادەستی پۆلیس کردووە.

کاژێر 8ی شەوی 2010/6/26 لە گەڕەکی بەکرەجۆی شاری سلێمانی، پیاوێک بەناوی حەسەن ڕەسول کەریم، 32ساڵ، هاوسەرەکەی خۆی بەناوی سازان ئیبراهیم مەحمود، 32 ساڵ، بە دوو گوللە کوشت. دوای کوشتنی ژنەکەی حەسەن ڕەسول کەریم دەرگای ماڵەکەی دادەخات و یەکسەر خۆی ڕادەستی پۆلیس دەکات و دەڵێت "هاوسەرەکەی خۆم کوشتووە".

نەقیب جەزا محەممەد ئەمین، لە بنکەی پۆلیسی بەکرەجۆ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "سازان لە کۆمپانیایەکی تورکی کاری دەکرد، کاتێک گەڕاوەتەوە ماڵ خەریکی خواردن دروستکردن بووە، دوای ئەو هاوسەرەکەیشی دەگەڕێتەوە ماڵ، بڕێک بیرە دەخواتەوەو پاشان بەدەمانچە دوو فیشەکی ناوە بەسەری هاوسەرەکەیەوەو کوشتوویەتی".

نەقیب جەزا ئاماژەی بەوەشدا ئەوهاووڵاتییە ڕاستەوخۆ هاتووە خۆی ڕادەستی بنکەکەیان کردووەو خۆی پێ ناساندوون "حەسەن هات گوتی من هاوسەرەکەی خۆم کوشتووە". بەپێی لێکۆڵینەوەکانی پۆلیس، ئەو ژن و پیاوە ماوەی پێنج ساڵە ژیانی هاوسەریان پێکهێناوەو بەردەوام کێشەیان هەبووە. کەسوکاری ژنەکە دەڵێن بەردەوام ژیانیان پڕبووە لەکێشەو هەر ئەوەش هۆکاری کوشتنەکەی بووە.

ئێستا حەسەن ڕەسول کەریم بەپێی مادەی 406ی یاسای سزادان لە زیندانە و دەست بەسەر دەمانچەکەیشیدا گیراوە، نەقیب جەزا دەڵێت "لێکۆڵینەوە لە وردەکارییەکانی ئەو تاوانە بەردەوامە".



ئەو دەمانچەیەی سازانی پێ کوژرا (فۆتۆ: ڕووداو)

رووداو



## منداڵێکی 6ساڵان بە پایسکیلەوە خنکا

**رووداو-هەولێر**

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند، رۆژی 2010/7/7 لە گەڕەکی بێرکۆتی شاری هەولێر، منداڵێک بەناوی خالید سـامر خالد، تەمەن 6سـاڵ، کەوتە ناو گۆمە ئاوێکی ژێرابێکەوەو خنکا، خالید لەکاتی یاریکردن لەگەڵ منداڵە هاوڕێکانی بە پایسکیلەوە کەوتووەتە ناو ئەو ژێرابەو دەستبەجێ خنکاوە، ئەو سەرچاوەی پۆلیس گوتی "بەهۆی پرسەوە تائێستا کەسوکاری خالید نەهاتوونەتە بنکەی پۆلیس و داوای مافی کەسی وەرنەگیراوە".

# رێژەی سووتان و خۆسووتاندن روو لە بەرزبوونەوەیە

**نەجیبە محەممەد**
**رووداو-هەولێر**

ئاماری نەخۆشـخانەکان و بەڕێوەبەرایەتییەکانی پۆلیس دەریدەخـەن، کـە رێـژەی سـووتان و خۆسـووتاندنی ژنان ئەمسـاڵ بە بەراورد بە ساڵانی رابـردوو لــە بەرزبوونەوەدایــە. دەروونناسـان و کۆمەڵناسانیش هۆکارەکە بۆ نائارامی دەروونی و کێشە کۆمەڵایەتییەکان دەگەڕێننەوە.

هەژێن شـێرزاد عوسمان، 16سـاڵ، پۆلی هەشتی بنەڕەتی، دوای وەرگرتنەوەی نمرەی تاقیکردنەوەکانی کاتێـک دەبینـێ دەرنەچووە، زۆر بـێ تاقەت دەبێ، لەنیوەڕۆیەکی گەرمای هاویندا کە ماڵەوەیان لە خەودا بـوون، ئاگری لە خۆی بـەردا، دوای پێنج رۆژ مانەوە لەنەخۆشـخانە گیانی لەدەسـتدا، باوکی هەژێن، بەر لەوەی کچەکەی گیان لەدەست بدات بە (رووداو)ی گوت "داوا لە گەنجان دەکەم لەبەر کێشەیەکی بچووکی ژیان خۆیان لەنێو نەبەن".

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی ئێمرجنسی لە شاری هەولێر کە تایبـەت دراوەتە (رووداو)، لە سـەرەتای ئەمسـاڵەوە تاوەکو کۆتایی مانگی ئایار، 147 ئافرەت بە سووتاوی گەیێنراونەتە نەخۆشخانەکەیان. هەر بەپێی هەمان ئامار لە سـاڵی 2008دا 311 ئافرەت، لەساڵی رابردووشدا 312 ئافرەت بە سووتاوی گەێنراونەتە ئەو نەخۆشخانەیە.

زۆربەی ئەو سـووتاوانەی دەبرێنە نەخۆشـخانە، راسـتییەکان دەشـارنەوە. هەژێن بەر لـەوەی گیان لەدەستبدات لە ئیفادەی پۆلیسدا گوتبووی "کە پرێمزم هەڵدەکرد، سـووتام"، کەچی باوکـی هەژێن دەیگوت "بەنزینمان لە ماڵ نەبووەو نەوتمان هەبووە، بەڵام لەنێو تانکی دابووەو بەلوعەکەی قوفڵـدراوە". ئەوەی زیاتر گومان دەخاتە سـەر سـووتانەکەی هەژێن ئەوەیە کە هەژێن لە گەرمای هاوین دوای نیوەڕۆ سووتاوە. لەو کاتە گەرمەدا خەڵک ئامێری گەرمکەرەوە بەکار ناهێنێت.

پزیشـکان ئاماژە بـەوە دەدەن، کـە زۆربەی ئەو گەنجانەی سـووتاون، خۆیـان سـووتاندووە. ئەوان دەڵێن رێژەی 80%ی سـووتان بەرەو سەرەوە گومانی خۆسـووتاندنی لێدەکـرێ. دکتـۆر رەوەند موشـیر حەوێزی، پسپۆری نەشتەرگەری گشتی و بەڕێوەبەری نەخۆشـخانەی ئێمیرجنسـی هەولێر دەڵێـت "مەرج نییە رێژەی سـووتانی زۆر، خۆسووتاندن بێت، بەڵام هەرکەسێک نەیەوێت بسووتێت، هەوڵی خۆ کوژاندنەوە دەدات. ئێمە بەپێی جۆری سـووتانەکە، هەر کەسێک 80%ی جەسـتەی سـووتابێ، گومانی خۆسووتاندنی لێدەکەین". ناوبراو گوتیشـی "ئـەو حاڵەتانەی دێنە بەردەستمان کە سووتانەکەیان بەخۆسووتاندن دەچێت زیاتر لە تەمەنی 13-40 ساڵیدان، هەروەها ئەو ژنانەی خۆیان دەسـووتێنن 90%یان دەمـرن، چونکە رێژەی سـووتانیان بەرزەو باری دەروونییان نائارامە، بەوەش بەرگری لەشیان کەم دەبێت و دەمرن".

بەپێی ئامارێکی نەخۆشخانەی ئێمێرجنسی سلێمانی، لە پێنج مانگی ئەمسـاڵ دا، 394 حاڵەتی سـووتانی ژنان هەبووە. بەڵام بەپێـی ئامارێکی بانکی زانیاری، سـاڵی رابردوو تا ئەو کاتە 237 کەس بە سـووتاوی گەیێنراونەتە نەخۆشخانەی ئێمرجنسی سلێمانی. بەڵام بەپێی ئاماری بەڕێوەبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە سلێمانی، لە ماوەی چوار مانگی ئەمساڵدا 141 ژن لە سلێمانی سـووتاون، کە 100 یان خۆیان سووتاندووە، لەوانەش 41 یان گیانیان لەدەستداوە.

پسـپۆڕانی بواری دەروونی ئاماژە بەوە دەدەن، کە خۆ سـووتاندن و خۆ کوشـتن پەیوەندی بە فشاری دەروونییەوە هەیە، د.سـامان هەڵەبجەیی، پسـپۆری نەخۆشـییە دەروونییەکان دەڵێت "زۆربەی مرۆڤەکان بەپێـی پلە نەخۆشـی دەروونییان هەیـە، مرۆڤ لە (سـایک لەگەڵ سـۆما) پێکهاتووە، چۆن جەسـتە نەخۆش دەکەوێت دەروونیش نەخۆش دەکەوێ، بەڵام خەڵک بەنەنگی سەیری نەخۆشییە دەروونییەکان دەکات و دەیشارێتەوە و چارەسەری ناکات، دەرەنجام بەهۆی هەڵچوون و گوشاری دەروونییەوە خۆی لەنێودەبات".

هەرچەندە زۆربەی ئەوانەی خۆیان دەسـووتێنن، دەڵێن بەهۆی گوشاری خێزانیی و کۆمەڵایەتی خۆیان سـووتاندووە، بەڵام د.سامان تەنیا خێزان بە هۆکار نازانـێ و دەڵێ "لەوانەیە ئەو کەسـانە نەخۆشـی خەمۆکییان هەبێت یان چێژ لە ژیان وەرنەگرن، بۆیە مردن هەڵدەبژێرن، بەڵام دەبێ هەر کەسێک تووشی دڵ تووندی و خەم بوو، سـەردانی دکتۆری پسپۆر بـکات یان خۆی لای کەسـێکی نزیکی خۆی خاڵی بکاتەوە، ئەوەی هەیەتی بۆی دەربڕێت".

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی جیهانی، نزیکەی 15%ی مرۆڤەکانی جیهان نەخۆشـی دەروونییان هەیە. 5% نەخۆشی ترس و دڵەڕاوکێ، 1% نەخۆشی دێوانەیی، 10% ئالۆدەیی و 15% تێکچوونی کەسایەتی.

لێکۆڵینەوەکە دەریخسـتووە کـە 20% ئەوانەی ئالودەن خۆیان دەکوژن، 20%ی ئەوانەی نەخۆشـی خەمۆکییـان هەیە، 10%ی ئەوانـەی کە دێوانەییان هەیـە و 10%ی ئەوانەی تێکچوونی کەسـایەتیان هەیە، خۆیان دەکوژن.

د.سامان پێیوایە گرفتی نەخۆشی دەروونی کاتێک ئاڵـۆز دەبێ، کە گوێ بە نەخۆش نەدرێ، ئەو گوتی "ئەگەر کەسێک گوتی بێتاقەتم بەهەند وەریناگرن و لە کێشەکەی ناکۆڵنەوە یان سەردانی دکتۆری دەروونی پێناکەن، دەڵێن ئێمەش هەموو خەممان هەیە، بەڵام ئەو وەڵامە زۆر هەڵەیە. یان کە کەسـێک هەڕەشەی خۆکوشتن بکات زۆر مەترسـیدارترە لەوەی کارەکە ئەنجامبدات، چونکە فکرەکەی لە مێشکدا دەچەسپێ، نابێ ئەو حاڵەتە بە ئاسـایی وەربگیرێ، با سەردانی پسپۆری دەروونی بکەن".

بە بڕوای د.سـامان خۆسـووتاندن لەنێو ژنانی کوردستان بە جۆرێک پەرەی سەندووە، کە خەریکە ببێ بە مۆدێل "خۆسـووتاندن لە کوردسـتان وەک مۆدێلی لێهاتووە، وەک چۆن لە هەندێ وڵات مۆدێلی خۆکوشتنەکەیان بە چەقۆ و دەمانچەو شتی دیکەیە". د.سـامان بە راگەیاندنی کوردی گەشبین نییە، کە هۆکارێک بێ بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی خۆ کوشتن و خۆ سووتاندن "راگەیاندن حاڵەتە کۆمەڵایەتیەکان زەق دەکاتەوە، بۆیە زۆرکەس کە تووشـی گرفتێکی لەو جۆرە بوو پەنا بۆ خۆکوشـتن و خۆسـووتاندن دەبات، پێویستە راگەیاندن رۆڵی گەیاندنی چارەسەر ببینێ".

لـە جیهاندا لە چوار ژن، کە هەوڵی خۆکوشـتن دەدەن سێیانیان خۆیان دەکوژن، بەڵام لە چوار پیاو کە هەوڵی خۆکوشتن دەدەن، یەکێکیان خۆی لەنێو دەبات. رێژەی خۆکوشتن لە تەمەنە گەنجەکاندا سێ بەرامبەری بە تەمەنەکانە.

بەپێی ئامارێکی بانکـی زانیاری لە پێنج مانگی یەکەمی ساڵی رابردوودا، 118 ژن خۆیان سوتاندووە (50 لە هەولێر، 60 لە سـلێمانی، 5 لە دهۆک و 3 ژنیش لە کەرکووک). پسـپۆڕانی بواری کۆمەڵایەتی پێشـکەوتنی تەکنەلۆژیا بە یەکێک لە هۆکارەکانی خۆ لەنێوبـردن دەزانن. د.زریان کاکەیی مامۆسـتا لە بەشـی کۆمەڵناسی زانکۆی سـەلاحەدین گوتی زۆر پاڵنـەر هەن بۆ خۆ لەنێوبـردن، کە یەکێکیان پێشکەوتنی تەکنەلۆژیایە "نیشاندانی وێنە دوورەکانی دونیا و فیلمەکان یەکێکن لەپاڵنەرە سەرەکییەکان بۆ خۆکوشتن و خۆسـووتاندن، چونکە وا لەدەوروبەر دەکەن لاوازبن و بێ توانابن لەبەردەم گرفتەکاندا".









### ئامارەکان ترسناکن

**بەپێی ئاماری پێنج مانگی ئەمساڵیان**

لە ئێمرجنسی هەولێر: 147 ئافرەت بە سووتاوی گەیێنراونەتە نەخۆشخانەکەیان

لە ئێمرجنسی سلێمانی: 394 حاڵەتی سووتانی ژنان هەبووە

### هەنگاوەکانی چارەسەری

دکتۆر سـامان هەڵەبجەیی، پسپۆری نەخۆشییە دەروونییەکان دەڵێ زۆربەی مرۆڤەکان بەپێی پلەی جیاواز نەخۆشـی دەروونیان هەیە. چۆن جەسـتە نەخۆش دەکەوێت دەروونیش نەخۆش دەبێ.

**بۆچارەسەری نەخۆشییە دەروونییەکان و رێگرتن لە خۆکوشتن پێویستە**

- خەڵک شەرم لە نەخۆشـی دەروونی نەکات و نەیشارێتەوە.
- چارەسەری بکات و بچێتە لای پزیشکی پسپۆر و هەرهیچ نەبێ دەروونی خۆی بۆ کەسـێکی نزیکی هەڵڕێژێ.
- کە کەسـێک پێیگوتی بێ تاقەتم و خەمم هەیە پێی نەڵێ هەمووومان خەممان هەیە. پێویستە بچێتە لای دکتۆر.
- کە کەسێک هەڕەشەی خۆکوشتن بکات نابێ بە ئاسایی وەربگیرێ، دەبێ سەردانی پزیشکی دەروونی بکات.
- راگەیاندن رۆلی چارەسەرکردن ببینێ.



تامان شاکر
tamanshakir@yahoo.de

# پیاوەکان دەتۆقێن!

کاتێک باس لە مووچەی کەیبانووی ماڵ کرا هەندێک پیاو دەیانگوت جا ژن پارەی حکومەتی بۆچییە، خۆی وەزیـری ناوخۆ و دارایـی ماڵە و کاسەی ماڵ لەژێر دەستی ئەودایە، هەندێکیش پێیانوابوو کە ژن دەبێ کارەکانی نێو مـاڵ بەبێ بەرامبەر ئەنجامبدات، ئەی ژن بۆ چییە.

مووچـەی کەیبانـووی مـاڵ پرۆژەیـەک بوو، بەر لـەوەی هیچ لایەنێکی سیاسـی قسـەی لەسەر بـکات و بیکاتە پـرۆژەی خۆی، دووکـەس لەسـەر ئـەم پرسـە قسـەیانکردووە، یەکێکیـان بەندە و ئەویتریان رۆژنامەنووس سـەلام عەبدوڵـلا ئیبراهیم بـوو، ئێمەش لەبەرئەوەی سـەر بەهیچ لایەنێکی سیاسـی نەبووین و دەسـەڵاتمان تەنها قەڵەمەکانمان بوو، نەمانتوانی بیکەینـە پرۆژە . تەنهـا توانیمان باس لە گرنگی ئەو پرۆژەیە بکەین بۆ خانمەکانی ناوماڵ، کە دەتوانێ تاڕادەیەک لەڕووی ئابوورییەوە ژن لە ژێردەستەیی رزگار بکات.

دوای ئەوەی پەرلەمانی کوردستان پرۆژەکەی تاوتوێکرد، لە پرۆژەکەدا کە فراکسـیۆنی گۆڕان پێشکەشی کردبـوو باس لە 25 هەزار دینارکرا بۆ کەیبانـووی ماڵ. کە ئەو پارەیە نان و کەبابێکـی پێنایە. توخوا چ پەرلەمانتارێک ئامادەیە رۆژێک بەو پارەیە لە ماڵەوە کاربکات.

ئـەو پارەیە بـۆ یارمەتیدانی ئـەو ژنانەیە کە هیچ مووچەیەکیان نییە، بۆ بژێوی ژیانیان، تاوەکو بۆ هەموو شتێک دەست لە کەسوکار و هاوسەرەکانیان پان نەکەنەوە.

ئەمڕۆ لە هەموو دونیادا لەسـەر پارە ململانێییە، بە تایبەتی لە وڵاتی ئێمەدا، کە کەس وەک ئێستا پارەی زۆری نەبینیوە، کوردیش کە پارەی زۆربـوو یان زندەهێنـێ یان خەڵـک دەکوژێ.

خۆشبەختانە ئێسـتا پارە شەڕی لەبیر زۆر لایەن بردووەتەوە، کەچی زۆربەیان خەریکی ژنهێنان و شـتی دیکەشن.

لـەو بودجـە زۆرەی حکومەت بـە هەموو هێزی خۆیانەوە باس لە بیسـت و پێنج هەزار دینار دەکەن بـۆ کەیبانـووی مـاڵ، کەچی بۆ دووکانـی هەندێک لە حیزبەکان کە تەنهـا چەند پاسـەوانێکیان لەبەر دەرگا راگرتـووە و ئەرکی تێکدانی نەتەوەیی و کولتووری و دواکەوتنی کۆمەڵگەی کوردیان لە ئەستۆدایە، حکومەت دەسـتی زۆر واڵایە و 90 ملیـار دیناریان بۆ ئـەو حیزبانە تەرخانکردووە.

پێشـنیاز دەکـەم حکومەتی هەرێمی کوردستان سیستەمی بانکی لە هەرێمی کوردستان پەرەپێبدات و هەر کەسـێک حیسـابی بانکی هەبێت، کارتـی بانکی ئەوانەی کە خێزاندارن بە ناوی ژنەکانەوە بێت، بۆ ئەوەی هەست بە دڵنیایی بکەن لە بواری ئابووریدا، ئەگەر حکومەت ئەم هەنگاوە جێبەجێبکات دڵنیام پیـاوەکان دەتۆقـن، چونکە زۆر لـە نهێنییەکانیان ئاشـکرا دەبێ، لەوڵاتریشـەوە دەترسن کە ژنەکان پارەکەیـان بە ئاڵتـوون بدەن یان یارمەتی ماڵی کەسوکاریانی پێبدەن کە ئێستا گەورەترین کێشەی نێوان ژن و مێردەکانی کوردستانە.

پیاوەکان، خـەم مەخۆن ئەمە تەنها بیرۆکە و پێشـنیازێک بوو، رەنگـە حکومەت گاڵتەی پێ بێت، چونکە حکومەتی ئێمە کارێک ناکات لە بەرژەوەندی ئێوەی پیاو نەبێت. پەرلەمانتارەکانیـش سـەد بەهانە دەدۆزنەوە بۆ ئەوەی قسەی لەسەر نەکەن. وەک مەسـەلەی خەتەنەی ژنانی لێدەکەن تا خەڵک لێمان بەدەنگ دێن.



# ئارام کوژرا و ماڵی ئارام و سروە رێککەوتن

## سروە: ماڵی خەزورم هەڵبژارد و کوڕەکەشم ناودەنێم ئارام

**لەیاد قەرەداخی**
**رووداو-سلێمانی**

دوای شەش مانگ لە کوشـتنی ئارام لەلایەن کەسوکاری سروەی هاوسـەرییەوە، دواجار ماڵی ئارام و سـروە رێککەوتن و مەینەتی و ماڵوێرانی تەنها بۆ سـروە مایـەوەو، هاوسـەرەکەی بووە قوربانی خۆشەویستی و پاش دوو مانگی دیکەش سـروە کوڕەکـەی لەدایک دەبێ، کـە بڕیاریداوە لەخۆشەویستی هاوسەرەکەیدا ناوی بنێت ئارام و بەهیچ شـێوەیەکیش ئامادەنییە بگەڕێتەوە ماڵی باوکی "دەزانم ئەگەر بڕۆمەوە دەمکوژن".

ئارام و سـروە، نەیاندەتوانـی چیتر لەبەردەم شەپۆلی ناڕەزایی ماڵی سـروەدا خۆیان رابگرن، کاتێک رازی نەدەبوون کچەکەیان بدەنە ئەو کوڕە، بۆیە ئارام لای دادوەر سـروەی لە خۆی مارەکرد و چوونە ژیانی هاوسەرییەوە، بەڵام کاژێر 9ی شەوی 2010/1/13 براکانی سروە چوونە سەر ماڵەکەیان و ئارامیان کوشت و خوشکەکەی خۆشیان بریندار کرد و هەڵاتن.

لەو کاتەوە سروەی دووگیان لە ماڵی خەزووری دەژی و لـە رۆژی 2010/4/12 ئەو دوو بنەماڵەیە رێککەوتن، بەڵام سـروە ناوێرێ بگەڕێتەوە ماڵی باوکی.

محەممـەد ئەمین عەبدولڕەحمـان، کە باوکی سـروەیە دەڵێ "سـوڵح کراوەو کێشەکە کۆتایی پێهاتووە، کچەکەش لەسەر خواستی خۆی چووەتە ماڵی خەزووری، ئەگەر بگەڕابووایەوە بۆ لای ئێمەش کێشە نەدەبوو"، باوکی سروە گوتیشی "کچەکەمان خۆی نایەوێ بگەڕێتـەوە لای ئێمە، بەڵام ئەگەر بێتەوە لامان هیچ کێشەیەکی نییە".

بەڵام سروە بڕوا بەو قسانە ناکات و دەڵێ "من دڵنیام ئەگەر بڕۆمەوە لای ئەوان دەمکوژن".

سـروە محەممەدئەمینـی تەمەن 22 سـاڵ، دڵخۆشـە بـەوەی کـە برینداربوونەکـەی هیچ زیانێکی بە کۆرپەکەی نەگەیاندووە کە چاوەڕوانی لەدایکبوونیەتی و دەڵـێ، لەخوا بەزیادبێ دکتۆر دەڵێ، تائێستا تەندروستی زۆر باشە "ماڵی خەزوورم زۆر باشـن لەگەڵم، قەت دڵم ناشـکێنن و منیان خسـتووەتە جێگەی ئارام، منیـش کە کوڕەکەم لـە دایکبوو ناوی دەنێم ئـارام". بەدڵتەنگییەکی زۆریشـەوە گوتی" ئاواتم ئەوەیە کە ئارامی کوڕم لەدواڕۆژدا ئارامیم پێ ببەخشێت".

زیاتر لە ساڵێک لەمەوبەر سروە شووی بەو کوڕە کرد کە زیاتر لە ساڵ و نیوێک بوو خۆشیدەویست و هەموو ئاواتی ئەوەبوو بگەنە ژیانی هاوسـەری، بەڵام لەبەرئەوەی باوک و براکانی سروە بەوە رازی نەدەبوون، ئاهەنگەکەیان تەنها لەنێو دڵی خۆیاندا گێـڕا و مانگی هەنگوێنیشـیان پڕبوو لە ترس و دڵەڕاوکـێ و پەیدابوونـی ئەوانەی کـە بە دوای دەرفەتی تاڵکردنی ژیانە هاوبەشەکەیانەوە بوون. سـروە دەڵێ "لێیان تاڵکردین، هەموو شتێکیان تێکدا". سـروە هەروەها دەڵێ "وەک نەیانهێشت زەماوەنـد بکەین و بۆیەک بیـن، وازیان نەهێناو ئارامیشیان کوشت".

بـەر لـەوەی ئـەو دوو بنەماڵەیـە کۆتایی بەکێشـەکەیان بێنـن، کەسـوکاری سـروە بە (رووداو)یـان راگەیانـد، کە جەماڵە سـووری باوکی ئارام داوای 150 دەفتەر دۆلاریان لێدەکات لەبەرامبەر ئاشـتبوونەوەدا، بەڵام ئەوان پرۆسەی ئاشتبوونەوەکەیان بێ بەرامبەر کۆتایی پێ هێنا.

جەمال رەسول ساڵح، ناسراو بە (لیوا جەماڵە سوور)باوکی ئارام دەڵێ، پێش ئەوەی سوڵح بکەین ئێمـە کوڕەکانی ئەوانمان گەمـارۆدا لە ماڵەکەی خۆماندا "بەڵام ئێمـە وەک ئەوان نامەرد نین کە بیانکوژین، بەڵکو تەلەفۆنم بۆ پۆلیس کردو دواتر ئەوانیشم دەستگیرکرد".

هەروەهـا رەتیدەکاتـەوە کە یـەک دیناری وەرگرتبێ لەبەرامبەر ئاشـتبوونەوەدا و دەڵێ "لە مزگەوتی شێخاوا سوڵح کراو کاک حامیدی حاجی خالی بەرپرسی مەکتەبی کۆمەڵایەتی یەکێتی لەوێ بوو و لێی پرسیم داوای چی دەکەی، منیش گوتم بێ بەرامبەر ئەو سـوڵحە دەکەین". لیوا جەمال گوتیشی "نووسـراوێک لەنێوانماندایە کە سـروە سەرپشک بکرێت چ لایەکمان هەڵدەبژێرێ، بەڵام سروە نەگەڕایەوە ماڵی باوکی و لای ئێمە مایەوە، منیش وەک کچی خۆم سەیری دەکەم".

وەک لـە بەدواداچوونەکانـی پێشـتری (رووداو)دەرکـەوت، برایەکـی سـروە بەنـاوی حوسـێن، بکوژی ئارامە و لەپەیوەندیەکیشـیدا لەگەڵ (رووداو)حوسـێن دانی بەوە دانا و دەڵێ، برایەکـی ئـارام و برایەکی خۆم بـە 10وەرەقە هاوکارییـان کردم و خۆشـم ئارامم کوشـتووە. حسێن محەممەدی تەمەن 25ساڵ گوتیشی " ئەو تەعەددای لە من کردووە، خوشـکمی رفاندووەو خەڵـک پێیاندەگوتم برۆ دوای شـەرەفی خۆت بکەوە". حوسێن وردەکاری رووداوەکە دەگێڕێتەوەو دەڵـێ " کە چووم ئارام راکشـابوو و تفەنگێکی حەفتاوپێنجی لەپشـت سـەر بوو، یەکسەر 11 فیشەکم پێوەناو دواتر بۆ سروە چووم، بەڵام ئەو لە حەمام جلی دەشۆری و دەرگاکەی لەسەر خۆی داخسـت، بۆیە شەش فیشـەکم بەویشەوە ناو و رۆشتم ".

حەسەن عەبدولڕەحمانی مامی سروە خۆشحاڵە بـەوەی کە ئەو دوو بنەماڵەیە ئاشـتبوونەتەوەو کۆتاییان بە کێشـەکەیان هێناوەو دەڵێ، "ئێستا تەنها پەیوەندی تەلەفۆنی لەنێوانماندا هەیە، جارێ هاتووچۆ نییەو وردە وردە ئەو کێشەیە چارەسەر دەبـێ و پەیوەندییەکان بەرەو باشـتر دەچن"، گوتیشـی"من خۆم تائێستا سـروەم نەبینیوەو قسەشـم لەگەڵ نەکردووە، بەڵام لەگەڵ خەزوری پەیوەندیم باشە".

هەرچەندە دڵخۆشە بە رێککەوتنی ماڵی باوکی و خەزوری، بەڵام هەرگیز ئازارەکانی لەدەستدانی ئارامی خۆشەویست و هاوسەری، دڵی سروە چۆڵ ناکەن و برینەکانی سـاڕێژ نابن "بۆ هەتا هەتایە خۆشەویستی ئارام لەدڵی مندا دەمێنێتەوە".

پێش ئـەم رووداوە، ماڵی هەردوو بنەماڵە لە قەزای دووکان دادەنیشتن و تەنانەت ماڵەکانیشیان پشـتیان بەیەکەوە بوو، بەڵام لە دوای کوشتنی ئارامەوە، ماڵـی باوکی سـروە چوونەتە رانیەو محەممەد ئەمینی باوکی سروە دەڵێ، ئێمە دووساڵ پێش ئێستا دەمانویست بچینە رانیە"چونکە لەوێ مەعیشەتمان هەیە".

ئەو تاوانە گەورەیەی کە روویدا و سـەرەنجام گەنجێکی تەمەن 28ساڵەی کردە قوربانی، تەنها قبوڵنەکردنی خۆشەویسـتی نێوان کوڕ و کچێک بوو، بـەڵام کاردانەوەکە جگە لـەوەی کە نێوان دووبنەماڵەی تێکداو مرۆڤێکی کوشت، بۆ هەمیشە کۆرپەلەیەکیشی لە باوکی بێبەشکرد، کە دوور لە ناو و نازی باوک دێتە ژیانەوە.

# منداڵێک برایەکی لە جیاتی چۆلەکە کوشت

## باوکە عەرەبەکە: بەداخەوە موختاری گوندی گردعازەبان رێگەی نەدا تەرمی منداڵە 3 ساڵانەکەم لە گۆڕستانەکەیان بنێژم

**سۆران بەهائەددین**
**رووداو-هەولێر**

ئەحمەدی 3 ساڵ، هەموو کات بەدوای ئیبراهیمی برایەوە بوو ئەوەندە یەکدیان خۆشدەویست، بەڵام ژیانی ئەحمەد بە دەستی برا خۆشەویستەکەی کۆتایی هات.

ئـەو کاتەی ئیبراهیم دەیەوێت بە توتوەکەی چۆلەکە بکوژێـت، لە پڕ رووی چەکەکـەی لە براکەی دەکات و پەنجـەی پێوە دەنێ، باوکی ئەو دوو منداڵە گوتی "ئەحمەد چەند خولەکێک ژیاو گیانی لە دەستدا".

سەرچاوەیەک لە پۆلیسی شەمامک بە (رووداو)ی راگەیاند "ئیبراهیم بە توتو ئەحمەدی برای کوشـت، ئیبراهیمـی 14 سـاڵ بۆ مـاوەی 3 رۆژ لە زیندانی نەوجەوانانی هەولێر زیندانی کراو پاشان بە کەفالەت ئازاد کرا".

نوری عومەر،41ساڵ، باوکی ئیبراهیم و ئەحمەد ماوەی 8 مانگە چوونەتە سەر کێڵگەیەکی کشتوکاڵی لەنێوان هەردوو دێی گردعازەبان و سۆرەبەشی سەر بەناحیەی شەمامکی هەولێر، کە لەوێ وەک پاسەوان و کرێکار کار دەکات.

نوری عەرەبە و دوو ژنی هەیە، ژنێکی لە گوندەکەی خۆیانە لە کۆمەڵگەی حەمدانییە، کە 150کیلۆمەتر لە موسڵ دوورەو لەسەر سنووری سوریایە، ئیبراهیم نوری 14ساڵ، تازە قوتابخانەی تەواو کردبوو و، گەڕابووەوە لای باوکی لەسەر شینایی.

نـوری دەڵێت ئەو لەناو شـینایییەکەی خەریکی کارکردن بـووە، ئێوارەی 2010/6/10 بوو، ئیبراهیم بۆ یەکەم جار دەسـت دەداتە ئەو توتوەی کە لەناو ماڵەکەیان بـوو و هی خاوەن کێڵگەکە بوو، دەچێت چۆلەکـەی پێ بکوژێـت، لەناو دارەکانی تەنیشـت ماڵیان "تەقەی لە چۆلەکەکانی سەر دارەکان دەکرد، چۆلەکەکانیـش فڕیـن، ئیبراهیم بـەردەوام بوو لە تەقەکردن".

لەو کاتەدا ئەحمەد بـەدوای ئیبراهیم دەکەوێت، وەک نـوری دەڵێت "زۆر یەکتریان خۆشدەویسـت، بەردەوام بـە دوای یەکەوەبوون"، ئیبراهیم ئاگای لە ئەحمەد نابێت کە بە دواوەیەتی، ئیبراهیم دەسـتی نەوی دەکات و تەقە دەکات "ئەحمەد چەند مەترێک لە ئیبراهیم دووربوو، سـاچمەیەکی بە شانی کەوت، چونکە منداڵ بوو و ناسک بوو لە سینگییەوە دەرچوو، ئەگینا ئەوەندە بەهێز نییە، ئەوە قەدەربوو ئەگینا بەو گوللەیە هیچی لێ نەدەهات".

ئیبراهیم هاوار دەکات، کە ئەحمەد بریندارە، نسەیف کـە برایەکی دیکەیانە خەبەر دەداتـە باوکی، لەبەر ئەوەی ئۆتۆمبێلیان نییە چەند خولەکێک رادەوەستن، تا پیکەبێـک بە جادەی لای ماڵیان تێدەپەڕێت و بۆ نەخۆشـخانەی دەبات "ئەحمـەد ئەوەندە نەژیا، بەر لەوەی بگاتە نەخۆشخانە گیانی دەرچوو".

ئەوەی جێگـەی خەمی نوری بـوو، ئەوەبوو کە موختاری گونـدی گردعازەبان رێگـەی نەدا تەرمی منداڵە 3 سـاڵانییەکەی لە گۆڕسـتانەکەیان بنێژرێ "هەموومان موسڵمانین، نازانم بۆ رێگەیان نەدا، باشە تەرمی منداڵێک چییان لێ دەکات؟"، ناچار لە گوندی سۆرەبەش دەیشارنەوە، جوتیارێکی گوندی سۆرەبەش گوتی "خۆمان گۆڕمان بۆ لێداو ناشتمان".

نوری پرسـەی ئەحمەدی لەنێو ماڵی خۆی داناو خەڵکی گوندەکان و ناسیاو و خزمەکانی سەرەخۆشیان لێدەکرد، نوری زۆر تێکشـکاوە بۆ ئەحمەدو دەڵێت "خۆزگـە خۆم بمردبامە و ئەحمـەد نەمردایە، بەڵام هیچم لە دەسـت نایێت". نووری بـەو هەژارییە دوو ژنی هەیەو هەر ژنێکی لە شـارێکە و 7منداڵی هەیە، وەک ئـەو دەڵێت "لە ناوچەی ئێمە زۆربەی پیاوەکان لە ژنێـک زیاتر دێنن، ژیانمان لێـرە زۆر زەحمەتە، بەڵام هیچ چارەی دیکەمان نییە"، ئیبراهیمیش دوای کوشتنی براکەی بەهۆی تێکچوونی باری دەروونییەوە گەڕاوەتەوە لای دایکی "ئیبراهیم نانی پێ نەدەخورا، خەوی لێ نەدەکەوت".

# کوردستان 130 خوێندکاری بە پەروەردەی بەریتانی دەرچوواند

## دەرچووەکانی زانکۆی کوردستانن خەریکی فۆرم پڕکردنەوەن بۆ خوێندنی باڵا لە زانکۆ جیهانییەکان

**ئاری عوسمان**
**ڕووداو-هەولێر**

لە وڵاتێکدا کە سیستەمی پەروەردەی لە قەیراندایە، هەفتەی ڕابردوو زانکۆیەک 130 خوێندکار بە پەروەردە و سیستەمی خوێندنی خۆرئاوایی بۆ هەرێمی کوردستان دەرچوواند و چاوەڕێدەکرێت ئەو قوتابیانە ڕۆڵێکی بەرچاو لە کوردستاندا بگێڕن.

ئەم زانکۆیە (زانکۆی کوردستان) چوار ساڵ لەمەوبەر، بەبڕیار و سەرپەرشتی سەرۆک وەزیرانی پێشووی حکومەتی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی، دروستکرا.

سازان مەحمود مەندەلاوی، خوێندکاری زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان کە لەجیاتی خوێندەکارەکان، وتەیەکی پڕ جۆشی بە زمانی ئینگلیزی پێشکەشکرد، وتی "نامەوێ بڵێم زانکۆی کوردستان باڵی پێیدام تا پێی بفڕم، بەڵام دەڵێم فێری کردم کە چۆن بفڕم".

لە وڵاتێکدا، کە خوێندکاران و قوتابیان خۆیان ڕەخنەگرێکی سەرسەختی سیستەمی پەروەردەن، خوێندکاری گەنج سازان مەندەلاوی، کە ماوەیەکی زۆر لە منداڵی و گەنجی خۆی لە ئوستراليا ژیاوە، چەند جارێک بەوپەڕی متمانە بەخۆبوونەوە بە دەنگێکی بەرز هۆڵەکەی دەهەژاند: "داهاتوو هی ئێمەیە".

خوێندکارانی زانکۆی کوردستان تەواوی وانەکانیان بە زمانی ئینگلیزییەو لە بەشەکانی زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، کۆمپیوتەر، کارگێڕی و ئابووری، کۆمەڵناسی و تەکنەلۆژیای نەوت دەخوێنن. مامۆستاکانی ئەم زانکۆیە هەڵگری بڕوانامەی دکتۆرا و پاش-دکتۆران لە زانکۆ بەنێوبانگەکانی بەریتانیا، ئەمریکا، کەنەدا و ئوستراليا و وڵاتانی دیکە و زۆربەیان زمانی ئینگلیزی زمانی دایکیانە.

سەرۆکی کرداری زانکۆی کوردستان، پرۆفیسۆر سیروان بابان، ئاماژەی بەوەدا کە توێژینەوەکانی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان لە وڵاتی بەریتانیا هەڵسەنگاندنی بۆ کراوە. پرۆفیسۆر بابان وتی "پسپۆرە بەریتانییەکان گوتوویانە کە ئاستی خوێندکارانی زانکۆی کوردستان دروست لە ئاستی خوێندکارانی زانکۆ باشەکانی بەریتانیادایە".

خوێندکاران بە بزە و پێکەنین و تەنانەت فیکەوە لە نێو ئاپۆڕای ئامادەبوونی خانەوەدەکانیاندا لە کاژێر 06:30ی ئێوارەوە تاوەکو نزیکی نیوەشەو ئاهەنگی دەرچوونی یەکەمین وەجبەی خوێندکارانی خۆی گێڕا.

لە ئاهەنگەکەدا وەزیر و بەرپرسان و دیپلۆماتی وڵاتان و ڕۆژنامەنووسان و میدیای نێوخۆ و بیانی ئامادەبوون.

وەزیری خوێندنی باڵای حکومەتی هەرێمی کوردستان، د. دلاوەر عەلائەدین، کە لە وڵاتی بەریتانیا وانەی وتوەتەوە، بە زمانێکی ئینگلیزی ئەکسنتی بەریتانی، بڕوانامەی خوێندکارانی زانکۆی کوردستانی بەرز نرخاند و و گەشبینینی بە داهاتووی ئەم خوێندکارانە دەربڕی.

محەممەد عەلی باپیر، 23ساڵ، یەکێکە لە خوێندکارە دەرچووەکان، زانکۆکەی بە گەنجینەیەکی گەورە بۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان وەسفکرد و پێیوایە دەتوانێ ڕۆڵێکی گەورە بگێڕێت لە بە دامەزراوییکردنی وڵات.

باپیر، کە ساڵێک لە زانکۆیەکی بەنێوبانگی تاران خوێندوویەتی، دەڵێت "زانکۆی کوردستان زۆر لە زانکۆکانی تاران پێشکەوتووترە".

زۆر لە خوێندکارانی زانکۆی کوردستان، ئێستا خەریکی پڕکردنەوەی فۆرمن بۆ خوێندنی ماستەر و دکتۆرا لە زانکۆ بەنێوبانگەکانی ئەمریکا و ئەوروپا. باپیر، یەکێکە لەو خوێندکارانە کە دەیەوێت ماستەر لە زانکۆی کۆلۆمبیا لە شاری نیویۆرک بخوێنێت.

لە ئاهەنگەکەدا، خەڵات بە سەر یەکەمی بەشەکان و دوو چالاکترین خوێندکاری زانکۆکە دابەشکرا، کە یەکێکیان هاوکاری (ڕووداو) و سەرنووسەری بەشی ئینگلیزی (ڕووداونێت) نامۆ عەبدوڵڵا بوو.

زانکۆی کوردستان ساڵی ڕابردوو، بە یەکەمین زانکۆی عێراق هات لە گەنگەشەکردندا (مناقرە- دیبەیت) بە زمانی ئینگلیزی کە پێشبڕکێیەکە لە شاری دهۆک لەژێر چاودێری تیمی دیبەیتی جیهانیدا ئەنجامدرا.



### ناوی خوێندکارە یەکەمەکانی زانکۆی کوردستان بە پێی بەشەکانیان

| | |
|---|---|
| ڕەهێڵ کەریم | کۆمپیوتەر |
| ڕائید ئەسعەد | زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکات (بەکالۆریۆس) |
| هێرش خەلیل | زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکات (ماستەر) |
| هێمن عەلی | کارگێڕی و ئابووری (بەکالۆریۆس) |
| سۆزی ئازاد | کارگێڕی و ئابووری (ماستەر) |
| ئاسوودە زوهێر | کۆمەڵناسی (بەکالۆریۆس) |
| ڕێزان خەتاب | کۆمەڵناسی (ماستەر) |
| دلێر عەلی | تەکنۆلۆجیای نەوت |

### ناوی چالاکترین خوێندکارانی زانکۆ

| | |
|---|---|
| نامۆ عەبدوڵڵا | زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (بەکالۆریۆس) |
| سەیران شەوکەت | زانستە سیاسییەکان و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان (بەکالۆریۆس) |

## باوکی ڕاژان: (ڕووداو) کاریگەری زۆربوو

# ڕاژان دۆزرایەوە



ڕاژان لەگەڵ دایک و باوکی

**فەرمان چۆمانی**
**ڕووداو-ڕانیە**

ڕاژان ئەسعەد، کە ڕۆژی 2010/6/5 لەماڵ هاتبووە دەرەوە بە مەبەستی بەشداریکردن لە سێ ڕۆژەی کچە خاڵەکەی و ونببوو، دوای گەڕانێکی زۆر لە شارۆچکەی قەڵادزێ دۆزرایەوە.

(ڕووداو) لە ژمارە 117دا ڕاپۆرتێکی لەسەر ونبوونی ڕاژان بڵاوکردەوە، باوکی ڕاژان دەڵێت "ئەو ڕاپۆرتەی (ڕووداو) کاریگەری زۆربوو، خزم و دۆستانی ئێمە، لە چەندین شاری کوردستانەوە پەیوەندییان پێوە کردین".

### ڕاژان دەیویست ببێتە گەریلا

ڕاژان دوای دۆزینەوەی، لەماڵی خۆیان لەسەر قەنەفەیەک لەنێوان دایکی و باوکی دانیشتبوو، گوتی "من ڕامکردبوو". لەبارەی هۆی ئەو ڕاکردنەشی گوتی "زانیم لە قوتابخانە دەرناچم، بۆیە لە ترسی خوێندن ڕامکرد، بەبێ ئەوەی کەس هەڕەشەم لێ بکات، دەمویست ببمە PKK، بەڵام لە ڕێگا ژنێکم ناسی و دڵی دامەوە و ئامۆژگاری کردم و بردمیە ماڵی خۆیان لە قەڵادزێ، هەر سەرەتا پەشیمان بووم، بەڵام نەدەوێرام بێمەوە، بەتایبەتی دوای ئەوەی ونبوونەکەم لە ڕۆژنامە بڵاوکرایەوە".

مامۆستا ئەسعەدی باوکی ڕاژان گوتی هەر دەیانگوت کچەکەت چووەتە ناو PKK "بەڵام ڕۆژی 2010/6/27 لە کۆمیتەی ژنانی قەڵادزێ کەسێک بەناوی سوهەیلە پەیوەندی پێوەکردم و چەند پرسیارێکی لێکردم، گوتی دەمەوێ قسە لەگەڵ ڕاژان بکەم، گوتم ونبووە و ئەویش پرسی بۆچی ئێمەت ئاگادار نەکردووەتەوە، منیش گوتم هەموو شوێنێکم ئاگادار کردووەتەوە، ئینجا سوهەیلەخان وتی سوراخم هەیە و تا قەڵادزێ وەرە هەندێ قسە دەکەین".

باوکی ڕاژان ئاماژەی بەوەدا سەرەتا ڕاژان بە پاسێک چووەتە سەنگەسەرو لەوێ ویستوویەتی بچێتە نێو PKK بەڵام ژنێک لەنێو پاسەکە پەشیمانی کردووەتەوەولەگەڵ خۆی بردوویەتییەوە ماڵەوە، باوکی ڕاژان گوتیشی "هەفتەیەک لەلای ئەو ژنە ماوەتەوە، پاشان ژنەکە بردوویەتییە ماڵی زاواکەی، ئەوانیش شوێنە گشتییەکانیان ئاگادار کردووەتەوە و دواتر بردوویانەتە کۆمیتەی یەکێتی ژنانی کوردستان لە قەڵادزێ".

باوکی ڕاژان گلەیی لە نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان لە ڕانیە هەیە، کە کۆمیتەی ژنانی قەڵادزێی ئاگادار نەکردووەتەوە "پێدەچێت کێشەی نێوان قەڵادزەیی و ڕانیەییەکان کاربەدەستانیشی گرتبێتەوە، بەم هۆیەشەوە ئێمە باجی ئەو ساردیەی نێوان قەڵادزێ و ڕانیەمان دا".

سوهەیلەخان، جێگری بەرپرسی کۆمیتەی یەکێتی ژنانی کوردستان لە قەڵادزێ گوتی "نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان ئێمەی ئاگادار نەکردووەتەوە و هیچ زانیاریان بە ئێمە نەداوە، بەڵام ئێمە دوای دۆزینەوە پەیوەندیمان پێوەکردن و گلەیی زۆریشم لێکردن، ئەوان بەئێمەیان گوت پێویست ناکات پەیوەندی بە ئێوەوە بکەین و پەیوەندی بە سەنتەرەکانەوە دەکەین، بەڵام خۆ هەموو شتێک ناچێتەوە سەنتەرەکان و گرنگترین شت ئەوەیە کە پەیوەندی بە کۆمیتەکانەوە بکەن نەوەک سەنتەرەکان و لقەکان و پێویستە توندوتیژی پەیوەندی لەگەڵ سەرجەم ڕێکخراوەکانی ژنان هەبێ بە بێ جیاوازی، چونکە نووسینگەی توندوتیژی بە تەنیا ناتوانێ هەموو شتێک بکات".

سوهەیلە گوتیشی "هەوڵی زۆرم لەگەڵ ئەو کچەدا تا ژمارەی کەسوکاریم وەرگرت، ئەو کچە دەیگوت کەسوکارم دەمکوژن، کاتێکیش باوک و دایکی هاتن هەڵوێستیان زۆر باشبوو، گوتیان لە گوڵی کاڵتر پێنالێین".

ڕائید حەسەن خۆشناو بەرپرسی نووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی دژی ژنان بە (ڕووداو)ی گوت "قەڵادزێ سەنتەری داڵدەدانی ژنانی لێ نییە تاوەکو ئێمە ئاگاداریان بکەینەوە و ڕێکخراوی ژنان لەو حاڵەتانەدا ئاگادار ناکرێنەوە، پەیوەندییەکی زۆر پتەومان هەیە لەگەڵ ڕێکخراوەکان، بەڵام کێشەی ئەو ڕێکخراوانە ئەوەیە کە تێناگەن، کە ئەوانە سەنتەر نین و کۆمیتەی ژنانن ئێمە لە کاتی ونبوونی کەسێک ناکرێت ڕێکخراو بە ڕێکخراو بگەڕێین و بڵێین لای تۆیە یان لای تۆ نییە".

### کچەکەمیان ترساندووە

باوکی ڕاژان باسی لەوە کرد کە کچەکەیان زۆر ترساندووە "پێیانگوتبوو باوکت دەمانچەی هەڵگرتووە هەر دەتکوژێ"، گوتیشی "لەنووسینگەی بەدواداچوونی توندوتیژی ژنانی ڕانیە ڕاژانم بینی، گوتی بابە دەمکوژی، گوتم چیت کردووە تا بتکوژم و، لەوێ بەڵێنامەم دا کە بێتەوەو هیچی لێنەکەم".

# ئەلەند لە ئەوروپا گەڕاوەو
# لە کوردستان ئۆتۆمبێل کوشتی

**ئالان محەممەد**
**ڕووداو- هەولێر**

ئەلەند عەبدولسەلام، تەمەن 22 ساڵ کە لە ئەوروپاوە بەیەکجاریی دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی لە کوردستان بژیت، دەبێتە قوربانیی خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و دایکیشی داوادەکات بکوژی کوڕەکەی بەسزای یاسایی خۆی بگات.

هەفتەی ڕابردوو، لە نزیک ئەندەرپاسی 100 مەتریی سەر ڕێگای هاوینە هەواری پیرمام، ئۆتۆمبێلەکەی ئەلەند عەبدولسەلام لەکار دەکەوێ و ئۆتۆمبێلەکەی دەباتە ڕۆخی ڕێگاکە تا چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە، بەڵام لەناکاو پێکدادانێکی گەورەی ئۆتۆمبێل لەنزیک ئەو ڕوودەدات و بەوهۆیەوە گیان لەدەستدەدات.

حەنیفە عەبدولڕەحمان دایکی ئەلەند کە لەبارەی ئەو کارەساتەی بەسەری هاتووە بۆ (ڕووداو) قسەی دەکرد، بەگریانەوە گوتی "هەر لە منداڵییەوە بە ناز بەخێوم کردووە تا گەیاندمە ئەو ڕۆژەی کەوا خۆی بناسێت". ئەلەند تاوەکو پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێند. دوای ئەوەی باوکی کە لە کۆمپانیای 77 وەک شوفێر کاری دەکرد، لەساڵی 2004 لەلایەن گرووپە چەکدارەکانەوە تیرۆرکرا لە ڕێگای کەرکووک-بەغدا، ئەلەند باری تەندروستی شڵەژاو بەوهۆیەوە قوتابخانەی بەجێهێشت، وەکو وێنەگر لە سەتەلایتی کوردستان دامەزرا و ماوەی ساڵێک کاری کرد، پاشان چووە دەرەوەی کوردستان. دایکی دەڵێ "بۆیە ناردمە دەرەوە تاوەکو دڵی پێی خۆشبێت. ئێمە بەتەنیا لێرە ماینەوە لەگەڵ کوڕەکەی دیکەم کە ناوی بڵندە، دوای دوو ساڵ مانەوە لە دەرەوە پێمگوت کوڕم بەسە بێزار بووین بەتەنیا، وەرەوە کوردستان

لەسەرەتای گەڕانەوەیدا بۆ کوردستان زۆر بێزار بووە، بەڵام دواتر کە هەستیکردووە خەریکە ژیانی مسۆگەر دەبێت گەشبین بووەو زیاتر دڵگەرم بووە بۆ مانەوە "بڕیارماندا ژنی بۆ بێنین و هەموو کەلوپەلێکی ماڵەوەم بۆ داناو دواتر دەستگیرانم

خۆشبووە و وەکو جاران نەماوە، ئەویش هاتەوەو معامەلاتی دامەزراندمان بۆ کردبوو کە ببێتە ئاسایش لە فڕۆکەخانەی هەولێر، هەموو پێداویستییەکانی تەواو کردبوو تەنها ئەوەی مابوو بانگی بکەن بۆ مەشقکردن، زۆر دڵخۆش بووم



دایکی ئەلەند: پارەم ناوێ، دەمەوێ ئەوەی کوڕی منی کوشتووە بەپێی یاسا سزابدرێ

کە ئەو کوڕەم گەڕایەوە باوەشی خۆم، چونکە دوای نەمانی باوکیان ئەلەند هەموو شتێک بوو بۆ من، هەموو ڕۆژ کە دەهاتەوە ماڵێ منی لە ئامێز دەگرت و ماچی دەکردم".

دایکی ئەلەند باسی ئەوە دەکات کە کوڕەکەی بۆ دیتەوەو ئەویش ڕازی بوو کەوا بیهێنێ. دڵی خۆشبوو و ئێمەی دەبردە سەیران. دوایین جار کە دەکاتە ڕۆژێک پێش ڕووداوەکە ڕۆژی سەیرانمان کرد و بڕیارماندابوو من و پووری ئەو ئەم ڕەمەزانە بچینە عومرە چونکە دەیگوت دایە گوناحم زۆرەو دەمەوێ وەکو منداڵیم لێ بێتەوە".

شەوی 2010/7/3 دوای ئەوەی لە سەیران دەگەڕێنەوە، کاژێر 10:30 لەنزیک جادەی 100 مەتری تەبڵەی سەیارەی دەتەقێ کە ئەو سەیارەی تازە کڕیبوو هێشتا ژمارەی کاتی بوو، پاشان سەیارەکە دەباتە سەر شۆستە لە نزیک بارەگای زێرەڤانی و دەچێتە لایان دەڵێت سەیارەم لە کارکەوتووە. ئەلەند وەک دایکی دەڵێت ژمارە تەلەفۆنی ئوتومبێلی کرێن لە پاسەوانانی بارەگاکە وەردەگرێ و خەریکی تەلەفۆنکردن دەبێت "دڵم خەبەری دا گوتم بزانم بۆ نەهاتەوە، کاتژمێر 11و نیو بوو گوتی دایە هیچ نییە سەیارەم لەکارکەوتووە چیمان هەیە نۆرم برسیە شیوەکە گەرم بکەوە 3 خولەکم پێدەچێت دێمەوە، هەر کە تەلەفۆن دادەخات دیارە سەیارەیەک بە خێراییەکی زۆر هاتووەو خۆی لە سەیارەیەکی مازدا داوە، پاشان چووەتە سەرشۆستەو خۆی لە کوڕەکەم و سەیارەکەی داوەو سەری بە شۆستەکە کەوتبوو".

دایکی ئەلەند دەڵێت کوڕەکەی بووەتە قوربانیی خێرا لێخوڕینی ئۆتۆمبێل و پێشبڕکێی ئۆتۆمبێل لەسەر پارە "سەیارەی 8 دەفتەری دەدەنە منداڵێکی کە تەمەنی 19ساڵانە، ئینجا سیباقی پێ بکات ماڵی خەڵکی و ڕوحی خەڵکی پێ بکوژێت".

هەروەها دایکی ئەلەند دەڵێ "ئەگەر ڕووداوێکی قەزاو قەدەر بووایە زۆر ئاساییە لێشی خۆشبامایە، بەڵام کوڕی من لەشوێنی خۆی وەستاوەو ئەو بەخێرایی ئۆتۆمبێلی لێخوڕیوە، بۆیە هەرگیز لێی خۆشنابم و حەقی خۆم دەوێت، نە پارەم دەوێ نە ماڵی دونیا، تەنیا دەمەوێ ئەوەی کوڕی منی کوشتووە بەپێی یاسا سزا بدرێت".

# گەرمای هاوین سەری گەنجان سفر دەکات

## "سەر سفرکردن هیچ سوودێکی بۆ بەهێزکردنی قژ نییە، بەڵکو بێ هێزیشی دەکات"

**بارزان محەممەد**
**ڕووداو-هەولێر**

سیروان ئەنوەر،24ساڵ، لە وەرزی هاویندا مانگانە سێ جار سەری بە مووس دەتاشێت، چونکە وەکو خۆی دەڵێ زۆرترین ڕێژەی قژ بەهۆی گەرمای هاوین دەوەرێت، ئەو دەڵێت "ئەگەر لە هاویناندا سەرم سفر نەکەم، بە ماوەی چەند ساڵێک موو بەسەرمەوە نامێنێ و کەچەڵ دەبم".

لە وەرزی هاویندا هەندێک لە گەنجان سەریا بە مووس یان گوێزان دەتاشن. لە زۆربەی سەرتاشخانەکانی هەولێر ڕۆژانە بەلانیکەم 4 گەنج قژیان بە مووس دەتاشن، زۆرترین هۆکارەکەشی گەرمای هاوینە، چونکە گەنجان دەڵێن کە گەرماکە قژیان دەڕووتێنێتەوە، هەندێک لە گەنجانیش وەک مۆدە و لاساییکردنەوەی یاریزانەکانی تۆپی پێ سەریان ساف دەکەن.

مەکینەیەکی سەرتاشینی بە دەستەوەبوو، سەری گەنجێکی دەتاشی، ئەو سامان ساڵحی خاوەنی سەرتاشخانەی سەربەستە، کە یەکێکە لەوانەی ڕۆژانە سەری چەند گەنجێک بە مووس یان مەکینە سفر دەکات دەڵێت، لە وەرزی هاویندا ژمارەی ئەو گەنجانە زیاتر کە سەریان سفر دەکەن، لە چاو وەرزی زستان، چونکە گەرمای هاوین کاریگەری لەسەر هەڵوەرینی قژ هەیە "لە زستانان بە دەگمەن هەیە سەری سفر بکات".

کامەران حەسەن، 26ساڵ، زۆر حەز دەکات لە وەرزی هاوینان قژی بە مووس بتاشێت "چونکە ماندووت ناکات و قژیش بەهێز دەکات"، بەڵام لەبەرئەوەی پێشتر جارێک قژی بە مووس تاشیوە، خێزانەکەی زۆری پێناخۆش بووە "بۆیە قژم سفر ناکەم". کامەران، دەڵێت "قژم زۆر کورت دەکەمەوە، تا تیشکی خۆر لە سەرم بدات، چونکە پێستی سەرم بەهێز دەبێت و قژم هەڵناوەرێت، مانگانە دووجار قژم کورت دەکەمەوە".

بەلای هەندێک گەنجانەوە قژ تاشین تەنیا چاولێکەری و لاساییکردنەوەیە، ئومێد سەلام،27ساڵ، کە لەلایەن زۆربەی هاوڕێکانی بە ڕۆناڵدۆی بەرازیلی بانگ دەکرێ، چونکە بەردەوام قژی بە مووس سفر دەکات، دەڵێ "من لە دوای مۆندیاڵی 2002 تا ئێستا بەردەوام قژم تاشیوە، چونکە هاندەری ڕۆناڵدۆم و زۆربەی هاوڕێکانم بە ڕۆناڵدۆ بانگم دەکەن".

دکتۆر فایەق مەعروف مستەفا، پسپۆڕ لە بواری قژهەڵوەرین، گوتی "سەر سفر کردن هیچ سوودێکی بۆ بەهێزکردنی قژ نییە، بەڵکو بێ هێزیشی دەکات، چونکە زاناکان سەلماندوویانە کە قژ خۆراک لە ژێر پێستەوە وەردەگرێت، نەک لە بەشی دەرەوەی پێست"، ئەو دەڵێت کە تیشکی خۆر لە 7 بەش پێکهاتووەو چوار بەشی زیان بە قژ دەگەیێنێ و هۆرمۆنەکانی لاواز دەکات و وادەکات کە قژەکە هەڵوەرێ "تیشکی خۆر قژ هەڵدەوەرێنێ". دکتۆر فایەق، کە تائێستا بەشداری دەیان خولی نێودەوڵەتی کردووە، لە بواری قژ هەڵوەرین گوتی "بەکارهێنانی بۆیەکانی جوانکاری بۆ قژ زیاتر قژ هەڵدەوەرێنێ".

### هۆکارەکانی هەڵوەرینی قژ:

1- هەندێک قژهەڵوەرین بۆماوەییە.
2- کەمخوێنی و کەمی مادەی ئاسن.
3- ڕووبەڕووبوونەوەی گوشاری دەروونی و تەندروستی.
4- تێکچوونی هۆرمۆنەکان.
5- بەکارهێنانی بۆیە بۆ گۆڕینی ڕەنگی قژ.

### چارەسەرییەکان:

1- بەکارهێنانی سیستەمێکی ڕێکی خۆراک.
2- شێلانی پێستی سەر بە نەرمی.
3-چارەسەری پزیشکی.



# لڤین لە سێبەردا دۆڕا و لە سیخوڕیدا دادگایی دەکرێ



ئاکۆ محەممەد
akopress74@yahoo.com

(لڤین) لە دوا ژمارەیدا، وەک بریندارбووی دەستی ڕاستییەکانی ماهیەتی خۆی، هاتووە وەڵامی ئەو وتارانەی ئێمەی داوەتەوە، کە لەبەرامبەر هەڵمەتێکی ئەواندا لە ژمارەی ڕابردووی (ڕووداو)دا بڵاومانکردوونەتەوە. ئاخر زۆر ناخۆشە گۆڤارێک و سەرنووسەرەکەی تووشی گرێی دەروونی بووبێ بەرامبەر پێشینەکەی و هەوڵبدات هەمیشە لە خەڵک و خوێنەرانی بشارێتەوە، ئینجا بەهۆی ڕێنماییەکانی "سیاسییەکی عاقڵ" تووشی ئەوە ببێ ئەو ڕابردوو و پێشینەیەی بەبیر خەڵک و خوێنەران بهێنرێتەوە. ڕۆژنامەنووس ڕەحمان غەریب کە یەکێکبوو لەوانەی ئەو ڕابردووەی لڤینی شیکردبووەوە، ئەحمەد میرە لەبەرامبەردا چووە شیکردنەوەی لەسەر پەیوەندی نێوان باوک و دایکی ئەو کردووە. چونکە ئەوەیە ئەخلاقی کاری ڕۆژنامەگەری لای ئەو.

(لڤین) و سەرنووسەرەکەی لەمێژبوو شەڕێکیان بەرپاکردبوو بەناوی "میدیای سێبەر"ەوە، پێمانگوتن لەوەدا لەپێش چاوی خوێنەران و ڕێکخراوە بیانییەکان دەدۆڕێن، چونکە ئەوە ناسنامەی خۆتانە دەیکەنە ناتۆرە بۆ ڕۆژنامە و گۆڤاری دیکە. کە لە ژمارەی ڕابردوودا بەدرێژی ئەوەمان بۆ خوێنەران ڕوونکردەوە چۆن ئەمینداری گشتیی یەکگرتووی ئیسلامی پارەی بۆ دامەزراندنی (لڤین) لە مام جەلال وەرگرتووە، چۆن لەلایەن یەکگرتووەوە بەڕێوەبراوە. (لڤین) لە مەملەکەتی میدیای ئەهلیدا شوێنی گۆڕا، ئیدی (لڤین) ئەگەر ڕوو قایمییەکی بێ سنوور نەنوێنێ ناتوانێ چیتر ناوی خۆی لەگەڵ ئەو ڕۆژنامانەدا ڕیز بکات کە حیزب دایناەمەزراندوون. کەچی (لڤین) دەڵێ:"لەبارەی تۆمەتبارکردنی گۆڤاری لڤین بەدەستی ئەم و ئەو، ئاکۆ لە دووبارەکردنەوەی تۆمەتەکانی پاراستن شتێکی تازەی نەوتووە". ئەحمەد میرە خراپ لێی تێکچووە، ئێمە زۆر بەڕوونی باسی یەکگرتوومان کردووە، ئێمە وەک ڕوونکردنەوەی دەزگای پاراستن نەمانگوتووە گۆڤاری لڤین سەر بە گۆڕانە، ئەگەر میرە دەڵێ قسەکەی ئێمە وانییە با لەم ژمارەیەی (ڕووداو)دا وتاری کاک فازڵ نەجیب بخوێنێتەوە کە خۆی یەکێکبووە لە دەستەی دامەزرێنەر و بەڕێوەبەری گۆڤاری (لڤین). میرەی برا دەتوانی چیتر ئینکاری بکەی کە لەسێبەردا دامەزراوی و پارەکەیشت لەسێبەردا وەرگرتووە؟

هەموو بەڵگەی (لڤین) ( لەگەڵ ئەویشدا ماڵپەڕی یەکگرتوو کە هاوکات ئەو هەواڵانەی لڤینی بڵاودەکردەوە) لەسەر ئەوەی کە بە (ڕووداو)ی دەگوت میدیای سێبەر قسەیەکی فازڵ میرانی سکرتێری مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو، (کە لڤین دەڵێ لە زاگرۆس وایگوت، بەڵام ڕاستییەکەی لە بەرنامەی -ئەمرێ ی تەلەفزیۆنی کوردستان بوو)، کەوا ئێمە لە (ڕووداونێت) و ئینجاش لە چوارچێوەی ڕاپۆرتێکی (لڤین) وەڵامەمان داوەتەوە کە ئێمە سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان نین. ئایا میرە دەتوانێ وەک ئێمە بڵێ یەکگرتوو لڤینەکەی ئەوی دانەمەزراندووە؟ هەرچەندە ئێمە لە وتاری ڕابردووماندا بەڕوونی باسی بۆچوونی خۆمان کردبوو لەسەر کارکردن لە ڕۆژنامەی حیزبیدا، ڕابردووی خۆشمان لەگەڵ ڕۆژنامەی (میدیا)دا زۆر بەشانازییەوە باسکردبوو (کە ئەم جارەش میرە وەک بەڵگەیەکی سیخوڕی باسیکردووە). ئێمە ڕابردووی خۆمان وەک میرە لە خوێنەری خۆمان ناشارینەوەو شانازی پێوە دەکەین، ئێمە لەکاتی ڕژێمدا بڵاوکراوەکانی (صدى کردستان، سەفین، خەبات و شرارە) مان دەخوێندنەوەو، لەدوای ڕاپەڕینیش لە (پێشڕەو، پێشکەوتن، وڵات، برایەتی، ئاڵای ئازادی، ڕێگای کوردستان) بابەتمان بڵاودەکردەوەو، دواتریش لە گۆڤاری (نوێ) و ڕۆژنامەی (میدیا) کارمان کردووە. ئەی ئێوە؟ ئێمە هەمیشە پابەندبووین بە بنەما پیشەیی و یاسایی و ئەخلاقییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری، پابەند دەبین لەوەدا کە زانیاری دروست نەک درۆ بدەینە خوێنەر، بەڵام (لڤین) کە بووەتە سەرچاوەی بە پارە فرۆشتنی "درۆ" بەخەڵک و پێشێلکردنی بنەما یاسایی و پیشەیی و ئەخلاقییەکانی کاری ڕۆژنامەگەری لە هەرێمی کوردستان، پێش هەموو شتێک ئەرکێکی ئایینی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە (لڤین) لە مێژووی خۆیدا کۆتایی پێ بێنێ، چونکە بەوە یەکگرتوو ئەرکێکی پیشەیی و ئەخلاقی بەرامبەر نێوەندی ڕۆژنامەوانی و ئەرکێکی ئایینی بەرامبەر ئایینەکەی جێبەجێدەکات کە درۆکردنی حەرامکردووە. کەچی (لڤین) بەلای زۆر کەسەوە دروستکەری ڕاپۆرتی بێ سەرچاوەیە لە کوردستان، کە ئەوەش تەنیا سەر بۆ فەوزا دروستکردن دەکێشێ.

(لڤین) کە لە هەڵمەتی "میدیای سێبەر"دا دۆڕا، کە ڕاپۆرتە بێ بەڵگەکەی لەسەر بودجەی ڕۆژنامەکان لەلای حکومەت لەلایەن سەرنووسەری ئەو گۆڤارانە بەدرۆخرایەوە، بگرە بووە مایەی تۆمارکردنی سکاندڵێکی دیکە بۆ مێژووی خۆی، کەچی خۆیان ئەمجارەش هەر دەنووسن کە ڕاپۆرتەکەیان "پشت ئەستوورە بە دیکۆمێنت"، پسپۆڕێکی لەدەرەوە خوێندووی ڕۆژنامەگەری دەیگوت "هەر باسی دیکۆمێنت دەکەن و نە ئەمجارەو نە جاری ڕابردووش هیچ دیکۆمێنتێکم نەبینی، بەڵام بینیم نووسیویانە بەپێی نووسراوی ژمارە 4916 ی وەزارەتی دارایی لە بەرواری 2008/3/19 هەردوو کەناڵی کوردسات و حورییە مانگانە 900 ملیار دینار وەردەگرن، کە بەو حسابەبێ دەبێ هەموو بودجەی هەرێمی کوردستان بۆ ئەو دوو کەناڵەبێ". جاری ڕابردووش بە میرەمان گوتبوو کە پێش دەرچوونی (ڕووداو) ئێمە ڕامانگەیاندبوو و بڵاویشکراوەتەوە کە پارە لە حکومەت وەردەگرین، بەڵام لە حیزب وەریناگرین، ئینجا ئەگەر ئەو ئەم حکومەتەی پێ حکومەت نییە، ئەوە بە بڕیار و حوکمدانی من و میرە ناکرێ، لەکاتێکدا عێراق و ئەمریکا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وا مامەڵەی لەگەڵ دەکات، ئەو ئیشکالییەتەی میرە باشترین شوێن ئەوەیە لەلای "سیاسییە عاقڵەکە"ی ئەو چارەسەربکرێ. ئێستاش پێیدەڵێین ڕاستت نەفەرمووە، لەسەر بودجەی (ڕووداو). حیساباتی ئێمەش بۆ چاودێری دارایی لەبەردەستن. ئێمە نە پاسەوانی کابینەی پێنجەم و نە دووژمنی کابینەی شەشەمین، ئەوە قسەی چەند کەسێکە کە خۆت دەزانی کێن و تەنانەت ئێمە فێر نەبووین ببینە پاسەوانی ڕاگری کۆلێژەکەشمان! ئینجا هەر خۆشت بووی بە سەرۆکی کابینەی پێنجەمدا هەڵدەگوت لەکاتی دیداری لە گۆڤارەکەتدا و، دواتریش کە هەڵمەتت لەدژی بەرپاکرد پێتدەگوتم "ئاخر لەکاتی ئەو دیدارەوە لەژێر گوشارداین". (ڕووداو) لەکاتی کابینەی پێنجەمدا ڕەخنەی بەڵگەداری وای لە حکومەت گرتووە کە بەهۆی سکاڵای داواکاری گشتییەوە سەدان ملیۆن دۆلار بۆ هەندێ حیساب گەڕاوەتەوە، بەڵام تێناگەین بەڕێزتان بۆ تەنگاو دەبن بە ڕەخنەگرتنمان لە کابینەی شەشەم؟ یان میرە ئەو قسەیەی دووبارە دەکاتەوە وەک ڕەخنە لەسەر (ڕووداو) کە کاتی خۆی لە ژمارە 108ی (ڕووداو)دا هەر خۆمان بۆمان بڵاوکردووەتەوە و دەڵێ "هەموو مانشێتەکانی لەسەر سلێمانییە؟". ئێمە نەچووین وەک کاری ستافەکەی ئەو بە سلێمانی بڵێین لە فەلوجە دەچێ و بووەتە پایتەختی تیرۆر، وەک چۆن ئەوان بێ شەرمانە بەرامبەر هەولێر کردیان، مانشێتەکانی ئێمە لەسەر باری سیاسی و حیزبی بووە لە سلێمانی، کە هەموو کەس دەزانێ لە ماوەی دوو ساڵی ڕابردوودا بەهۆی دۆخی یەکێتی نیشتمانی کوردستان و ململانێی سیاسی و هەڵبژاردن چاوی خەڵک و نەک تەنیا ئێمە بەڵکو چاوی میدیای جیهانیش لە کوردستان زیاتر لەسەر ئەو دۆخەی سلێمانی بووە، بەهۆی ئەو هاوکێشە تازە سیاسیانەی لە سلێمانی دروستبوون. (لڤین)یش هەروا پڕاو پڕ بووە لە بابەت لەوبارەوە، هەندێجاریش تێیاندا نمەک بەحەرامی کراوە بەرامبەر بەو پارەیەی ئەمینداری گشتیی لەسێبەردا لە سکرتێری گشتیی یەکێتی نیشتمانی کوردستانی وەرگرت بۆ (لڤین).

ئێستاش پێیدەڵێین ئەوە (لڤین)ە بە تۆن گۆڤارەکەی بردووە بسووتێنێ و لەلایەن شارەوانییەوە بە 600 هەزار دینار لەسەر پیسکردنی ژینگە سزادراوە، کەچی تیراژی (ڕووداو) و (ڕووداوی وەرزشی) لە ئاستێکدان کە (لڤین) و (لڤینی کۆمەڵایەتی) ناتوانێ هەڵکشێتە ئاستیان بەهۆی دووربوونی لە ڕۆژنامەگەری تەندروست. ئەوە ئێمەش نین چووبین پرۆپۆزەلمان بەتیراژی خەیاڵی پێشکەشکردبێ بۆ پارە پێ وەرگرتن. کۆمپانیای ڕووداو، خاوەنی شانازی ئەوەیە کە بە دەرکردنی (لۆمۆند دیپلۆماتیک) زمانی کوردی خستووەتە ڕیزی زمانە هەرە زیندووەکانی جیهان لەنێو خێزانی ئەو گۆڤارە گرنگەی جیهاندا، کونسولی فەرەنسیش چەند جارێک وەک دامەزراندنی ڕایەڵەیەکی گرنگی پەیوەندی گەلی کورد و فەرەنسی باسیکردووە. هەروەها بەشی هۆڵەندی ماڵپەڕی ڕووداو، دووجار بووەتە سەرچاوەی ورووژاندنی کێشەی باکووری کوردستان لە پەرلەمانی هۆڵەندا. ئەی گۆڤاری (لڤین) چ خزمەتێکی بە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و نێوبانگی کورد کردووە جگە لە هەوڵدان بۆ ڕەشکردنی مێژووەکەی و ڕەمزەکانی؟ هەروەک گوتمان قسەی زۆر دەکرێ لەسەر ئەوەی ئەو گۆڤارە لەلایەن یەکگرتووەوە بۆ ڕەشکردنی ڕابردووی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد دروستکراوە، کە یەکگرتوو بەشداریی تێدا نەکردووە. ئەوەیان یەکگرتوو دەتوانێ وەڵامی بداتەوە.

(لڤین) کە لە کردنەوەی "میدیای سێبەر"دا تیشک کەوتە سەر نائاشکرایی دامەزرانەکەی بۆ زۆر لە خەڵک و خوێنەران، ئێستا دەستی داوەتە کردنەوەی دۆسیەی "میدیای سیخوڕ"، ناوی چەند ڕۆژنامەیەکی هێناوە، ئەوانیتر دەتوانن وەڵامی خۆیان بدەنەوە بەرامبەر ئەو تۆمەتبارکردنە گەورەیە. بەڵام ئێمە بە (لڤین) دەڵێین، باشە ئێوە چۆن دەگەنە سەر نهێنییەکانی کۆبوونەوەی دەزگای موخابەراتی وڵاتان لەگەڵ سەرکردەکانی کورد وەک خۆتان هەندێجار، وەک زۆر لە ڕاپۆرتەکانی دیکەتان، بەبێ سەرچاوە بڵاوتانکردوونەتەوە؟ لیستی ئەوانە زۆر درێژە و لیستی شتی دیکەش درێژە لەسەر پەیوەندییەکانتان، خۆشتان باش دەیزانن. با دوورنەچین، هەر لەو ژمارەیەدا بە بڵاوکردنەوەی ڕاپۆرتێکی بێ بەڵگە لەسەر داواکردنی نەوشیروان مستەفا لە خزمانی جەوهەر نامیق بۆ دیاریکردنی کەسێک بۆ ئەنجوومەنی سەرکردایەتی بزووتنەوەی گۆڕان یارییەکتان ئەنجامداوە کە هەر بە یاری موخابەراتی دەچێ. کە دەکرێ والێکبدرێتەوە، لەلایەک دەیەوێ نێوانی خزمانی شۆڕشگێڕێکی وەک جەوهەر نامیق تێکبدا و ناکۆکی لەنێوان ئەو و خزمانی دروستبکات، لەلایەکی دیکەوە دەیەوێ بزووتنەوەی گۆڕان وەک ڕێکخراوێکی سیاسی وانیشانبدات کە دەیەوێ هەیکەل و سەرکردایەتییەکەی لەسەر بنچینەی خزمایەتی و عەشایری دروستبکات، ئینجاش هەردووکیان رابکێشێتە قسەکردن. کە بە ئەحمەد میرەیان گوتبوو بۆ شتی هەڵبەستراوی نادیار بڵاودەکەیەوە، گوتبووی ڕوونکردنەوە بدەن!. ئەرێ ئەوەتان بۆ بەرژەوەندی کێیە؟

میرە دەنووسێ " برام ئاکۆ (...) بەخەڵکی بڵێ لە هۆبەی ڕامیاری ئاسایش چ کارەیت؟"، هەروەها دەنووسێ " براگیان لێت دەپرسین، ماوەی ئەم دە ساڵەی ڕابردوو لە چ ڕۆژنامەیەکدا کارەتدەکرد و ئیشت بۆ چ دەزگایەکی تری نهێنی دەکرد؟"، منیش پێیدەڵێم، بەخوا نەمدەزانی ئەو هۆبەیە لە ئاسایش هەیە، بەڵام نازانم میرە بۆ ئەوەندە لێی شارەزایە. بەهەرحاڵ دادگا وەڵامی ئەو پرسیارانەت دەداتەوە.

لەگەڵ داوای لێبووردنم لە خوێنەران، کە سەرمان بەو شەڕەی میرە و سیاسییە عاقڵەکەیەوە ئێشاند.

* "سیاسییەکی عاقڵ"، دەستەواژەیەکە لە ژمارە 127ی (لڤین) لە وتارێکدا بەکارهاتووە کە لەسەر (ڕووداو) نووسراوە و، وتارەکە لەسەر قسەی ئەو سیاسییە هەڵچنراوە.

# ڕۆژنامەنووسانی کورد لە هەمووان سەقەترن



فازڵ نەجیب
fazilnajib@gmail.com

وابزانم مەولانا خالیدی نەقشبەندییە کە فەرموویەتی"ئەی تریفەی مانگەشەوی بەر دەرکی دەلاقە..با پیس نەبیت، خۆت مەدە لەو کوردی عێراقە"، ئەم کوردی عێراقە کە کبریا و خۆبەزلزانییان هێندەی هەموو خەڵکی هندستان دەبێت، لەکاتێکدا وەک گۆران محەممەد دەڵێت، ئەوەندە بێ بەهرەن، تەنانەت ناتوانن مەسینەیەکیش دروستبکەن خۆیانی پێ پاک بکەنەوە.

چەند هەفتەیەکە شەڕێکی ناڕەوا بەردەرگای میدیای"کوردی ئەم عێراقە"ی گرتووە، کە میدیاکەمان بە ئاوێنەی ڕاستەقینەی عەقڵ و ویژدانی نەخۆشی ئەم میللەتەی دەزانم کە خۆیشم بەشێکم لێی.

ئالێرەدا باسی تەنها ئەو شوێنانە دەکەم کە خۆم بەشێکبووم لێی و ئاگاداری وردەکارییەکانیم هەم وەک دەروازەیەک بۆ ئەنجامگیریەک.

*کاتی خۆی کە بوومە دەستەی نووسەرانی ڕۆژنامەی میدیا و پەیامنێری لە سلێمانی، دوو هەفتە جارێک چاپدەکرا و چەند سەت دانەیەکی لێدەفرۆشرا، لەگەڵ سەرنووسەر بە هاوکاری تەواوی ستافەکە، تیراژی ئەو ڕۆژنانە حیزبیەمان گەیاندە 8000 دانە، ڕۆژنامەی میدیا تەنها بڵاوکراوەیەک بوو کە لە هەولێر چاپدەکراو لەسلێمانی خوێنەری زۆر و بەردەوامی هەبوو. هەر ئەوکات نەک سەد جار، هەزار جار پێم دەوترا بۆچی لە ڕۆژنامەی "دەزگای پاراستنی پارتی" ئیش دەکەی. دەمزانی (میدیا) پارە لە حکومەت وەردەگرێ، حکومەت هی پارتی بوو، ئەو ڕۆژنامە نەیدەتوانی دژایەتی پارتی بکات، هەر ئەو کارەشی نەدەکردو..هتد، بەڵام لەو کاتەوەی من چوومە ئەو ڕۆژنامەیە، ڕۆژێک لەڕۆژان لەلایەن پاراستنەوە ئاراستە نەکراوە ئەگەرچی خەڵکانێکی گومانلێکراو لەو دەوروبەرە هەبوون. هاتنی ڕۆژنامەیەکی باش لە هەولێرەوە بۆ سلێمانی کە خەڵکی حەز لە خوێندنەوەی بکات، هەر ئەو "تاوان"ە بەسە بۆ ئەوەی باز هەڵدرێت بەسەر نێوەڕۆک و بابەتەکانی ڕۆژنامەکە و هیچ خوێندنەوەیەکیان بۆ نەکەی و بە ئاسانی ناوبنرێت "ڕۆژنامەی دەزگای پاراستن".

*خوێندکاری زانکۆی سەلاحەدین بووم و هاوکات بەرپرسی لاپەڕەی"لاوان" بووم لە ڕۆژنامەی (برایەتی) کە ئێستا ناوی (خەبات)ە و ئۆرگانی ڕەسمی پارتییە، بانگهێشتکرامەوە بۆ سلێمانی بۆ دەرکردنی گۆڤارێکی گەنجانە کە بایەخ بە ژیانی مەدەنی و ڕۆشنبیری و سیاسی گەنج بدات. ئەوکات بڕیارماندا کە گۆڤارێک بەناوی (لڤین) دەربکەین و لەگەڵ یەکەم ژمارەیدا من لە دەستەی نووسەرانی بووم. ئەوکات گۆڤارەکە سەر بە سەنتەری گەشەپێدانی چالاکی لاوان بوو کە بەڕێز مام جەلال لە سەرەتاوە بڕێک کۆمەکی کردبوو، بەڵام لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامییەوە بەڕێوەدەبرا. من ئەوکات تازە بەتازە وازم لە کاری حیزبایەتی هێنابوو، بەڵام ئەوساو ئێستاش، دۆست و هاوڕێی یەکگرتووەکان بووم.

ئەو گۆڤارە ڕۆژێک لە ڕۆژان لەلایەن یەکگرتووی ئیسلامییەوە هێڵی گشتی بۆ دانەنراوەو ئەوەی بەڕێوەی دەبرد ئەو گەنجانە بوون کە ئێستاش لەسەریێت، ئەمبەر و ئەوبەری فکری و سیاسیان (نەک حیزبی) نەکردووە ڕۆژێک لە ڕۆژان زوڕناژەنی هیچ لایەنێک نەبوون بە یەکگرتووی ئیسلامیشەوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هەریەک لە ئەندامانی ستافی ئەو گۆڤارە جگە لە پاداشتی کارەکانیان، مانگانەیەکی 20$ هەبوو کە ڕاستەوخۆ لە مەڵبەندی یەکگرتووی ئیسلامییەوە بۆمان دەهات. دوای ئەوەی کە ئێمە وازمان هێنا، ئەو گۆڤارە کەوتە بڵاوکردنەوەی زۆر شت"ڕەوایە یان ناڕەوا، ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە و ئەو هەڵسەنگاندنە ناکەم"، خوێنەرێکی زۆری بۆخۆی پەیدا دەکرد و چەند جارێک ستافی گۆڤارەکە تووشی ئینشیقاق دەبوون و لە دواجاردا هەر بەڕێزان خاوەنی ئیمتیاز کە سەرنووسەرە لەگەڵ جێگرەکەی دەمانەوە. من چەند دووریم لەو گۆڤارە، بەڵام ئەوەندە دەزانم کە ئاراستەکردنی لڤین، دوور و نزیک پەیوەندی بە یەکگرتووی ئیسلامییەوە نییە، بەڵام ئەوە شتێکی حاشا هەڵنەگرە کە سوودمەندی یەکەم لە (لڤین) تا بەرواری پێش دەرکەوتنی گۆڕان، هەر یەکگرتووی ئیسلامیی بووە، چونکە ئەوان واجیبەی موعارەزە بوون لە کوردستاندا. وەک چۆن ئێستا کارەکانی هەر یەک لە هاوڵاتی و ئاوێنە بە قازانجی لایەنی موعارەزەیە و لەگەڵ ئەوەشدا ئەوان بۆ خۆیان خاوەنی بڕیار و ئاراستەی خۆیانن.

*لە کۆتایی مانگی 11ی ساڵی 2006 کە بۆ یەکەمجار کۆبوونەوەمان لە ماڵی بەڕێز نەوشیروان مستەفا ئەنجامدا بۆ ئیشکردن لە کۆمپانیای وشە، تائێستاش لەسەریێت، هەمیشە ڕۆڵی "نووکی ڕم"م بۆ خۆم هەڵبژاردووە، ئەویش لەبەرئەوەی بڕوای تەواوم بە فکرەی مەشروعەکە و داخوازییەکانی هەیە. سەرەڕای ئەوەش هیچ کات لە مەرکەزی بڕیاردانی کۆمپانیای وشەوە دوور نەبووم و لەبەشی زۆری بڕیارەکانیش بە حەجم و ئاستی بەرپرسیارێتیم، بەشدار بووم. من تائێستاش لەناو کۆمپانیای وشەدام بەئاگاداربوون لە هێڵی گشتی کارکردن و موعانات و کەموکورتییەکانیشیەوە. ئەوەی لە ماوەی ڕابردوودا بەو دەزگایە وتراوەو ئەو تۆمەتانەی بۆی هەڵدەبەستران بەتایبەت لەلایەن ڕۆژنامەنووسانی نزیک لە پارتی و یەکێتی، ئەوەندە دوور بوون لە ڕاستییەوە کە مرۆڤ حەز ناکات بیشوبهێنێ بە شتێک کە زەوقی خوێنەر تێکبدات.

*چەند مانگێک پێش ئەوەی ستافی ڕۆژنامەی میدیا وازبهێنن و کۆمپانیای ڕووداو، دابمەزرێنن، ئاگاداری وردو درشتی هەموو هەنگاوەکان و ئاراستەی کارکردن و پێکهێنانی ستاف و مووچەو پەیوەندییە سیاسییەکان بووم. ئەگەر دەستەی نووسەرانیان نیگەران نەبن، لەوەیە زیاتر لەوان ئاگادار بم ئەویش بە حوکمی پەیوەندی نێوان من و ئاکۆ محەممەد و سەلام سەعدی و ڕێبوار کەریم، جگە لەوەش هەمیشە ڕۆژنامەکەم خوێندووەتەوەو بۆ هەموو ژمارەیەک ئەگەر زیاتر لە یەکێک لە ستافەکان قسەم لەسەر نەکردبێت، کەمتر نەبووە "ئەمە وەک بەشێک لە دۆستایەتی،چونکە من تەنها لە کۆمپانیای وشە مووچە وەردەگرم".

ئێستا

* (لڤین) و (ڕووداو) کەوتوونەتە تەقەکردن لە یەکتری.

*چەند جارێک پەلاماری کەناڵی KNN دراوەو سووکایەتی بە لۆگۆکەی کراوە ئەوە لەکاتێکدایە کە ئێستا شوێنی کارکردنی من لە کۆمپانیای وشەیە.

*شەڕێکی دۆڕاو بەناوی حیزبی بوون و حیزبی نەبوون کەوتووەتە نێوان ڕۆژنامەنووسانی کوردستان و دەسەڵاتیش وەک مەلای مەشهور لە پێینەوە بە نەخوێنەکەی کردووەتەوە تا بزانێت کێ دەیدۆڕێنێت.

* خودی ڕۆژنامەنووسان جەهل و غەدرێکی گەورەیان بەرپاکردووە لە بەخشینەوەی تۆمەت و ناسنامە بەمیدیاکان وەهەرڕۆژەو ناوو ناتۆرەیەکیان دەخرێتە پاڵ بەتایبەت ئەو میدیایانەی خەڵکی دەیانخوێنێتەوە وەک : هاوڵاتی، ئاوێنە، لڤین، ڕووداو. بۆ نموونە ئەم ڕۆژنامەی ڕووداوەی کە ئەم وتارەی منی تێدا بڵاوکراوەتەوە، لە سلێمانی و لەنێو هەندێک حیزب و ڕێکخستندا بە ڕۆژنامەی ڕەسمی دەزگای پاراستن وەسفدەکرێت و کاتێک کە دەبینن ڕۆژنامەکە جوان و باشە، دەڵێن بەخوا پاراستن بەقوەتە لەدەرکردنی ڕۆژنامەدا کە دڵنیام بەشی هەرە زۆری ئەو شەڕە، شەڕفرۆشتنە بە باشی ڕۆژنامەکە.

غەدرە گەورەکە:

کوردی ئەم عێراقە وەک چۆن خاوەنی داهێنانی بەسوودی گەورە نییە بەتایبەت لە دوای 1991، لە بواری مامەڵەکردن لەگەڵ دامەزراوەو بەرپرسیارێتی گشتیشدا کلۆڵ و ویژدان بیمارن. نموونەی ئەو شتانەی لە دوو هەفتەی ڕابردوودا بینیمان بەڵگەی حاشاهەڵنەگرن.

ئەگەر خوێنەری ئێمە دیقەت بدات، هەموو ئەو ڕۆژنامەنووسانەی کەوتنە بەرەکانی ئەم شەڕە دۆڕاوەوە، بە نەفەسی حیزبییە شەڕکەرە کوردفرۆشەکان قسەیان کرد، کەسێکت دەستنەکەوت بە نەفەسێکی مەدەنی و هەست بە بەرپرسیارێتییەوە قسە بکات و ڕاستی شتەکان ئاشکرا بکات. هەموو ڕۆژنامەنووسەکان وەک چەک بەشانەکانی شەڕی ناوخۆ، هەوڵی کوشتنی بەرامبەر و فەرهوودکردنی ئیعتباری مەعنەوی دەزگای بەرامبەریان دا. هەموو ڕۆژنامەنووسە شەڕکەرەکان بیریان چووەوە کە ئیشی ئەوان نییە شەڕی یەکتری بکەن، بەڵکو ئیشی ئەوانە چاودێری حکومەت و داوودەزگاکان بکەن، نەک وەک ئەوەی لەم یەک دوو مانگەدا بینیمان کە بەپرسانی حکومەت و حیزب بە کۆمەڵێک زانیاری کە جێی گومانن، چۆن ئەو کارە گرنگە دەکەن کە خۆیان بە ملیۆنان دۆلار ناتوانن ئەنجامی بدەن.

لە ماوەی ڕابردوودا بینیمان کە کارمەندەکانی ئێمەش لە کەناڵی KNN کە لەسەر ئەساسی شەخسیبوون کێشە دەکەوتە نێوانیان و کەچی لەدواجاردا لەلایەن هەندێ داوودەزگاوە هەوڵی شکاندنی سومعەو ئیعتباری کەناڵەکە دەدرا.

ئەم کوردە بەهیچ نابێت، چونکە هەمووی خەریکی شەڕی بەوەکالەتە .ئازایە لە بەخشینەوەی تۆمەتی بێ بنەما. شەڕی ئەوەت پێ دەفرۆشن کە تۆ باشیت و دەتوانی ئیشی باش بکەی. خۆی حیزبییە و پێی عەیب نییە، کەچی حیزبی بوونی تۆ بە عەیب دەزانێت. ئەم کوردە بەهیچ نابێت، چونکە تائێستا تێنەگەیشتووە کە هیچ سەرنووسەر و ڕۆژنامەنووسێک ئازاد نییە لەوەی بە ئارەزووی خۆی پەلاماری ئەم و ئەو بدات و هیچ حسابێک بۆ ئەوە نەکات کە هاووڵاتیان خاوەنی ئەو داوودەزگایانەن.

لەم کوردستانە بەدەگمەن ڕۆژنامەنووسێک دەبینی کە لەسەر سیاسەتی هەڵەی دەزگاکەی، یان پێکهاتەی سەقەتی ئیداری وازبێنێت، بەڵکو هەمووی لەسەر ئەساسی بوغزاندنی یەکتری و ملشکاندن و چاڵ هەڵکەندن و ئیستغلالکردنی دەزگاکان بۆ هەواو هەوەسی تاکەکەسە. ئەوەش دەلیلی ئەوەیە کە کورد داوودەزگاو عەقڵی دامەزراندنی داوودەزگای نییەو ئیشەکانیش لەسەر ئەساسی کەڵەگایی بەڕێوەدەڕۆن، لە بازاڕی کەڵەگاشدا هەمیشە مانەوە بۆ بەقوەتەکانە و لاوازەکانیش دەبنە قوربانی.

# سەرپەرشتیاری لێژنەی پزیشکی:

# "جاری وا هەیە نەخۆش دەمرێت ئینجا پارەکەی بۆ دەردەچێت"

## پارەی ئەمساڵی هاوکاری نەخۆشەکان خەریکە تەواودەبێ

ئاری عوسمان
ڕووداو-هەولێر

لە کۆڕەوی 1991دا کچەکەی عومەر حەسەن، گوللە تۆپێکی لە نزیک تەقیەوەو ساچمەیەکی بەرکەوت، ئەوکات نەشتەرگەرییەکی بۆ کرا، بەڵام پزیشکەکان دەڵێن ئەگەر نەشتەرگەری دیکەی بۆ نەکرێ، ئیفلیج دەبێ، بۆیە عومەر 7 ملیۆن دیناری قەرز کردو دوو ساڵ بەر لە ئێستا نەشتەرگەری بۆ کچەکەی کرد. ئەو باوکە بە مەبەستی وەرگرتنی هاوکاری ڕوو لە لێژنەی هاوکاری تەندروستی دەکات، بەڵام بە دڵساردییەوە دەڵێت "تەنیا 200 هەزار دیناریان پێدام".

ئەوانەی نەخۆشیان هەیە و بە مەبەستی وەرگرتنی هاوکاری ڕوو لە لێژنەی هاوکاری تەندروستی دەکەن، بە نائومێدی دەگەڕێنەوەو دەڵێن ئەو هاوکارییەی لێژنەکە دەیانداتێ، بەشی چارەسەری نەخۆشییەکەیان ناکات.

وەزارەتی تەندروستی لێژنەیەکی لە فەرمانگە تەندروستییەکانی شارەکان داناوە، کە هاوکاری چوار جۆر نەخۆش دەکەن: شێرپەنجە، خوێن، مێشک و دڵ.

لێژنەکە بەپێی ڕێژەی نەخۆشییەکە هاوکاری نەخۆشەکە دەکات، بڕی یارمەتییەکەش لە 100 دۆلارەوە دەستپێدەکات تا 3 هەزار دۆلار.

عومەر حەسەن، پێشتر داوای هاوکاری لە لێژنەی پزیشکی کردبوو، ئەو لیژنەیەش پێیگوتبوو دەتوانن تا 200 هەزار یارمەتی بدەن. ئەو لە شاری سلێمانییەوە هاتبووە وەزارەتی تەندروستی لە هەولێر، چاوەڕوانی وەزیری دەکرد تاوەکو داوای هاوکاری زیاتری لێ بکات. عومەر گوتی "من چ لە 200 هەزار دینار بکەم، بەشی ئەو هاتووچۆیەشم ناکات کە چەند جارێک هاتووم بۆ هەولێر".

هاوار حەسەن سەرپەرشتیاری لێژنەی پزیشکی لە دیوانی وەزارەتی تەندروستی، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لێژنە دیاریدەکات چەند پارە بۆ نەخۆش خەرج بکرێت. بۆیان هەیە لە 100دۆلار تاوەکو 3 هەزار دۆلار بۆ نەخۆش بنووسن". هاوار حەسەن ڕوونیکردەوە کە ئەوان دەیانەوێ بەو پارەی لەبەر دەستیاندایە هاوکاری زۆرترین نەخۆش بکەن.

دوایین ئاماری وەزارەتی تەندروستی، لە ماوەی سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵ، 496 نەخۆش لە هەولێر، بە بڕی 442 ملیۆن و 500 هەزار دینار هاوکاری کراون. لە دهۆک لە هەمان ماوەدا 171 نەخۆش بە بڕی 265 ملیۆن و 500 هەزار دینار هاوکاری کراون، لە سلێمانیش لە ماوەی پێنج مانگی یەکەمی ئەمساڵدا 733 نەخۆش بە بڕی 885 ملیۆن دینار هاوکاری کراون، لە گەرمیانیش لە ماوەی 4 مانگدا بڕی 136 ملیۆن دینار وەک هاوکاری دراوەتە 187 نەخۆش.

خەرجی ساڵی ڕابردوو بۆ هاوکاریکردنی نەخۆش لە دیوانی وەزارەت لەسەر سوودی کۆمەڵایەتی 4 ملیۆن و 800 هەزار دۆلار بووە، کە 4 هەزار نەخۆش لێی سوودمەند بوون. لە پرۆژەی بودجەی ئەمساڵدا وەزارەتی تەندروستی داوای 8 ملیارو 694 هەزار دیناری کردبوو بۆ سوودی کۆمەڵایەتی لە دیوانی وەزارەت، بەڵام لە کاتی گفتوگۆکردنی پەرلەمان لەسەر بودجە پارەکە کەمکرایەوە بۆ 3 ملیار و 637 ملیۆن دینار. هاوار حەسەن دەڵێ "پەرلەمان پارەکەی زۆر کەم کردەوە، ئەوەش بەشی ئێمە ناکات، زۆری نەماوە پارەکە تەواو ببێ، نەخۆشمان هەیە نێوەڕاستی ساڵی داهاتوو نۆرەی دەگاتێ، جاری وا هەیە نەخۆش دەمرێت ئینجا پارەکەی بۆ دەردەچێت، دواتر پارەکە دەگەڕێندرێتەوە بۆ حکومەت، ئەگەر پارەی زۆرمان لەبەر دەستدابێت زیاتر هاوکاری نەخۆش دەکەین".

حەسەن مەحمود سەرۆکی لێژنەی تەندروستی لە پەرلەمانی کوردستان دەڵێ "ئێمە کە زانیمان ئەو پارەیە بۆ هاووڵاتیانی نەخۆشە، زۆر گوشارمان نەخستەسەر، وەک بەشی سوودی کۆمەڵایەتی وەزارەتەکانی دیکە، کە زۆر بەربەستمان بۆ دانان"، گوتیشی "بەپێچەوانەوە پارەی ئەمساڵ لەوەی پار زیاترە".

لە بودجەی ئەمساڵدا 6 ملیار دینار بۆ سوودی کۆمەڵایەتی وەزارەتی تەندروستی تەرخانکراوە، کە بەسەر فەرمانگە تەندروستییەکاندا دابەشدەکرێت. لێژنەی پزیشکی لە دیوانی وەزارەت، هاوکاری کارەساتی سروشتی، یارمەتی و بەخشین، هاوکاری لێقەوماوانی جەنگ، پەنابەران و..هتد دەکات.

هاوار حەسەن پێیوایە ئەو پارەیەی وەکو هاوکاری دەدرێتە نەخۆش، سوودی بۆ نەخۆش نییە"چونکە بڕە پارەکە کەمە"، بۆیە پێشنیاز دەکات "بەو پارەیە نەخۆشخانەیەکی مۆدێرن دروستبکرێ، پزیشکی بیانی بۆ بهێنرێن و چارەسەری ئەو نەخۆشیانەی لێبکرێ، کە تائێستا چارەسەریان لە کوردستان نییە".

ئێستا لێژنەی تەندروستی پەرلەمانی کوردستان سەرقاڵی ئامادەکردنی پرۆژە یاسایەکن بۆ دامەزراندنی سندوقی هاوکاری نەخۆشییەکانی شێرپەنجە. سەرۆکی لێژنەی ناوبراو دەڵێت "ئەو سندووقە هاوکاری نەخۆشەکانی شێرپەنجە و ئەو نەخۆشانەی چارەسەریان نییە لە کوردستان دەکات، ئەگەر لە پەرلەمان پەسەند بکرێ، سوودێکی زۆری بۆ هاووڵاتیان دەبێ".

# نەیا نهێشت بشگریێم



محەممەد عەلی عوزێری

کاتێک مرۆڤ ماڵئاوایی دەکا شوێنێکی بێدەنگی بۆ هەڵدەبژێرن تا دوا مەنزڵگای بێ، ئیمەش وەک هەموو کەس دەبێ ڕۆژێکمان هەبێ لە هەمان شوێن کۆتایی بە ژیان و دۆست و کار و خۆشەویستانمان بێنین.

ڕێزگرتن لە گۆڕستان ئەرکی سەرشانی هەموو مرۆڤێکە، ئینجا لە چ ڕەگەز و ئایینێک بێ، منیش وەک هەموو کەسێک خاوەن مردوو و زیندووم لە ژیان. بەم دواییە سەردانی گۆڕستانی شارەوانی (قەبرستانی مەعمەل قیری) ڕێگەی مەخمورم کرد، تاوەکو چەند ساتێک لە بەرامبەر گۆڕی باوکمدا ئارام بوەستم و چەند باسێک لەگەڵ باوکی خوالێخۆشبوومدا باسبکەم، من بە خەیاڵێک چوم وامزانی تەنها من و فرمێسکەکانم دەنگیان دەبێ کە دەست بە قسەکانم دەکەم، بەڵام ئەوەی سەیربوو لە دەرگای سەرەکی گۆڕستانەکە کە دیارە بە بڕیاری زیندووێک کە هیچ بیری لە مردن نەکردووەتەوە گۆڕەپانەکەی کردووەتە شوێنی وەستانی بارهەڵگرەکانی باشوور، شۆفێری زیاتر لە 50 لۆری و قەلاب و شۆفەر مامەڵەیان دەکرد و چەند شوفێرێک چا و نەرگیلەیان لەبەردەم بوو باس و خواسی دنیا و بازرگانی و پیشەسازیان دەکرد، بێ ئەوەی سەیرێکی دواوە بکەن کە کێلی هەزاران مردوویان لەپشتە.

دیارە هەولێر دەشتایی نییە شارەوانی و پارێزگار ناتوانن شوێنێکیان بۆ دابین بکەن؟! کە چووم سەرم کردە ناو گۆڕستان ماوەیەک نەمتوانی بچمە ناوەوە، لەبەرئەوەی شەقامی سەرەکی گۆڕستانەکە ئەمجارە ئەویش فرۆشرابووە زیندووەکان، ئەو شەقامەی کە هەردوولای گۆڕستانەکە بەیەک دەبەستێتەوە کراوە بە شەقامی لۆریەکانی کارگەکانی دوواوە، گۆڕستانەکە کە دەڵێن کاری چیمەنتۆ و گەچ و بلۆک و شیش و کاشی دەکەن، ماوەیەک وەستام، شوفێرەکان وەک بڵێی لەشەقامەکانی ناو شار لۆری لێدەخوڕن هەر کەسی بەو گۆرانییەی کە حەزی لێیە دەنگی ڕیکۆردەکەی کردبووەوە و زۆر بە خێرایی لێیاندەخوڕی، تاوەکو بارەکەی بەخێرایی بەنێو گۆڕستاندا بگەیێنێ. دەمێک وەستام تا توانیم فاتیحایەک بۆ گیانی باوکم بخوێنم، بەڵام قسەکانم لەگەڵ باوکم نەکردن/ چونکە دڵی لێمان شکابوو نەشگریام چونکە نەیانهێشت بگرییم، منیش قسەکانم لەگەڵ بەرپرسانی هەولێر دەکەم، ئایا ناکرێ کاری پیشەسازی و بازرگانی شارەکەتان لە گۆڕستان بگوازنەوە بۆ شوێنێکی دیکە تاوەکو ئێمەش شوێنێکمان هەبێ تێیدا بگریێین . پێشتریش بۆ چارەسەری ئەو کێشەیە پەیوەندیم بە پارێزگارەوە کردووە، بەڵام تائێستا هیچی نەکردووە، هیوادارم ئەوەش بۆ مردووان بکات.

## بە قوڕاو خۆیان فێنک دەکەنەوە



**ڕووداو- AFP**

دانیشتووانی شاری ویستلاند لە ولایەتی میشیگن لە ئەمریکا بۆ خۆ ڕزگارکردن لە گەرما و خۆ فێنککردنەوە، باشترین ڕێگەیان دۆزیوەتەوە کە ئەویش خۆ خستنە نێو قوڕاوە. ئەو هاووڵاتیانەی ئەمریکا ڕووبارێکی قوڕاوییان دروستکردووە و دەچنە ناو ئەو ڕووبارە قوڕاویەوە و لەوێدا شەڕە قوڕ دەکەن و بەمەش خۆیان فێنک دەکەنەوە و کاتێکی خۆشیش بەسەر دەبەن. بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەو ڕووبارە قوڕاوییە، لە تێکەڵەی 20 هەزار گاڵۆن ئاو و 200 تۆن لم دروستکراوە و خەڵکێکی زۆر بەشداریان تێدا کردووە و بەپێی ڕاپۆرتەکان ئەمساڵ نزیکەی هەزار کەس بەشداریان لەم شەڕە قوڕەدا کردووە.

# کاوانی لە ڕەمەزاندا دێتەوە



**ڕووداو- هەولێر**

خانمە ئەکتەری کورد نەرمین کاوانی، دوای ئەوەی لە هەردوو زنجیرە درامای (ئارەزوو) و (ژیلەمۆ)دا بەشداریکرد، ئێستا خەریکی خۆئامادەکردنە بۆ بەشداریکردن لە زنجیرە درامای (ڕۆژگارە تەریبەکان).

کاوانی لەبارەی بەشداریکردنی لەو زنجیرە درامایەدا بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "دەرهێنەر کامەران ڕەئوف داوای لێکردم ڕۆڵێک لەو درامایەدا بگێڕم، منیش کارەکەیم زۆر لەلا جوان بوو، بۆیە پێم باشبوو بەشداری لەو درامایەدا بکەم".

درامای (ڕۆژگارە تەریبەکان) درامایەکە بەشێوازێکی زۆر تازە کاری بۆ کراوە، وەکو نەرمین کاروانی ئاماژەی پێدا "بابەتەکانی نێو دراماکە شتێکی زۆر پێویستە کە کاری لەسەر کراوە، بەتایبەتی بۆ ڕۆژگاری ئەمڕۆی کۆمەڵگەکەمان".

کاوانی لەبارەی ڕۆڵەکەی لەو درامایەدا گوتی " من ڕۆڵی یەکێک لە کاراکتەرە سەرەکییەکانی ناو دراماکە دەگێڕم، پێموایە لەو درامایەدا ڕۆڵەکەم قۆناخێکی تازە دەبێ بۆ من، هەرچەندە توانیم لە دوو دراماکەی دیکەشدا ڕۆڵێکی جیاواز بەرجەستە بکەم و قۆناخێکی تازە لە مێژووی نواندنی ئافرەتانە لە درامای کوردییدا بخەمە بەرچاوی بینەران".

گوتیشی لەدرامای (ڕۆژگارە تەریبەکان) ڕۆڵێکی زۆر تازەی بەرجەستە کردووە "ئەو ڕۆڵەی من دەبێتە موفاجەئەیەکی تازە بۆ بینەران، چونکە من حەزدەکەم لەهەر کارێکی درامیدا هەر جارەو بە شێوازێکی تازە و بە کارێکی جیاوازتر لەکارەکانی پێشووترم بێمە سەر شاشە". درامای (ڕۆژگارە تەریبەکان) لەدەرهێنانی (کامەران ڕەئوف)ەو، ئێستا کاری وێنەگرتنی تەواو بووە و لە قۆناخی مۆنتاژکردندایە، لە25 ئەڵقە پێکهاتووەو بڕیارە لەمانگی ڕەمەزانی داهاتوودا لەیەکێک لە کەناڵە ئاسمانییەکان بڵاوبکرێتەوە.

# دوو کۆنسێرت بۆ دانیاڵ ساز دەکرێن



**ڕووداو- هەولێر**

گۆرانیبێژ دانیال ئێستا خەریکی کلیپکردنی گۆرانی (گلەیی)ە کە دیمەنەکانی لەچەند ناوچەیەکی کوردستان وێنەیان دەگیرێ. لەمانگی 12ی ئەمساڵیش دوو کۆنسێرت لە سلێمانی و هەولێر بۆ دانیال سازدەکرێن لەلایەن وەزارەتی ڕۆشنبیری و لاوانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە. ئەو دوو کۆنسێرتەی دانیال بۆ 2000 قوتابی پلە یەکەمەکانی هەردوو پارێزگای سلێمانی و هەولێر ڕێکدەخرێ و ژمارەیەک موزیکژەنی کوردی ئەوروپا بەشداری تێدا دەکەن. دانیاڵ دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستانو بەگۆرانی (کراس زەردێ) زیاتر بەنێوبانگ بوو.

## ئەو کەسەی کازم جەباری کردە کازم ساهر:

# دەنگی کازم وشکە





**ڕووداو- ئیلاف**

عادل هاشمی، ڕەخنەگری بەنێوبانگی عێراقی بواری میوزیک، ڕایگەیاند ئیسرائیل بانگەشەی مولکایەتییکردنی مەقامی عێراقی دەکات، ئەمەش وای لێکردووە هەموو جا ڕێک دوای پارێزگاریکردنی کەلەپووری گۆرانی عێراقی بکات.

عادل هاشمی، کە ڕۆڵی لە پێگەیاندنی کازم ساهر، گۆرانیبێژی نێوداری عێراقیدا هەبووە، ڕەخنەی توندیش لە کازم ساهر دەگرێت و پێیوایە گەمارۆی ئابووری سەر عێراق لە ساڵانی نەوەتەکان هۆکاری دەرکەوتن و بەجەماوەربوونی بوو، دەڵێت "دەنگی کازم ساهیر وشکە، نەرمییەکی سۆزدارانەی تێدا نییە، بۆیە لەبەر وشکیی دەنگی، پەنا بۆ هاوارکردن لە گۆرانی گوتندا دەبات، بۆ سەرنجڕاکێشانی بەرامبەری، ئەمەش پێیدەگوترێت فریودانی گوێیەکان، فریودانی چاوەکان".

عادل هاشم، کە نازناوی (ساهر)ی بەخشیوەتە ئەو گۆرانیبێژە نێودارەی عێراق دەڵێ " لە ساڵی 1986 نازناوی ساهرم بەخشییە کازم جەبار"، جەخت لەوە دەکاتەوە کە"باوەشکردنەوەی جەماوەری عەرەبی بۆ کازم ساهر لە سەردەمی بەزەیی پێداهاتنی عەرەبدا بوو بە عێراق دا، کە ئەو کاتە لە ژێر ئابلووقەدابوو، هەر شتێک لە عێراقەوە دەرچووبا عەرەب باوەشی بۆ دەکردەوە، چانسی ساهریش وابوو کە بقۆزرێتەوە و لەباوەش بگیرێت، بۆیە ئەو بەرهەمی بەزەیی هاتنەوەی عەرەبە بەعێراقدا".

هاشمی وڵاتانی دراوسێی عێراق بەپلان دارشتن لە دژی گۆرانی عێراقی تۆمەتبار دەکات و دەڵێت" دەیانەوێ عێراق ببێتە ئەو وڵاتەی لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هەر بدات و وەرنەگرێت".

# واکا واکا 8 وڵاتی گرت



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

گۆرانیبێژی بەنێوبانگی کۆلۆمبی شاکیرا بۆنە تایبەتییەکەی بەنێوی (ئەس) لە پایتەختی ئیسپانیا بڵاوکردەوە.

لە دوای ئەوەی زۆربەی هونەرمەندان بۆنیان بەناوی خۆیانەوە بڵاوکردەوەو بازاڕەکانیان پێوە سەرقاڵکردووە، کچە گۆرانیبێژی بەنێوبانگی کۆلۆمبی شاکیراش بۆنە تایبەتییەکەی بەنێوی (ئەس) لەپایتەختی ئیسپانیا بڵاوکردەوە. جگە لەوە شاکیرا لە ماڵپەڕی تایبەتی خۆیدا عەشقی خۆی بۆ شۆکۆلاتە دووپاتکردووەتەوەو دەڵێ "خەون بە شۆکۆلاتەوە دەبینم"، هەروەها ئاماژە بەوەدەدات کە گۆرانی (واکا واکا) کە تایبەت بوو بە مۆندیالی 2010 لەسەر ئاستی هەشت وڵاتی گەورەی جیهان پلەی یەکەمی ڕیزبەندی کۆپیکردنی گۆرانییەکانی ئینتەرنێتی داگیرکردووە.

# سوپەر بخۆن زوو پیر نابن



**ڕووداو- ئاژانسەکان**

جوتیارانی ئیتالی ڕایانگەیاند تەماتەی شێوە چوارگۆشە پیری دوادەخات.

جوتیارانی ئیتاڵیا جۆرە تەماتەیەکی شێوە چوارگۆشەیان نمایشکرد، کە یارمەتی دواخستنی پیربوون دەدات، ئەو تەماتەیە تاموچێژێکی تایبەتیشی هەیە. جوتیارانی ئیتالیا ڕایانگەیاند کە ئەوان لەخۆیانەوە قسە ناکەن و لەلایەن پزیشکێکی ئیتالییەوە کە لێیانەوە نزیکە، لێکۆڵینەوەی لەسەر تەماتەکان ئەنجامداوە پێی ڕاگەیاندوون کە ئەو جۆرە نوێیەی تەماتە کە بە (سوپەر) ناسراوە، تایبەتمەندییەکی زۆری هەیە و ڕێژەیەکی زۆر لە مادەی (لیکۆبین) یاخود بۆیەی سووری تێدایەو بەو توخمانەش دەوڵەمەندە کە بەدژە ئۆکسید ناسراون، کە ئەگەر مرۆڤ بیخوات یارمەتی دواخستنی پیربوونی دەدات و مرۆڤ درەنگتر پیر دەبێت.

# لیندسی 90 ڕۆژ زیندانی دەکرێ



**ڕووداو- AFP**

لیندسی لۆهان، ئەکتەری بەنێوبانگی هۆلیوود، کە لەساڵی 2007 بەهۆی ئەوەی لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل سەرخۆش بووە و بەشداریی وانە فێرکارییەکانی هاتووچۆی نەکردووە، لەلایەن دادگاوە بە 90 ڕۆژ زیندان حوکمدرا.

مارشاڵ ڕول، دادوەری دادگای باڵای ناوچەی بولی هیلز، لیندسی لۆهان ئەستێری فیلمی (کچانی خراپ)ی بە 90 ڕۆژ زیندان حوکمدا، جگە لەوە دادگا ڕایگەیاند کە دوای تەواوبوونی ماوەی زیندانییەکەی لیندسی دەبێ لەوانە فێرکارییەکانی هاتووچۆ کە ماوەکەی 90 ڕۆژە بەشداری بکات.

لۆهان لەیەکەم دانیشتنی دادگادا بە گریانەوە داوای لە سەرۆکی دادگا کرد کە بیبەخشێت و لەمەودوا بەجیدی بەشداری لە وانە فێرکارییەکانی هاتوچۆ دەکات، بەڵام دادگا وەڵامی نەدایەوە.

لۆهان لەساڵی 2007 بەهۆی ئەوەی لەکاتی لێخوڕینی ئۆتۆمبێل سەرخۆش بووەو مادەی بێهۆشکەری لەجۆری کۆکائین بەکارهێناوە، 84 خولەک لە زینداندا بووە، بەڵام سزادانی بۆ 3 ساڵ دواخرا. لیندسی لۆهان لە ساڵانی 2003 و 2004 بەهۆی فیلمەکانییەوە زۆر بەنێوبانگ بوو.

ئەو لە تەمەنی 11 ساڵیدا بۆ یەکەمجار بەشداری لە فیلمی ( داوی دایک و باوک) کرد.

## تەلفریکەکەی هەولێر 2 ملیۆن دۆلاری لێ خەرجکراوە

# 900 مەترەکەی بە 20 دەقیقە دەبڕێ



**ڕووداو- هەولێر**

پرۆژەی (هەولێر تەلفریک) کە زیاتر لە 2 ملیۆن دۆلاری لێ خەرجکراوە، ڕۆژی 2010/7/10 کرایەوە.

ئومێد فاروق، بەڕێوەبەری کۆمپانیای وڵات کە خاوەنی پرۆژەی (هەولێر تەلفریک)ە، بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە پرۆژەی (هەولێر تەلفریک) بە هاوکاری کۆمپانیایەکی چینی دروستکراوە، لە مانگی تەمموزی ساڵی ڕابردوو پرۆژەکەیان پێشکەشی پارێزگاری هەولێر کردو دوای ڕەزامەندی ئەوان، لە 2010/4/1 دەست بە دروستکردنی کرا.

ئومێد فاروق لەوبارەوە گوتی "ئەو پرۆژەیە کە زیاتر لە 2 ملیۆن دۆلاری لێ خەرجکراوە، هەموو کەلوپەلەکانی لەچین دروستکراوەو دواتر هێنراوەتە کوردستان و دەستمان بەجێبەجێکردنی پرۆژەکە کردووە".

ڕۆژی 2010/7/10، بەئامادەبوونی نەوزاد هادی پارێزگاری هەولێر، هەولێر تەلفریک کرایەوە، کە لە پارکی منارەوە دەستپێدەکات بۆ پارکی شانەدەری یەک و دوو، دواتر لەوێشەوە دەگەڕێتەوە بۆ پارکی منارە، درێژی یەک لای ئەو تەلفریکە 900 مەترەو ماوەکەشی 20 دەقیقە دەبێت.

ئومێد فاروق گوتی نرخی سواربوونی تەلفریک بۆ هەر کەسێک 5 هەزار دینارەو بۆ منداڵانیش 3 هەزار دینارە.

شادان ئیسماعیل کە کچێکی تەمەن 12 ساڵە، بۆ یەکەمجار دەیەوێ سواری تەلفریک ببێ، دەڵێ "زۆر دەترسێم، یەکەمجارە سواری دەبم". شادان تائێستا تەلفریکی نەبینیوە، تەنیا بیستوویەتی کە لەوڵاتانی دیکە هەیە.

هەولێر تەلفریک کە لە 30 کابینە پێکهاتووە، هەر کابینەیەکی دەتوانێ 300 کیلۆی لێ بار بکرێ واتە 4 کەس دەتوانن سواری کابینەیەک ببن.

ئەحمەد سەلیم کە لەگەڵ هاوسەرو دوو منداڵەکەی لە پارکی منارە بوو، پێشتر لە لوبنان سواری تەلفریک بووە، دەڵێ " دەبووایە نرخەکەی کەمتر بێت، چونکە هەموو کەس ناتوانێ ئەو پارەیە بدات بەتایبەت خێزانە قەرەباڵغ و کەمدەرامەتەکان".

# بەختی ڕووداو

ئامادەکردنی: ئایار فەلەکی



ayarfalaky@hotmail.com

### کاوڕ
Mar 21–Apr 19

هەوڵبدەن گرفتەکانی باری کارکردن هێور بکەنەوەو بە لە خۆڕابینینەوە هەنگاو بۆ کارەکانتان بنێن، لەلایەن کەسێکەوە پێشنیازی کارێکی نوێتان بۆ دەکرێت و هەندێک لە هاوکارەکانت پشتیوانیتان لێدەکەن. سۆزدارەکانتان فەرامۆش مەکەن. بیردەکەنەوە هەندێک لە سەرمایەتان لە پرۆژەی وەبەرهێنانی بچووک بەگەڕ بخەن.

### گا
Apr 20–May 20

دیداری چەند کەسانێکی گرنگ دەکەن کە ئەوان دەتوانن پشتیوانیتان بکەن. ئێستا باری سۆزداری هەندێک لە هەستەکانتانی ڕەشبین کردووەو کۆتایی ئەم هەفتەیە لەو تەنگژەیە ڕزگارتان دەبێت . گەڕان و پەیوەندییەکان زۆر و بەرفراوان دەبن.

### جمک
May 21–Jun 21

هەوڵبدەن خۆتان لەگەڵ کۆمەڵ و چواردەورەکەتان بگونجێنن و پەیوەندییە ئاڵۆزەکان هێور بکەنەوە. هەوڵبدە لەم ماوەیەدا پشوویەکی باش بە بیرکردنەوەکانتان بدەن و بەرنامەیەکی نوێ بۆ داهاتوو دیاری بکەن. دەتوانن کاری دارایی بکەن چونکە باری دەسکەوت و داهاتتان دەرامەتتان باش دەبێت.

### قرژاڵ
Jun 22–Jul 22

ئەم مانگە بەگشتی فرسەتی تۆیە بۆ ڕێکخستنەوەی کارەکان و ئامادەییتان لە هەندێک لە جێگە کۆمەڵایەتییەکان، ئەنجامدانی سەفەر ئاسوودەتان دەکات. دەست بەجێبەجێکردنی ئەو کارانە بکە کە بۆت پێشنیاز دەکرێن. باری داهاتت بەرزییەکی نوێ تۆمار دەکات.

### شێر
Jul 23–Aug 22

باشترین فرسەتە بۆ هەنگاونان لە هەموو کارەکان بە تایبەت باری سۆزداری، دەتوانن دڵنیا ببەنەوە و بەخت بەشێوەیەکی بەهێز هاوکاریتان دەکات. چەند کارێکی گرنگ ماون کە دەبێ بەوپەڕی لەخۆڕابینینەوە ڕووبەڕوویان ببیەوە، ئێستا چالاکییە فکرییەکانتان بەهێز دەبن، بەڵام توانا جەستەییەکانتان لاواز دەبن و پێویستیتان بە حەوانەوە دەبێ.

### گوڵەگەنم
Aug 23–Sep 22

هەست بە ماندووبوون و پەستانێکی زۆر دەکەن، ڕێگە مەدەن ڕاڕایی و ڕەشبینی کارەکانتان بەرەو ئاراستەیەکی نادیار ببات، گرفت دروست مەکە لەکاتێکدا دۆخەکان خۆیان هێمنن. گەنجانی ئەم بورجە دەرگای سۆزداری بەڕووتان دەکرێتەوەو خەڵکانێک لە هەموو جێگەیەکەوە هەوڵدەدەن لێتان نزیک ببنەوە.

### تەرازوو
Sep 23–Oct 23

کاتێکی باشە بۆ ئەنجامدانی چەند دیدارێکی گرنگ و پێشنیازکردنی هەندێک لە داواکاریەکانتان. خەیاڵەکانتان ڕێنیشاندەرێکی باشی ژیانتان دەبن. کاتێک گرفتان بۆ دروست دەبێ گومان مەخەنە سەر هیچ کەسێک هەتا بەتەواوی لێی دڵنیا نەبن. ترس و دڵەڕاوکێ هیچ کارێکتان بۆ چارەسەر ناکات.

### دووپشک
Oct 24–Nov 21

دەتوانن کار بۆ بەدیهێنانی ئاواتەکانتان بکەن، سوود لە ئەزموونی ڕابردوو وەربگرن بۆ دارشتنی بەرنامەیەکی داهاتوویی بەهێز. لەبارەی کارکردنەوە هەست بە ئاسوودەیی دەکەی و هاوڵەکانت زیاتر حەز لە نزیک بوونەوت دەکەن. بەخت هاوکارییەکی باشت دەکات بۆ ئەو شتانەی تۆ دەتەوێ ئەنجامیان بدەی.

### کەوان
Nov 22–Dec 21

پرۆژەیەکی خۆت بۆ کەسانێکی بەتوانا باس دەکەی بۆ ئەوەی بیخەیە بواری جێبەجێکردنەوە، هەندێک لە خەرجییەکانتان کەم بکەنەوە. دەرفەت دەرەخسێت کار بۆ بەدیهێنانی یەکێک لە ئاواتەکانت بکەی. هەستدەکەی زۆربەی شتەکان بەرەو گۆڕانکاری دەچن بەو شێوەیەی کە خۆت ئاواتی بۆ دەخوازی.

### کارژۆلە
Dec 22–Jan 19

هەموو ئەو شتانەی پەیوەندی بە ماڵ و خێزانەوە هەیە پێویستی بە گرنگی پێدانی زیاترە. بەبێ هۆیەکی دیاریکراو هەست بە جۆرە ڕەشبینییەک دەکەن. دەتوانن لە کارێکدا هاوبەشی لەگەڵ کەسانێکی بەتوانا بکەن. کاتێکی گونجاوە بۆ ئەوەی لە جێگەی کارەکانتان پلەیەک بەرز ببنەوە یان بەرپرسیارێتیتان زیاد بکات.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

دواکەتنەوەی هەندێک لە کارەکان نابێتە دواکەوتنەوەی یەکجارەکی و پێویست دەبێ چەند جارێک هەوڵەکانت دووبارە بکەیەوە. خۆڕاگربە لە بەرامبەر هەر بەربەستێک. ئەو هەوڵانە فەرامۆش بکەن کە ماندووتان دەکەن بەبێ ئەنجامێکی دیاریکراو. بە وریاییەوە هەنگاو بنێی باشترە.

### نەهەنگ
Feb 19–Mar 20

کاتێکی باش نییە بۆ سەردانەکان و نزیکبوونەوە لەکەسانێک کە زانیاریت دەربارەیان نییە. ئەگەری گەڕانەوەی فرسەتێکی لەدەستچوو هەیە. ئەو توانا زۆرەی هەتانە لەبەرەو پێشبردنی کارەکەتان بەکاری بێنن. فرسەتتان دەبێ کات لەگەڵ ئازیزێکتان بەسەربەرن.

**بەکشتی:**

**ئاگاداری ئاگر بن**

لە هەموو کاتێک زیاتر ڕاڕاتر دەبین . جۆرە ڕاڕایی و ترسێک ناخمان دەگرێت کە خۆشمان نازانین لەچییەوە سەرچاوەی گرتووە.
بوونی مارس لە بورجی فەریک کارێکی ئاسان نییە لەم مانگەدا، ئاگرە بچووکەکان بەخێرایی پەرە دەستێنن و دەبێ زۆر ئاگاداری خۆمانبین، ئەوانەی کاریان لەگەڵ ئاگرە دەبێ لە هەموو کات زیاتر دەبێ ئاگاداری خۆیان بن.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# خەتەنە و خوا

لە باسی خەتەنەکردنی ژناندا، زۆربەی ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان ئەو ڕاستییەیان سەلماند کە ئەوان نەک هەر لە پرسی سیاسییدا ئازاد و خاوەن هەڵوێست و بڕیار نین، بەڵکو لە پرسێکی تەواو مرۆیی و لە بەردەم تاوانێکی دڕندانەی وەک خەتەنەکردنی ژنانیشدا، بێهەست و خەمسارد، کورد وتەنی ئاو لایداون.

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامیش، دوای دەهرێک بێدەنگبوون، کوفریان فەرموو. ئاخر ئەو یەکێتییە بزانن یان نەزانن (مەعلوومیش نازانن) خەتەنەکردنی ژنان بە ناوی ئیسلامەوە دەکرێت و دواجار ئیسلام لە تەشویهکردن و ئەنجامدانی ئەو تاوانە بەرپرسیارە. سەیر ئەوەیە ئەو یەکێتییە گوایە زانایە، بە ئاشکرا هیچ تێکستێکی ڕۆشنی قورئانی نەهێناوەتەوە کە باسی خەتەنەکردنی ژنان بکات. کەچی خۆیان بە لێکدانەوەی هەندێ سەرچاوەی ڕیشنەوە بەستووەتەوە کە تەنێ خودا دەزانێ کاتی خۆی بنباڵیان چ بۆگەنێکی لێهاتووە و لە زمانی ئەوانەوە دەڵێن "خەتەنەکردنی ژنان سوننەت و مەکرەمەیە" زۆرتری پێوەدەنێن و دەڵێن "خۆ دیارە سوننەتیش بە کردنی پاداشت وەردەگری و بە نەکردنیشی تاوانبار نابیت". ئەو یەکێتییە، بە ئەوپەڕی زاناییەوە، گڵۆپی سەوز بە ناوی ئیسلامەوە دەداتە ئەنجامدانی تاوانی تەشویهکردنی مرۆڤ. ئەی ئەوە نییە بە ئەنجامدانی ئەو تاوانە، بە قەولی ئەوان خودا پاداشتت دەکا!

یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی لە کوردستان بە هۆشیارییەوە کار بۆ بەردامبوونی تاوانی خەتەنەکردنی ژنان دەکەن، ئەها ئەوان بۆ دەربازکردنی ئەو مەرامە تاوانکارییە پەنا بۆ قسەیەکی قۆڕی شێخ مەحموود شەلتوت، شێخی پێشووتری ئەزهەر دەبەن، بەڵام هەڵوێستی ئینساندۆستانەی زانای کۆچکردوو محەمەد سەید تەنتاوی دوایین شێخی ئەزهەر فەرامۆش دەکەن کە بە ئاشکرا دژایەتی تاوانی خەتەنەکردنی ژنانی کردووە.

لە بەشێکی ڕاپۆرتی هیومان ڕایتس ووچدا هاتووە کە تاوانی خەتەنەکردنی ژنان کاریگەری ڕاستەوخۆی نێگەتیڤی لە سەر تەندروستی گیان و دەروونی ئەو مرۆڤە هەیە، لە مەودای نزیکدا ئەگەری مردن لە ئەنجامی خوێنبەربوون یان شۆک لە ئەنجامی ئازاری پرۆسەکە، لە مەودای دووریشدا تووشبوون بە ئەنیمیا، دروستبوونی کێم و جەراحەت، ئازاری زۆر لە کاتی ئەنجامدانی سێکس، تێکچوونی بالانسی کردارەکانی لەش، کێشەی ترسناک لە کاتی منداڵبوون و دەیان نەگبەتی دیکە. کەچی یەکێتی زانایانی ئیسلامی دەڵێن "هەر کاتێکیش لە لایەنی تەندروستییەوە بە دڵنیاییەوە دەرکەوت کە خەتەنکردنی زوو یان درەنگ زیان بە ئافرەت دەگەیەنێ، نەکردنی باشترە" ئا ئەمەیە حاڵی ڕێکخراوێک کە مافی فەتوای بە خۆی داوە و ئاگای لە دونیا نییە.

هەزەلیترین بەشی فەتواکەی یەکێتی گوایە زانایان ئەوەیە کە دەڵێ "وەلی کچەکە ئازادە لەوەی خەتەنەی بۆ بکات یان نەکات" ئاخر لەم کۆمەڵگەیەدا کە یەکێتی زاناکانی ئاگایان لە دونیا نەبێ، دەبێ وەلی کچەکان حاڵیان چۆن بێت، خۆ ئەگەر ئەو ڕێکخراوەی پێی دەگوترێت یەکێتی زانایان، بە واتایەک لە واتاکان بە وەلی حیسابن، ئەوە من لێرەوە ڕایدەگەیەنم کە تا دەمرم، بە هەموو هێز و توانامەوە دژی فەتوا نائینسانییەکانیان دەوەستمەوە.



ڕێبوار کەریم وەلی
rebwar2001@yahoo.com

# عێراق ئەو وڵاتەی ئیرادەی سیاسیی تێدا نەماوە

چەند ڕۆژێک بەر لە هەڵبژاردنە گشتییەکانی عێراق لە ئازاری ڕابردوو، گفتوگۆیەکم لەگەڵ هوشیار زێباریدا هەبوو، لەو گفتوگۆیەدا زێباری گوتی:"ئەمە هەڵبژاردنی عێراق نییە، هەڵبژاردنی وڵاتانی ئیقلیمییە و هەر کەسە و سەر بە وڵاتێکە...!".

ئەم قسەیەی زێباری زۆر ڕاست بوو، وڵاتانی ئیقلیمی، ئەمریکا، میسر و بەریتانیا، لیستەکانیان لە گۆڕەپانی سیاسیی عێراقدا کەوتنە ململانێوە و ئەو ئەنجامانەی لێکەوتەوە کە بینیمان. پێشتر دەگوترا کە سەدام حوسێن لە ماوەی حوکمی خۆیدا جگە لەو هەموو تاوان، کوشتار و سەرکوتکارییەی کە کردی، شتێکی زۆر گرنگی لە تاکەکانی عێراق ستاند کە ئەویش"متمانە بەیەکتری کردن" بوو، بەڵام بەڕاستی سەددام "ئیرادە"شی لە تاکی عێراقی زەوتکرد و ئێستاشی لەگەڵدا بێت ئەم ئیرادەیە نەگەڕاوەتەوە. ئەم دوو کێماسییە گەورەیە کە لە بنەڕەتدا دوو فاکتەری سەرەکی ژیانی بەکۆمەڵن، بەسەر تێکڕای کۆمەڵگەی عێراقیدا ڕەنگیداوەتەوە.

کۆمەڵگەی عێراقی بە هەموو پێکهاتە ئەتنی و مەزهەبییەکانییەوە لەژێر کاریگەری نەبوونی متمانە بەیەکتری و نەبوونی ئیرادەدا، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ لێکدەترازێ. گۆڕەپانی سیاسی عێراق کە هەڵقوڵاوی واقیعی کۆمەڵایەتی و کەلتوریی کۆمەڵگەی عێراقییە، بەدەر نییە لەو کاریگەرییە و تەنانەت قوڵایی ئەم بێ متمانەیی و بێ ئێرادەییە چەندین قات زیاترە لەوەی کە لەنێوان تاکە ئاساییەکاندا هەیە.

پتر لە چوار مانگ بەسەر ئەنجامدانی هەڵبژاردنە گشتییەکاندا تێدەپەڕێ، بەڵام ئێستاشی لەگەڵ دابێت (تا ڕاددەیەک کوردی لێ بچێتە دەرێ) هیچ کام لە هێزە سیاسییەکانی عێراق خاوەنی ئیرادەی سەربەخۆی خۆیان نین. پڕ بە دەمیان هاوار دەکەن کە نابێ و ناکرێ حکومەتی عێراق و ئاییندەی عێراق لە دەرەوەی سنوورەکانی و لە وڵاتانی ئیقلیمی نەخشەی بۆ دابڕێژرێ، کەچی سەرکردە سیاسییەکانی عێراق بە سەرکردە کوردەکانیشەوە هەر ڕۆژە بانگهێشتی وڵاتێکی ئیقلیمی دەکرێن تاوەکو باس لە چۆنیەتی پێکهێنانی حکومەتی ئاییندەی عێراق بکەن.

ئێران کە حاکمی موتڵەقی گۆڕەپانی سیاسیی عێراقە وا چوار مانگە مەسەلەی پێکهێنانی حکومەتی عێراقی کردووەتە فاکتەری گوشار بۆ سەر ئەمریکا تاوەکو لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێودەوڵەتیدا هەنگاوی بەرەو دواوەی پێ بهاوێژێت. هەموو وڵاتانی ئیقلیمی بە ئەمریکا و بەریتانیاوە دەستیان خستووەتە ناو دەستی یەک کە ڕۆڵی ئێران لە عێراقدا کەم بکەنەوە، بەڵام بۆیان ناچێتە سەر.

کورد کە کەمتر لە هێزە سیاسییەکانی دیکە لە ژێر گوشاردایە، تائێستا توانیویەتی گەمەیەکی سەرکەوتووانە ئەنجامبدات و لەنێوان هەردوو بەرەدا زۆر هاوسەنگانە مامەڵە دەکات. بەڵام سەبری ئەمریکاش خەریکە کۆتایی پێدێت، یان باشتر وایە بڵێم کە کۆتایی پێهاتووە و ڕەنگبێ چیتر نەتوانێ سەیری ئەم گەمەیەی ئێران بکات. بۆیە لە دوا سەردانیدا بۆ عێراق جۆزێف بایدن، جێگری سەرۆکی ئەمریکا، پەیامی توندی ئەمریکای بە سەرکردە عێراقییەکان داوە و هەندێک چاودێری سیاسی پێیانوایە کە ڕەنگبێ دوا کارتی ئەمریکا لە عێراقدا کودەتایەکی سەربازی بێت کە کۆتایی بە حوکمی ئێران دێنێت. ئەمە ئەگەرچی تا ڕاددەیەک دوورە لە واقیع، بەڵام کودەتا هەمیشە مۆتەکەی کورد و شیعەکان بووە لە عێراقدا و واقیعی عێراقیش زۆربەی کات ئەمەی قەبوڵکردووە.

ئێستا کە وا بڕیارە 13ی مانگ سەرۆک کۆمار لەلایەن پەرلەمانەوە هەڵببژێردرێ و تاڵەبانی بۆ جاری دووەم ببێتەوە بە سەرۆکی عێراق، دەرچوون لە تەنگژەو هەنگاوێک بۆ پێشەوەیە، چونکە بەپێی دەستووری عێراق دەبێ سەرۆکی هەڵبژێردراو لە ماوەی 15 ڕۆژدا کەسێک بۆ پێکهێنانی حکومەتی نوێی عێراق ڕابسپێرێت.

ئێستا وا ئەمریکا لەسەر خەتە و هەموو هێز و توانایەکی خۆی خستۆگەڕ بۆ پێکهێنانی حکومەت لە عێراقدا، ئەی سبەی ڕۆژێ کە ئەمریکا هێزی لە عێراق بکشێنێتەوە و ئەو سەنگ و قورسایەی ئێستای نەمێنێت، دەبێ چی ڕووبدات؟ الله و اعلم!



هێمن عەبدوڵڵا
هۆڵەندا
hemn_abdulla@hotmail.com

# خۆشدەبوو بووباینە لوکسمبۆرگ

هەفتەی ڕابردوو بۆ دوو ڕۆژ چوومە وڵاتێک کە زۆر لە باشووری کوردستانی نێو خەونەکانمان دەچێ. وڵاتێک کە چکۆلەیە، بێ دەریایە، سوپایەکی ڕەمزی هەیە، بەڵام کاریگەریی بەسەر هەموو ئەوروپا و جیهانەوە هەیە و دانیشتوانیشی خۆشگوزەرانترین خەڵکی دنیان. کاتێک لە پایتەختەکەیان لە ئۆتۆمبێل دابەزیم و پێم خستە سەر خاکەکەیان، لەدڵی خۆمدا دەمگوت:"خۆشە خەڵکی وڵاتێک بیت بچکۆلەییەکەی نەتوانێ ڕێگەت لێبگرێ خەونی گەورە ببینی."

دۆقنشینی لوکسمبۆرگ بە هەرسێ وڵاتی (فەرەنسا و ئەڵمانیا و بەلجیکا) دەورە دراوە. هەڵکەوتە جوگرافییەکەی وایکردووە زۆر لە باشووری کوردستان بچێت، چونکە هیچ ڕێگەیەکی بەسەر دەریاوە نییە و هەمیشە ئەو وڵاتە گەورانەی دەوروبەری، کە ئارەزوویان کردبێت، داگیریان کردووە. بەڵام لە سەد ساڵی ڕابردوودا هیچ ڕووداوێکی گرنگی ئەوروپا و دەوروبەری نییە کە ئەو دووەمین بچکۆلەترین وڵاتەی ئەوروپا ڕۆڵی تێدا نەبووبێت. بیر لە یەکێتیی ئەوروپا و نەتەوە یەکگرتووەکان و ناتۆ و یەکێتیی بەنەلوکس (یەکێتیی نێوان هەرسێ وڵاتی هۆڵەندا و بەلجیکا و لوکسمبۆرگ) و چەندین ڕێکخراو و دامەزراوەی جیهانی بکەوە کە لە زۆربەیاندا لوکسمبۆرگ ڕۆڵی دامەزرێنەری کارای بینیوە.

لە شاری لوکسمبۆرگی پایتەختدا لەسەر تابلۆیەک نووسرابوو "ئێمە دەمانەوێ هەر ئەوە بمێنینەوە کە هەین". لە پیرەپیاوێکم پرسی: مانای ئەو ڕستەیە چییە؟ ئەویش بەدەم سەرخوراندنەوە گوتی: "ئەوە مۆتۆی وڵاتەکەمانە". ڕاستییەکەی پێکەنینم هات بەوەی وڵاتێکی هێندە پێشکەوتوو مۆتۆیەکی وا "دواکەوتووانە"ی هەبێت. بەڵام پیرەپیاوەکە بە زەردەخەنەوە مەسەلەکەی بۆ ڕوونتر کردمەوە: "ئەم وڵاتەی ئێمە هەمیشە جێگەی چاوتێبڕینی فەرەنسی و ئەڵمانەکان بووە. ڕۆژێک ئەڵمان پێیاندەگوتین: ئێوە ئەڵمانن، ڕۆژێکیش فەرەنسی دەیانگوت: ببنە فەرەنسی. بۆیەش ئێمە بەو دروشمە وەڵاممان دانەوە کە نە دەمانەوێ ئەڵمان بین و نە فەرەنسی. دەمانەوێ هەر ئەوە بمێنینەوە کە هەین."

لە وڵاتە بچکۆلانەکەی لوکسمبۆرگدا تەنیا نیو ملیۆن کەس دەژین. لەو ڕێژەیەش نزیکەی 40%یان بە ڕەچەڵەک بێگانەن و کاتی خۆی وەک کۆچبەر هاتوونەتە ئەو وڵاتە. هەروەها نزیکەی سێ چارەگی کرێکارەکانی بیانین و زۆربەیان لە فەرەنساوە هاتوون. زمانی (لوکسمبۆرگی)یش تەنیا لە قۆناخی سەرەتایی و ئامادەییدا دەخوێندرێ و دوای ئەوە هەردوو زمانی فەرەنسی و ئەڵمانی کاریان پێدەکرێ. لە کافێیەکی پایتەختدا ڕۆژنامەیەکم بینی کە لە دوو بەش پێکهاتبوو: دیوی ڕاستی ڕۆژنامەکە بە فەرەنسی بوو و دیوی چەپیشی بە ئەڵمانی. چاپی ئەوروپای (ڕووداو)یش کارێکی (تا ڕاددەیەک) هاوشێوەیە: دیوێکی بە کرمانجیی سەروویە و دیوێکی دیکەیشی بە کرمانجیی خوارووە!

کە ڕۆژی دووەم دەگەڕامەوە بۆ هۆڵەندا، دەبووایە بەنێو بەلجیکادا بڕۆم. ئەو وڵاتەی سەرەڕای گەورەیی، بەڵام خەونی پێکەوەژیان ئەوەندە تێیدا بەهێز نییە تا خەڵکەکەی نموونەی لوکسمبۆرگ دووبارە بکەنەوە.

هەرێمی فەرەنسیزمانی (ڤالۆنیا) بایەخپێنەدان و هەژارییەکی ئاشکرای پێوە دیارە. دروست وەک هەرێمە عارەبییەکەی عێراق! هەرێمی هۆڵەندیزمانی (فلاندرن) بە پێچەوانەوە گەشانەوە و بایەخپێدانی پێوە دیارە. دروست وەک باشووری کوردستان! ئەو دوو بەشەی بەلجیکا بۆیە هێندە لێک جیاوازن، چونکە هەستی پێکەوەژیان تێیاندا بە مێژوویەکی خوێناوی و پڕ لە زوڵمدا تێپەڕیوە و لاواز بووە. بۆیەش خەڵکەکەی لە چوارچێوەی وڵاتە گەورەکەیاندا ناتوانن خەونێکی گەورەی وا ببینن کە وڵاتەکەیانی پێ بکەنە لوکسمبۆرگێکی نوێ.

پێموایە تا باشووری کوردستانیش بەشێک بێت لە عێراق، لە باشترین حاڵەتدا دەبێتە (فلاندرن)ێکی نوێ. بەڵام خۆشدەبوو ڕۆژێک هاتبا توانیبامان ببینە لوکسمبۆرگ!

سەلام عەبدولکەریم*
Salam_80jornalist@yahoo.com

# دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن

## پێویستی دیاریکردنی چوارچێوەی کارکردنی سیاسی

### دەسەڵات چییە؟

لەسادەترین پێناسەیدا دەسەڵات ئامرازی خزمەتکردنی خەڵکە، لە ڕێگەی کۆمەڵێک داوودەزگای یاساییەوە، کە بەگوێرەی ئاتاج و پێویستییەکانی هاووڵاتیان پێکهێنراون. بەمانایەکیتر دەسەڵات تەنها میکانیزمی بەدەمەوەچوونی کۆمەڵانی خەڵکە بۆ دابینکردنی پێداویستییە جۆراوجۆرەکانی ژیانی ڕۆژانەیان. بێگومان فۆرم و شێوەی دەسەڵات لە کۆمەڵگە و وڵاتیکەوە بۆیەکێکیتر گۆڕانی بەسەردا دێت و چەندین نموونە و جۆری دەسەڵات لە کۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ لەجیهاندا هەن.

### ئۆپۆزیسیۆن (opposition) چییە؟

ئۆپۆزیسیۆن لەبنەڕەتدا وشەیەکی فەرەنسییە و بە مانای نەیار بوون یاخود بەرهەڵستکاری دێت و ئۆپۆزیسیۆن دیاردەیەکی ژیانی سیاسی هاوچەرخە، بەئامانجی چاوێریکردنی دەسەڵات و پشکنینی ڕەوش و بارودۆخی کایە جیاوازەکانی ژیان لە کۆمەڵگەدا.

### چەمک و پێناسەی ئۆپۆزیسیۆن

پێناسە و لێکدانەوەی جیاواز بۆ چەمکی ئۆپۆزیسیۆن کراوە، بە جۆرێک هەریەکە لە ڕوانگە و دیدگای فیکری خۆیەوە ئەوچەمکەی شیکردووەتەوە. هەندێک وایدەناسێنن، ئۆپۆزیسیۆن بریتییە:" لە بوونی هێزێک یان چەند هێزێک لە دەرەوەی دەسەڵات، کە هەڵدەستێ بە پشکنینی دەسەڵات و هۆشیارکردنەوەی خەڵک و تەنانەت خودی دەسەڵات خۆیشی لە کێشە و کەموکورتییەکان". کۆمەڵێکی دیکە پێیانوایە:"ئۆپۆزیسیۆن بەرنامەیەکی سیاسی گۆڕانکارە لە بەرامبەر بەرنامەیەکی سیاسی دیکەدا"، بەڵام لێکدانەوەیەکی دیکە وای بۆدەچێت:"ئۆپۆزیسیۆن بەمانای ڕووبەڕووبوونەوەی دەسەڵات نایێت، بەڵکو بریتییە لەئامرازی چاودێریکردنی دەسەڵات و ئەدای بەردەوامی حکومەت، بەجۆرێک توێژینەوە لەسەر هەنگاو و کارەکانی حکومەت دەکات و هەڵیاندەسەنگێنێ و ڕەخنە لەو کردەوانەی دەسەڵات دەگرێ، کە لەگەڵ یاسا و سیستم و بەرژەوەندی دەوڵەت و کۆمەڵگەدا دژ دەوەستنەوە".

### جۆرەکانی ئۆپۆزیسیۆن کامانەن؟

بێگومان ئۆپۆزیسیۆن چەند جۆرێکی هەیە، لەوانە:

یەکەم- ئۆپۆزیسیۆن لەڕووی ژمارەوە:

أ- ئۆپۆزیسیۆنی تاکەکەسی: بریتییە لە کەسێک، کە بیرۆکەیەک بونیاتدەنێت و بەرگری لێدەکات، بە چاوپۆشین لەبەرهەڵستکار و نەیارانی دیکە.

ب- ئۆپۆزیسیۆنی بەکۆمەڵ و دەستە جەمعی: بریتییە لەبەرهەڵستکاری کۆمەڵە کەسانێک لەبەرامبەر بیرۆکەی ڕێکخراوی حیزبێک یان گرووپێک، یان نەیاری پرۆژەیەکی سیاسی یان ئابووری دیاریکراو.

دووەم: ئۆپۆزیسیۆن لەڕووی کاتەوە:

أ- ئۆپۆزیسیۆنی کاتی: بریتییە لەو ئۆپۆزیسیۆنەی کە بەکۆتایهاتنی بابەت و کێشەکان ئەویش کۆتایی دێت، وەک وتوێژکردن و گفتوگۆکردن لەسەر یاسا و مادەیەکی دەستووری لەنێو پەرلەماندا، کە بە کۆتاییهاتنی وتوێژەکە و گەیشتنە ئەنجامی کۆتایی ئەمجۆرە ئۆپۆزیسیۆنەش کۆتایی دێت.

ب- ئۆپۆزیسیۆنی ڕێکخراو یان بەرنامەدار: بریتییە لەو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنەی، کە حیزب یان ڕێکخراوێکی سیاسی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆداڕێژراو بونیاتی ناوە و لەنێو پەرلەمانەوە بۆدەرەوە درێژدەبێتەوە.

سێیەم- ئۆپۆزیسیۆن لەڕووی ئامرازەوە:

أ- ئۆپۆزیسیۆنی شۆڕشگێڕی و کودەتایی: ئەو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنەیە، کە بە جۆرێکی توند وتیژ دادەنرێ و کۆشش بۆ گۆڕینی سیستمی فەرمانڕەوایی دەکات، بەئامانجی گۆڕین و ئاڵوگۆڕ پێکردنی بەبەرنامەیەکیتر یان بە حیزب و هێزێکی سیاسی دیکە.

ب- ئۆپۆزیسیۆنی چاکسازیی: بریتییە لەو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنەی، هەوڵدەدات بۆ ڕیفۆرم و چاکسازیکردنی ئەو کەموکورتیانەی، کە لە پێکهاتەی سیاسی دەسەڵاتدا بوونیان هەیە و پەیوەستن بە کەناڵە دەستوورییەکانەوە، بەبێ گۆڕین و ئاڵوگۆڕ پێکردنیان.

### ئۆپۆزیسۆن لەڕووی شێوازەوە:

أ- ئۆپۆزیسیۆنی چەکدار: ئەو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنەیە، کە هێز و شێوازی توندوتیژ بۆ سەپاندنی بیروڕا و بۆچوونەکانی خۆی دەگرێتەبەر، ئەگەر بە ڕێگەی کودەتای سەربازیش بێت.

ب- ئۆپۆزیسیۆنی مەدەنی: بریتییە لەو جۆرە ئۆپۆزیسیۆنەی، کە هەڵدەستێت بەگوزارشتکردن لە بیروڕا و هەڵوێستەکانی خۆی بەشێوازی یاسایی و دەستووری، بەبێ گرتنەبەری ئامراز و شێواز و ڕێگەی توند وتیژانە.

### پێویستی ئۆپۆزیسیۆن و چاودێریکردنی دەسەڵات بۆچی؟

گرنگترین پرسیار بەر لەبوونی ئۆپۆزیسیۆن ئەوەیە، کە دەبێ بپرسین ئۆپۆزیسیۆن لەپێناو چیدا و بۆچی؟ یاخود پێش ئەوەی ڕەخنە لە دەسەڵات بگرین، دەبێ بپرسین بۆچی پێویستە دەسەڵات بخرێتە ژێر پرۆسەیەکی چاودێریکردنی وردەوە؟ بەبڕوای من ئەم دوو پرسیارە تاڕادەیەکی زۆر جەوهەر و نێوەرۆکی بوون و ئامادەیی دەسەڵات لەلایەک و ئۆپۆزیسیۆن لەلایەکیترەوە پێکدەهێنێ، بەجۆرێک بێ شیکردنەوەی ئەم دوو پرسیارە قسەکردن لەسەر دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن کارێکی بێسوود دەبێت.

ئێستا ئەگەر بمانەوێ بزانین چاودێریکردنی دەسەڵات و بوونی ئۆپۆزیسیۆن بۆچی و لەپێناوی چیدا؟ لەمبارەوە زانای بواری زانستی سیاسی (مۆریس دیڤرجە) لە وتەیەکدا ئەم گرێیەمان بۆ دەکاتەوە، کاتێک دەڵێت:"دەسەڵات هەموو چرکەساتێک ئەگەری ئەوەی هەیە بەرەو تاکڕەویکردن و دیکتاتۆربوون بڕوات و مەترسی ئەوەشی لێدەکرێ، کە دەستدرێژی بکاتە سەر ئازادی و مافە مەدەنی و تاکەکەسییەکانی هاووڵاتیان". بۆیە لێرەوە تێدەگەین کە بوونی ئۆپۆزیسیۆن واتە هەم پێویستی چاودێریکردنی دەسەڵات و هەم پێویستی ئاگاییە لەبەرامبەر جموجوڵ و چالاکی و هەڵسوکەوتی دەسەڵات و پێویستی دانانی سنوور لەبەردەم دەسەڵاتەکانی دەسەڵاتی سیاسی بە گوێرەی یاسا و دەستوور، چونکە ئەوانەی مومارەسەی دەسەڵات دەکەن هەمیشە پێشبینی ئەوەیان لێدەکرێ هەم لە یاسا و دەستوور لابدەن، هەم بەشێوەیەکی تاکڕەوانەش فەرمانڕەوایی بکەن، بەمانایەکیتر یەکێک لە ئامانجە بنەڕەتییەکانی ئۆپۆزیسیۆن بریتییە لە بەرگریکردن لە دیموکراسیەتی دەسەڵات و شەرکردنی سیاسی لە بەرامبەر هەر هەوڵ و ئەگەرێک، کەدەسەڵات بەرەو تاکڕەوی ببات. بۆیە بەر لەوەی بوونی ئۆپۆزیسیۆن شەرعیەتێکی سیاسی بێت، ئەوا بەستراوەتەوە بە چاودێریکردنی دەسەڵاتەوە، ئەمەش وەک گوتمان لەلایەک بەمەبەستی دیموکراسیکردنی دەسەڵات و لەلایەکیتریشەوە بەرگریکردن لە ماف و بەرژەوەندی هاووڵاتیان.

هاوکات یەکێکیتر لە شارەزایانی بواری زانستی سیاسی لە نموونەی (سانت جێست) ئەم بابەتە ڕوونتر دەکاتەوە و دەڵێت:"ناکرێ هیچ کەسێک بە پاکێتی فەرمانڕەوایی بکات و لەدەسەڵاتدا بێت". مەبەستی جێست لێرەدا دیسان پێویستی بوونی ئۆپۆزیسیۆنە و هەروەها پێویستی پشکنینی دەسەڵات و چاودێریکردنی کاری دەسەڵاتە. بۆیە لێرەوە دیسان ئەوە ئیزافە دەکەینە سەر وەڵامی پرسیارەکانی سەرەتا، کە ئۆپۆزیسیۆن بۆچی و چاودێریکردنی دەسەڵات لەپێناوی چیدا؟ لەبنەڕەتدا پێویستی کارکردنی هێز و دەنگی ئۆپۆزیسیۆن بە ئامانجی سەروەرکردنی یاسا و بەرەو پێشبردنی ڕەوشی دیموکراسی و هێشتنەوەی ژیانی مەدەنی و بەرگریکردنە لە ماف و ئازادی تاکەکەسی و دەستەجەمعی خەڵک لە کۆمەڵگەدا.

### چاودێریکردنی دەسەڵات و بوونی ئۆپۆزیسیۆن لە کوردستاندا بۆچی؟

بەپشت بەستن بەو دوو بۆچوونەی هەریەکە لە مۆریس دیڤرجە و سانت جێست، هەروەها بەگەڕانەوە بۆ بنەماکانی کاری مەدەنی و دیموکراسی و هاوچەرخانە، لەلایەک بوونی هێزی ئۆپۆزیسیۆن پێویستی و بنەمایەکی گرنگی ئەم جۆرە خەبات و ژیانە سیاسییەیە، هەروەها چاودێریکردنی دەسەڵاتیش بەئامرازی مەدەنی و یاسایی و سیاسیانەی خۆی پێویستییەکی دیکەی ژیانی سیاسییە لەکوردستاندا. چونکە ئەو کۆمەڵگەیانەی ئۆپۆزیسیۆنیان تێدا نییە ناتوانین بە کۆمەڵگەی تەندروستیان لەقەڵەم بدەین، بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا دەبێ بزانین ئۆپۆزیسیۆن خۆیشی چییە و دەبێ چۆن بێت و دەبێ چۆن کاری ئۆپۆزیسیۆنی بکات و پێویستە ئامانجەکانی ڕووخاندن و لەکەدارکردنی دەسەڵاتی سیاسی نەبیت، بەڵکو دەبێ ئامانجی چاکسازی و چاودێریکردن و پشکنینی کاری دەسەڵات بێت لەڕێگەی گرتنەبەری ئامرازی مەدەنی و سیاسییەوە و تەنها لەپێناوی پاراستنی دەستور و یاسا و بەرژەوەندی و ماف و ئازادی هاووڵاتیان.

هاوکات بەحوکمی ئەوەی لە باشووری کوردستاندا دەسەڵات بەهۆی هەندێ هۆکار هێشتا فۆرمەڵە نەبووە لە چوارچێوەی دەوڵەتی فەرمیدا و دەسەڵاتی هەرێمی هەیە و دەسەڵاتیش لێرە لەڕووی لێکدانەوەی زانستی سیاسییەوە وەک هەر دەسەڵاتێکی دیکە لەهەر شوێنێکی دیکەی دونیا هەمان ئەگەری تاکڕەویبوون و ئەگەری دەستدرێژیکردنە سەر ماف و ئازادی و یاسا و سیستم و بەرژەوەندییەکانی خەڵکی هەیە، ئەوا پێویستی بە هێزگەلێکی ئۆپۆزیسیۆن هەیە، کە لە چوارچێوەی یاسا و سیستمی سیاسی نوێ و مەدەنیدا چاودێری بکەن. چونکە بە دانپێدانانی خودی دەسەڵات خۆیشی کەموکورتی و پێشێلکردنی یاسا و دیاردەی گەندەڵی لەداوودەزگاکانی حکومەتی هەرێمی کوردستاندا هەیە و ئەم کێشە و کەموکورتیانەش دەشێ بەهۆی هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانەوە نەهێڵرێن و چارەسەر بکرێن. بۆیە پێویستییەکی دیکەی بوونی ئۆپۆزیسیۆن لەکوردستاندا بریتییە لەپێویستی دیموکراسیکردنی زیاتری دۆخی سیاسی و هەوڵدان بۆ کاراکردنی دەسەڵات لەبەرامبەر بەجێهێنانی ئەرکەکانی بەرامبەر بە هاووڵاتیان و زیاتر خزمەتکردنیان و پاراستنی ماف و ئازادییە تاکەکەسی و گشتییەکان.

### دیاریکردنی چوارچێوەی کارکردنی سیاسی

هەرچەندە لە دوای ڕاپەڕینی 1991وە لە باشووری کوردستان حکومەت و دەسەڵاتی خۆماڵی کوردی بوونی هەبووە، بەڵام تاوەکو پرۆسەی ئازادکردنی عێراق لە ساڵی2003 زەمینەی کارکردنی سیاسی بەشێوەیەک بوو دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن پێکەوە لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنی و دیموکراسیدا کۆبکاتەوە، تاڕادەیەکی زۆر زۆر کەم بوونی هەبووە، بەڵام لەو دیرۆکە بەدواوە و بەهۆی تێکەڵاوبونی کوردستان بەپرۆسە سیاسی و مەدەنییەکانی عێراق و هاتنە ئارای هەڵبژاردنی پەرلەمانی و هەڵبژاردنی پارێزگاکان باشووری کوردستانیش بەرەو ململانێی سیاسی و مەدەنیانە ڕۆیشتووە و دەڕوات و هەڵبژاردنی شارەوانییەکان و هەڵبژاردنی ساڵانی 2005 و 2009 و 2010 بەڵگەی ڕاستی ئەم بابەتەن. لە ماوەی ڕابردووشدا هێزی ئۆپۆزیسیۆن لە فۆرمی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی و هەروەها لە فۆرمی میدیای ئەهلیشدا بوونی هەبووە، بەڵام بەهۆی هەندێ هۆکار و کەموکورتییەوە نەتوانراوە وەک خۆی چەمکی ئۆپۆزیسیۆنیان بەسەردا دابڕێت و ڕۆڵێکی کارایان لەو ڕووەوە نەبووە، بەڵام لە دوای هەڵبژاردنەکانی 2009/7/25 بەهۆی سەرهەڵدانی هێزی ئۆپۆزیسیۆنی نوێی وەک بزووتنەوەی گۆڕان، ئێستا وردە وردە زەمینەی دروستبوونی کاری سیاسی، بە جۆرێک دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆن پێکەوە کۆبکاتەوە بەرەو خەمڵین دەڕوات. وەلێ لەگەڵ ئەم جوڵانەی کوردستاندا هێشتا بنەما گرنگەکانی کارکردنی سیاسی و شێوازی خەباتی مەدەنی و دیموکراسیانە نەخەملیوە و ئەم نەخەملینەش مەترسی لەلایەک بۆسەر ئەزموونی سیاسی هەرێمی کوردستان هەیە و هەم مەترسیشی بۆ سەر گۆڕانی ئاراستەی ململانێی سیاسی نێوان هێزەکان هەیە. بەتایبەت هاتنە ئارای هەندێ لەو ڕووداوانەی ماوەی ڕابردوو گرژییەکی وای دروستکرد، کە مەترسی هەبوو بۆ سەر تێکچوونی کەشوهەوای سیاسی باشووری کوردستان. بۆیە پێویستە لێرە بەدواوە هەم دەسەڵات و هەم بەرەی ئۆپۆزیسیۆنیش لە هەوڵی دیاریکردنی چوارچێوەی سیاسی و یاسایی کارکردنی سیاسی و مەدەنیانەی نێوان خۆیاندا بن، چونکە لەلایەک بەبێ دیاریکردنی چوارچێوەی کارکردنی سیاسی لە نێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا مەحاڵە بتوانین لەلایەک ئەزموونی سیاسی و فەرمانڕەوایی هەرێم گەشە پێبدەین و بیبەینە پێشەوە، لەلایەکیتریشەوە زەمینەی دەستاوەستکردن و ئاڵوگۆڕپێکردنی دەسەڵات، کە بنەمایەکی بنەڕەتی و گرنگی ژیانی دیموکراسی و مەدەنییە برەخسێنین، بەپێچەوانەوە نەبوونی ئەو چوارچێوەیە مەترسی گەورە و هەڕەشەی جیدی بۆ سەر ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان و پەیوەندی سیاسی نێوان هێزەکان بەدەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆنەوە دروستدەکات. ئەمە جگە لەوەی ئێمە لەبەردەم دەرگاکانی ژیانێکی دیموکراسی و مەدەنیانەی هاوچەرخدا دەهێڵێتەوە و ناتوانین بچینە نێویەوە بەم شێوازەی ئێستا، کە ڕەنگە سادەترین پێشهات و ڕووداوی سیاسی بتوانێ کەشوهەوای سیاسی کوردستان لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا تێکبدات، سەرەڕای ئەوەی ئێمەی کورد لەئاییندەی عێراقدا ڕووبەڕووی هێزگەلێکی سیاسی عەرەبی نەیار دەبینەوە، کە ئاراستەی ململانێی سیاسی توندتر دەکاتە وەو لەو دۆخەشدا بەهۆی نەبوونی چوارچێوەی سیاسی کارکردنەوە لەنێوان دەسەڵات و ئۆپۆزیسیۆندا، ئەگەری ئەوە هەیە هێزە نەیارەکانی کورد سوودی خراپ لە هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکانی نێو کوردستان وەربگرن و کەلێن بخەنە نێو ماڵی کوردییەوە.

*ماستەر لە مێژووی نوێ و هاوچەرخ لە زانکۆی سلێمانی.


wanwilgenburg@gmail.com
ولادیمیر ڤان ویلخنبیرخ - هۆڵەندا

# کەس گوێ لە ئۆدێرنۆ ناگرێ

ژەنەڕاڵی ئەمریکی ئۆدێرنۆ پێشنیازی ئەوەیکرد کە ڕەنگە باشتربێت هێزەکانی نەتەوەیەکگرتووەکان UNشوێنی هێزە ئەمریکییەکان بگرنەوە، بۆ ئەوەی بەر بە توندوتیژیی نێوان کورد و عەرەب بگرن. ئەوەش ئەوکاتە ڕوودەدات ئەگەر چیدیکە کورد و عەرەب پێکەوە کارنەکەن و بەوهۆیەشەوە ژمارەی کورد لەنێو سووپای عێراقدا کەم ببێتەوە. من پێموایە ئەوە قەت ڕوونادات.

بە قسەی ئۆدێرنۆ بێت، ئەو هێزانەیUN دەتوانن بەهۆی بەندی شەشی پەیماننامەی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە لە عێراقدا دەستبەکار بن. بەپێی ئەو بەندە هێزەکانی UNتەنیا بۆیان دەبێ دەست بە سەقامگیریی ناوچەکەوە بگرن و زۆرتریش بە چەکی سووکەوە وەک هێزی پۆلیس کار بکەن. هەروەها دەبێ ئەو هێزانە بێلایەن بمێننەوە و تەنیا ئەوکاتە دەستبەکار بن ئەگەر لایەنە بەشەڕهاتووەکان بانگیان بکەن. واتە دەبێ حکومەتی کوردستان و حکومەتی عێراق ناوبژیوانی ئەوانیان قبوڵ بێت.

دەکرێ حکومەتی کوردستان ئەو بیرۆکەیە قبوڵ بکات، چونکە بەو هۆیەوە دەتوانێ هێزەکانی UNوەک قەڵغانێک دژی هێزە عەرەبییەکان و سووپای عێراق بەکاربێنێ. بەپێی پێشبینیی ناوەندی لێکۆڵینەوەی RANDی ئەمریکی، کە پێوەندیی باشی هەیە لەگەڵ سووپای ئەمریکا، سووپای عێراق ڕۆژ بە ڕۆژ بەهێزتر دەبێت و ڕەنگە لە 5 تا 10 ساڵی ئایندەدا بەئاسانی بتوانێ هێزەکانی پێشمەرگە شکست پێبێنێ. بۆیەش خراپ نابێ بۆ حکومەتی کوردستان ئەگەر هێزەکانی UNوەک قەڵغان بەکاربێنێ.

بەڵام پرسیارەکە ئەوەیە، ئایا هێزە عێراقییە ناوخۆییەکان دەیانەوێ شتێکی وا ڕووبدات؟ چونکە ئەوان تا پێیان بکرێت حەزدەکەن تەدەخولی ڕۆژئاوا کەمتر بکەنەوە. بەتایبەتیش لیستی حەدبا بە توندی دژی بیرۆکەیەکی وا دەوەستێتەوە، چونکە ئەوان دەترسێن بەهۆی هەبوونی هێزی ڕۆژئاوایی لە ناوچە جێناکۆکییەکانی موسڵدا، ئەو هێزە پێشمەرگەیەی کە لەوێ هەیە وەک هێزی دانپێدانراو و شەرعی مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێ. بێگومان حەدبا ئەمە قبوڵ ناکات و UNیش پێویستی بە وەرگرتنی ڕەزامەندی هێزە ناوچەییەکانە.

ئەو هێزە ئەگەر بشتوانێ بێتە عێراقەوە ئەوە تەنیا دەتوانێ هێزە کوردی و عەرەبییەکان لێک دووربخاتەوە و ناتوانێ ژیانی هاووڵاتییان بپارێزێ. هەروەها ناشتوانێ دژی هیچ لایەنێک بوەستێتەوە کە پەیمانشکێنی دەکات. بەڵام بەپێی بەندی حەوتی پەیماننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان پێویست نییە هێزەکانی UN بێلایەن بمێننەوە و بۆیان هەیە هێرش بکەنە سەر ئەو لایەنەی ڕێساکان پێشێلدەکەن. بەندی حەوتەم دەڵێ دەبێ ئاشتی بسەپێندرێ. بەڵام ئۆدێرنۆ دەیەوێ بەپێی بەندی شەشەم بێت کە ئاشتیی پێ ناچەسپێت.

پسپۆڕ و مێژووناسێکی سەربازیی هۆڵەندا پێیگوتم مەحاڵە وڵاتانی ڕۆژئاوایی ئامادەبن سەربازەکانیان لە چوارچێوەی ئەرکێکی وای نەتەوەیەکگرتووەکاندا بنێرنە عێراق. لە ڕۆژئاوا کەم وڵات هەیە ئامادەبێت سەربازەکانی بە چەکی سووکەوە بنێرێتە نێو ئاگر. چونکە هێزێکی وا خۆی پێ ناپارێزرێت، چ جای ئەوەی خەڵکی وڵاتەکە بپارێزێ. ئەو پسپۆڕە دەیگوت: "ئەگەر UN کارێکی وا بکات، ئیشێکی شێتانە دەکات. چونکە ئەمە خاوێنکردنەوەی پۆخڵییەکانی ئەمریکایە لە عێراقدا."

کەواتە زۆر زەحمەتە ئەو هێزانەی UN بێنە عێراقەوە. چونکە ئەگەر ئەمریکییەکان لەو وڵاتە بڕۆنە دەرەوە، توندوتیژی زۆرتر دەبێت. ئەوەش ڕووداوی تەقاندنەوەی باڵەخانەی UN لە بەغدا لەساڵی 2005 وەبیر کاربەدەستانی ئەو ڕێکخراوە دێنێتەوە.

ئەو بیرۆکەیەی ئۆدێرنۆ بۆ ئەوەیە تاوەکو هەرچی زووە ئەمریکا لە عێراق دەرچێ. هاتنی جۆ بایدن، جێگری سەرۆک کۆماری ئەمریکاش بۆ عێراق بۆ ئەوەبوو تاوەکو عەللاوی و مالیکی لێک نزیک بکاتەوە بۆ پێکهێنانی حکومەت. ئەمریکا دەیەوێ وابکات سوننەکانیش لە حکومەتدا بەشداربن، بەوهۆیەشەوە کەمێک سەقامگیری دروست ببێت و ئینجا بۆی دەرچن. بایدن گوتیشی کە ئاواتەخوازە هەڵبژاردەی هۆڵەندا ببێتە پاڵەوانی مۆندیال. ئەمەش وەک ئاماژەیەک بوو بۆ ئەد مێلکەردی هۆڵەندی کە نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانە لە عێراق. بایدن دەیویست بە مێلکەرد بڵێ کە ئەمریکا چاوەڕوانی ڕۆڵی مەزنتری لێدەکات لە عێراقدا. نابێ لەبیریشمان بچێت کە حکومەتی سەرۆک ئۆباما دەربارەی ڕۆڵی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراقدا ڕوانینێکی ئەرێنییانەتری هەیە وەک لە ڕوانینی سەرۆک بووش، کە دەیویست ئەو ڕێکخراوە پەراوێز بخات.

من دڵنیام لەوەی سەربازە ڕۆژئاواییەکان ئامادە نین خۆیان بەکوشت بدەن بۆ ئەوەی ئاشتیی نێوان کورد و عەرەب بەرقەرار بێت. بۆیە پرسیارەکە ئەوەیە: ئەگەر ئەمریکییەکان عێراقیان بەجێهێشت، کێ جێگەیان دەگرێتەوە؟





حەکیم کاکەوەیس
kakaways@hotmail.com

# کاتی دیکەش بۆ ناڕەزایی هەبوو

لە کاتێکدا، لە لایەکەوە تورکیا خۆی بۆ شەڕێکی بەرفراوان لە دژی کورد ئامادە دەکات و پێناچێ کەس بە تایبەتی هیچ کام لە سیاسەتمەدارانی کورد، بزانێ چ مەبەست و ئامانجێکی سەربازی و سیاسی ستراتیژی هەیە و لە لایەکی دیکەشەوە ئێران بە چڕ وپڕیی بۆردوومانی شاخەکانی کوردستان دەکات و ژیانی خەڵکی کوردستان لە هەردوو بەری مەرزە نەفرەتییەکان تاڵدەکات و لەولاشەوە کێشەی پێکهێنانی حکوومەتی عێراق لە ئارادایە و لەوەشدا پیلانی بەردەوام بۆ لەخشتەبردنی کورد دەچندرێ، ئا لەو کاتەدا بەزمی ڕێزنەگرتن لە (ئەی ڕەقیب) سەر هەڵدەداتەوە و نووسەران و ڕووناکبیران بە خۆیەوە سەرقاڵ دەکات. من گومانم هەیە ئەو لێدوانە بێ مەڵامەت بێ و مەبەستی خۆڵ لەچاوکردنی خەڵکی کوردستان لە پشتیەوە نەبێ. چما نەدەبوو ئەو قسانەی مامۆستا عەلی باپیر لە کاتێکی دیکەدا بووایەن و نەبوونایەتە بەشێکی ئەو پیلانانەی کە ئێستا لە سێ لاوە لە کورد دەکرێ و سەرانی کوردیش کە لە کێشەکاندا خاوەنماڵن، لە پەراوێزدا پشکیان تێدا هەیە؟! بە دووری نازانم ئەو گەمەیە بەپێی ڕێنمایی سەرانی کورد کرابێ کە زمانی دەرەوەیە دەنا هەڵبەت یاسایەکیان لێ دەخستە کار و شەکرێکیان دەشکاند، یا خاوەنی قسەی وایان لە پەرلەمان وەدەردەنا!

لە کتێبی (نەتەوایەتی کورد و ئیسلامەتییەکەی)دا بە دوور و درێژی قسەم لە سەر (ئەی ڕەقیب) کردووە و بە پێویستی نازانم بگەڕێمەوە سەر ئەو باسە، بەڵام قسەی من بۆ ئەو مامۆستا بەڕێزانە و ئەوانەش کە بەرانبەری دەوستنەوە ئەمانەن:

یەکەم: قەرەزاوی لە ئیستەنبووڵ فەتوای دا کە پەکەکە تیرۆریستە. من چ گلەیی لە قەرەزاوی ناکەم دینەکەی و ئیمانەکەی بۆ ئەوە بەکاربێنێ تورک لایەنگری لە کێشەی عارەب و فەلەستین بکا و هەوڵبدات بەو فەتوایە تورکیا هەنگاوێک لە عارەب بچێتە پێشێ و ئەوە یەکەم جار نییە عارەب ئیسلام دەکاتە کەرەسە بۆ بەرژەوەندی قەومی خۆی. ئەو فەتوا بەرتیلەی کە قەرەزاوی بە تورکیای داوە، چرای سەوزە بۆ ڕژاندنی خوێنی هەزاران کوردی بێتاوانی دوو بەشی باشوور و باکووری کوردستان، کەچی ڕێزدارێکی دینداری حیزبی سیاسی کورد بە پێچەوانەی ئەو فەتوایە ورتە و جقە و نقەی لێوە نەهات. نەک هەر ئەوە نووسەری وامان هەیە بۆ بەرگریکردن لە فەلەستین، دەچێتە سەنگەری تورکەوە و بەرپرسە باڵاکانی تورک بە (جوامێر) ناودەبات. ئایا ئەو بەڕێزانە هاوتەریبی فەتواکەی قەرەزاوی هەنگاو دەنێن و پەکەکە بەپێی فەتواکەی ئەو بە تیرۆرست دەناسێنن یان هاوشان و هاوتەریبی نەتەوە هەڕەشە لێکراوەکەی خۆیان دژی ئەو فەتوایە دەوەستنەوە؟ نا، مومکین نییە!

دووەم: ژنێکی مەلای تورکمان لە کەرکووک فەتوایدا کە جلکی ژنانەی کوردی بێشەرعییە. وەک دەزانین ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەک، ئەوەی بە دەستمانەوە ماوە زمانەکەمان و هەندێ لە نەریتە نەتەوەییەکانمانە کە جلوبەرگ یەکێکیانە. دۆزم دۆزم.. بە دوای مەلایەکی پیاودا، بە هەموو کوردستاندا دەگەڕێم بە فەتوایەک فەتوای ئەو ژنە تورکمانە هەڵوەشێنێتەوە و مەلا نییە! مەلا بەرپەرچی ئەو ژنە نەداتەوە چۆن بەرپەرچی قەرەزاوی دەداتەوە؟ بەداخەوە کە کورد پلەی زانایی دینی بەرز دەبێتەوە، ئیتر دەبێتە (ابن السعود العمادی) و زوو فەتوای قڕکردنی ئێزدیەکان و حەرامکردنی (ئەی ڕەقیب) دەردەکات و پلەوپایە زانیارەکەی ڕێی نادەن لایەکی ڕەحمەت، لە بری پێغەمبەری ئیسلام، لە کورد بکاتەوە و دەشزانن مەلایان جێگری پێغەمبەرن هەزار سڵاوی لێ بێ.

سێیەم: تورک چەندین سەدە دەسەڵاتیان بە دەستەوە بوو و ئیسلامیان بۆ بەرژەوەندی خۆیان بەکارهێنا و عارەبیشیان وەک کورد و یۆنانی و بولگاری کردە پیاو و موالی خۆیان، نەک هەر ئەوەیان لێ بە بێشەرعی نازاندرێ بەڵکو جێی شانازی حیزبە دینییە کوردستانیەکانیشە، کەچی هەستانەپێوە بۆ ڕێزنان لە شەهید و سروودی نەتەوەیی، کە هیچیان موڵکی حیزبەکان نین، بە حەرام لە قەڵەم دەدەن! ئەو بەڕێزانە خەریکی چ گەمەیەکن!

کەسێک لەناوپەرلەماندابۆڕێزلێگرتنی سروودی نەتەوەیی هەڵنەستێتە سەر پێ، هەر سووکایەتی نییە بە کورد و هەستی نەتەوەیی کورد، بەڵکو سووکایەتییە بە سەرلەبەری پەرلەمان و پەرلەمانتێرەکان، بە سەرۆکەکەشیەوە. ئاخر قورسایی پەرلەمان چییە؟! پەرلەمانێک لەناو خۆیدا سووکایەتی پێ بکرێت و بە هاواری کەرامەتی خۆی و یەکە یەکەی ئەندامەکانیەوە نەچێ، بە هاواری لێقەوماوانی ئەو کوردانەوە دەچێت کە دەنگیان پێدان؟! پەرلەمانێک نەتوانێ بەرگری لە کەرامەتی یەکەیەکەی ئەندامەکانی خۆی بکات، بەرگری لە کیژە ئەتککراوەکانی دەستی سوپای تورکیا دەکات.

بەڕاستی ئەو پەرلەمانە هەر بۆ ئەوە باشە مەلا عەلی باپیر ئەوەی پێ بکا کە پێی دەکا ..کە هیچ شتێک نەبێ ویژدانیان بهەژێنێ و خەو لە چاویان بزڕێ، با ئەو سووکایەتییە خەو لە چاویان بزڕێنێ! تۆ بڵێی خەویان زڕابێت؟


کاوە ئەمین
kawe35@hotmail.com

# ئیقامەم بۆ دەرچوو!

ڕاپەڕینی بەهاری 1991 تەنها کرانەوەی دەرگاکان نەبوو بۆ خەڵکی زیندانیکراوی باشووری کوردستان کە لەلایەن بەعسەوە کرابووە زیندانێکی گەورە بەڵکو دەرگایەکیش بوو بەڕووی کوردانی ئاوارەی هەندەراندا کرایەوە. ئەوکاتە تا دەگەیشتیەوە باشوور دەبوو دنیایەک سووکایەتی تورکیا و عەرەبە بەعسییەکانی سووریا قبوڵ بکەی، بەڵام کە لە دەروازەی سنوورەوە ئاودیوی باشوور دەبوویەوە ماندوویت دەحەسایەوە، چونکە ئەو بەشەی وەتەن ئازادبوو. ئێستا زۆربەی کوردانی هەندەران ئەوانەی کە مۆڵەتی مانەوەیان هەیە یانیش هاووڵاتی ئەو وڵاتانەن، سەفەرکردن و هاتووچۆ وەکو ئاو و دۆی لێهاتووە بۆیان، ئەگەر قاچاخچییەکانی ئاسمان لێمان گەڕێن و دەستمان نەبڕن.

جیاوازی کوردستانی ئەوسا و کوردستانی ئێستایش زۆرە و لەچاو جاراندا کوردستان زۆر ئاوەدانترە، بەڵام گیرفانبەتاڵەکانی شاخی جاران گیرفانەکانیان هێندە بەرین بووە بەهیچ شتێک پڕ نابێت. هاوڕێیەک بۆی گێڕامەوە کە هەندێک بەرپرسی ئەم وڵاتە هێندە چاوچنۆکن تەنانەتە مالیکی فەوجی وەهمی بۆ کردوونەتەوەو مانگانە سەدان ملیۆن دینار لەبری هیچ وەردەگرن، کە بەداخەوە ئەوانە لەهەندێ ڕووەوە لە موستەشارە کۆنەکان دەچن. دەڵێن مانگانە بەرپرسان بەشێک لە مووچەی پێشمەرگەکان بۆخۆیان گل دەدەنەوە کە لە بەغداوە دێت و تەنانەت پارەی بتڵە ئاوەکانیشیان وەردەگرن. ئەم شتانە ڕاستین، بەڵام زۆر کەس لەپێناوی بەرژەوەندی خۆیدا نایانڵێت، دەنا تەنها مەبەستم ئەوە نییە ڕەخنە بگرم و چاوم شتە باشەکان نەبینێ. ئاخر لەم ڕۆژانەدا هاوڕێیەکەم کە چووبووە سەیران بۆ ئەحمەداوا، لەسەردیواری فەیسبووکەکەی باسی سازگاری و خۆشی ئەحمەداوای کردبوو، هاوڕێیەکی بۆی نووسیبوو، دەک بە خۆشی بێت، بەڵام ئەی کوا ڕەخنەکانت؟ وەکو ئەوەی کفر بێت بە ئاووهەوای سازگاری هاوینەهەوارەکانماندا هەڵبدەین و ڕێکلامێکی خۆڕاییان بۆ بکەین.

با واز لەو هەویرە بێنم، چونکە بەهەردوو دیوەکەیدا بەم قرچەی هاوینە ئاوی ئەحمەداوا دەکێشێت و بەشی ناکات و لە کورتی بیبڕمەوە. چەند ساڵێکە وەک زۆرکەسی دیکە بەدڵیخۆیشم نەبێت تاراوگە نشینم، بەڵام وەکو موشتەری دایمیم لێهاتووە و هاوینان دێمەوە کوردستان، ئەوەی زۆر نیگەران و ناڕەحەتم دەکات ئەوەیە کە هەموو جارێک لە فڕۆکەخانە پێم ئێژن لە ماوەی دە ڕۆژدا سەردانی ئۆفیسی پاسپۆرت و مانەوە بکە تا ئیقامەیەکی سێ مانگیت بۆ بکەن! کە دەڵێی بۆ؟ دەڵێن تۆ خاریجیت و عێراقی نیت! دیارە لەلایەکەوە ئەوان ڕاستدەکەن، چونکە من نەک عێراقی نیم، بگرە شەرمیش دەکەم بڵێم عێراقیم، بۆیە ئەوەتەی وەک نەنکم بەڕەحمەت بێت دەیگوت دەمگاوزێ، خۆم بە عێراقی نەزانیوە و کوردستان وڵاتم بووە. بەڵام ئاخر منێک کە هێشتا تەمەنم شەش ساڵان بوو، باوکم لەسەر ئەم خاکە شەهید بووە، شەرم نییە بچم داوای ئیقامە لە وڵاتەکەی خۆم بکەم؟ بۆیە ڕووی دەمم لەوانە دەکەم کە ئەم وڵاتە بەڕێوەدەبەن کە بەشێکی زۆریان پاسپۆرتی ئەوروپییان پێیە، چیدیکە سووکایەتی بە خۆیان و کوردانی ئەورپایش نەکەن و ناچاریان نەکەن داوای مۆڵەتی مانەوە لە وڵاتەکەی خۆیاندا بکەن! باوەکو لە دەرەوەی کوردستان پارێزگاریشمان لێ ناکەن، لە وڵاتەکی خۆیشماندا سووکایەتیمان پێ نەکەن. دیارە بەهیچ شێوەیەک مەبەستم لەو کارمەندە بەڕێزانەی ئاسایش و مانەوە نییە کە بەوپەڕی ڕێزەوە کارەکانمان ڕادەپەڕێنن، چونکە ئەوان فەرمانەکانی حکوومەت جێبەجێ دەکەن.

ئەمساڵیش ئیقامەیەکی سێ مانگیم وەرگرتووەو ترسی بەزۆر ناردنەوەیشم بۆ سوێد نییە، ئەگەر تا ساڵێکی دیکە هەمان تاس و حەمام بوو، داوای ئیقامەی دایمی دەکەم، بەڵام شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ، ئەوسایش و ئێستایش هەر خۆم بەعێراقی نەزانم!


نوری بێخاڵی
nooribekhali@yahoo.com

# جەوهەری ئیمان!

مەولانا خالید نەقشبەندی لە کتێبی (فیهی ما فیهی)دا دەڵێ "کردار جەوهەری ئیمانە، نوێژ و ڕۆژو تەنها ڕواڵەتی ئیمانن". بە جۆرێک لە جۆرەکان دەشێ ئەو حیکمەتەی مەولانا بۆ ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتیشمان ورد بکەینەوە. ئەوە نییە زۆربەی هەرە زۆرمان بە گەنج و پیرەوە، بە ژن و پیاوەوە، بە هاووڵاتی ئاسایی و بەرپرسەوە، بە خوێندەوار و نەخوێندەوارەوە، بە کاراکتەری سیاسی و پیاوی ئایینی و ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسەوە، باس لەوە دەکەین کە باوەڕێکی پتەومان بە فلانە پرەنسیپ و فیسارە ئاکارە هەیە، بەڵام هەموو ئەو هەڵوێست و ڕەفتارانەی بۆ سەلماندنی پابەندبوونمان بەو باوەڕ و بڕوایەمان دەینوێنین تەنها و تەنها ڕواڵەتین و کەسمان تائێستا لە ئاستی کردەنی و جەوهەردا نەمانتوانیووە ئەو بڕوایانەمان لە واری کردەنیدا بەرجەستە بکەین. هەر بۆ نموونە زۆربەی سیاسییەکانمان لە ڕووخساردا تا سەر ئێسقان دیموکراسین، بەڵام کە گەیشتە ئەوەی ڕەخنەی جیدی لە کار و هەڵوێستیان بگری چاویان دەچێتە پشتی سەر و ڕستێک تۆمەت و ناووناتۆرەت بۆ ڕیز دەکەن. زۆرینەی پیاوە ئایینییەکانمان لە قیافە و بەرگدا ئیمامی ڕەبانین و وەک ئەوەیە تازە لە شەڕەکانی بەدر و ئوحود و خەیبەر لەگەڵ پێغەمبەری ئیسلامدا گەڕابنەوە، بەڵام هەر بۆ نموونە کە گەیشتە ئەوەی دەسەڵات چاوباشقاڵێیان لەگەڵ بکات و دەستیان لە بەرژەوەندییەک گیر بوو، ئیدی گوتەی (قل الحق و لو علی نفسک) باوی نامێنێ و دەبنە واعیزەکانی نێو پەرتووکەکەی عەلی وەردی (وعاظ السلاطین)، نەک هەر ئەوە بگرە هەندێکیان لە وەهمێکدا دەژین و پێیانوایە مادام ئەم چوار ساڵە لە دەسەڵاتن، دەبێ دژی هەموو پرۆژە و بڕیارێک بوەستنەوە و لەم ڕووەشەوە گوتارەکانیان لە فتوای تیرۆری سەر مینبەرەکانەوە بۆ فتوای تەحریم و شتی لەو بابەتە بگۆڕن و بیگوازنەوە نێو دامەزراوەی یاسایی وڵات. وەکوتر لە گرووپە ئیسلامگەراکان گەڕێن کە لەناو چ گێژەنێکی دوو فاقی و ڕیایی سیاسی و ئایینیدان، چش لەوانەیش کە باکگراوەندی خوێندەواریان هەژارە و سروودی نیشتمانی و نەتەوەیی کوردیان لێ دەبێتە مارشی حیزب و دەشیانەوێ شایەتمانی بۆ تەنزیرەکەیان بدەین!

لەولاشەوە بەشێکی زۆری ڕووناکبیر و ڕۆژنامەنووسانیشمان (ئەو لەشکرە نەزانە نا، کە بە قودرەتی قادر و وەک دۆمەڵانی ناوەخت لە زەوی ڕۆشنبیری و ڕۆژنامەنووسی هەڵتۆقیون) تا ئەوێ جیاوازی و ڕەخنەیان قەبووڵە کە ڕووبەڕووی خۆیان و کار و بەرهەمیان ناگرێتەوە، ئیدی خوێن بەری چاویان دەگرێ و بەرامبەریان ڕاست و چەپ و بە خراپ و باشەکانییەوە جارانی سفر دەکەن. ئەوە بۆ خوێندەوارگەلێکیش ڕاستە کە هێشتا لە ڕووخساردا مونەوەر و پێشکەوتووخوازن و لە ڕەفتاردا لەگەڵ دایک و خوشک و هاوسەر و کچەکانیان بە عەقڵیەتی ئاغا و سەپان و کۆیلە و کۆیلەدار مامەڵە دەکەن. زۆر لەو کچ و ژنانەش کە گوایە فێمێنیستن و بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی ژن دەکەن، کەچی وا تێگەیشتوون فێمێنیزم واتە دژایەتی و دوژمنایەتی کردنی پیاو، تا ئەوەی هەندێ بەناو ژنە فێمێنیست و ڕێکخراوی ژنان بازرگانی بە کەیسی ژنانی قوربانی و خودی قوربانییەکان دەکەن، بۆیە بەدحاڵی بوونی نێوان ژن و پیاو و ڕەوشی ماف و ئازادییەکانی ژن بەو چەشنەیە کە دەیبینین. دیارە ئەوە بۆ مامەڵەی نێوان پیاو و پیاو و ژن و ژن و باوک منداڵ و ئەوانیتریش ڕاستە!

بەڕاست کاممان ئیمانداریین (بە مانا فراوانەکەی)؟ ئەگەر ئیمانداریین، خێرە لەو ڕەوش و بارودۆخەداین؟ ئاخۆ گرفت لەوەیە ئێمە جەوهەری ئیمان و ڕواڵەتەکەی لێک جیا ناکەینەوە، یان گەرەکمانە بە ڕیا چاوی ئەوانیتر ببەستین؟ ئەرێ گەلۆ بەڕاست ئەوەی زۆرینەی کۆمەڵگەی ئێمە بە ناوی ئیمانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و کولتوری و فەرهەنگی و ڕووناکبیری و ئایینی دەیکات، ئەوە ئیمانی ڕاستەقینەیە، یان نزیکترە لە ڕەفتاری وشتر مل؟!



# پەیوەندی نێوان من و پارێزگاری دهۆک پچڕاوە

رووداو- هەولێر

هونەرمەنـــد بڵند ئیبراهیم، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دەڵـــێ داهاتـــی کۆنســـێرت و بەرهەمەکانی زۆر باشـــە "بۆیە پێویستیم بە کارێکی دیکە نییە لە پاڵ هونەردا". بڵند ئیبراهیم ئەوەی پشتڕاســـتکردووە کە پەیوەندی لەگەڵ تەمەر رەمەزانی پارێزگاری دهۆک نەماوە، گوتی "چەند ســـاڵێک پێش ئێستا تەمـــەر رەمەزان پشـــتگیری منی کرد لە بەرهەمـــی ( وەرە پەری)، کە لە راگەیاندنەکاندا ناوی ئەوم نەهێنا، زویر بوو لێم و پەیوەندییەکەمان پچڕا".

بڵند ئیبراهیم دەڵێ "گوێم لێبووە" کە حکوومەت بودجەیەکی تایبەتی بۆ هەندێ هونەرمەندی ئافرەت داناوە، نازانرێ چۆن خەرجدەکرێ و زۆر رەخنە لەوە دەگرێ. هەروەها باســـی هاوسەرەکەیشی دەکات کە رێگەی پێنادات لەو کچە نزیک بکەوێتەوە کە کلیپی لەگەڵ دەکات. 10 «

# ل دهۆکێ دزیکەرێن سەیر دەرکەتنە

نەجمەددین نێرۆەیی

رووداو- دهۆک

بەری چەند رۆژەکان دوو دزیکەرێن ســـەیر ژ لایێ پولیســـێ نەهێلانا گونەهکاریان ل پارێزگەها دهۆکێ هاتنە گرتن، ئەڤ دزە کو دوو کەسێن ئاکنجیێن پارێزگەها دهۆکێ بوون، یێ ئێکێ موبایلێن شوفێرێن تەکسیان د دزین و یێ دوویێ ئەو کەلوپەلێن دووکانان. ژێدەرەکی ل پۆلیسێ نەهێلانا گونەهکاریان ل پارێزگەها دهۆکـــێ بۆ (رووداو) دیارکر کو " دزیکەرێ ئێکێ کۆ کەســـەک ب نەفەری سواری تەکسیان دبیت و ب رێکێڤە داخازا تەلەفۆنا خودانێ تەکسیێ دکر کو تەلەفۆنەکا فەر پێ بکەت و هەر دەما خودانێ تەکسیێ تەلەفونێ ددەتـــێ ئەو دبێژیتـــێ دێ لڤێرە هێمە خوار و هەر لگەل راوەســـتانا تەکســـیێ ئەوی خۆ ل دەرگەهێ تەکســـیێ ددا و باز ددا و تەلەفۆنا شوفێران دگەل خۆ دبر، ئەو شیابوو چەندین تەلەفۆنان ب ڤی شێوەی ببەت".

هەروەسا گۆت " دزیکەرێ دوێژی شوفێرەکێ تەکسیێ بوو، ئەو لبەر هەر مارکێتەکا سەر جادان بووریبا و تشتێن کو لسەر شوستەی دانایی بوون دا دەستێ خۆ لێ دەت و ب تەکسیێ باز دەتن".



# گۆشەنووسێکی (رووداو) خەڵات دەکرێت

رووداو-هەولێر

رۆژی 2010/7/4 بەڕێوبەرایەتی بەدواداچوونی توندوتیژی دژ بە ژنان لە ســـلێمانی، بە بۆنەی سێیەم ســـاڵیادی دامەزراندنییەوە، چەند کەس و لایەنێکی خەڵاتکرد، کە لە بواری بەرگریکردن لە ژناندا کاریان کـــردووە. تامان شـــاکریش بەهـــۆی بڵاوکردنەوەی وتارەکانی لە (رووداو) خەڵاتکرا.



تامان شـــاکر کە تاکە کەسێک بوو لە هەولێر ئەو خەڵاتەی پێ بدرێ، بە (رووداو)ی راگەیاند "من تەنیا لەبەر گۆشـــە بەردەوامەکەم لـــە (رووداو) خەڵاتکرام، پێیانگوتم لە نووســـینەکانتدا هەوڵتداوە توندوتیژی کـــەم ببێتەوە لەنێـــو هەموو کۆمەڵگـــەدا نەک هەر تەنیا بەرامبـــەر ژنان". ئەو خەڵاتانەی دابەشـــکران، شـــتێکی رەمزی بوون لەگەڵ بڕوانامەیەکی رێزلێنان بۆ خەڵاتکراوەکان. تامان شـــاکر بـــە بەردەوامی لە گۆشەیەکدا لەلاپەڕەی کۆمەڵایەتی (رووداو)دا، لەبارەی کێشە و دیاردە کۆمەڵایەتییەکان دەنووسێ.


Rûdaw

Rudaw readers know more

خاوەنی ئیمتیاز : کۆمپانیای رووداو

سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

سەرنووسەر : ئاکۆ محەممەد akopress74@yahoo.com

جێگری سەرنووسەر : سەلام سەعدی salam2004s@yahoo.com

بەڕێوەبەری نووسین : ساڵح قادر rodan@rudaw.net

بەڕێوەبەری هونەری: حوسێن هیممەتی himmati@rudaw.net

نوێنەری ئەوروپا : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

دیزاینەران : بەختیار مستەفا- محەممەد مستەفا- رەئوف خەتیبی

هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات

نووسینگەی سلێمانی : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07501130997

ناونیشان: هەولێرـ بەرامبەر نیوستی Tel: 0750 488 56 96 rudaw@rudaw.net www.rudaw.net



Reklam

